# تراژیدیای چیای شنگال

ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

٢٠١٨





| ناسنامەی کتێب |
| --- |
| ناوی کتێب: تراژیدیای چیای شنگال |
| نووسینی: ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی |
| بابەت: دیکۆمێنتاری |
| تایپ: ڕێزان سالَح بارزانی و توێژەر |
| هەڵەچنین: توێژەر |
| هێلکاری و نەخشەسازی ناوەوە و بەرگ: توێژەر |
| ساڵی چاپ: ٢٠١٨ – چاپی یەکەم – تیراژ: ١٠٠٠ دانه |
| چاپخانەی: سەنگەر |
| لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان– هەرێمی کوردستان – ژمارە سپاردنی ( ٤١٩ )ی ساڵی ( ٢٠١٨ )ی پێدراوە. |
| شوێنی نووسین: هەرێمی کوردستان – دەڤەری بارزان |
| ڕێکەوتی نووسین و ئامادەکردنی: ( ٢٠١٤/٨/٣ تاکو ٢٠١٥/٢/١ ) |
| ژمارەی مۆبایلی توێژەر: ٠٧٥٠٤٤٧٢٢٧١ |
| مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە بۆ توێژەر |

# پێرست


| بابەت | لاپەرە |
|---|---|
| دەستپێك | ٥ |
| تراژیدیای (١) چی لە شنگال و سەر چیاکەی روویدا ؟ | ١٠ |
| تراژیدیای (٢) منداڵە فڕێدراوەکە، هێمای جینۆسایدی ئێزیدیەکان | ١٤ |
| تراژیدیای (٣) جینۆسایدی خانەوادەی نایفێ ئەسمەرێ | ١٩ |
| تراژیدیای (٤) دایە، پیاوە ڕیش درێژەکان ئێمەیان بردووە | ٢٢ |
| تراژیدیای (٥) چیرۆکی لەدایکبوونی (دڵبرین) ـی بێناز لە چیای شنگال | ٢٤ |
| تراژیدیای (٦) گەڕان بە دوای باپیریان دا | ٢٦ |
| تراژیدیای (٧) داعشێک بە تەلەفۆن گوتی وەرە سەری مێردەکەت ببەوە | ٢٨ |
| تراژیدیای (٨) هەموو ڕۆژێك مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی ئافرەتەکان بوو | ٢٩ |
| تراژیدیای (٩) ژیانی ئێزیدییەکانی بن دەستی داعش لە زاری بەساڵاچوویەکەوە | ٣٢ |
| تراژیدیای (١٠) شەنگالییەکان چیرۆکی مەرگ و تراژیدیای خۆیان دەگێڕنەوە | ٣٤ |
| تراژیدیای (١١) نەوافی دە ساڵان: هەر دەگەڕێم و خێزانەکەم نادۆزمەوە | ٣٨ |
| تراژیدیای (١٢) ژنان خۆیان کوشت بەر لەوەی بکرێنە کەنیزەك | ٤٠ |
| تراژیدیای (١٣) ژنانی شنگال لە ڕۆژئاوای کوردستان | ٤٥ |
| تراژیدیای (١٤) ئاوارە ڕزگاربووەکانی چیای شنگال | ٤٩ |
| تراژیدیای (١٥) هەلیکۆپتەرەکەی چیای شنگال | ٥١ |
| تراژیدیای (١٦) یان سەر بڕین، یان دین گۆڕین | ٥٤ |
| تراژیدیای (١٧) ئاوارەیەکی ئێزیدی: داعش دەستدرێژی سێکسیان کردە سەر ئافرەتەکان | ٥٧ |
| تراژیدیای (١٨) ئەو کچانەی لە دەست داعش هەڵاتوون چیرۆکی خۆیان دەگێڕنەوە | ٥٩ |
| تراژیدیای (١٩) دوای گیرخواردنیان بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ | ٦١ |
| تراژیدیای (٢٠) یان مردن یان گەشتن بە شوێنی پارێزراو | ٦٤ |
| تراژیدیای (٢١) عەرەبەکان دوو جوانترین کچی ئێزیدییان برد | ٦٦ |
| تراژیدیای (٢٢) پێنج منداڵی بێ باوك، دایکیشیان لە چیا گیانی لە دەستدا | ٦٨ |
| تراژیدیای (٢٣) دوا قسەی بەر لە مردنی: ئاوم بۆ بێنە تینوومە، دواتر هێواش هێواش گیانی لە دەستدا | ٧٠ |
| تراژیدیای (٢٤) گەنجێکی ئێزیدی زۆربەی کەسوکارەکەی لەدەست دەدات | ٧١ |
| تراژیدیای (٢٥) تیمە تەندروستیەکەی سەر چیای شنگال | ٧٣ |

| | |
|---|---|
| ترا‌ژیدیای (٢٦) له برسان له هۆش خۆیان دەچوون | ٧٧ |
| ترا‌ژیدیای (٢٧) ناچارکران ئیسلام ببن | ٧٨ |
| ترا‌ژیدیای (٢٨) ترا‌ژیدیای ئێزیدیەکان قڕکردنی نەتەوەیەك | ٨٠ |
| ترا‌ژیدیای (٢٩) کچە کەڕ و لاڵەکەشم رفێندرا | ٨٦ |
| ترا‌ژیدیای (٣٠) مەیسون: منداڵەکانم هێشتا تەمەنیان کەمە و زۆر پێویستیان بە دایکیانە، دڵنیاشم ئێستا لە باوکیان دوور خراونەتەوە | ٨٨ |
| ترا‌ژیدیای (٣١) داعش دەستی لە موسڵمانانی شنگالیش نەپاراستووە | ٩١ |
| ترا‌ژیدیای (٣٢) چیرۆکی ئاسیا و مرادی ئێزیدی یان عەلی هەڵەبجەیی | ٩٥ |
| ترا‌ژیدیای (٣٣) دایکێکی ئێزیدی و ترا‌ژیدیاکانی | ٩٨ |
| ترا‌ژیدیای (٣٤) شنگال چەندین تاوانی ترا‌ژیدی دوای خۆی جێدێڵێت | ١٠٠ |
| ترا‌ژیدیای (٣٥) خەڵکی گوندی (حاتمی) چۆن خۆیان لە دەست چەکدارانی داعش رزگار کرد؟ | ١٠٢ |
| ترا‌ژیدیای (٣٦) خەمی کچە پازدە ساڵانەکەیان بوو | ١٠٤ |
| ترا‌ژیدیای (٣٧) پیاوێك لە شاری حەلەب من و ١٠ ئافرەتی تری کڕی | ١٠٥ |
| ترا‌ژیدیای (٣٨) چیرۆکی ترا‌ژیدیای خێزانێکی شنگالی | ١٠٧ |
| ترا‌ژیدیای (٣٩) لالش و لای لایەی خەمی دایکان | ١٠٨ |
| ترا‌ژیدیای (٤٠) چارەنووسی ئێزیدی و مەسیحەکان لە دەستی داعشدا | ١١١ |
| ترا‌ژیدیای (٤١) شەوم بە تەنیا لە گەڵ تەرمی کوڕەکەم بەسەر برد | ١١٤ |
| ترا‌ژیدیای (٤٢) شایەتحاڵەکانی شنگال بەڵگەی تاوانە دڕندانەکانی دەوڵەتی بە ناو ئیسلامی (داعش)ن دەرهەق بە کورد و کوردستانییەکان | ١١٨ |
| ترا‌ژیدیای (٤٣) هەفتەکانی خەموژانی ئێزیدییەکان | ١٢٢ |
| ترا‌ژیدیای (٤٤) ڕۆژێك لەگەڵ پاڵەوانانی چیا | ١٢٦ |
| ترا‌ژیدیای (٤٥) پاپیرم لە چیا گیانی لە دەست دا | ١٢٩ |
| ترا‌ژیدیای (٤٦) ئەو ویستی فڕۆکەکە ژیانی رزگار بکات، کەچی فڕۆکەکە ژیانی بە کۆتا هێنا | ١٣٠ |
| ترا‌ژیدیای (٤٧) ئەوان ترسیان لە باڵەکانی فڕۆکە نەبوو | ١٣١ |
| ترا‌ژیدیای (٤٨) ژن و پیاوێکی بە تەمەن سێ هەفتە لە ترسی داعش لە ژێر تاشە بەردێك خۆیان شاردەوە | ١٣٢ |
| ترا‌ژیدیای (٤٩) تەرمی باوکیان دەجوڵاند، بەڵکو روحی تیا مابێت | ١٣٤ |
| ترا‌ژیدیای (٥٠) لە چیای شنگال منداڵم بوو، ئاو و شەکراوم پێی دەدا | ١٣٧ |
| سەرچاوەکان | ١٣٩ |
| وێنەکان دەدوێن | ١٤١ |
| نووسەر و پرۆژەی ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی جینۆسایدی کورد و کوردستان | ١٥٨ |

## دەستپێك

ئەوێ نیشتیمانی یەکەمی ئاینی ئێزیدیەکانە و دوا پەناگەی ئەوانیشە، چیایەکە لە سەرووی توانای باسکردنی مرۆڤەوەیە، شوێنێکی زۆر پیرۆزە لای ئێزیدیەکان، هەمیشە کوردانی ئێزیدی وەک پەناگەیەک بۆ دەربازبوون لە دوژمنان روو لەم چیایە دەکەن ئەمجارەشیان بۆ رزگاربوون لە چنگی تیرۆرستانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) روویانکردە ئەو چیایە، ئەویش چیای شنگالە و ١٤٦٣مەتر بەرزە و ١٠٠کیلۆمەتریش پانە.
بە پێی باوەڕی خەڵکی ناوچەکەش دوای تۆفان کەشتیەکەی نوح لەو چیایە گیرساوەتەوە و ژیان دەستی پێکردووەتەوە.
لە دامێنی چیاکەدا چەندین ناوچە و گوندی ئاوەدان هەڵکەوتووە، کە دیارترینیان شارۆچکەی شنگالە کە لە رووی ئیدارییەوە ناوەندی قەزای شنگالە.
بەڵام دوای ٣ی ئابی ٢٠١٤ بوو بە زەوییەکی چۆڵ و بە چوار دەوریدا تەرمی کوژراوەکان بڵاو بوونەوە بە ڕێگا کۆنەکانیدا سەدان ئۆتۆمبێلی لە کارکەوتووی خەڵکی شنگال بە جێماون.
تیرۆرستان ڕێگەیان بە خۆیاندا گەلێك کۆتایی پێ بهێنن کە هەزاران ساڵە لە نیشتمانی یەکەمی خۆیدا نیشتەجێنە.
دەیان گوند بە درێژایی ڕێگای چیاکە چۆڵ کران و خاپۆر کران و بە ڕێگا کۆنەکانیدا بارهەڵگر و ئۆتۆمبێلەکانی چەکدارنی تیرۆرستی داعش دەیان ڕۆڵەی پێشتر حوکمدراو بە مەرگی ئەم ناوچەیە بەرەو گۆڕەبەکۆمەڵەکان دەبەن، لە دووریشەوە کەژاوەی ژنە دیلکراوە بە کەنیزەك کراوەکان دیارە کە ماڵئاوایی لە شار دەکات و بەرەو پێگەی "ئەمیرە موجاهیدەکان" بە ڕێگادا دەڕوات.
سەدان هەزار کەسیش بە پێخواسی و بەلاشەیەکی ماندوو و شەکەتەوە بەرەو چیاکە رایان کرد و لە ژێر تاشەبەرد و ئەشکەوت و دارە بێ سێبەرەکانی چیاکە گیرسانەوە و لە خوارەوەش لە هەموو لایەك چیاکە گەمارۆ دراوە لە لایەن چەتەکانی داعشەوە.
سەدان هەزار کەس پەرش و بڵاوبوونەوە بە شوێنە جیاجیاکانی چیاکەدا و چاوەڕوانی ڕەوینەوەی تەمومژی رووداوەکان و روون بوونەوەی دۆخەکە بوون بەوەی یان هێزەکانی پێشمەرگە بگاتە ئەوێ بۆ رزگارکردنیان یان

چەکدارەکانی داعش هەڵبکوتنە سەریان، ئەمە جگە لە بەرزبوونەوەی دەنگی تەقە و دوکەڵ لە ناو سەنتەری قەزا و گوندەکانی دامێنی چیایکە.

کات: ٣ ی نیوە شەوبوو
ڕێکەوت: ٣ / ٨ / ٢٠١٤ بوو
ڕۆژ: یەکشەممە بوو
شوێن: قەزای شنگال و دەورووبەری بوو
قوربانیەکان: ئێزیدیەکان بەپلەیەك و کوردە موسلمانەکانی تری شنگال و خەڵکی تری دەورووبەری شنگال بوون.

لە چیاکە ئاویش زۆر کەم بوو و لە زۆربەی شوێنی چیاکە ئاو نییە بۆ خواردنەوە، ڕۆژ هەڵدێ و دەبینرێ کە هەزاران کەسی ڕەش و رووت لەسەر تاشەبەردەکان بە برسێتی و تینوێتی هێشتا هەوڵدەدەن بخەون. ئەمە جگە لە ترس و دڵەراوکێیان کە ئایا چارەنووسیان بە چیدەگات و کام رێگا و کام دەرگایان بۆ دەکرێتەوە چۆن رزگاریان دەبێت، ئەم چاوەروانیە کەمتر لە حەفتەیەکی خایاند، هەر زوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی هاوپەیمان و مرۆڤ دۆست لە ڕێگای فرۆکەوە هاوکارییان گەیاندە ئاوارەکان و دواتریش لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە ڕێگایەکی پیادە بۆ رزگاربوونی ئاوارەکان کرایەوە.
لە زاری هاورێیەکی ڕۆژنامەنووسم کە بە هەلیکۆپتەر چووە سەر چیای شنگال شەوێك لەوێ و لە گەڵ ئاوارەکان مایەوە بەڵگە فلمێکی دێکۆمێنتەری لە سەر رەوشی ئاوارەکانی چیای شنگال ئامادەکرد، بە زارەکیش زۆر شت و ڕووداوی جەرگ هەژێنی بۆ گێرامەوە.
سەرەتا بە هەلیکۆپتەر لە باشووری کوردستان لە گەڵ تیمێکی پزیشکی بەرەو چیای شنگال بەڕێکەوتبوون، ئەو کات تەنیا لە ڕێگای هەلیکۆپتەر هاوکاری خۆراك و ئاو و کەل و پەل و پێداویستی دەگەیشت بە ئاوارەکانی چیا و ڕێگای ڕزگار بوون لەم چیایە بە تەواوەتی نەکرابووەوە، هەلیکۆپتەرەکە کاتێك نزیك شوێنی ئاوارەکان دەبووە سەدان هەزار ئاوارە لە خوارەوە دەستیان بۆ هەلیکۆپتەرەکە بەرز دەکردەوە، ئەوان سەرەڕای برسیەتی و تینوویەتی و ماندوو بوون و هیلاکی هیچ ڕێگایەکی ڕزگار بوونو سەرچاوەی بە دەستهێنانی خۆراکیان نەبوو ئەوان بە تەواوی گەمارۆ درابوون لەم شاخە گیریان خواردبوو، هەموو ئومێد و هیوایان هەلیکۆپتەرەکان بوو، کە خۆراك

و پێداویستیان بۆ ببەن، پێشمەرگە لە هەردوو دەرگای فڕۆکەکە بە چەکی تایبەت چاودێری خوارەوەیان دەکرد، چونکە چەکدارانی گرووپی تیرۆرستی داعش بە بەردەوام تەقەیان لە هەلیکۆپتەرەکان دەکرد و دەستڕێژی گوللەیان لێدەکردن، بۆ ئەوەی نەتوانن کۆمەك پێشکەش بە ئاوارەکان بکەن، ئاوارە گەمارۆدراوەکانی چیای شنگالیش چاوەڕێی دەنگی هەلیکۆپتەرەکان بوون، ئیتر هەر یەکە بە لایەك ڕایدەکرد و دەیگوت:"هەلیکۆپتەرەکە هات" هەندێکیان خۆیان دەگەیاندە هاوکارییەکان و ترسیان لە باڵ و هەوای هەلیکۆپتەرەکە نەبوو هەندێکیشیان دەیان ویست بە هەر جۆرێك بێت خۆیان بگەیەننە هەلیکۆپتەرەکە و بەم هەلیکۆپتەرە خۆیان رزگاربکەن و بگەنە شوێنە ئارامەکانی کوردستان.

ئەوان بە کامێراکەی خۆیان سەدان دیمەنی جەرگ هەژێنیان تۆمار کردووە، لە دوورەوە چەندین ئۆتۆمبێلی سەربازی دیار بوون و تێکشکێندرابوون، سەدان ئۆتۆمبێلی خەڵکی ئاوارە لە بناری چیاکە لە کار کەوتبوون و سوتێنرابوون، هەبوو دەرگایەکی کراوە بوو، هەبوو لە ناوەڕاستی شەقام لە کار کەوتبوو هەبووش پڕ بوو لە کەل و پەل و هەش بوو لاشەی مرۆڤی کوردی تێدا دەبینرا.

لە چەندین شوێنی چیاکە تاکە پێڵاوی دڕاو و بێ کەڵك کەوتبوون و چەند کەسێك لە ژێر یەك لێفە و لە سەر پەڕۆیەك یاخۆد هەر لە سەر زەوی یاخۆد لە سەر بەردە رەقەکان ڕاکشا بوون، بە روخساری وشك و سوتاویانەوە بە هۆی تیشکی خۆرەوە، بە دوای لەتە نانێك و قومە ئاوێك دەگەڕان هەندێکیان لە جیاتی پێڵاو کراسەکەی یاخۆد پارچە قوماشێکیان لە پێ ئاڵاندبوو، بۆ ئەوەی ڕێگای هەڵاتن لە چیای مەرگ بگرنەبەر، لە کاتی گەیشتنی ئەم تیمە ڕێگایەك بە درێژایی (٦٠) کم بەرەو ڕۆژئاوای کوردستان و دواتر بەرەو باشوور کرایەوە کە دەبوایە ئەم ڕێگا دوور و درێژە بە پێ بگرنەبەر، بەڵام ڕێگایەکی زۆر مەترسیدار بوو تازە لە لایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە لە تیرۆرستان پاك کرابووەوە، شەڕ لە نێوان هێزی پێشمەرگە و چەکدارانی تیرۆرستی داعش هەر بەردەوامبوو، هەر ئەو هاوڕێیە پەیامنێرەم لە شوێنێکدا گرتەیەکی شەڕی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و چەکدارانی داعشی تۆمار کردووە، شەڕی مان و نەمان، شەڕێك کە پێشمەرگەکان هەموو هەوڵ و توانایان بۆ ڕزگارکردنی هاوڵاتیان و منداڵ و ئافرەت و پیر و پەککەوتە و خەڵکە ئاوارەکە بوو، بە پێچەوانەوە چەکدارانی تیرۆرستی داعش هەموو هەوڵ و توانایان بۆ سەربڕینی منداڵ و کومەڵکوژی پیاوەکان و ڕفاندنی

ئافرەتەکان بوو، ئەوان پارێزگارییان دەکرد و ئەوانی تر تاوانیان ئەنجام دەدا...".
پەیامنێرەکە بۆی گێڕامەوە، وتی:"یەکەم دیمەن کە بینیم ئافرەتێکی بە ساڵاچوو لەم ناوە کەوتبوو چەند کەسێك لە دەوری کۆ ببوونەوە ئافرەتەکە هاواری دەکرد، ئێوە بڕۆن بە جێم بێڵن من توانای ڕۆیشتنم نەماوە، وازم لێبێنن با لێرە بمرم، ئیتر مردن دەخوازم و ژیانم ناوێ".
بەڵێ ئەو چیایەی کە هەمیشە پشت و پەنای ئێزیدیەکان بوو و هەمیشە لە لایەن خەڵکی شنگالەوە چیایەکی پڕ لە جوانی و هێز بوو، بەڵام ئەمجارەیان ئەم چیایە سەرەڕای ڕزگارکردنی سەدان هەزار مرۆڤ سەدان هەزار مرۆڤی تری قوتدا.
منداڵ و ئافرەت و گەنج و کور و کچی جوان چەندین کەس لەم چیایە لە برسان و لە تینوویەتیدا و لە گەرما گیانیان لە دەستدابوو، بە دەیان لاشەی مرۆڤ لە ژێر تاشە بەردی ئەم چیایە نێژران دەیان لاشەش لەولا کەوتوون کە هەندێك لە ئاوارەکان نەیان توانی بوو مردووەکانیان بنێژن و ژێر خاکیان بکەن، لە سەر ئەم چیایە لە بن هەر بەردێك لە بن هەر دارێك جەنازەیەك هەیە، ئەگەر جەنازەش نەبێت روحێکی زیندوو لە لاشەیەکی مردوودا بەدی دەکرێت.
بە گووتەی هاوڕێکەم "ئەم چیایە هەمیشە بۆنی مەرگی لێ دەهات هەر چەند لە خوارەوەی چیاکە نزیك دەبوویتەوە بۆنەکە زیاتر دەبوو"، بەڵام خەڵکی ئاوارەی چیای شنگال ئەمەیان پێ باشتر بوو کە منداڵ و کەس و کاریان ببنە خۆراکی ئەم چیایە، نەك بکەونەوە ژێر دەستی تیرۆرستان و بێ ڕێزی بە ئایین و ئەخلاق و جوانیەکانی مرۆڤ و لاشەی مرۆڤەوە بکەن.
سەدان منداڵ لە باوەشی دایکیان بە دەم ڕێگاوە دەڕۆیشتن، بێ ئاو و بێ هەموو پێداویستیەك تەنانەت ئافرەتی سکپڕ و منداڵی تازە لە دایکبوو و پیر و پەککەوتە هەموویان لە سەر بەردەکان و لە ژێر سێبەرێکی بچوکی دارێکدا دانیشتبوون، ئەوان تەنیا چاویان لە ئاسمان بوو کە فڕۆکەکان خواردەمەنیان بۆ فڕێدەنە خوارەوە.
میرمنداڵێك بە گریانەوە وتی:"دایکمم لە خوارەوە بە جێ هێشتووە ئەو قەڵەو بوو نەم توانی سەری بخەم، ئەو بە هەنسکی گریانەوە لە قسە کردن وەستا و هیچی تری نەوت".
هاوڕێیە پەیامنێرەکەم وتی:"لەم چیایەدا ئێمە تاوانێکمان بینی لە سەدەی بیست و یەکەمدا، تاوانێك دوور لە هەموو یاسا و ڕێسایەك و دوور لە هەموو بنەما

مرۆڤایەتیەكان دوور لە هەموو مافێك كە بۆ مرۆڤ دانراوە"، وتیشی:"دەیان لاشەم بینی، سەدان كەسم بینی ئەوان وشك ببوون بۆ قومێكی ئاو هاواریان دەكرد و هێز و توانایان نەما بوو. ئەگەر نان یاخۆد بسكوێتێك هەبێت ناتوانن بیخۆن چونكە ئاویان نیە، تا ئەو ڕادەیەی وایان لێ هاتووە شتێك بخۆن دووچاری ڕشانەوە دەبن چونكە چەند ڕۆژە هیچی وایان نەخواردوە، كە هاوسەنگی لەشیان ڕابگرن و لە نیوانیاندا هەبوون سێ ڕۆژ بوو نانیان نەخواردبوو".

ئافرەتێكی بە تەمەن بە گریانەوە وتی:"هاوسەرەكەم تەمەنی (١٠٠)ساڵە لە خوارەوە بە جێ ماوە چەندم كرد نەمتوانی هەڵی بگرم و لە گەڵ خۆم بیهێنم"، بە گریانەوە دەی گوت ئەو لە خوارەوە بە جێ ماوە، قیژە و هاوار و گریانی ئەو ئافرەتە ئەو ناوەی دەهەژاند، هاوار و گریانێك كە ڕەنگە ڕۆژانی بەر لە هاوسەرگیری و ڕۆژانی گەنجایەتی و ئەو تەمەنە درێژەی لە گەڵ هاوسەرە (١٠٠)ساڵانەكەی بە سەر بردووە، هەمووی لە چركە ساتێك لە ناو برد و لە چاو تروكانێكدا نەمان، ئیتر ئەو لە سەر چیایەو هاوسەرەكەشی لە خوارەوە بێ ئەوەی بزانێ هاوسەرەكەی چی بە سەر هاتووە و لە كوێیە و ئەو دڕندانە چیان لێ كردووە.

بیر لەوە دەكەمەوە كە بۆچی دەبێ كورد هەمیشە لە وڵاتی خۆیدا ئاوارە بێت و بەشی فرمێسك و ئازاری بێ كۆتایی بێت و هەمیشە مەرگ بەشی ئەو گەلە ستەم دیدە بێت، كە زیاتر لە هەموو میللەتێك حەزی لە ئازادی و پێكەوەژیانە، هەمیشە خەون بەوەوە دەبینێ، كە بژیت و زوڵم لەسەر خۆی لابەرێت.

لە لاپەرەكانی داهاتوودا تراژیدیای چیای شنگال و مەرگەساتەكان لە زاری خویانەوە تۆماركراوە، ئەمە بەشێكە لەو تاوانە گەورەیەی لە سەدەی بیست و یەكەمدا بەرامبەر بە هاوڵاتیانی كوردی سێڤیل ئەنجامدراوە.

ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

---

ئەم كتێبە لە شەش مانگی یەكەمی هاتنی تیرۆرستانی داعش و داگیركردنی شنگال و دەوروبەری تۆماركراوە، بەڵام چاپی ئەم كتێبە دواكەوت.

ڕووداوەكان و باسەكان هی ئەو سەردەمەن واتا لە ( ٢٠١٤/٨/٣ تاكۆ ٢٠١٥/٢/١ ) لە ئێستادا كە شنگال رزگاركراوە بێگومان هەندێك گۆرانكاری تر ڕوویداوە.

# تراژیدیای (١)

## چی لە شنگال و سەر چیاکەی روویدا ؟

جۆنەسان کرۆس، ڕۆژنامەوانی بەریتانی شەوێك لە چیای شنگال لەگەڵ ئاوارەکانی ئێزیدی بەسەردەبات، کرۆس کە بۆ ڕۆژنامەی دەیلی تەلەگراف کاردەکات دەڵێت لە سەر چیاکەوە ئەوان ئەو شارە دەبینن جیهادییەکان ئێستا کۆنترۆڵی دەکەن ئەوان لە سەر چیاکەوە هێز و جووڵەی چەکدارە جیهادییەکان دەبینن کە بەناو ماڵ و گوند و شارەکانیان دەسوڕێنەوە.
خەڵکی سەر چیاکەش ئاگریان کردووەتەوە و لە دەوری کۆبوونەتەوە. ئەوان بە قوتووی ئاوەتەماتە چای لێدەنێن، کاتێك ڕۆژ هەڵدێت، دەنگی فڕۆکەکان دەبیسترێت، کاتێك کە ئەو فڕۆکانە دووردەکەونەوە، هەموو هیوایەك بە رزگاربوون لەگەڵیان وندەبێت.

### بەرامبەر بە گەرمی خۆر، سێبەر و ئاویان نییە

خانو و ماڵ و حاڵی هەزاران کەسی سەر چیاکە وێرانکراون و لەوە ناچێت بەم زووانە چاکبکرێنەوە. لە سەر چیاکە، کاتێك ڕۆژ ئاوادەبێت کەس نازانێت کەی یارمەتیان پێدەگات، لەوانەیە قەت یارمەتیان بۆ نەیات.
بەیانییەکی ڕۆژێکی دیکە دەستپێدەکات، پلەی گەرما وەکو ڕۆژەکانی دیکە لە سەرووی ٣٧ پلەیە و ئاویش نییە بۆ خواردنەوە، ڕۆژ هەڵدێ و دەبینی کە هەزاران کەسی رەشورووت لەسەر تاشەبەردەکان بە برسێتی و تینوێتی هێشتا هەوڵدەدەن بخەون. ئەوان بوتڵە ئاویان لە دەورە کە زۆربەیان لە ئاسمانەوە فڕێدراون و تێکشکاون، خاچی سوور دەڵێت نزیکەی نیوەی ئەو خواردن و خواردنەوانەی لە ئاسمانەوە لە فڕۆکەکانەوە فڕێدەدرێن، تێکدەشکێن.
بێئەوەی سێبەرێك هەبێ خۆت لەو خۆرە گەرمە گەرمە بشاریتەوە و ئەگەر ئاو نەبێ بیخۆیتەوە ، مردن ٢٤ کاتژمێر لێتەوە دووردەبێت، بێ ئاوی و تیشکی خۆر، لە ماوەی ١٢ کاتژمێر نەخۆشت دەخات، ڕۆژنامەوانە بەریتانییەکە کە لە سەر چیاکە ماوەتەوە دەڵێت تاکە سەرچاوەی ئاو لە سەر چیاکە، زەلکاوێکی پیسە کە زۆربەی جار رانی بزن دێن بۆ خواردنەوەی ئاو تێیدا، ئاوەکە زۆر پیسە، بەڵام دەتوانرێت بخورێتەوە ئەگەر لەگەڵ چای بکوڵێت، ئەو ئاوە پیسە ناتوانێ تینوێتی منداڵ و بە ساڵاچووەکان بشکێنێت.

## پزیشکە خۆبەخشەکەی سەر چیا

دکتۆر حوسێن مرقات لە سەر چیاکەوە دەڵێت "گەورەترین کێشەمان سکچوونە، بە تایبەتی سکچوونی منداڵان"، حوسێن مەرقات پزیشکێکی نەخۆشخانەی شنگالی گشتییە، هەرچەندە مەرقات عەرەبە و ئێزیدی نییە، بەڵام لەگەڵ خەڵکەکە هاتووەتە سەر چیاکە.
دکتۆرێکی دیکەش لەوێیە، ئاراس عەبدول خۆبەخشانە لەگەڵ ڕۆژنامەی تەلەگراف هاتووەتە سەر چیاکە، عەبدول دەڵێت سکچوون گەورەترین کێشەی خەڵکی سەر چیاکەیە. دکتۆر ئاراس دەڵێت ژمارەی ئەو کەسانەی گیانیان لەسەر چیاکە لە دەستداوە بە سەدان دەخەمڵێنرێت.

## بە کاڵی گۆشتی بزن دەخۆن

ئەو ڕۆژنامەنووسە دەگێڕێتەوە، کە ئاوارەکان لە ئەشکەوتێکدا دەژین و ناوەناوە گیاندارێك ڕاو دەکەن بۆ ئەوەی بیخۆن، ئاماژە بەوەش دەکات، لە چەند کانییەکی دیاریکراو دەتوانن ئاو بخۆنەوە.
ئەوەی دۆخەکەی خراپتر کردووە، کەمی دار و پووشە بۆ هەڵکردنی ئاگر. تەحسین خالید تەمەن ٣٥ ساڵ دەڵێت "ئێمە وەکو ئاژەڵمان لێهاتووە، ناچارین گۆشتی کاڵ بخۆین" . گۆشتی کاڵ و ئەو خواردنەی فڕۆکەکان دەیهێنن، کەمە و بەش ناکات، تاکە سەرچاوەی خواردنی خەڵکی سەر چیاکەن. "ئەوان هەرچیان دەست کەوێت دەیخۆن."ئەو ڕۆژنامەوانە بەریتانییە دەڵێت "خەڵکی سەر چیاکە بە درێژایی ڕۆژ لە هەوڵی ئەوەدان کە نەمرن و لە ژیاندا بمێننەوە".

## کاتێك کە هاتن بۆ شنگال

ڕۆژی ٣ی ئابی ٢٠١٤ ئەم قەیرانە دەستیپێکرد، خەڵکی سەر چیاکە چیرۆکە مەترسیدار و جەرگبڕەکانی ڕۆژی هەڵاتن لە شنگال بۆ ڕۆژنامەوانە بەریتانییەکە باس دەکەن.
چیرۆکی ڕاکردن لە شنگالەوە بەرەو چیاکە ٢٤ کاتژمێری خایاندووە، لەو ماوەیەدا، ئەوان لە شەقام و ڕێگاکانی نزیك شنگال لە لایەن چەکدارانی داعشەوە ڕاونراون، زۆربەی ئەوانەی گیراون دەستبەجێ گوڵلەباران کراون.
هەندێك لە خەڵکی ناوچەکە بەرگریان کردووە بەو چەکە کەمەی کە پێیان بووە، بەڵام وەکو خەڵکی ناحیەی تەل قەسەب دەڵێن، هاوەنەکانی داعش ناچاری کردوون کە ڕابکەن.

"دەستبەجێ هەزاران ڕایان کرد"، عەلی ڕەزای تەمەن ٦٧ ساڵ باسی ئەو ڕۆژە دەکات، "کۆی ئەندامانی خێزانەکەم ٨٥ کەسە،هەموویانم ناردنە سەر چیاکە، تەنها ٥ یان گەیشتنە ئەوێ، ئەوانی دیکە داعش بردنی"عەلی دەڵێت برادەرێکی سوننەی عەرەب لەگەڵ چەکدارانی داعش بە دوایان گەڕابوو، بەڵام "کەسیان نەدۆزرانەوە و دراوسێیەکمان پێی گوتم ١٠٠ کەس لە گوندەکەمان کوژراون".

## ئەوان گوتیان ناتان کوژین

خێرۆ جەعفەر، چیرۆکێکی زۆر تراژیدی و خوێناویتری بۆ جۆناسان کرۆسی ڕۆژنامەوان گێڕاوەتەوە:"کاتێك داعش هاتنە شنگال و گەیشتنە گەڕەکی سۆلاخ، خەڵکی بەرەو چیاکە ڕایان کرد" داعش دەستیان گەشتبووە هەندێکیان و پێیان گوتبوون "ناتان کوژین، بەڵام دوای ئەوە ٦٠ کەسیان ریزکردن و یەك بە یەك گوڵلەبارانیان کردن" بە گوێرەی قسەکانی جەعفەر، بە شۆفڵ چاڵێکی گەورەیان هەڵکەندووە و هەموو لاشەکانیان فڕێداونەتە ناوی، ئەم قسانەی جەعفەر دەربارەی کۆمەڵکوژییەکە لە لایەن خێزانێکی دیکەوە پشتڕاست کراوەتەوە.
دەخیل سەمیر کە تەمەنی ٣٥ ساڵە دەڵێت "مامی منیان کوشت، لاشەکەیم بینی. ئەو لە نێو ئەو ٤٨ لاشەیەی دیکە بوو کە لە گۆڕێکی بە کۆمەڵ فڕێدرابوون". هەندێکیان بە فیشەك و هەندێکیشیان بە چەقۆ لێدرابوون.

## بۆنی مەرگ دەهات

جواناسان کروهن دەگێڕێتەوە، کاتێك چووەتە شاخی شنگال، بۆنی مردنی کردووە، مەینەتی و ماندوێتی ئەو ئێزیدییانەش دەگێڕێتەوە و نووسیوێتی "فڕۆکە ئەمریکییەکان وەك پێویست کۆمەکی ئەو خەڵکە ناکات".

## بە چاوی خۆم دیومە سەگ لاشەی مردووەکانی دەخوارد

جوناسان کروهن کە بە یاوەری هێلیکۆپتەرێکی عێراقی چووەتە چیای شنگال، کە یارمەتی و خۆراکی دەگەیاندە ئاوارە ئێزیدییەکان، بۆ ڕۆژنامەی تەلیگرافی بەریتانی دەڵێت: یەکێك لە رزگاربووەکان کە بە فڕۆکەکەوە خۆی هەڵواسیبوو، بۆی گێڕاوەتەوە کە سەگ لاشەی مردووەکانی خواردووە. منیش بە چاوی خۆم دیومە سەگ لاشەی مردووەکانی دەخوارد.

**٢٠یان لێ مردووه له برسا**

له زاری یهکێك له ئاوارهکانهوه، ئهو ڕۆژنامهنووسه دهڵێت:"گروپێك لهو ئاوارانه ژمارهیان ٢٠٠ کهس بووه، ٢٠یان لێ مردووه له برسا و چاوهڕێش ناکرێت ئهوهی ماوه له ژیاندا مابێت".

یهکێکی تر له ئاوارهکان که توانیوێتی سواری فڕۆکهکهی کروهن ببێت وتوێتی: "هاوسهرهکهی نهیتوانیوه بڕوات و له شوێنێکی شاخهکهدا جێیان هێشتووه، دواتر گیانی لهدهستداوه".

پیاوێك به تهلهفۆن به دزییهوه له گهڕهکی سۆلاخی ناو شنگالهوه قسهی کردووه بۆ ڕۆژنامهوانه بهریتانییهکه،"ئێستا ٣٠ ئۆتۆمبێلی جۆری پیکاب له کۆڵانهکان دهسوڕێنهوه و ماڵهکان دهپشکنن" خهڵکی ناوچهی کۆچۆی سهر به شنگال تاوهکو ڕۆژی پێنجشهممهیان ههیه که بڕیار بدهن؛ یان ببنه ئیسلام یانیش دهکوژرێن "تاکو ئێستا، کهسیان نهکوشتووه" له یهکێك له دانیشتوانی ناوچهکه به تهلهفۆن ئهمهی گوتووه که له ترسان نهوێراوه ناوی ئاشکرا بکات.

بهڵام ڕۆژی دواتر واته ڕۆژی ههینی دانیشتوانی ئهم گونده گوڵله باران کراون، بهڵام ئهم ڕاپۆرتهی ئهم ڕۆژنامهنووسه بهریتانیه پێش ئهم ڕووداوه نوسراوه، کۆمهڵکوژی گوندی کوچۆ له ١٥ ی ئاب ئهنجام درا.

# تراژیدیای (٢)

## منداڵە فڕێدراوەکە، هێمای جینۆسایدی ئێزیدیەکان

"کەس نازانێت ناوی ئەم منداڵە چییە یان کەس وکارەکەی لە کوێن"، ئەمە ناونیشانی تۆڕی هەواڵی "BBC"یە بۆ گرتەیەکی ڤیدیۆیی، منداڵێکی بێ ناونیشان لە ژێر گەرمای ٤٦ پلەدا بە تەنیا لە ژێر بەردێکی چیای شنگال لە لایەن پێشمەرگە جەنگاوەرەکانەوە دۆزرایەوە و پاشان ڕەوانەی شاری دێرکی ڕۆژئاوای کوردستان کراوە.
تۆڕی هەواڵی "BBC" دەڵێت: "ئەم منداڵە بێ توانا بووە، پاش ئەوەی لە لایەن کەس و کاریەوە بە جێهێڵدرابوو، لە لایەن جەنگاوەرە کوردەکانەوە دۆزرایەوە و گەیەندراوەتە بنکەیەکی تەندروستی".
"بە پێی وتەی پزیشکەکان، ئەم منداڵە بۆ ماوەیەکی زۆر بە تەنها و لە ژێر تیشکی بەتینی خۆردا ماوەتەوە، لە ئاکامی ئەمەش هەردوو چاوی وشك بۆتەوە، نازانرێت دایك و باوکی ئەم منداڵە کێن و هۆکاری بە جێهێشتنی چی بووە؟!، بەڵام پێدەچێت بە هۆی بارودۆخی ناهەمواری ئاوارە بوونەوە، کەس و کارەکەی بە جێیان هێشتبێت".

## بەڵام دوای ١٨ ڕۆژ چی ڕوویدا

"سەبری بدر بیسۆ" کە خاوەنی (٤) منداڵ بوو، ڕۆژی ٨/٣ لە ترسی چەکدارانی داعش لە قەزای شنگالەوە بەرەو چیای شنگال هەڵاتن و دواتر ناچار دەبێت"عەزیز"ی کوڕی کە لە زگماکیەوە ئیفلیج بووە لە چیا بە جێی بهێڵێت، لە دوای دۆزینەوەشی لە ڕۆژی ٢٠١٤/٨/١٢ لە لایەن ژمارەیەک لە پێشمەرگەی یەکینەکانی پاراستنی گەل، ڕایانگەیاند منداڵێکیان دۆزیوەتەوە کە بە هۆی تینی خۆری گەرمی چیاکەوە، بە ئاستەم هەناسەی تیا ماوە و پێشمەرگەکان وتیان:"منداڵێکی بێ ناسنامەیە و لە چیای شنگال دۆزراوەتەوە".
ئەو منداڵە بە هۆی دیار نەبوونی کەس و کاریەوە ناوی لێنرا "ڕۆژئاڤا"
"عەزیز"ی چوار ساڵ، کە لە دوای دۆزینەوەی پزیشکەکان هیوایان بە گەڕانەوەی بینایی بۆ چاوەکانی هەبووە، بەڵام لە(٢٨)ی ئاب گیانی لە دەستدا، باوکی منداڵەکە لە گفتوگۆیەکیدا بۆ کەناڵی BBC وتی:"لە کاتی پەلاماردانی شنگال لە ترسی چەکدارانی داعش بەرەو چیا هەڵهاتین، هەرسێ منداڵەکەم بە

باوەشـەوە بـوو، یەکێکیش لە باوەشـی دایکیـان، بە داخەوە بـۆ ئەوەی ژیـانی دووان لە منداڵەکانم رزگار بکەم ناچار بووم یەکێکیان بە جێبهێڵم و ئێستاش هەواڵی مردنی دەبیستم، نازانم چی بکەم و چی بڵێم".
ئـەم چیرۆکـەی "عـەزیز" ئێستا لـە میدیا جیهانیەکاندا دەنگی داوەتـەوە و وەك هێمای جینۆسایدی ئێزیدیەکان لێی دەڕوانرێت.
"سـەبری" دەربارەی رووداوەکە بـە دەم هەنسکی گریانـەوە بۆ (بـی بی سی فارسی) وتوویەتی:"لە چیا کەپرێك لە نزیك جادەکە بوو، ئەومان لـە کەپرەکە جێهێشت، ئیتر نـەمان دەتوانی هـەڵی بگرین، زۆر قورس بوو، ئـەو بڕیارە زۆر دڵتەزێن بوو".
دوای بڵاو بوونەوەی وێنەی "عـەزیز" بـاوکی لـە نـاوچە ئارامەکـانی هـەرێمی کوردستانەوە بـەرەو خۆرئـاوای کوردسـتان رۆیشـتووە، بـەڵام پـێش چـوار سەعات لە گەشتنی، "عەزیز" گیانی لە دەستدا بوو.
لە ماوەی مانەوەی لە نەخۆشخانە، هیچ کەس نـاوی ئـەوی نـەزانیوە، هەنـدێک جار بە "منداڵە گومناوەکە" بانگیان کردووە.
پزیشـکەکانی وتیان:"تیشـکی خـۆر ئەوەنـدە کـاریگەری لەو منـداڵە کـردووە، توانای بینایی لەدەستداوە و بە هۆی بەرز بوونـەوەی پلـەی گەرمـای لەشـی بە شێوەیەکی زۆر، دڵی لە لێدان کەوت."
"شـەهلا دەبـاغی" وەك ژنێکـی چـالاکوانی ڕۆژهـەڵاتی کوردستان، لـە شـاری ستۆکهۆڵمی پایتەختی سویدەوە، بـە سـەردانێك گەیشتە هـەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو منداڵە بە مەبەستی چارەسـەر بگوازێتـەوە بۆ سوید، بـەڵام پێش ئەوەی بگاتە منداڵەکە، هەواڵی کۆچی دوایی ئەوی بیست.
"شـەهلا دەبـاغی" لـە سـەر دیـواری خـۆی لـە تـۆڕی کۆمەڵایـەتی فەیسبوك نووسیویەتی: "رەنج بە خەسار خۆم... هەتا سنووری سوریا رۆیشتم و هەموو کارەکـانی بە هاوکـاری دۆسـتێکی زۆر ئـازیز ئەنجـام درابـوون، کە بگـاتە دەرەوەی وڵات، بەڵام بە داخەوە دوێنـی لە کەمپـی نەورۆز کـۆچی دوایـی کرد".
هەروەها نووسیویەتی: "هێندە برین لە جەستەم دان کە ئیدی تاقەتم نەماوە".
دوای هەژدە ڕۆژ دابڕانـی لە جـگەر گۆشـەکەی و بیسـتنی هەواڵـی گیـان لەدەستدانی لە نزیک شوێنی ئاوارە بوونیان لە ڕۆژئاوای کوردستان، بـاوک و دایکی منداڵەکە چیرۆکی بە جێهێشتنی منداڵەکەیان لە چیای شنگال و بیستنی هەواڵی گیان لەدەستدانی دەگێڕنـەوە، ڕەنـگە هیچ وشـەیەک هێندەی فرمێسکی بـاوکی"عەزیز" نەتوانێـت گوزارشـت لە چیرۆکـی تراژیـدیای "عەزیـز" و

خێزانەکەی وەک یەکێک لە خێزانەکانی شنگال بکات، کە ڕەنگە حیکمەتێکی ئاشکرا بوونی بەسەرهاتی ژیانی پڕ تراژیدیای"عەزیز" لە ئاوارە بوونی خێزانەکەی و خۆیدا ئەوە بێت بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بڵێت منداڵێک چۆن دووجار ئاوارە دەبێت جارێک لە زێد و نیشتمانی و جارێک لە سۆزی خێزانەکەی.

## با بزانین دایك و باوکی عەزیز چۆن چیرۆکی کوڕەکەیان دەگێڕنەوە:

چیرۆك و حیکایەتەکانی جینۆسایدی شنگال زۆرن، هەندێ جار مرۆڤ لە ئاست گوێگرتن و خوێندنەوە و گوزارشت کردن لێیان کۆڵە، یان نازانێ چۆن ڕاستەقینەی تاوانەکە وەك خۆی و ڕەهەندە ترسناکەکانی وێنا بکات، پوختەی چیرۆکی "سەبری شنگالی" بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:
سەبری وەك خەڵکەکانی تری شنگال لە ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٣ لە ترسی هێرش و پەلامارەکانی داعش بەرەو چیا هەڵدێن، دوای چەند ڕۆژێك لە برسێتی و تینوویەتی و جێگەیی و ترس لە چارەنووسی نادیار، دەروازەیەکی پارێزراویان لە ڕێگەی ڕۆژئاوای کوردستانەوە بە ڕوودا دەکرێتەوە، بەڵام خێزانەکەی لە (٦) کەس پێکدێ، ئەویش هاوسەرەکەی و چوارمنداڵ.
دوای ماوەیەکی کەم لە ڕۆیشتن، ناتوانێ هەر چوار منداڵەکەی هەڵبگرێ، هاوسەرەکەی منداڵە شیرە خۆرەکەی هەڵگرتبوو، "سەبری"ش دوان لە منداڵەکان، بەڵام "عەزیز"ی تەمەن (٤) ساڵ مایەوە، لە گەڵ هاوسەرەکەی ڕێك دەکەون کە "عەزیز" لە جێگایەك دابنێن و دوای ئەوەی هاوسەر و منداڵەکانی تری گەیاندە یەکێک لە کەمپەکان، دەگەڕێتەوە بۆی.
بۆیە "عەزیز" لە شوێنێك دادەنێن و پێی دەڵێن: "مەترسە کوڕم لە نزیکترین کاتا دەگەڕێینەوە بۆ لات"، دایك و باوك بە فرمێسکەوە کوڕەکەیان جێدێڵن و ناتوانن بۆ ماوەی (١٢) کاتژمێر هەڵیبگرن و بیخەنە سەر شانیان بە پێ ڕێگاگرتنەبەر لە نێو مەترسی زۆردا.
"سەبری شنگالی" دەگێڕێتەوە و دەڵێ: "کاتێك جێمان هێڵا، لە گەڵ هەموو هەنگاوێکا چاومان وەردەگێڕا و هەنگاوێکی ترمان دەنا، ئەویش دەگریا و ئێمەش دەگریاین، بە درێژایی ڕێگا گریان بەری نەدەداین، بەڵام ئێمە داوامان لە خوا دەکرد بیپارێزێ تا کاتی گەڕانەوەمان بۆ لای".
دوای ئەوەی "سەبری" دەگاتە شوێنێکی پارێزراو لە چادرگەی نەورۆز، ڕاستەوخۆ گەڕایەوە بۆ چیا، تەنها بەردێکی لە جێگاکەی عەزیز بینی، بەڵام کاتەکە زۆری پێچوو، بە هەموو توانای هاواری کرد: "عەزیز..... عەزیز"

بەڵام تەنها گوێی لە دەنگی گیانەوەرەکان یان دەنگدانەوەی بەردەکانی چیا دەبوو یان ئەوان لە بانگە بانگ و هاواری ئەو لە جیاتی "عەزیز" وەڵامیان دەدایەوە، بە بێ ئەوەی گوێی لە دەنگی عەزیز بێت، گەڕا لێرە و لەوێ بە بێ ئاکام.
رەنگە ئەمە وتەی ئەم باوکە جگەر سووتاوە بێت و بڵێ:" ئەی چیای شووم من منداڵەکەم "عەزیز" ئامانەتی تۆ کرد، تکا دەکەم ئامانەت بۆ خاوەنەکەی بگەڕێنیتەوە"، رەنگیشە سوێند بخوا کە: " نەخەوێ، نە نان بخوا، نە ئاو بخواتەوە، هەتا منداڵەکەی نەگرێتە باوەش، کێ دەتوانێ "عەزیز" بۆ باوکی بگەڕێنێتەوە و ئەویش پڕ بە رۆحی لە باوەشی بگرێ؟".
"سەبری" دەڵێ: "ئەی چیا، ئەی ئەوانەی لەم کەونە بەرفراوانەدا، منداڵەکەم تەمەنی چوار ساڵ بوو، نە سیاسی بوو، نە تائیفی، بە هیچ شێوەیەك گوناهبار نەبوو بەڵکو گوناه لێوەی نزیك کەوت، گوناهی منداڵەکان لەم شاڵاوەدا چیە؟" "سەبری" گەڕایەوە بۆ لای هاوسەر و منداڵەکانی، لە ڕێگا چاوی بۆ ئەوە دەگێڕا بەڵکو "عەزیز" لەو ڕێگایە یان چادرگەیەك بدۆزێتەوە، بەڵام بێ ئەنجام بوو.
کاتێك "سەبری" گەشتە چادرگەکەی کە منداڵ و هاوسەرەکەی لێبوو، کۆمەڵێك خەڵك ئاگاداریان کردەوە کە منالێکیان بەو شێوەیە بینیوە لە نەخۆشخانەی دێرکی سەرەب پارێزگای حەسەکەی ڕۆژئاوای کوردستان، ئەوان گێڕاویانەتەوە کە کاتێك ئەویان بینیوە جەستەیەکی بێ گیان بووە و تەنها بە ئاستەم هەناسەی داوە لە بەر ڕۆژ و هەتاوی سوتێنەردا کە زۆر گریاوە و ترساوە بۆ ماوەیەکی درێژ.
"سەبری" و هاوسەرەکەی بە خێرایی بەرەو نەخۆشخانە رۆیشتن بۆ ئەوەی کوڕەکەیان "عەزیز" بپارێزن، کاتێك گەیشتنە نەخۆشخانە دکتۆرەکان ئاگاداریان کردنەوە: "کە عەزیز پێش چوار کاتژمێر گیانی لە دەستداوە و نەمانتوانی گیانی رزگار بکەین، دیارە ئەو زۆر گریاوە و فرمێسك لە چاویدا نەماوە، پێیەکانی لە دەستداوە و بە سەریدا کەوتووە، ئەو وشکبوونەی تووشی جەستەی بووەتەوە کاریگەری زۆری لە سەر داناوە، داوامان کرد لە لایەنە باڵاکان کە ئەم منداڵە بە فڕۆکەیەك بنێرن بۆ یەکێك لە نەخۆشخانەکانی ئەوروپا بە مەبەستی چارەسەرکردنی خێرا لە بەر ئەوەی ئەوان خاوەنی ئامێری پێشکەوتوون و ئیمکان هەبوو رزگاری بکەن، ئێمە لەم نەخۆشخانەیە تەنانەت ئامێری سادە و فریاگوزاری سەرەتایشمان نیە... ".

لێرەوە هاوار و گریانی دایك و باوكەكە بەرز بووەوە لە سەر تەرمی "عەزیز"... "عەزیز" گیانی لە دەستداو بووە قوربانی، لە بەر ئەوەی تینووی بوو، برسیی بوو، هێزی لە بەر رۆشتنی نەبوو، منداڵ بوو، تەمەنی چوار ساڵ بوو، دایك و باوكیشی نەیانتوانی بوو هەموو منداڵەكانیان هەڵبگرن.. بەڵی "عەزیز" لە تەمەنی چوار ساڵیدا لە تینوویەتی و برسێتی و ترسدا گیانی لە دەستدا.. ئەمە لە كاتێدا ڕوویدا، ئێمە لە سەدەی (٢١)و چەرخی تەكنۆلۆژیای پێشكەوتوو و ڕێكخراوەكانی مافی مرۆڤ و ئاژەڵین.
كێ دەتوانێ ئەم چیرۆكە بگەیەنێتە هەموو جیهان؟ كێ ئەم چیرۆكە وەك خۆی دەگێڕێتەوە؟

# تراژیدیای (٣)

## جینۆسایدی خانەوادەی نایفێ ئەسمەرێ

سەرەتای چیرۆکی جینۆسایدکردنی ئەم خانەوادەیە بەم شێوەیە دەست پێ دەکات، ئەحمەد نایف قاسم لە دایکبووی ساڵی ١٩٨٧ دانیشتووی گرعوزێر، دەڵێت: ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٣ لە کاتژمێری ٨ی بەیانی، چاوەڕوانی براکانمم دەکرد لە ماڵ دەرچن، من پێش ئەوان دەرچووم و چەکم پێ بوو، مەڕەکانمان بەرەو چیا بەڕێکرد، خانەوادەکەم بە دوامانەوە بوون، من لە پەیوەندی بەردەوام بووم لە گەڵیان لە قەراج پێش گەیشتن بە چیا، کوڕی خوشکەکەم ڕێزان برجس کە خوێندکاری کۆلێژی پزیشکی موسڵ قۆناغی سێیەم بوو، پێی وتم دەمانەوێ لە پێشمانەوە بیت.
دوای چەند خولەکێک ئەوەم زانی دەستگیریان کردوون بۆیە پەیوەندیم پێیانەوە کرد، یەکێك لە داعشەکان بڵندگۆکەی دەستی بەرز کردەوە و پێمی وت: چیت دەوێت؟ داوام لێکردن بە بەزەیی و بە ڕەحم بن بەرامبەر خوشکەزاکانم چونکە ئەوان خوێندکاری زانکۆن، وەڵامی دامەوە و وتی: والله هەموویان دەکوژین.
دەوڵەتی ئیسلامی داعش پێویستی بە خزمەتکردنیان نیە، گوێم لە دەنگی دەستڕێژی گوللە بوو، بینیشم ئافرەت و کچەکانیان سەرخستە سەر ئۆتۆمبێلەکانیان، بۆیە منیش دەستڕێژیم لێکردن، ئەوانیش بە دەستڕێژی گوللە وەڵامی منیان دایەوە، ماوەیەك شەڕە تەقە لە نێوانمان بەردەوام بوو، قاچی ڕاستم گووللەیەکی بەرکەوت، بەم شێوەیە ٧ کەسیان لە خانەوادەکەم جینۆساید کرد، ٤ ژن و ٣ کچ و ١٥ منداڵیان بە دیل گرت و برد، دوای چوار ڕۆژ ٤ لە منداڵەکان گیانیان لە دەستدا.
دوای دوو ڕۆژ یەکێك لە منداڵەکان (نایف بەرەکات نایف) کە خۆی لە ژێر بەتانی و لە ناو ئۆتۆمبێلەکەدا حەشاردابوو، توانی خۆی رزگار بکات لە دەستی زاڵمەکان. نایف بەرەکات نایف دەڵێ: داعشەکان دوای دەستگیر کردنیان لە دوو ئۆتۆمبێلیان کردوون و دواتر ریزیان کردوون و پیاوەکانیان لە سەر ئەژنۆ راوەستاندووە، من بینیم کە دەستڕێژیان لە سەریان دەکرد، ژمارەی ئۆتۆمبێلی داعشەکان نزیکەی ١٥ ئۆتۆمبێل بوون، جۆرەکانیان دەبڵ تویوتا قەمارە بوو، دوای ئەوەی زانیم کە داعشەکان ڕۆیشتوون، هەستام بە پشکنینی تەرمی کەسوکارەکەم و هاوارم کرد، بەڵام ئەوان هەموویان گیانیان لە دەستدابوو، بۆیە لە شەقامەکە پەڕیمەوە بەرەو چیا، دوای چەند هەنگاوێك

ئۆتۆمبێلێکی داعشەکانم بینی لە شەقامەکە کردیە ئەم بەرەوە، بۆیە لە پاڵ بەردێك خۆم شاردەوە و ئەو زاڵمە تیرۆرستانە نەمیانبینی.
دوای ئەوە خاوەنی تراکتۆرێك بینیمی و بەم دۆخەوە لە گەڵ خۆی بردمی بۆ چیا، چیرۆکەکەی خۆم بۆ گێرانەوە، تا نەیانگەیاندمە دەستی کەسوکارەکەم وازیان لێنەهێنام، کاتێك کە دڵنیابوون ئەوکات رۆیشتن.
ئەحمەد برای جینۆسایدکراوەکە قسەکانی تەواو دەکات و دەڵێ: من رۆیشتم بۆ چیا، لەوێ یەك یەك پەیوەندیم بە براکانمەوە کرد لە ڕێگای مۆبایلەکەمەوە، بەڵام داعشەکان وەڵامیان دامەوە، وتیان هەموو براکانتمان کوشتووە، بۆ کوشتان؟ چیتان دەست دەکەوێ؟ ئەمە وەڵامیان بوو: ئەگەر ئێوە پیاون تەرمەکانتان رزگار بکەن، هەمووتان دەکوژین، هیچ کوردێك لە شنگال نیە، شنگال بە عەرەبی دەمێنێتەوە، نەك بە کوردی ... .

**جینۆسایدکراوان:**
یەکەم: جینۆسایدکراو برجس نایف قاسم، لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٠ دەرچووی پێنجی زانستی (سەرباز و خۆشنووس).
دووەم: جینۆسایدکراو بەرزان برجس نایف، لە دایکبووی ساڵی ١٩٩١ خوێندکاری کۆلێژی زانست، زانکۆی موسڵ، قۆناغی یەکەم.
سێیەم: جینۆسایدکراو رێزان برجس نایف، لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٤ خوێندکاری کۆلێژی پزیشك، زانکۆی موسڵ، قۆناغی سێیەم، لە شەشی زانستی لە سەر ئاستی پارێزگای موسڵ یەکەم بووە.
چوارەم: جینۆسایدکراو جیلان برجس نایف، لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٥ خوێندکاری پۆلی پێنجی زانستی، زیرەك و لێهاتوو، لێوڕێژ لە جوانی و ئاکاری بەرز، دوای رفاندنی رەتی کردەوە بێتە سەر ئاینی ئیسلام و بۆ ئەوەی خۆی لە دەستدرێژی سێکسی رزگار بکات، خۆکوشتنی هەڵبژارد و لە زیندانی ژێر دەستی داعشدا خۆی کوشت.
پێنجەم: جینۆسایدکراو حسن برجس نایف، منداڵ تەمەنی (٢) مانگ.
شەشەم: جینۆسایدکراو قاسم نایف قاسم، لە دایکبووی ساڵی١٩٧٦ ئەندازیاری میکانیك.
حەوتەم: جینۆسایدکراو بەرەکات نایف قاسم، خاوەنی سەرتاشخانە لە گرعوزێر.
هەشتەم: جینۆسایدکراو ئەحلام بەرەکات نایف، منداڵ تەمەنی (٤) مانگ.
نۆیەم: جینۆسایدکراو جەمیل نایف قاسم، لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٩.

دەیەم: جینۆسایدکراو جەمال جمیل نایف، منالٚ تەمەنی (٣) مانگ.
یانزەیەم: جینۆسایدکراو عیدۆ نایف قاسم، لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٩.
دوانزەیەم: جینۆسایدکراو شەهرستان عیدۆ نایف، لە دایکبووی ساڵی ٢٠١١

**بێسەرو شوێنکراوان و رفێنراوەکان:**

١. ئەرزان موراد قاسی، لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٦
٢. ئەلیفا خەلیل ئیبراهیم، لە دایکبووی ساڵی ١٩٨٥
٣. جیهان برجس نایف، لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٨
٤. غالیە برجس نایف، لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٩
٥. نەواف برجس نایف، لە دایکبووی ساڵی ٢٠٠١
٦. عالیا برجس نایف، لە دایکبووی ساڵی ٢٠٠٥
٧. دلگەش برجس نایف، لە دایکبووی ساڵی ٢٠١٠
٨. خانی حسن شەمۆ، لە دایکبووی ساڵی ١٩٨٥
٩. سەناو جەمیل نایف، لە دایکبووی ساڵی ٢٠٠٦
١٠. سەیف جەمیل نایف، لە دایکبووی ساڵی ٢٠٠٨
١١. جەدعان جەمیل نایف، لە دایکبووی ساڵی ٢٠١٠
١٢. دلهات جەمیل نایف، لە دایکبووی ساڵی ٢٠١٣
١٣. سەورە بەشار خەلف، لە دایکبووی ساڵی ١٩٨٠
١٤. فرعون بەرکات نایف، لە دایکبووی ساڵی ٢٠٠٠
١٥. سعاد بەرکات نایف، لە دایکبووی ساڵی ٢٠٠٣
١٦. سهام بەرەکات نایف، لە دایکبووی ساڵی ٢٠٠٥
١٧. ئەمەل بەرەکات نایف، لە دایکبووی ساڵی ٢٠٠٧

**رزگاربوو دوای بریندارکردن:**

١ - ئەحمەد نایف قاسم، لە دایکبووی ساڵی ١٩٨٧

**رزگاربوو:**

١- نایف بەرەکات نایف
٢- حسین برجس نایف

## تراژیدیای (٤)

### دایه، پیاوە ڕیش درێژەکان ئێمەیان بردووە

(١٢) ڕۆژ بە سەر داگیرکردنی شاری شنگال لە لایەن داعشەوە تێپەڕی بوو هێشتا پەنابەرانی کوردی ئێزیدی بە دوای پەناگەیەکدا دەگەڕان خۆیانی تێدا بپارێزن لە هەموو شار و شارۆچکەیەك لە هەموو دۆڵ و نەواڵێك تەپۆڵکەیەك، لە قوتابخانە چۆڵەکان و کارگەکان و بینایە و باڵەخانە تەواو نەکراوەکان، ڕووبەڕووی چاوە پڕ لە فرمێسك و تۆقیوەکان دەبینەوە، چیرۆکەکان هێندە کارەسات بارن کە تواناى گێڕانەوەیان نیە.
"نۆفەعیدو"ی تەمەن(٣٦)ساڵ لە گەڵ مێردەکەی و (٩) منداڵی لە گوندێکی نزیك شنگالەوە دێن ئەوان خەریکی بە خێوکردنی مەڕ و بزنەکانیان بوون ژیانێکی سادە دەژیان بەڵام ژیانێکی باش.
کاتێك تیرۆرستەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە ٣ی ئابدا پەیدا بوون، ئەوان ئاگایان لە هیچ نەبوو، ئەو جێب و هەمەڕانەیان دەبینی کە ئاڵای ڕەشیان هەڵکردبوو بەرەو ڕووی کێڵگەی ئەوان دەهاتن، پیاوە ڕیش درێژە چەك بە دەستەکان خۆیان کرد بە ژووردا، مێردەکەی "نۆفە" هاواری کرد: "ئێمە تەسلیم دەبین".
هەردوو جمکی تەمەن دوو ساڵە دڵشاد و هەرمان، لە باوەشی دایکیاندا خۆیان دەشاردەوە، یەکێك لە پیاوەکان هاواری کرد:"ئێمە ئاگامان لە منداڵەکانتان دەبێت، پاش کەمێك لە باوەشی دایکیان دەردەهێنن".
من بە تەواوی تۆقی بووم نەمدەزانی چی بکەم بیرم کردەوە ئەگەر ڕابکەم تەقەمان لێ دەکەن و دەمانکوژن، ئەگەر بشمێنمەوە هەر دەمانکوژن، ئەوە قسەی "نۆفە"یە.
منداڵە سێ مانگیەکەی هەڵدەگرێت و "هەیمان" و "سیڤە"ی(٧)ساڵان، "دڵگەش"ی(٥)ساڵان دوای دەکەون و ڕادەکەن هەتا دەگەنە ئەو دۆڵەی کە ئیدی گوڵلەیان پێ ناگات.
"ئیدی مێردەکەم و جمکەکەمان و چوار کچمان بێ سەر و شوێن بوون، تەنیا ئێمە ماینەوە".
دوای دوو ڕۆژ کچە(١٠)ساڵیەکەی تەلەفۆنی بۆ دەکات، کاتێك ئەوان لە سەر چیای شنگال دەبن پێی دەڵێت:"دایە پیاوە ڕیش درێژەکان ئێمەیان بردووە"، دوای ئەوە دەنگیان نەماوە، "نۆفە"و منداڵەکانی بە تینوویەتی و برسیەتی ماوەی(٨)ڕۆژ بەرەکانی مەرگیان کردووە، "پەیمان"ی تەمەن(٣) مانگ تا

دەهات لاواز تر دەبوو شیری دایکی چۆرایی لێ بڕا بوو، ئیدی ئەوان گەیشتبوونە شارێکی دیکەی کوردستان بەڵام تازە درەنگ بوو، "پەیمان" ئیدی نەیتوانی چیتر هەناسە بدات، ئەو دایکە هەتا بەرە بەیان بە دیار لاشەی منداڵە مردووەکەیەوە دادەنیشت، بۆ بەیانی ڕۆژی دواتر بە خاکی دەسپێرن.
فرمێسکەکان بە سەر لەچکە نەشۆردراوەکەیدا دەهاتنە خوارەوە، هەر کە "نوفە" دەست دەکات بە گریان "سێڤە"و "دلگەش" خۆیان لە دایکیان هەڵدەسوون، هەر وەك چۆن خوشك و براکانیان لە کاتی هاتنی تیرۆرستەکان دەیان کرد، "نوفە" دەڵێت: "ئیدی فرمێسکەکانم وشك بوون".
ئیدی بێ مانایە پرسیاری منداڵ و پیاوەکەی لێ بکەین، هەواڵەکانی وەحشیگەری کە لە ناوچەکانی بن دەستی تیرۆرستانەوە دێن، خۆیان قسەی خۆیان دەکەن، تەماشایەکی ئەو حەشاماتە دەکەم کە بەو ناوەدا بڵاو بووەتەوە...
بیر دەکەمەوە دەبێ چەند پەنابەری دیکە هەمان چارەنووسیان هەبێت؟ دەبێت "نوفە"چەند چیرۆکی دیکە لە هەگبەدا بێت بیەوێت باسیان بکات؟ "نوفە" لە ناو خەڵکەکەی دیکەدا پاڵی بە دیوارێکەوە داوە و دەلەرزێت بەڵام ئیدی فرمێسکەکانی وشك بوونە.
چیای شنگال وەکو پاڵپشتی هەمیشەیی ئێزیدیەکان وابوو، ئیدی ئەو پەندە کوردیەی دەڵێت:"چیاکان تەنها هاوڕێمانن"، هە ر لە ماوەی سی ساڵی رابردوودا، جارێك دڕندەی بەعسیەکان و چەکی کیمیایی و ئێستاش لە دڕندەی و دەوڵەتی ئیسلامی تیرۆرستی داعش کە باشترین چەکیان لە بەر دەستە، ئەوەش دوای ئەوەی سوپای عێراق بە بێ تەقە هەموو چەکە ئەمریکیەکانیان بۆ بە جێ هێشتن لە موسڵ، ئیتر موسڵ بوو بە پەناگە و ویلایەتی خیلافەتی تیرۆرستی بە ناو ئیسلام، ترا‌ژیدیای چیای شنگال نە بە وێنە و نە بە ووشە ناگێردرێتەوە ئەگەر چی ئێزیدیەکان خۆیان بە برای موسوڵمانەکان دەزانن و و پێیان وایە کە ئەوەی بە سەر ئەواندا دەهێنن، ڕەوشتێکی ئیسلامیانە نیە و دورە لە ئاینی ئیسلام، بەڵام هەموو جارێك لە ژێر ناو ئیسلامدا لە خاچ دەدرێن، ڕەنگە ئەمە دوا لە خاچدانی ئێزیدیەکان نەبێت، بەڵام گەڕانەوەی هەندێك لە ئێزیدیەکان کە ئەوان بە گەڕانەوە لە دۆزەخ دەیگێڕنەوە، نەوە دوای نەوە دەگێڕدرێتەوە، ئیدی داعشەکان دەبن بە گورگانە شەوێی گوێ ئاگردان و تاشە بەردەکانی شنگال .

## تراژیدیای (٥)
## چیرۆکی لەدایکبوونی (دڵبرین) ی بێناز لە چیای شنگال

کە دەچیتە شارۆچکەی (شاریا) کە ئێستا بووە بە مەئوای زیاتر لە بیست و پێنج هەزار ئێزیدی خەڵکی شنگال، زیاتر لە کارەساتێك سەرنجت ڕادەکێشێت، کە هەریەکەیان دەکرێتە کەرەستەیەکی زیندوو فیلمێکی سینەمایی، یان ناونیشانی ڕۆمانێکی گەورە، چونکە هەموو چیرۆکەکان تاڵن، یان تراژیدیای میللەتێك دەگێڕنەوە، کە وێڕای هەموو ئازار و ئەشکەنجەیەك هێشتا هەر حەزی لە ئازادی و ژیانە و تاقە خەونی ئەوەیە، کە ڕۆژێك لە ڕۆژان بحەسێتەوە، وەلی لەوە دەچێت، کە تا ئێستایش قەدەری ڕۆژگار و هێزی تاریك نەیەڵێت شنگالییە بێ گوناهەکان لە زێدی خۆیان بژین و هەمیشە بوونەتە قوربانی فەرمانی دڵڕەقەکان کە لە کونجی تاریکەوە لە ژیان دەڕوانن.
کە گەیشتینە (شاریا)، منداڵێکی خنجیلانە بە دەست رازەوە لە ناو کەلاوەیەك بیندرا، ڕاستە خەونی هەرەگەورەی ئەو منداڵە دایك و باوکیان بوو، بەڵام قەدەری وابوو، کە لە چیا لە دایك بێت، چیایش چیای شنگال و بە برسییەتی و تینوویەتی و دوور لە شیر و دڵنەوایی و تەنانەت لە برسیەتی تینی گریانیشی نەبوو، دوور لە هەموو پێداویستیەکانی بەر لە دایکبوون و دوای لە دایکبوون.

### (دڵبرین) کێیە؟
"دڵبرین" وەك گوڵستانی دایکی دەڵێت: ئەو کۆرپەیە کە نۆ مانگ چاوەڕێمان کرد، ئەو کچە شیرینەیە، کە زۆر بە حەسرەت بووین لە دایك بێت، ڕۆژانە لە گەڵ باوکی باسمان لەوە دەکرد، کە خۆزگە کچێکی خوێن شیرینمان دەبوو، تا ببێتە چرای ماڵەکە و ئاوەدانی بکاتەوە، ئەو خەونە هاتە دی، بەڵام چۆن؟، بە چ ئازارێك؟.
گوڵستان کە تەمەنی ٣٩ ساڵە بە دەم فرمێسکەوە دەڵێت: کاتێك تیرۆرستانی داعش بێڕەحمانە هەڵیان کوتایە سەر شنگال، دەستیان لە هیچ نەپاراست، نە لە منداڵ و نە لە پیر، نە لە نەخۆش و نە لە پەککەوتە، ئەو شارەیان کرد بە دۆزەخێکی گەورە، لە چەند سەعاتێکدا هەموومان ڕووبەڕووی مەرگ بووینەوە، بە بەرچاوی ئێمە دەستیان کرد بە تالان و کوشت و بڕین، من ئەگەرچی لە هەفتەی لەدایکبوونی منداڵەکەم بووم، بەڵام لە ترسی داعشەکان هیچ ڕێگەم نەما، بێجگە لەوەی بە پێ ڕوو بکەمە چیا، ئەوەی ئێمە بینیمان بە قسە ناگوترێ، چونکە جینۆسایدێکی گەورەبوو، کە بە قسە ناگێڕدرێتەوە.

**چیا و "دڵبرین"**
بەڵام "هیلال"ـی باوکی "دڵبرین" دەڵێت: بە ئازارێکی ئێجگار زۆر سەرکەوتین بۆ چیا، چونکە خێزانەکەم لە ڕۆژانی لەدایك بوونی منداڵەکەی بوو، بەڵام هیچ ڕێگەیەك نەما لە بەردەمی ئێمە تەنیا سەرکەوتن نەبێت بۆ چیا، پاش ئەوەی تیرۆرستانی داعش، شنگالیان وێران کرد و هەموومانیان تەفر و توونا و شار بەدەر کرد، کە گەیشتینە بەرزاییەکانی ئەو چیایە، زۆر بە زەحمەت ئەو ڕێگەیەی بڕی، کە ڕێگەی مەرگ بوو، خەڵکی شنگال وێڕای ئەو هەموو نەهامەتییە دڵیان بە ئێمە دەسووتا، بەڵام ئێمە تەنیا کەسێك نەبووین، کە ئەو ئازارەمان هەبێت، بەڵکو لە ڕۆژانی مانەوەمان لە چیا، جگە لە برسیەتی و تینوویەتی مەرگی منداڵەکانمان بینی، کە چۆن لە ئازاری برسیەتی و تینوویەتی دووچاری مەرگ بوون.

**"دڵبرین" بێکەس بوو!**
گوڵستان دەڵێت: قەدەری "دڵبرین" وابوو، کە چاو بەو تاوانە هەڵبێنێ، لە چیا ڕۆژانە منداڵ دەمردن، کەچی "دڵبرین" لەدایك بوو، بەڵام لەدایکبوونەکەی کاتێك بوو، کە نەمانتوانی تەنانەت ئاویشی بدەینێ یان شیر، هیچ دەسەڵاتێکمان نەبوو، بێجگە لەوەی بە بێ نازی لە دڵبرین بڕوانین کە حەسرەتی ژیان بوو، بەڵام قەدەر وای کرد کە لە چیا و لە غوربەتی چاو هەڵبێنێ.

**خەونی ئایندە**
"هیلال"ـی باوکی دڵبرین، بە فرمێسکێکی گەرمەوە دەڵێت: لە چیا، لە ماوەی حەوت ڕۆژدا نزیکەی سەد منداڵ مردن، کەچی دڵبرین هاتە دنیا، هەموو ئەوانەی مردن بە منداڵی خۆم دەزانم، کە چۆن سەریان نایەوە، چۆن بوونە قوربانی داعشە دڵڕەقەکان، کە مەرگی منداڵ و گەورە لە یەك جیا ناکەنەوە وەك چۆن، دەیان پەککەوتە لە چیا نەیتوانی بێنە خوارەوە و چاوەڕوانی مەرگ دەکەن، من وەك باوك هیچم ناوێت، بێجگە لەوەی بە دەنگ دڵبرین و هەموو منداڵە بێنازەکان بێن، کە ئێستا لە (شاریا) و (خانکێ) و شوێنی دیکە بە بێ دەنگی دەمرن، حەسرەتم وایە، کە کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان، پتر لە هەموو شتێك بیر لە منداڵ بکەنەوە کە ئەمڕۆ بووەتە قوربانی ئاشوب و ڕۆژانە مەرگی ئەوان دەبێتە شایەتحاڵی دڵڕەقی و دڕەندەیی ئەوانەی بەزەییان بە مرۆڤدا نایەتەوە.

# تراژیدیای (٦)

## گەڕان بە دوای باپیریان دا

سالم خەیری و سوعاد خەیری لە تەمەنێکی کەمدا دایك و باوکیان لە دەستدا و بوون بە (هێتیم و سێوی) هەموو مرۆڤێك یەکجار دەبنە هێتیم و سێوی بەڵام ئەمانە دووجار بوونە (هێتیم و سێوی).
چاوەکانیان پڕن لە دیمەنی ترس و تۆقین و هەژاری و برسیەتی وترسی چاوەڕوانی چیای شنگال، سالم چونکە منداڵێك بوو کاری لە دەرەوە دەکرد، ئەو بەیانی زوو چووەتە دەرەوە، سالمی تەمەن (١٢) ساڵ وتی: بەیانی کاتژمێر (٦) ی بەیانی چوومە دەرەوە جموجۆڵی خەڵکەکە ئاسایی نەبوو، ڕۆژێکی جیاوازتر بوو، من کاتژمێر (١٠)ی بەیانی گەڕامەوە ماڵەوە بەڵام خوشك و براکەم لە ماڵەوە نەبوون و بەرەو چیا ڕۆیشتبوون، باپیرەشم دانیشتبوو وتی تۆش برۆ بە دوای خوشك و براکەت بگەڕێ و بیان دۆزەوە و پێکەوە لەگەڵ ئەم خەڵکە برۆن.
سالم کاتێکیش ویستی لە ماڵەوە دەربچێت چەکدارانی داعشی لە کۆلانەکەیان بینی بۆیە لە سەربانی جیرانەکەیان چووەتە کۆلانەکەی تر و ڕێگەی چیای گرتەبەر.
چۆن سوعاد و باسم بە بێ سالم ڕۆیشتن بۆ چیا و باپیرەیان لە ماڵدا بەجێ هێشت ئەم چیرۆکە لە لای سوعادی خوشکیەتی، سوعادی تەمەن ١٥ ساڵان وتی: ئێمە لە ماڵەوە بووین و شەڕ و دەنگی تەقە تا دەهات زیاتر دەبوو، باپیرەم وتی: لە گەڵ ماڵی مامت بڕۆن، منیش لێرە دەبم من و براکەم باسم ڕۆیشتین بۆ ماڵی مامم بەڵام ئەوانیش ڕۆیشتبوون و کەسیان لە ماڵەوە نەمابوون، ئێمەش لە گەڵ خەڵکەکە بەرەو چیا ڕۆیشتین و نەگەڕاینەوە ماڵەوە، لە پێچەکانی چیای شنگال چەکدارانی تیرۆرستی داعش بە دیارکەوتن و پێشیان لێگرتین و وتیان مەڕۆن و بگەڕێنەوە ماڵەوە هیچتان لێناکەین و پەیوەندیمان بە ئێوەوە نیە، دواتر مۆبایلەکانیان لە خەڵکەکە وەرگرت و هەندێك سەیارەیان بردن و خەڵکەکەیان ناچارکردن بگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام ئێمە چونکە هیچمان پێ نەبوو ڕامان کرد و نەگەڕاینەوە ماڵەوە.
سوعاد بەردەوام بوو، وتی: جیاوازی نێوان ئێمە و خەڵکەکە ئەوە بوو ئەوان بە خێزانەوە بە خوشك و برا و دایك و باوکەوە دەرۆیشتن من و براکەم بە تەنیا. ئیتر باپیرە و براکەمم نەبینیەوە، چونکە ئەم چیایە بە سەدان هەزار

خەڵکی لێ بوو من و براکەم (٥) ڕۆژ هیچ خواردن و خۆراکێکی وامان دەست نەکەوت تەنها ئاومان دەخواردەوە ئێمەش وەکو ئەم خەڵکە هەر ڕۆژە و لە شوێنێك بووین سەرەرای برسیەتی و تینوویەتی و نەبوونی جێگا و گەرما و مەترسی هەرەشەی چەکدارانی داعش، خەمێکی تری ئێمە بێکەسی و غەریبی و گەڕان بە دوای برا و باپیرەمان بوو، نازانین باپیرەم لە کوێیە؟! نەمان دەزانی براکەمان چی بە سەر هاتووە، ڕۆژانە پرسیاری ئەوانمان دەکرد لە سەر ئەو چیایە، بەڵام نەمان دۆزینەوە.
سوعاد و باسم بە تەنیا لە ڕۆژی ٣ی ئاب بەرەو چیای شنگال هەڵاتن و بێ خاوەن لەم چیایە و سەرەرای نەبوونی و برسیەتی و ترس و چاوەڕوانی.
سالمی برایانیش هەر لەو ڕۆژە (٣ی ئاب) ڕێگای چیای گرتووەتە بەر و ڕۆژانە بە تەنیا لەم چیایە ماوەتەوە و بە دوای خوشك و براکەی گەڕاوە، تاکو ١٨ی ئاب و لە یەکێك لە قوتابخانەکان کە کرابووە کەمپ بۆ ئاوارەکان لە شاری دهۆك بە یەکتر شاد دەبنەوە.
سالم وتی: دوای هەشت ڕۆژ لە چیای شنگال، منیش وەك هەندێك لە خەڵکەکە ڕێگای هاتنە خوارەوەم لە چیا گرتەبەر، بەڵام نەك بۆ شوێنی خۆمان وماڵی باپیرەم بەڵکو ڕێگای ئاوارەبوون بۆ ناوچە ئارامەکانی کوردستان، بۆ ماوەیەکی زۆر بە پێیان ڕێگام گرتەبەر تا گەیشتمە سنووری ڕۆژئاوا پاشان بە ئۆتۆمبێلێك بەرەو سنووری باشوور هاتم و دواتر گەیشتمە دهۆك.
سوعاد وتی: ماڵە دراوسێکانمان موسڵمانی سونەی کورد بوون، ئەوان وتیان مەڕۆن و لە لای ئێمە بمێننەوە و حەشارتان دەدەین، باپیرەم لە لای ئەوان مایەوە وتی ئێوە بڕۆن من لای ئەوان دەبم، ئەوان زۆر باشبوون لەگەڵ ئێمە و هاوکارییان دەکردین بە بەردەوامی.
ماوەی مانگێکە ئەوان ئاگاداری باپیرەیان نین و لە چارەنووسی نازانن، پەیوەندیشیان بە شنگالەوە نەماوە چونکە تاکو ئێستاش واتە (نووسینی ئەم ڕاپۆرتە شنگال لە ژێر دەسەڵاتی تیرۆرستاندایە).
سوعاد بەردەوام بوو لە قسەکانی وتی: من دەمەوێ باپیرەم بدۆزمەوە چونکە جارێکیان هێتیم و سێوی بووین نامانەوی دووبارە ببێتەوە، هەستمان نەدەکرد بێ دایك و باوکین بەڵام ئێستا هەست بە نەبوونیان دەکەین، من بیری باپیرەم دەکەم و هیوادارم ساخ و سەلامەت بێت و نەیان کوشتبێت، باپیرەم زۆر هاوکاری کردین و کاری بۆمان دەکرد و ئێمەی بە خێو دەکرد و پاسەوانی شەوانەی چەند دوکانێکی شنگال بوو.

# تراژیدیای (٧)

## داعشێک بە تەلەفۆن گوتی وەرە سەری مێردەکەت ببەوە

نـزیکەی (٩٥٠) ئێزیـدی، لە وانــەی ڕۆژی (٣)ی ئـاب لە شـنگال لە لایەن چەکــدارانی داعشــەوە هێرشــیان کــرایە ســەر، لە یەکێــك لە گونــدەکانی دەوروبەری پارێزگای دهۆك نیشتەجێ بوون، ئەوان لە لایەن مانگی سووری تـورکییەوە و ڕێکخـراو و دام و دەزگاکـانی هەرێمـی کوردسـتان هاوکـاری کراون و بەتانی و خواردنیان بۆ دابینکراوە.

هەریەکێــك لەو ئێزیــدییانە چیرۆکێکــی تراژیــدی لەلایە و کاتێــك باســی مەینەتییەکانیان دەکەن، زەحمەتە کەسی بەرامبەریان نەگرێنن.

یەکێك لەوانە "سینۆ"یە، کە ژنێکی تەمەن(٢٠) ساڵانە و دایکی(٣)منداڵە، لەو کاتەی هێرشکراوەتە سەر گوندەکەیان لە شنگال، "سینۆ" لە ماڵ نەبووە، ئەو دەڵێت:"ڕۆژی دواتـر تەلەفۆنم بـۆ مـاڵەکەم کـرد، ئەنـدامێکی داعـش وەڵامـی دایەوە و گوتـی وەرە سەری مێردەکەت ببەوە"، ئەو بەردەوام دەبێت و دەڵێت، " ئەندامانی داعش ٤٠ کەس لە خزمەکانی منیان کوشتووە، ئێستا چۆن دەتوانم قسە بکەم..!!!؟".

"ناسـر"ی تەمەن(٥٠) سـاڵ، یەکێکـی دیـکەیە لەوانەی کە رزگاریـان بـووە و دەڵێـت، "پیاوەکـان سـەریان بـڕدرا، ژنەکـان رفێنـدران و منـداڵەکانیش کە لە نێویـان منـداڵی تەمەن(١٠) مـانگی هەبـوو، لە هێرشـەکاندا، کە مـاوەی(١٠) کـاتژمێری خایانـد، لێیـان دەدرا. ئەوانەی لێـرە دەبینـدرێن تەنیـا ئەوانەن، کە توانیویانە ژیانی خۆیان رزگار بکەن".

"هودێدا شیرۆمیند" ژنێکی بەتەمەنـی(٨٠) ساڵییە، ئەوەنـدە بـێ هێـز بـووە، کە توانای وەستانی لەسەر قاچەکانی خۆی نەمـاوە بە هۆی ئەوەی بڕی زیـاتر لە (٦٠) کیلۆمەتر بە پێ ڕێی کردووە ئەمە سەرەرای ئەو چەند ڕۆژەی لە چیای شـنگال ژیانیـان بە کـۆڵەمەرگی بەسـەر بـردووە. "هودێـدا" دەڵێـت: "داعـش تێکدەشکێت، ئێمەش دەگەڕێینەوە شنگال، من بەو هیوایە دەژیم".

## تراژیدیای (٨)

## هەموو ڕۆژێك مامەڵەی كڕین و فرۆشتنی ئافرەتەكان بوو

ئـافرەتێكی لەدایكبـووی سـاڵی ١٩٨٣ بە پیتـی "ج، ش، ع" خـۆی ناسـاند و یەكـێكە لە دەربازبووەكـانی گونـدی كۆچـۆ، وتـی": ڕۆژی ٣-٨-٢٠١٤ لە گونـدی كۆچـۆ هەڵهـاتین بەرەو چیـای شـنگال، لە لایەن دەوڵەتـی ئیسـلامیەوە دەستگیر كـراین و ئێمە ئافرەتەكـان بە جیـا كردینیـانە ژورێكەوە، دوای چەنـد دەقیقەیەك گوێمان لە دەنگی تەقە بوو، دوای ئەوەی كە دەرمانیـان كـرد، پێمـان وتن: پیاوەكانمانتان كوشت؟ ئەوانەمان كوشت كە ڕایان كرد.
بەردەوام دەبێت لە سەر گێڕانەوەكانی و دەڵێ": دواتر بردمانیـان بۆ گونـدی (سۆلاغ) و لەوێ كردمانیـانە ماڵێك كە دوو نهۆم بـوو، دوای ئەوە ئۆتـۆمبێلی گەورەیـان هێنـاو ڕەوانەی قوتابخـانەی زەهرەیـان كـردین لە تەلەعفەر كە دوو نهۆم بـوو، دوو هەفتە لەوێ مـاینەوە، لەوێشـەوە ڕەوانەی زینـدانی بادووشـیان كــردین، لە زینــدانی بــادووش منداڵەكانیــان لێمــان جیــا كــردەوە، ئــافرەتە بەتەمەنەكانیان برد بۆ موسڵ چونكە قەسفی فڕۆكەكان هەبوو لە سەرناوچەكە و زیندانەكە، دوو ڕۆژ لە ناو ماڵێك مـاینەوە، دوای ئەوە بردمانیـان بۆ مـاڵێكی تر، ئیتر من لە خوشك و كەسوكارەكەم دابڕام.
زیاترمـان بـۆ دەگێـڕێتەوە و دەڵێـت": مـن و "٦٧" ئـافرەتی تـر بردمانیـان بـۆ زینـدانێكی تـر كە هـۆڵی ئاهەنـگ و شـایی بـوو لە شـاری "رەقە"ی سـوریا، داعشــەكان هەمـوو كاتێـك بە نێومانـدا دەگەڕان، بە پێویسـتی خۆیـان لێمانیـان هەڵـدەبژارد، كاتێك بەرگریمـان بكـردایە بە دارەكـانی دەسـتیان لێیـان دەدایـن، هەمـوو ڕۆژێك مـامەڵەی كڕین و فرۆشـتنی ئافرەتەكـان بـوو، دوای مـاوەیەك "٥٤" پەنجاو چوار ئافرەتی تری كۆچۆیان هێنا بۆ لامان و دوای فرۆشتنیان، من وكچـی مـامەكەم لەبەر ئەوەی من وەرگێڕیـان بـووم بۆ زمـانی عەرەبی و هەروەهــا بەرپرسـیش بــووم لە كاروباریــان و ناردنیــان بـۆ نەخۆشــخانە و بەكارخستنی مۆلیدەی كارەبایی و كارەكەم بەرپرس بووم لە "١٣٠" ئـافرەت، بەردەوام پێم دەوتن لە گەڵ داعشەكان نەڕۆن، بەڵام داعشەكان دەیانفرۆشتن و داعشــەكانیش دەمانیــان كــڕی، مــن كەسـێك كڕیمــی و بــوومە خزمەتكــار لە ئیدارەی شوێنەكە.
ئەم ئــافرەتە دەڵــێ": ئــێمە دەمــانتوانی هەڵبێـین، بەڵام ڕێگــای گەیشــتن بە سنوورمان پێنەدەزانی و هەڵیش بهاتاین دەمانیـان گرتەوە. كڕیـاری داعشـی لە

هەموو دەوڵەتەکانەوە دەهاتن، کە ئافرەتێکیان هەڵدەبژارد بە پاسەوانەکەی دەوت ئەم ئافرەتە بۆ من گیراوە و دەچوە لای ئەمیری زیندانەکە و بڕی پارەی دیاریکراوی دەدا و ١٠٠ دۆلاریشی دەدایە پاسەوانەکان و ئەوانیش پاسەوانەکان ئافرەتەکەیان ناچار دەکرد لە گەڵی دەربچێت". بەردەوام دەبێت ودەڵێ": نرخی ئافرەتی ئێزیدییەکان لە زیندانەکانی سوریا لە ١٠٠٠ بۆ ١٥٠٠ دۆلار بوو، زۆربەشیان چەند ڕۆژێك دەیانهێڵایەوە و دوای ئەوە دەیانفرۆشتنەوە بە داعشێکی تر و بەم شێوەیە بەردەوام بوون لە کڕین و فرۆشتن و هەندێکیان دوو ئافرەت و سیانیان دەکڕی.
لەوانەی دەفرۆشران، دوای ماوەیەك دەگەڕانەوە، برین کەوتبوە رووخسار و لاق و دەستیان، منیش لە گەڵیان دەچومە نەخۆشخانە بە مەبەستی چارەسەرکردنیان، دوای چاکبونەوەیان هەم دیسان دەیانفرۆشتنەوە؟".
باسی ئەوەش دەکات و دەڵێ: لە سەرەتادا کڕیارەکان دەیانوت دەتانبەین بۆ خزمەتکاری ماڵ، بەڵام هەموویان درۆیان دەکرد و بۆ تێر کردنی غەریزە سێکسیە دڕندانەو نارەوشتیەکانیان ئێمەیان دەکڕی، کە پێچەوانەی هەرچی یاسای ئاسمانی و دنیایی بوو.
لێرە داعشێکی ئوسترالی هەبوو، سەردانی ئەمیری زیندانەکە "شێخ ئەبو محەمەد عێراقی" دەکرد، لە هەموو سەردانێکیدا داوای لێدەکرد، منی رادەست بکات، بەڵام ئەمیری زیندانەکە پێی دەوت، ئەم ئافرەتە بەرپرسە شارەزایە و جددیە لە بەرپرسیارێتی کارو باری ئافرەتەکان لە زیندانەکە و نایفرۆشمە کەس.
لە کۆتایدا هەموو ئافرەتەکانیان فرۆشت وتەنیا من و کچە مامەکەم ماینەوە، بردمانیان بۆ زیندانێکی تر کە زیاتر "٢٥٠" ئافرەتی لێبوو، ئەم ئافرەتانە موسڵمان بوون و لە بەر پابەند نەبونیان بە بنەماکانی ئیسلامەوە دەستگیرکرابوون، هەروەها تیایاندا بوو مێردەکەی لە ریزی داعشیشدا بوو کوژرابوو، لێرەش پرۆسەی هاوسەرگیری دەکرا بە ڕۆژانە، داعشێك دەهات یەکێکی هەڵدەبژارد و ئەگەر رازیبوایە قورعانێك گرێبەستەکەیان بوو، ئەگەریش نا یەکێکی تری هەڵدەبژارد.
لەم زیندانە بە ڕۆژ و بە شەو دەنگی قورئان دەهات، ئافرەتەکان نوێژیان دەکرد و داوایان لە ئێمە دەکرد فێری نوێژ بین بەڵام ئێمە رەتمان کردەوە، ئەمیری زیندانەکە هات بۆ لامان و وتی": بۆچی ئێوە رەتی دەکەنەوە بەشدارییان لە گەڵ بکەن؟ پێم وت": ناتوانین ئەوە بکەین و گریام وداوام لێکرد ڕەوانەی شوێنێکی ترم بکەن. بۆیە ڕەوانەی ماڵێکی تریان کردم و تا جەژنی

قوربان لەوێ مامەوە، پیاوە ئوسترالیەکە کە زانی لەم ماڵەم هات و منی کڕی و کچی مامەکەشم لەگەڵمدا هات".
هەروەها دەڵێ:"کە چوینە ماڵەکەی بینیمان پێنج ئافرەتی ئێزیدی لێیە، ئەو ئوسترالیە مامەڵە کردنی زۆر دڕندانە بوو، لە گەڵ هەمووان. یەکێك لە ئەمیرەکان هات بۆ لای و پێی وت: مافی ئەوەت نیە زەواج لەگەڵ حەوت ئافرەت بکەیت و دەبێت بیانفرۆشیت بە چەکدارەکانی تر، دوای ئەوە ڕۆیشت بۆ شاری "دێرە زوور" بۆ شەڕ، داوامان لە هاوسەرێکی کرد هاوکاریمان بکات، لە رێگای فەیسبوکەوە وێنەی ماڵەکەمان گرت وناونیشانی تەواومان نارد بۆ کەسوکارمان لە عێراق، دوای تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێك تاکسییەك هات و لەگەڵ خۆی بردمانی بۆ ماڵەکەی و وتی:" من لە لایەن (ئەبو شەجاع)وە هاتووم، ڕۆژی دووەم دەرچووین و گەیشتینە سنووری تورکیا، بەڵام دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر لە زیندانەکانی دەوڵەتی ئیسلامی داعش ماینەوە.

# تراژیدیای (٩)

## ژیانی ئێزیدییەکانی بن دەستی داعش لە زاری بەساڵاچوویەکەوە

تاوەکو ئێزیدییەك لە شنگال مابێت، چیرۆکە تراژیدییەکان تەواو نابن، چونکە کەسیان نییە بەڵایەکی بەسەر نەهاتبێت یان کەسێکی نزیکی لە دەست نەدابێت، بەڵام ئەوانەی کەوتوونەتە دەست داعش، چیرۆکی تراژیدیتریان لە لایە.
"فارس مەحۆ" ١٦ ساڵ، گەنجێکی کوردی ئێزیدییە، (٣) ڕۆژی لە سایەی دەسەڵاتی داعش لە نێو شنگال بەڕێکردووە، ئەو یەکێکە لەو گەنجانەی لە ناحیەی گرعوزێر لە لایەن داعشەوە دەستگیرکراوە و پاشان لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە بە پیکاب گواستراونەتەوە سەنتەری قەزای شنگال.
"فارس" نازانێت لە کوێوە دەست بە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی بکات، گریان زوو زوو قسەکانی پێدەبڕێت و دەڵێت "نازانم باسی چی بکەم، دایك و باوکم و دوو خوشك و چوار براژنم لە لای داعشن، نازانم چییان بەسەر هاتووە".
"فارس" باسی رزگاربوونی خۆی دەکات و دەڵێت "ئێمەیان برد بۆ مزگەوتێك و لەوێ قسەیان بۆ کردین و داوایان لێکردین ببینە ئیسلام، لەو کاتەدا بۆردومان بۆ سەر مزگەوتەکە دەستی پێکرد و تۆز بەری ئاسمانی گرت، منیش دەرفەتم هێنا و خۆم کرد بە کۆڵانێکدا، پاشان ورده ورده چووم بۆ چیای شنگال، بە دوو ڕۆژ گەیشتمە چیا بە بێ ئەوەی هیچ شتێك بخۆم".

**ڕۆژانە سەمونێکمان دەدەنێ**

ژمارەی گیراوانی ئێزیدی لە دەست چەکدارانی داعش ئەوەندە زۆرن ناتوانن کۆنترۆڵیان بکەن، هەندێك لەو گیراوانە لە ڕێگەی مۆبایلەوە بە نهێنی پەیوەندی بە کەسوکاریان، یان کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە دەکەن.
پیاوێکی تەمەن(٧٠) ساڵ، دوای دەستگیرکردنی لەگەڵ ٨٠٠ کەسی دیکە گواستراوەتەوە بۆ قەزای تەلەعفەر.
ئەو دەڵێت "زۆربەمان منداڵ و ژن و پیاوی بە تەمەنین، ئەوە سێیەم جارە دەمانگوازنەوە، دوو ڕۆژە لە خوێندنگایەکیان داناوین لە قەزای تەلەعفەر".
چەند جارێك پەیوەندیمان بەو پیرەمێردەوە کرد، جارێکیان ژنێك هەڵیگرت، کاتێك لێمان پرسی کە تۆ ژنیت و تەمەنت چەندە، گوتی "نەخێر من کچم، کاتێك داعشەکان هاتن ویستیان جیام بکەنەوە و بمبەن، یەکسەر منداڵێکم لە

باوەش گرت، پێمگوتن ئەوە کوڕی منە، ئینجا وازیان لێهێنام و لەگەڵ کچەکان نەیانبردم".
ئەو پیرەمێردە باسی رەوشی خۆیانی کرد لە زیندانی داعش و گوتی "خواردن و خواردنەوە زۆر کەمە، ڕۆژی یەکجار نانمان دەدەنێ، ئەویش سەمونێکە، بەڵام دووجار نان دەدەنە منداڵەکان، ئاویش زۆر کەمە، دەبێ لەبەریان بپارێینەوە هەتا هەندێك ئاومان دەدەنێ".

## تراژیدیای (١٠)

## شەنگالییەکان چیرۆکی مەرگ و تراژیدیای خۆیان دەگێڕنەوە

کاتێك بەیانی زوو بۆ (شاریا) کەوتینە ڕێ، هێشتا سپێدە بوو، بە درێژایی ڕێگا بیرم لەو وێنە تاڵانە دەکردەوە، کە پێشتر ببوونە مایەی ئەوەی تا درەنگانی شەو ئەو مەرگەساتە خەو لە چاومان بتۆرێنێ، بە درێژایی ڕێگا بیرم لەوە دەکردەوە، دەبێ ئەوانەی لە چیای شنگال، دوای ئازاری حەوت ڕۆژ و زیاتریش بێ نان و ئاوی، ئێستا ڕووخساریان چۆن بێت، بیرم لەوە دەکردەوە کە بۆچی دەبێ کورد هەمیشە لە وڵاتی خۆیدا ئاوارە بێت و بەشی فرمێسك و ئازاری بێ کۆتایی بێت و هەمیشە مەرگ بەشی ئەو گەلە ستەم دیدە بێت، کە زیاتر لە هەموو میللەتێك حەزی لە ئازادی و ژیانە، هەمیشە خەون بەوەوە دەبینێ، کە بژی و زوڵم لەسەر خۆی لابەرێت.

### واقعێکی زۆر تاڵ

کاتێك گەیشتینە (شاریا) کە نزیکەی (١٦) کیلۆمەتر لە پارێزگای دهۆك دوورە و ئێستا شاری ئەو ئاوارە ئێزیدیانەیە کە ڕوویان کردووەتە شارۆچکەکە و ژمارەیان پتر لە (٢٥) هەزار ئاوارەیە و ڕۆژانەیش ئەوانەی کە لە چیای شنگال دەرباز دەبن، ڕوودەکەنە ئەو ناوچەیە.
بە ڕاستی وێنەکان تاڵ بوون، زۆر لەوە زیاتر بوون کە لە میدیا دەمانبینی، کاتێك دەگەیتە ئەو شوێنە بە هەزاران منداڵ و پیر لە کەلاوەکاندا دەبینی، کە هەریەکەیان چیرۆکی ژیانی بووە بە تراژیدیایەك بۆ خۆی، نازانی وەك ڕۆژنامەنووس لە کوێوە دەست پێبکەیت، چونکە چیرۆکەکان هێندە تاڵن کە دەرەقەتی نووسینەوەیان نایەیت.

### جینۆساید، جینۆساید

"هیلال باپیر" پیاوێکی تەمەن (٦٥) ساڵان بوو، یەکەم کەس بوو، کە بەرەو ڕوومانەوە هات، بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد، (جینۆساید، جینۆساید)، ڕاستیشی دەکرد، چونکە کاتێك بەسەرهاتی خۆی گێڕایەوە کە چۆن لە چەند سەعاتێکی کورتدا چەکدارانی داعش شنگالیان جینۆساید کرد، تەنانەت گوتی: "چیت بۆ بگێڕمەوە، کە ئەو بێ ڕەحمانە پەلاماری ئەو شارەیانداوە و دەستیان کرد بە کوشتن و بڕین و بە تاڵان بردنی شەرەفی ئێمە، ناچار هەزاران کەس

ڕوومـان کـرده چیـا، پـاش ئـەوەی کچـەکانیان بـردین، بـە بـەر چـاوی خۆمـان دەسـتدرێژیان کـرده سـەر ژن و کچانمـان، بـوو بـە ڕۆژی حەشـر، تـەنیا ئەوەندەمان پێکرا کە ڕۆحی خۆمـان ڕزگـار بکـەین، ئەوانـەی دیکـە کوژران، گەنجەکانمان سەریان بڕا، ڕێگەیەك نەبوو بێجگە لە چیاکان".

## چیرۆکی چیا

"باسل جاسم" تەمەن(٤٥) ساڵ، بە دەم گریـانێکی قووڵـەوە گوتـی:"ڕووکردنـە چیا، کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵام ترسی مەرگ هەموومانی ڕاونـا بـەرەو چیـا، چیرۆکی ئەو ڕۆژانەی لە چیا بووین گەلێك دوور و درێژە، لە هەموویان تاڵتر ئەوەیە، کە سەدان کەس لە برسییەتی و تینوویەتی مردن، زارۆك کە دەمردن شوێن نەبوو بیانێژین، هیچ شتێك نەبوو، کفنیان بکەین، ئاو نەبوو مردووەکانی پێ بشۆین، ئێمەیش لە تینوویەتی لەشمان وشك ببوو، حەسرەتمان قومێك ئـاو بوو".

## فرمێسکی گەرم

"خدر جەسیم" تەمـەن(٥٠)سـاڵ، ئـەوەی گێڕایـەوە،" کە دوای ئـەوەی پتر لـە حەوت ڕۆژ و حەوت شەو لە چیا مانەوە، ڕامان کرد و لـە ڕێگـای ڕۆژئـاوای کوردستانەوە گەڕاینەوە ئێرە، بە دەیان کەس لە ڕێگا مردن، بـە تایبـەتی پیر و پەککەوتە و منداڵ، پتر لە سێ ڕۆژ بـە پـێ ڕۆیشتین تـا گەیشتینەوە باشووری کوردستان، هیچمـان دەسـەڵاتمان نـەبوو، بێجگـە لـە ڕشتنی فرمێسکی گـەرم، ئێستایشـی لەگەڵـدا بێـت، ئـەوەی ڕوویـدا وەك خـەونێك دێتـە بـەرچاو، چونکـە هـەموومان پێشـتر ژیـانی ئاسـایی دەژیـاین، خۆمـان سـەرقاڵی کـار بـووین و منداڵەکانمان دەچوونە قوتابخانە، ژیان ئاسایی بوو، کەچی بوو بە دۆزەخ".

## تاوانی گەورە

"گوڵێ خدر" تەمەن (٣٨) ساڵان، ئەویش بە دەم فرمێسکەوە ئەوەی گێڕایەوە: " کە ئەوەی بینیمان لە تاوانەکانی داعش، هەرگیز بڕوا ناکرێ، چونکـە تەتـەر و مەغۆلیش شتی وای نـەکردووە، ئـەوان زۆر بـێ ڕەحمانـە کەوتنـە قڕکردنـی ئێمە بە بێ ئەوەی هیچ گوناهێکمان کردبێت، هەموو شتێکیان ڕووخاند، هەموو شتێکیان بە تاڵان برد، کچە جوانەکانیان بۆ خۆیان برد، دایکیان لە کوڕ کـرد و کوڕیان لـە دایك کـرد، ئێسـتایش نـازانین چارەنووسـی منداڵـەکانمان لـە کوێیـە،

چونکـه زۆربـەمان یـەکترمان بـزر کـرد، هـەموومان ڕووبـەڕووی مـەرگ بووینەوە، مەرگ بووە ناونیشانی ژیانمان و لە هەموولاوە کابووس بوو".

## مەرگ یەخەی بەرنەداین

"خەلەف سەعید" تەمەن (٤٨) ساڵ دەڵێت:" ئـەوەی لـە شنگال ڕوویدا دوور بوو لە هەموو مرۆڤایەتییەك، ڕاستە هەڵەبجە گەورەترین تاوان بوو بۆ کورد، بەڵام ئەوەی بەسەر ئێمە هات، هەڵەبجەیـەکی دیکە بـوو، جیاوازییەکـەی ئـەوە بوو، بێجگە لە جینۆساید و کیمیاباران کردن، دەستیان کرد بـە دەستدرێژی بۆ کچەکانیشمان، مەرگیان نیشانی هەمووماندا بەر لەوەی بمرین، ژیانمان بوو بە دۆزەخ، کەس بە هانامانەوە نەهات، تەنیا ئەو ماوەیە نەبێت، پێشمەرگە توانی ڕێگەیەك بدۆزێتەوە بۆ دابەزینمان لە چیا، ئەویشیان وا ئاسان نـەبوون چونکـە دوای حەوت ڕۆژ و حەوت شەو لە برسییەتی و تینوویەتی ئینجا سێ ڕۆژیش بە پێ ڕۆیشتین تا گەیشتینە ئێرە، ئێستایش دەپرسین گونـاهی ئێمـە چـی بـوو؟ بێجگە لـەوەی کـە ئێزیدی بووین، گونـاهی ئێمـە چـی بـوو؟ بێجگـە لـەوەی کـە کورد بووین، بڕوا ناکەم لەوە زیاتر گوناهێکمان کردبێت".

## کەلاوەکان ماڵمانە

کــه بــه نــاو (شــاریا) دەگــەڕێیت، هــەموویان لــە قوتابخانــە و مزگــەوت و کەلاوەکانـدا دەژیـن، بـە بـێ هـیچ خزمەتگوزارییـەك، تـەنیا هەناسـەیەك ئـەو کۆمەکییــە خێرخوازییــەی کــە ڕێکخــراوە مــرۆڤ دۆســتەکان و دەزگــای خێرخوازییەکـان پێشکەشـیان دەکـات، بـەڵام تاوانەکـە زۆر لـەوە گـەورەترە، چونکـە بیسـت و پێـنج هـەزار کـەس پێویسـتی بـە گەیانـدنی خزمـەتگوزاری مرۆیيانـە و بـە پەلەیـە، ئەمـەش لـەوە دەچێت لـە دەسـەڵاتی حکوومـەتی هـەرێم بەدەر بێت.

## منداڵان شیریان دەوێت

هەموو دایکان لە (شاریا) بـە تایبـەتی ئـەوەی منداڵی بچووکیـان هەیـە دەڵێن: " ئەوەی خەونی منداڵانە شیر و داییە، کە پێویستی سەرەکییە، زۆربەی منداڵان خــەون بــە شـیرەوە دەبینـن"، دایکـە شـنگالییەکان دەڵـێن: "ڕاسـتە ڕێکخـراوە مرۆڤدۆستەکان هەوڵدەدەن، بـەڵام ئـەوەی دەمانـەوێ زۆر لـەوە زیـاترە، کـە هەیە، ئەگینا منداڵان تووشی مردنێکی دیکە دەبنـەوە، زۆربەشیان لـە ئـەنجامی حەوت ڕۆژی بێ نان و ئاو لەشیان وشك بووە".

**داوای بە پەلە**

لەوێ، بێجگە لە شنگالییە ئاوارەکان، هەموو ئەوانەی سەر لە شاریا دەدەن تووشی حەپەسان و شۆك دەبن، ئەو لێژنەی کە خۆبەخشانە بۆ بەدەنگەوەهاتنی ئاوارەکانی شنگالەوە پێکهاتووە بەردەوام لە کاردان، بەڵام وەك"خدر کەلۆ عەلی" ئەندامی ئەو لێژنەیە دەڵێت: "تاوانەکە ئەوەندە گەورەیە، کە باس ناکرێت، شنگالییەکان پێویستیان بە داو دەرمان و خواردن و حەوانەوە هەیە، ئەوەی لە میدیا باس دەکرێت لە ڕووی گەیاندنی خزمەتگوزاری لە لایەن وڵاتان نەهاتووەتە سەر ئەرزی واقع، حکوومەتی هەرێم کەمتەرخەم نەبووە، بەڵام لە توانای حکوومەت بەدەرە، بۆ ئەوەی بتوانین لە کەلاوەکان ڕزگاریان بکەین، ئەگەرنا دووچاری تاوانێکی مرۆڤایەتی دەبینەوە"، هەر ئەو گوتی:" هەڵوێستی خەڵکی کوردستان بۆ بەدەنگەوەهاتنی ئاوارەکان زۆر شەرەفمەندانەیە، بە تایبەتی دهۆك، بەڵام دیسان دەڵێم، ئاستی ئەو تاوانە زۆر گەورەترە لەوەی باسی لێوە دەکرێت".

**ڕێپۆرتاژێکی غەمگین**

ئەوەی بینیمان زۆر غەمگین بوو، تەنانەت نووسینەوەی زۆر کەمتر بوو لە وێنە تاڵەکان، بڕوا ناکەم منداڵی بێ شیر و چیرۆکی قڕکردنی شنگالییەکان بەسەرهاتی ئەتکردنی کچ و ژنی ئێزیدیەکان ئەوەندە ئاسان بێت، کە ڕۆژنامەنووسێك بتوانێ دەرەقەتی بێت، بێجگە لەوەی ئێمە بە غەمگینی وێنەیان بگرین و بە دنیا بڵێین، ناکرێ بێدەنگ بن لە ئاستی قڕکردنی مرۆڤ و سڕینەوەی مێژووی هەزاران ساڵی ئێزیدیەکان.

## تراژیدیای (١١)

### نەوافی دە ساڵان: هەر دەگەڕێم و خێزانەکەم نادۆزمەوە

"نەواف" تەمەنی (١٠) ساڵە، کاتێك تیرۆریستەکان هاتن ئەو لە دەرەوە یاری دەکرد، ئەو هەر ڕایدەکرد و ڕایدەکرد و دایك و باوکی لێ ون بوو.

**ئێستا پرسیار دەکات: لە هیچ شوێنێك نایاندۆزمەوە، دایك و باوکم لە کوێن؟**
مینیبوسێك بەسەر پردەکەی دیجلەدا بەرەو باشوور دێت، چوار کەسی بە تەمەن و(١٢)منداڵ لە ناو پاسەکەوە سەردەردێن کە زیاتر لە حەمامێك دەچێت، چاوەکانیان خەفەتاوی و لێوەکانیان قڵیشاوەتەوە.

**خێزانێك لە دۆزخەوە گەڕاونەتەوە و رزگاریان بووە**
بەیانی زوو ڕۆژی(٣)ئاب، تیرۆریستەکانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) چوونە ناو شاری شنگالەوە، زیاتر لە ٣٠٠ هەزار کوردی ئێزیدی ناچارکران ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێبهێڵن روو لە چیای شنگاڵ بکەن، بەڵام لەوبەر چیاکەوە تیرۆریستان چاوەڕێیان دەکەن، هیچ ڕێگایەك نامێنێت.
ئەوانەی لە دامێنی چیاکەدا بوون، گەواهی ئەوە دەدەن کە تیرۆریستەکان کۆمەڵکوژییان ئەنجامداوە و ژنان و منداڵانیان ڕفاندووە.
ئێزیدییەکان چواردەوریان گیراوە، بەبێ ئاو و نان، ئەوە لە کاتێکدایە کە پلەی گەرما لە سەروی ٤٠ پلەیە.
سەرۆکی ئەو خێزانەی کە تازە رزگاری بووە، باوکێکە لە تەمەنی (٦٠) ساڵیدا "گولی ناسر" هاوار دەکات: "تکایە پێمان بڵێن ئێستا ئێمە لە دەستێکی ئەماندایین"، پاشان دەست بە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی دەکات: "سەرەتا گوێمان لە دەنگی تەقە بوو، پاشان سەیارەکان هاتن، پاشان پیاوەکانی داعش، ئەوان جلی ڕەشیان لەبەردا بوو، ریش درێژ و بە زمانی عەرەبی هاواریان دەکرد، ئیدی ئێمە تێگەیشتین و نەماندەزانی ئەوانە کێن".

**ناسر و خێزانەکەی بەرەو چیای شنگال ڕادەکەن.**
"هەندێك ڕۆژ شتێك هەبوو بیخۆین، هەندێك ڕۆژیش هیچ نەبوو، لاشەی مرۆڤی مردوومان دەبینی، ئێمە بەراستی تۆقیبووین.

دوای چەند ڕۆژێك، هێزی پێشمەرگە ڕێگایەکیان کردەوە بەرەو ئەوبەری سنوور، ئەو ناوچەیەی کە لە ڕۆژئاوا لە ژێر دەستی کورد خۆیدایەتی، ئەمە وەکو تۆپێك دەنگی دایەوە، دوای هەشت ڕۆژ کاروانی دووورودرێژمان بەو گەرمایە دەستی پێکرد، ئێمە چەندین کەسمان لە دوای خۆمان بەجێهێشت، منداڵ و پیرەکان، ئەوانەی کە لە تونێتیدا خەریك بوو دەمردن و نەیاندەتوانی بمەشن (بڕۆن) "، ئەوە قسەی "گولی ناسر"ە.
بەدەم گریانەوە، "ناسر" درێژە بە چیرۆکەکەی دەدات و بە حەسرەتەوە دەڵێت: " تەنیا توانیمان خێزانەکەی خۆمان رزگار بکەین".

**ڕاکە بەرەو شاخەکە**

منداڵێك کە سەر بە هیچ یەکێك لە خانەوادەکان نەبوو، "نەواف"ی تەمەن (١٠) ساڵان بوو، کاتێك تیرۆریستەکان ڕوودەکەنە شنگال ئەو لە دەرەوە دەبێت و لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆیدا یاری دەکات.
"نەواف" بە حەپەساوییەوە شتەکان دەگێڕێتەوە، هەموو کەس ڕایدەکرد، پیاوێك هاواری کرد و پێیگوتم: " ڕاکە بەرەو شاخەکە!"، "نەواف" هەر ڕادەکات و ڕادەکات، ئیدی تێدەگات کە لە خێزانەکەی دابڕاوە، دوای دوو ڕۆژ ماڵێك دەبینێتەوە کە خەڵکی هەمان گوندبوون، ئیدی "نەواف" تا ئێستاش باوکی و دایك و چوار خوشك و برای نەدیوەتەوە، ئەو تەنیا یەك شت دەپرسێت: "کوا دایکم؟ کوا باوکم؟ کوا خوشك و براکانم؟"
کاتێکیش بە تەلەفون دەیەوێت پەیوەندییان پێوە بکات، ژمارەکان بەردەست نین و لە دەرەوەی بازنەنە، ئێستا قسە لەسەر ئەوەیە، کە ڕۆژێك بێت ئەوان بێنەوە ناو بازنەوە، بازنەی لە ئامێزگرتن و ژیان؟
"نەواف" بە دڵێکی پڕەوە لە لۆرەییەکان دەڕوانێت و چاو دەگێڕێت، بەڵکو سۆراخێکی خێزانەکەی بکات، تەنیا فرمێسکەکانی زیاد دەکات.
بە قوڵپی پڕ لە گریانەوە ڕوو دەکاتەوە چیای شنگال و دەڵێت: "لە هیچ شوێنێك ناتان بینم، لە هیچ شوێنێك ناتان دۆزمەوە، ئێوە لە کوێن! ".

# تراژیدیای (١٢)

## ژنان خۆیان کوشت بەر لەوەی بکرێنە کەنیزەك

ئەوێ نیشتیمانی یەکەمی ئاینی ئێزیدیە و دوا پەناگەی ئەوانیشە، بەڵام ئەمڕۆ زەوییەکی چۆڵە و بە چوار دەوریدا تەرمی کوژراوەکان بڵاو بوونەتەوەو بە ڕێگا کۆنەکانیدا بارهەڵگر و ئۆتۆمبێلەکانی خەلافەت دەیان ڕۆڵەی پێشتر حوکمدراو بە مەرگی ئەم ناوچە بەرەو گۆڕە بەکۆمەڵەکان دەبەن، لە دووریشەوە کەژاوەی ژنە دیلکراوە بە کەنیزەك کراوەکان دیارە کە ماڵئاوایی لە شار دەکات و بەرەو پێگەی "ئەمیرە موجاهیدەکان" بە ڕێگادا دەڕوات.
بەر لە دەرکەوتنی سپێدەی ڕۆژی یەکشەممە(٣ ئابی ٢٠١٤) دیمەنی کەژاوەی ئەو ئۆتۆمبێلانەی بەرەو چیاکە دەڕۆیشتن، ترس و تۆقی ئەنواند.

"وەلید عەلۆ" کە شوانی ڕانە مەڕە و لە سەر ئەوە راهاتووە ماڵاتەکەی بەردەستی لەملاولای چیاکە بلەوەڕێنێت و هەموو بەیانیانێك زوو روو بکاتە ئەوێ، سڵەمییەوە لە دیمەنی "رووبارێك لە رۆشنایی لایتی ئۆتۆمبێل کە تاریکایی شەویان رووناك کردەوە و بەرەو چیاکە ملیان نا".
ئەو رۆشناییە هی ئەو ئۆتۆمبێلانە بوون کە دەیان هەزار خەڵکی تۆقیویان هەڵگرتبوو بەرەو چیاکە کە بووە دوا خاڵ و دوا پەناگەی دەربازبوون لە مەرگێکی مسۆگەر.
لە گەڵ هەڵهاتنی یەکەم پەلکەکانی خۆردا چەندەها کۆمەڵە خێزانی شەکەت کە ئۆتۆمبێلیان نەبوو تا پێی هەڵبێن، بە پێ و پاش ڕێکردنێکی زۆر گەشتنە دەروازەی چیاکە.
چاوی خەڵکە پڕ لە دڵە خورتێکە لە مەودای چیاکە هەمیشە لە سەر ئەو ڕێگایە بوو کە شارە لێ قەوماوەکە و چیاکەی بەیەکترەوە گرێ دەدا و لە هەموو هەڵهاتوویەکیان دەڕوانی نەبادا سوپای داعش بن کە وەکو کوللەی برسیی ناو کێڵگەیەکی گەنم پەلاماریان دەدا و شوێنیان کۆنترۆڵ دەکرد.
پاش چەند کاتژمێرێك ڕێگاکانی چیاکە پڕ بوون لەو هەزاران خێزانەی کە منداڵ و پەککەوتەکانیان هێزیان لێ بڕابوو، ئەم خێزانانە لە بن ڕەمەنەکانی چیاکەدا گردبوونەوە کە تۆزێك سێبەری دەکرد و لە تیشکی سوتێنەری خۆر ئەیپاراستن و لە دووریشەوە هەر دەنگی تەق و تۆق دەهات.

دەیان هەزار کەس پەرش و بڵاوبوونەوە بە شوێنە جیاجیاکانی چیاکەدا و چاوەڕوانی ڕەوینەوەی تەمومژی ڕووداوەکان و روون بوونەوەی دۆخەکە بوون بەوەی یان هێزەکانی پێشمەرگە بگاتە ئەوێ بۆ رزگارکردنیان یان چەکدارەکانی داعش هەڵبکوتنە سەریان، بەڵام لە گەڵ بەرزبوونەوەی دەنگی تەقەکاندا لە چوار دەوری شارەکە ئەگەری گەشتنی داعش زیاتر و نزیکتربوو، هەر ئەم کاتەش پەیتا پەیتا بە مۆبایل هەواڵی کوشتاری بە کۆمەڵ و دەستدرێژیکردنە سەر کچەکان بە خێرایی دەگەشتن و چیرۆکی ئەم رووداوە پڕ لە شۆکانەش بە خێرایی بە ناو هەڵهاتووەکانی چیاکەدا وەك بروسکە بڵاو دەبوویەوە.

## چیای شنگال، تاقە پەناگەی ئێزیدیەکان

لە گەڵ بزربوونی ئاسەواری پێشمەرگە و کشانەوەی یەکجارییان بە ئاراستەی خاکی سوریا، "خەیری حەسۆ"، کە جەنگاوەرێکی ئێزیدیە و تەمەنی لە چلەکاندایە تێگەیشت کە تایفەکەی رووبەڕووی قەسابخانەیەکی نوێ دەبێتەوە و ئەمەش دەچێتە پاڵ ئەو(٧٢)کۆمەڵکوژی و قەسابخانەیەی کە ئێزیدییەکان لە کلتوری رۆشنبیری خۆیان و گۆرانییە داستان ئامێزەکانیاندا تۆمار و دیکۆمێنتیان کردووە.
لەم کاتەشدا "حەسۆ" کە بە چاوی خۆی کۆڕەوی بەکۆمەڵی کوردی دیوە لە دەمی هێرشی سوپای سەدامدا لە ساڵی(١٩٩١)، بڕیاریدا خێزانەکەی دوور بخاتەوە بۆ ناوەڕاستی چیاکە و خۆی ئامادە کرد لە گەڵیاندا شەڕی مردن بکات، وتی: "ئەوان بنبڕکردنی ئێمەیان دەوێت، ئەم چیایەش دوا پەناگەی ئێمەیە وەکو هەموو جارەکانیتر".
هەزاران کەسیتری ئێزیدی ئەم بڕیارەی "حەسۆ"یان دا، ئەوان باش دیمەنی ئەو تورکمانە شیعانەیان لەبەرچاو بوو کە بەر لە دوو مانگ بە بەرچاوی خەڵکی موسوڵمان و مەسیحی و ئێزیدیەکانی شارۆچکەی شنگالەوە بە خۆیان و جلوبەرگی بەریانەوە لە مەرگ هەڵدەهاتن و هەرچییان هەبوو بەجێیانهێشت لەوانەش یادەوەری پێکەوەژیانی دوور و درێژیان لە ناوچەکەدا تەنها بۆ ئەوەی لە تۆڵە و رقی ئەو دوژمنە قوتاریان ببێت کە هیچ بەزەییەکی بەرانبەریان نییە.
"قاسم عیدۆ" کە یەکێکە لەو ئێزیدیە کەمانەی لە مەرگ رزگاری بووە، لە بارەی یەکەم کاتژمێرەکانی کۆنترۆڵکردنی شنگالەوە لە لایەن دەوڵەتی ئیسلامی، دەڵێت "لە ڕێگەی مایکرۆفۆنەکانەوە بانگەوازیان کرد کە ماڵی

خۆمـان بـەجێ نـەهێڵین، جـەغتیان کـردەوە ئێمـە لـە ئەمانـداین، بڕوامـان پـێ نـەکردن بـەڵام چارەیترمـان نـەبوو، دواتـر دەسـتیان کـرد بـە هەڵکوتانـە سـەر ماڵەکان.... بە هەر گەنجێکی ئێزیدی گەشتن کوشتیان، زۆربەی ژنانیان رفاند و بەرەو بارەگاکانی ئەم رێکخراوەیان بردن".

## کوشتن و خۆ کوشتن

لـە مـاوەی چەنـد کاتژمێرێکـدا تـەرمی دەیـان پیـاو بڵاوبوونـەوە.. چ ئەوانـەی هەروا کوژران و چ ئەوانەشی لە میانەی بەرگری لـە کچـەکانیان کـوژران کـە دواتر بـە کـەنیزەك بـران، ئەوانەشـی پیر و پەککەوتـە بوون، رێکخراوەکـە بـە جێی هێشتن و دەستیان بۆ نـەبردن. "رەیحـان" کـە ژنێکـی بەتەمـەنی دراوسێی "عیدۆ"یە، بەسەرهاتی خێزانەکەی خۆی پـێ قبوڵ نـەکرا و "چووە سـەربانی خانووەکە و خۆی فڕێدایە خوارەوە".

"تەنانـەت ئەوانەشـی کـە هەوڵیانـدا خۆیـان بشـارنەوە یـان لـە ڕێـی لاوەکییـەوە هــەڵبێن نــەیانتوانی رزگاریــان ببێــت، چــونکە لە لایەن دراوســێ غەیــرە ئێزیدیەکانیانەوە ئاشکرا کران کە ئەندامی رێکخراوەکە بوون".

"حەســەن شــێخۆ" دەڵێت:"کارەســاتێکی گەورەیــە و تۆڵــە و تۆڵەکارییــەك هەڵدەستێنێت کە چەندین ساڵیش لە پاش رۆشتنی داعش دانامرکێتەوە".

"حەسـەن شـێخۆ" جـەختی کـردەوە موسـوڵمانە شـیعەکان و زۆربـەی کـورد و خێزانـە مەسـیحییەکان و تورکمانـەکان لـە گـەڵ ئێزیدیەکانـدا لـە شـارۆچکەکە هەڵهاتن، بەڵام بە وتەی ئەو هەندێك "لە عەرەبەکان خیانەتیان لە گفتی خوێن" کــرد کــە لــە نێوانیاندایــە و "بەشــداری ئــەو هێرشــەیان کــرد و ڕێنــوێنی چەکدارەکانیان کـرد بـۆ سـەر مـاڵ و گەڕەکـەکانمان بـە تـەماحی دەسکەوت و غەنیمەت، من یەکێکیان دەناسم لەو خیانەتکارانە کە پێشتر سەردانی دەکردم و لە نانی منی دەخوارد و نمەکی کردبووم".

## موسوڵمان بوون

ئـەو تونـد و تیژییـەی کـە چەکـدارەکانی دەوڵـەتی ئیسـلامی مامەڵـەی خـەڵکی شنگالیان پێکرد، هیچ پێشینەیەکی نەبوو لـەو ناوچانـەی کـە دەستیان بـە سـەردا گرتبـوو، سـەرجەم ئێزیدییـەکان بـە پیـاو و منداڵـەوە مـەحکوم بوون بـە مـەرگ هـەروەها موسـوڵمانە شیعە و تەنانـەت سوننە کوردە پێشمەرگەکانیش وەکو ئەوان.

فەرمانی کوشتن تەنها تایبەت نەبوو بەو ئێزیدییانەی موسوڵمان بوونیان رەتکردەوە، بەڵکو بە هەمان شێوە ئەوانەشی گرتەوە کە ئیسلامەتی خۆیان راگەیاند، بە پێی قسەی زۆرێك لە رزگاربووان.
هاولاتییەکی تەمەن(٥٠) ساڵ کە ناوی خۆی ئاشکرا نەکرد جەختیکردەوە ناچاربووە لە گەڵ خێزانەکەی چەند کاتژمێرێکی کەم لە پاش گرتنی شارۆچکەکە لە لایەن چەکدارەکانەوە، ئیسلامەتی لە مزگەوتی شنگال رابگەیەنێت، بەڵام داعش لە پاش دوو ڕۆژ هاتن و دووان لە خوشکەکانیان برد و وتیان:" بوونەتە کەنیزەك، لە پاش چەند کاژێرێکیتر سەر لە نوێ گەڕاندنیانەوە و ئازادیان کردن".
ئەم پیاوە بە دەنگێکی کزۆڵ وتی:"نەمتوانی تانە بگرم و نارەزایی دەربڕم لە ترسی ئەوەی نەبادا هەمووومان بکوژن، نازانین چۆن دەرباز بین تەنانەت ئەو کاتانەشی دەبینە موسوڵمان چەند ئەمیرێك دێن و دەڵێن کوشتنتان حەڵاڵە و ئیسلامەتیتان بەتاڵە چونکە بە قەناعەتی خۆتان نەبووە".
ئەگەر کوشتن و بە کەنیزەك کردن چارەنووسی ئەو ئێزیدییانە بێت کە بوونەتە موسوڵمان، ئەوە کوشتنی نارازییەکان شتێکی حەتمی بوو. نیوەرۆی(١٥ی ئاب چەکدارەکان گەمارۆی گوندی کۆچۆیان دا کە ١٨ کم دووربوو لە باشوری شنگال، خەڵك لە قوتابخانەی گوندەکە کۆکرانەوە و ژنان لە پیاوان جیا کرانەوە و دواتر پیاوەکان گوللەباران کران، ئەمە زۆربەی گێرانەوە فەرمییەکان پشتڕاستی دەکەنەوە.
یەکێك لە رۆڵەکانی ئەم گوندە و لە کەسە ناسراوەکانیان بە ئامادەکاری ئەم راپۆرتەی راگەیاند زیاتر لە ٤٠٠ کەس لەو ڕۆژەدا کوژران لە نێویاندا خەڵکی بەتەمەن هەبوو، ژن و منداڵەکانیش بە بارهەڵگر بران بۆ جێگەی نادیار.
ئەم پیاوە کە ١٨ لە ئەندامانی خێزانەکەی لە دەست داوە کە کوڕ و کوڕەزای ئەون، دەڵێت چەکدارەکانی ئەم رێکخراوە لە ڕۆژی یەکەمی باڵادەستییاندا بەسەر ناوچەکە هەڕەشەی کوشتنی سەرجەم گوندنشینەکانیان کرد ئەگەر چەکەکانیان رادەست نەکەن، هەمان هەڕەشەش کرا لە گوندی حاتەمییەی نزیك لە کۆچۆ لە گەڵ گفت دان بە وازهێنان لە گوندەکە ئەگەر چەکەکانیان رادەست بکەن. دواتر چەکەکانیان رادەست کرد کەچی پاش هەفتەیەك هاتنەوە خەڵکیان سەرپشك کرد لە نێوان ئیسلامەتی و کوشتن.

وتــــەبێژی ئەنجومـــەنی روحـــانی ئێزیدییـــەکان کـــەریم ســـلێمان ژمـــارەی قوربانییـــەکانی پشتڕاســت کــردەوە و ژمـــارەی کوژراوەکـــانی لـــە ســـەرەتای قەیرانەکەوە تا ئێستا بە زیاتر لە ٢٥٠٠ کەس خەمڵاند. بەڵام قایمقامی شنگال وتی ٤١٣ کەس کوژراون لە کۆچۆ بە پێی شایەتی پیاو ماقووڵانی گوند ئەو کوژراوانــە تەمــەنیان لــە ســەروو ١٣ ساڵان بــووە و لــە گۆڕستانی بەکۆمــەڵ ئەسپەردە کران و ٧٠٠ ژن و مناڵیش دیلکران و بران.

# ترا‌ژیدیای (١٣)

## ژنانی شنگال له‌ ڕۆژئاوای كوردستان

### ڕێگایه‌كی سامناك

كاتێك له‌ هه‌ولێره‌وه‌ به‌ڕێده‌كه‌ویت به‌ره‌و دهۆك و تا ده‌گه‌یته‌ فیشخابووری سنووری نێوان باشووری كوردستان (عێراق) و ڕۆژئاوای كوردستان (سوریا)، گه‌ر له‌ ئۆتۆمبێله‌كه‌دا خه‌و یه‌خه‌ت نه‌گرێت و چاوت بكه‌یته‌وه‌، ئه‌وا به‌ درێژایی ڕێگاكه‌ له‌ سه‌ر شه‌قامه‌كان و له‌ ژێر سێبه‌ری داره‌كان هه‌زاران خێزانی ئاواره‌ ده‌بینی، له‌ هه‌موو شوێنێك ئاواره‌ ده‌بینی، منداڵ ده‌بینی ده‌گریێ و برسیه‌تی، ژن ده‌بینی هه‌تاو پێستی كردووه‌ به‌ خۆڵه‌مێش.

هه‌موو ئه‌و دیمه‌نانه‌ دڵهه‌ژێن و غه‌مگینن، به‌ڵام كاتێك ده‌گه‌یته‌ سنووری فیشخابور و ئه‌و ئاواره‌ ئێزیدیانه‌ ده‌بینی كه‌ چه‌ند ڕۆژێكه‌ له‌ سه‌ر چیای شنگال بێ نان و ئاو و جه‌نگ هاڕیوینی، به‌ ته‌واوی هه‌ست به‌و غه‌مگینستانه‌ ده‌كه‌یت، له‌وه‌ش غه‌مگینتر ئه‌وه‌یه‌ كاتێك گوێت له‌ چیرۆكه‌كانیان ده‌بێت.

له‌ كه‌مپی نه‌ورۆز كه‌ تایبه‌ته‌ به‌ ئاواره‌ ئێزیدیه‌كان له‌ شاری دیرك چیرۆكی چه‌ند ژنێكتان بۆ ده‌گێڕینه‌وه‌.

### چیرۆكی ئه‌و منداڵه‌ی هێشتا ناو نه‌نراوه‌

"مه‌یان ناسر"ی ته‌مه‌ن (٣٣) ساڵ ماوه‌ی (٨) ڕۆژ له‌سه‌ر چیای شنگال مابووه‌وه‌، ئه‌و شه‌وانه‌ خه‌ونی ترسناك به‌و دیمه‌نانه‌وه‌ ده‌بینێت، وه‌ك خۆی ده‌ڵێت:"مرۆڤ مافی ئه‌وه‌ی هه‌یه‌ یه‌ك جار بمرێت، به‌ڵام ئێمه‌ به‌ر له‌ مردنی جه‌سته‌یی زیاتر له‌ جارێك مردووین".

"مه‌یان" دایكی(١٠) منداڵه‌ (٣) له‌و منداڵانه‌ كوڕن و(٧) كچیشی هه‌یه‌، بچوكترین منداڵی ته‌مه‌نی دوو مانگه‌، مه‌یان وتی:"منداڵه‌ ته‌مه‌ن دوو مانگه‌كه‌مان تاكو ئێستا ناو نه‌ناوه‌، چونكه‌ له‌ سه‌ره‌تای له‌ دایكبوونی ئه‌وه‌وه‌ تا ئێستا ئێمه‌ له‌ مه‌ینه‌تیدا ده‌ژین و تا ئێستاش هیچ ناوێكی نیه‌".

وتیشی: ژیانی ئه‌و چه‌ند ڕۆژه‌مان له‌ سه‌ر چیاكه‌ زۆر قورس بوو به‌ تایبه‌ت بۆ ژنێكی وه‌كو من كه‌ تازه‌ منداڵم ببوو، هه‌روه‌ها ئه‌و منداڵه‌ پێویستی به‌ شیر و جێگه‌ی باش هه‌بوو، ته‌نها هۆكاریش بۆ ئه‌وه‌ی نه‌مردووه‌ ره‌نگه‌ موعجیزه‌ بووبێت".

بە پێی ئەو ئامارەی کە ئاوارە ئێزیدیەکان دەیگێڕنەوە زیاتر لە (٥)هەزار ژنی ئێزیدی کەوتۆتە دەستی داعش و چارەنووسیان دیار نیە، هاوکات چەندین کچ و ژنیش لە ترسی ئەوەی نەکەونە دەستی داعش لەسەر چیاکە خۆیان خستۆتە خوارەوە و خۆیان کوشتووە.
"مەیان" بە چاوی خۆی چەند دیمەنێکی بینیوە و وەك خۆی باسی لێوە دەکات ئەو دیمەنانە هەتاکو مردن لە پێش چاوی لاناچن و کاتێك بیری دەکەوێتەوە بێهێز دەبێت و بێدەنگ بێدەنگ تەنها دەگری.
"مەیان ناسر" گێڕایەوە :"بە چاوی خۆم بینیم کە چەکدارەکانی داعش ژنەکانیان دەگرت و دەیانبرد، کاتێك ئێمە ڕامان کرد داعش لە شنگال بوو دەمانتوانی دیمەنەکان ببینین، هێندە دوور نەبوون، کاتێکیش ژنەکانیان دەگرت دوای ئەوەی دەستدرێژی سێکسیان دەکردە سەر لە بەردەمی خێزانەکەی و هەر لە سەر شەقامەکان دەیانکوشتن".
"مەیان" دەڵێت:" براکەم یەکێك لە دیمەنە دڵتەزێنەکانی بینیوە و گێڕاویەتیەوە بۆم کە پیاوەکانی خێزانێکیان کوشتووە و ژنەکانیان بردووە".

## هەوڵمدا گۆشتی خۆم بدەم بە منداڵەکانم

"مەیان" بە جۆرێك چیرۆکەکانی دەگێڕایەوە، دەکەوتمە بیرکردنەوەی ئەوەی کە نەتوانم تا کۆتایی گوێ لە چیرۆکەکان ڕابگرم و کارە ڕۆژنامەوانیەکەم تەواو بکەم، دەترسام منیش زۆر زیاتر لەوان دەترسام، دەترسام لەو پرسیارانەی دەیانکەم، نەوەك بە پرسیارەکانم خوێ بکەم بە سەر برینێك کە هێشتا سارێژ نەبووە و بڕواش ناکەم هەرگیز سارێژ بێت، بەڵام لە کۆتاییدا دەبوو پێداگری بکەم و شەڕ لە گەڵ خۆمدا بکەم کە من ڕۆژنامەنووسم و دەبێت بەرگە بگرم بۆیە بەردەوام بووم لە پرسیارەکاندا و" مەیان" درێژەی بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکاندا و وتی:" وەك ژنێك کە تازە منداڵم ببوو، کاتێك ئەو هەموو منداڵەم دەبینی بە بەرچاومەوە لە سەر چیاکە دەمرن، چەند جارێك هەوڵمدا گۆشتی لەشی خۆم ببڕم و بیدەم بە منداڵەکانم، بەڵام منداڵەکانم گۆشتی دایکیان بۆ نەدەخورا".
"مەیان" جێی برینەکانی لەشی پیشاندام کە لە چەند شوێنێکەوە گۆشتی خۆی بڕیوە، بەڵام هەرگیز زاتی ئەوەم نەکرد وێنەی بگرم، لە کاتێکدا پێی دەوتم: " بۆیە پیشانت دەدەم تاکو وێنەی بگری و پیشانی دنیای بدەیت و ئازارەکانمان بخەیتە مێژووەوە"، بەڵام نەمدەتوانی تەنانەت بە تەواوی سەیریشیان بکەم.

## من ژنم و دایکی ١٠ منداڵم دەمەوێت چەك هەڵگرم

"مەیان" بە گریانەوە دەیوت:" من ژنم و دایکی(١٠) منداڵم دەمەوێت چەك هەڵگرم و تۆڵەی ژیان لە چەکدارەکان بکەمەوە، بەڵام کاتێك بیر لە منداڵەکانم دەکەمەوە ناتوانم ئەو کارە بکەم، بەڵام هەموو دەقیقەیەك بە مێردەکەم دەڵێم دەبێت تۆ بڕۆی بۆ شەڕ و تۆڵەی مرۆڤایەتی و ژنبوونی من بکەیتەوە".
ژیانی هاوڵاتیە ئێزیدیەکانی چیای شنگال بێ جیاوازی بۆ هەموویان جۆرێك بووە کە دەتوانی بڵێی بە موعجیزە رزگاریان بووە و ئەو ژمارە خێزانەی ماونەتەوە بە جۆرێك بریندارن کە هەندێکیان ئاواتەخوازی مردنن، بەڵام زیاتر لە هەمووان ژنەکان ئازاری زیاتریان هەیە و زیاتر بوونەتە قوربانی جەنگ.

## خۆکوشتن وەك ریگەچارەیەك بۆ دەرباز بوون لە دۆزەخی داعش

"سەمیرە عەبدۆ" یەکێکی دیکەی ئەو ژنانە بوو کە دوای ئەزموونکردنی ژیانێکی قورس بۆ ماوەی (٦) ڕۆژ لە سەر چیای شنگال دواتر رزگاری بووە و لە کەمپی نەورۆز لە شاری دیرك لە وڵاتی سوریا (ڕۆژئاوای کوردستان) نیشتەجێیە، سەمیرە تاکو ماوەیەکی زۆر دایك و برا و خێزانەکەی لە سەر چیاکە مابووونەوە و هەواڵیانی نەدەزانی، هەروەها یەکێك لە خوشکەکانیشی کەوتۆتە دەستی داعش و وەك خۆی دەڵێت: " مەگەر تەنها خودا دەزانێت چی لێهاتووە و چیان لێکردووە".
"سەمیرە" گێڕایەوە:" دەنگوباس بڵاو بووەوە کە داعش دەگاتە شنگال، ئێمە هەمووومان ڕامان کرد بەڵام خوشکەکەم لە ماڵی خزمێکمان بوو فریا نەکەوت بێتەوە و لە گەڵ ئێمە بێت، ئێستا خوشکەکەم و ئەو ماڵە خزمەمان هەواڵیان نیە و بێگومان کەوتوونەتە دەستی داعش".
"سەمیرە" هەموو ئەو ڕۆژانەی لە سەر چیاکە بووە و لە گەڵ دایك و براکانی بۆ خوشکەکەی گەڕاون و نەیاندۆزیوەتەوە، تەنها هۆکاری ئەوەشی کە دایك و براکانی لە سەر چیاکە جێهێشووە ئەوە بووە کە هەوڵ بدات لە کەمپی نەورۆز بیدۆزێتەوە بەڵام بێ ئاکام بوون لە هەوڵەکانیان.
"سەمیرە" چەندین کچی لە سەر چیاکە بینیوە کاتێك خۆیان کوشتووە لە ترسی ئەوەی نەکەونە دەستی داعش، ئەو بە جۆرێك دەیگێڕایەوە کە حەزت دەکرد گوێکانت لە دەست بدەیت بۆ ئەوەی گوێت لە هیچ چیرۆك و هەواڵێك نەبێت.

## تۆ مردی، رزگارت بوو کوڕی شرینم

"نڤین" دایکی ئەو منداڵە بوو کە بەر لە سێ ڕۆژ بوو لە سەر چیاکە لە دایك ببوو، کوڕە تەمەن سێ ڕۆژەکەی کە ناویان لێنابوو "هادی" دوای رزگاربوونیان لە سەر چیاکە بۆ چوارەم ڕۆژی تەمەنی لە کەمپەکە گیانی لە دەستدا، کاتێك دایکێکم بینی منداڵەکەی کە لە پەڕۆیەك پێچرابوو لە باوەشی گرتبوو و بە دەم گریانەوە دەیوت: " تۆ رزگارت بوو کوڕی شرینم رزگار".
دایکی کوڕە تەمەن ٤ ڕۆژەکە کە منی بینی بەرەو ڕووی دەڕۆم بە کامێراکەوە، وەك ئەوەی بزانێت پرسیاری چی لێدەکەم بەر لە هەموو شت وتی: " لێم مەپرسە ژیانم چۆن بوو لە سەر چیاکە کاتێك دوو گیان بووم بە هادی، مەش پرسە کات و ساتی لە دایکبوونەکەی چۆن بوو لە چیایەك کە نە خواردن و نە ئاو و نە هیچ شتێکی ژیانی لێبوو".
وتیشی: "ئەم گریانەم گریانی دڵخۆشیمە، چونکە هادی رزگاری بوو، ئەو لە ئەزموونێك رزگاری بوو کە کەس داوا ناکات نەك ببینێ بەڵکو گوێشی لێبێت".
لە نزیکەوە بینینی ئاوارە ئێزیدیەکان تەواو ماندوو و شەکەتت دەکەن، لەوێوە بۆت دەردەکەوێت قوربانی گەورەی جەنگی داعش ژنانن.

## تراژیدیای (١٤)

## ئاوارە ڕزگاربووەکانی چیای شنگال

دوای مانەوەی کوردانی ئێزیدی زیاتر لە(٨) ڕۆژ لەسەر چیای شنگالدا، هێزەکانی پێشمەرگە توانیان زۆربەی زۆری ئاوارەکان ڕزگار بکەن و بیانگەیننە سنووری شاری دهۆك.

**ململانێ لە گەڵ مەرگدا**
ئێزیدییەکان دەڵێن: ململانێیان لەگەڵ مردن کردووە، ئەگەر هێزەکانی پێشمەرگە بە هانایانەوە نەچوونایە، ئەوان ڕووبەڕووی مەرگی بەکۆمەڵ دەبوونەوە.

**تەرمی ئازیزانمان لە بن داروبەرددا ون دەکرد**
"ئەلیاس خدر" گوتی: "من لە چییەوە بۆت باس بکەم! ئەوەی تا ئێستا لە جیهان ڕووی نەداوە لەسەر چیای شنگال ڕوویدا، لە پێش چاوی من لەبەر برسێتی و تینوویی منداڵ و پیر مردووە، لەبەر نەبوونی هیچ شتێك نەمان دەتوانی تەرمەکانی ئازیزانمان بشارینەوە، هەر لە بن دار و بەرد دەمان شاردنەوە، پێموایە ئەوەی لە سەر چیای شنگال ڕوویدا ئەنفالکردنێکی دیکە بوو بەسەر میللەتی کورد دا هاتووە، لە لاپەڕەکانی مێژوودا بە یەکێك لە گەورەترین تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی تۆمار دەکرێت".

**کچێکیان بردووم و نازانم چارەنووسی چییە!**
"عەیدۆ سالح"، ئاوارەیەکی دیکەی ڕزگار بووی سەر چیای شنگالە، دەڵێت: " چەکدارانی داعش کچێکی منیان بردووە و تا ئێستایش نازانم بۆ کام شوێن بردوویانە و چارەنووسی دیار نییە، نەك هەر کچی من بەڵکو بە هەزاران ئافرەت و پیاو لە لایەن چەکدارانی داعشەوە دەستگیر کراون و شوێن بزرکراون".

**لە برسان و لە تینوان خۆیان لە شاخدا فڕێدایە خوارەوە**
" ئێمەیش لە ترسی داعش ملی چیای شنگالمان گرتە بەر، هەندێك لە ئاوارەکان نانیان لەگەڵ خۆیان هێنا بوو، بەڵام هەر بەشی دوو ڕۆژی کرد،

وەزعی ئاوارەکان لەسەر چیای شنگال زۆر خراپ بوو، سێ ئافرەت لەبەر برسێتی تینوویەتی خۆیان لە شاخ دا فڕێدایە خوارەوە".
"سێڤۆ مشۆ" گوتی:" دوو هاووڵاتی لە سەر چیای شنگال لە بەر ئەوەی منداڵەکانیان بێ ئاو و خۆراك بوون، مردنیان هەڵبژارد و ڕوویان لە شنگال کرد بۆ خۆراك و ئاو، بەڵام چەکدارانی داعش نەیان هێشت ئەوان خواردن و خواردنەوە لەگەڵ خۆیان بهێنن و سەری هەر دووکیان بڕی، ئێستایش ئەوانەی لە شنگال و دەورووبەری ماونەتەوە وەزعیان زۆر خراپ بووە و لە دۆخێکی خراپ دا دەژین".

## دوو جار ماڵیان وێران بوو

"سێڤۆ" ڕوونیشی کردەوە،" چەکدارانی داعش ئەوەندە زۆر نەبوون، بەڵام هەرچی عەرەبی ناو شنگال و دەورووبەرە هەمووی گەیشتنە چەکدارانی داعش و ژمارەیان دە بەرامبەر بوو، ئێمەیش لە ترسی ئەوان هەرچی شتمان هەبووە لە شنگال بەجێمان هێشتووە، بە تەنیا خۆمان گەیاندە سەر لووتکەی چیای شنگال، خەڵکی شنگال دوو جار ماڵیان وێران بوو".

## چاوەڕوانی مەرگیان دەکرد

ئێزیدییەکان بەشێکیان لە لایەن تیرۆرستانەوە ڕفێنران و کوژران، بەشێکی دیکەیان لە چیای شنگال بێ نان و ئاو مابوونەوە و چاوەڕوانی مەرگیان دەکرد،" ئێمە ئێستا کە ڕزگار بووینە خەمی ئەوەمان نەبوو ئاوارە بووینە، خەمی ئەوەمان بوو نامووسی کچانی ئێزیدی کەوتووەتە دەست داعش و کچان دەفرۆشن و دەکوژن".

## ژیان بۆ شنگالییەکان بگەڕێننەوە

" ژیان هادی"، ئافرەتێکی پیری خەڵکی شنگالە گوتی:" بە درێژایی تەمەنی خۆم ڕووداوی لەم شێوەیەم نەبینیوە، ئێستا دوو منداڵی من کەوتوونەتە دەست چەکدارانی داعش، کەس نازانێت کوژراون یان ڕفێنراون چیان بەسەر هاتووە، داوا لە سەرۆکی هەرێم دەکەم هەرچی زووە بە دەم داواکاری ئێمەی کوردانی ئێزیدییەوە بێت و شاری شنگال ڕزگار بکات و لەو ناخۆشییە دەرمان بهێنێت و دووبارە ژیان بۆ شنگالییەکان بگەڕێنێتەوە".

## تراژیدیای (١٥)

## هەلیکۆپتەرەکەی چیای شنگال

خاتو ئەلیسا جەی روبن، پەیامنێری دێرینی دەرەوەی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز، ڕۆژی سێشەممە لەو هەلیکۆپتەرەی چیای شنگال بریندار بوو، پاشان گوێزراوەتەوە بۆ ئەستەنبوڵ و لەسەر تەختی نەخۆشخانە ئەم بابەتەی نووسیوە، ئەگەرچی رانی شکاوە و سەری درزی بردووە، بەڵام تەندروستی جێگیرە و باشە، ئێستاش بە نیازی گواستنەوەن بۆ ئەمەریکا.

**ئەگەر کارەساتی ئەو هەلیکۆپتەرە رووی نەدایا، ئاخۆ دەبوو چیم بنووسیایا دەربارەی بارودۆخی ئێزیدیەکان؟**

" پێموایە، بەو چیایە دەستم پێدەکرد کە هەموو کەس دەربارەی دەدوێ، چیاکە لە سەرووی توانای باسکردنی مرۆڤەوەیە، شوێنێکی زۆر پیرۆزە لای ئێزیدیەکان، ئەمانە وەک پەناگەیەک بۆ دەربازبوون لە چنگی تیرۆری دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سوریا روویانکردە ئەو چیایە، چیایەک نزیکەی پێنج هەزار مەتر بەرز و ٦٠ میل درێژ.
پاشان دەربارەی فڕۆکەوان جەنەراڵ " ماجد ئەحمەد سەعدی"(فڕۆکەوانێکی دێرینی عەرەبە و هاوکاری دەربازبوونی کوردە ئێزیدیەکانی دەکرد) دەمنووسی.
بۆ ئەوەی بچینە سەر چیای شنگال، لەگەڵ وێنەگرەکەمان " ئادەم فەرگوسن" و پەرلەمانتاری ئێزیدی " ڤیان دەخیل" بە درێژایی ئەو ڕۆژە لە بنکەی سوپای کوردەکان لە فیشخابور چاوەڕوانی هەلیکۆپتەرمان دەکرد، " ڤیان" ئەو پەرلەمانتارەیە کە لە ٨/٥ بە قسەکانی لە پەرلەمانی عێراق دڵی هەموو لایەکی هەژاند، لەگەڵ ئەوەی پێڵاوی پاژنەبەرزی لەپێ بوو، بەڵام زۆر گورجوگۆڵ و زۆر بە ورە و بە پەرۆش بوو بۆ میللەتەکەی.
فڕۆکەکە هات، زیاد لە توانای خۆی ئێزیدی تێدا بوو، جەنەراڵ " ماجد" لە فڕۆکەکەی دابەزی، ڕۆژنامەنووسێکی تەلەفزیۆنی بەریتانی پێی گوت "بۆچی بە بارکردنی باری زیاد لە هەلیکۆپتەرەکە خۆت دەخەیتە مەترسیەوە؟"

" ماجد" گوتی "ژمارەی نەفەرەکان و کێشم کۆنترۆڵ کردوە، ئەو بارە دەتوانێت".
لە سەعات ٣:٤٥ پاش نیوەڕۆ، هێندەی ڕۆژ نەمابوو، سواری هەلیکۆپتەرەکە بووین، لەسەر ئەو تەنها کورسیە کە لە پشتی دەرگاوانە چەکدارەکە بوو دانیشتم، کورسیەکە پشتێنی سەلامەتی نەبوو، ئەم جۆرە فڕینە هەرگیز لە سوپای ئەمەریکیدا ڕێگەی پێنادرێ، فڕۆکەکە پڕ بوو لە نان بۆ ئاوارەکان و تەقەمەنی بۆ پێشمەرگەکانی سەر شاخ.
دیاربوو تاوانی ئێزیدیەکان زۆر کاریگەریان کردبووە سەر فڕۆکەوانەکە: تۆ ئەزانی، ئێستا هەستی ئێزیدیەکان چۆنە بەرامبەر ئەو خیانەت و ناپاکیەی ئەو عەرەبانە لێیان کردوون کە چەندین ساڵە دراوسێیانن، زۆر لەو کردەوە قێزەوەن و دڕندانەیە لە لایەن ئەو عەرەبانەوە کراون نەک لە لایەن چەکدارەکانی داعشەوە.
جەنەراڵ" ماجد" یش، فڕۆکەوانێکی عەرەبی عێراقیە، بڕوانامەی فڕۆکەوانی هێزی ئاسمانی عێراقی هەیە، لێرەیە بۆ یارمەتیدانی ئەم خەڵکە... ئەو پێی گوتم، لە ژیانی (٣٥) ساڵەی فڕۆکەوانیمدا ئەم کارە بە دیارترین و پیرۆزترین ئەرک دەزانم، دیاربوو دیمەنی منداڵی ئێزیدیەکان زۆر کاری تێکردبوو.
خواردن پێویست ترین کەرەستە بوو بگاتە سەر چیا، زۆر شوێن ئەو کیسە خواردنانەی پێنەگەیشتبوو کە لە فڕۆکەوە دەخرانە خوارەوە، بۆیە ئەو خواردنانەی لە لایەن بەرپرسە کوردەکانەوە دەبردران زۆر گرنگ بوون و دەگەیشتنە ئەو شوێنانە.
کاتێ نزیک سەر چیا کەوتینەوە، خەڵکەکە هەموو کۆبوونەوە، دێتە بیرم، دایکێک کوڕەکەی لەسەر دەستێک و کچەکەی لەسەر دەستێکی تر هەڵگرتبوو، هەوڵی ئەدا راست و قیت بوەستێت و بێتە سەرەوە، تا بگاتە ناو فڕۆکەکە، سیمای دەموچاوی پیرەژنێک هێندە شێواوی و خەمباری لێی نیشتبوو، کاریگەری زۆر گەورەی کردە سەر هەستم.
کاتێ هەلیکۆپتەرەکە نیشتەوە، لە نزیکەوە، منالم دەبینی، دەترسا، دەگریان، لەبەر کاریگەری گەرمی هەتاو دەموچاویان هەڵقرچا بوو، هەندێ لە پیرەکان پێیان پەتی بوو، لەبەر زۆر ڕۆیشتن قاچیان ئاوسابوو، ژنێک قاچی وا ئاوسابوو بە چەند پیاوێک لە ناو بەتانیەک بە چوار دەستە هەڵیان گرتبوو، هەموو ئەیانویست زوو سواری کۆپتەرەکە ببن و لە چیاکە رزگاریان بێت، دڵنیام زۆربەیان تا ئێستا ئاوا لە نزیکەوە کۆپتەریان نەبینیوە.

قەرەباڵغی و پەلەکردنی خەڵک بۆ چوونە ناو فڕۆکەکە، وایکرد کە زیاد لە باری خۆی خەڵک سوار بێت، بەو رادەیەی دەرگای پشتەوە باش دانەخرێت، قەرەباڵغیەکە بە جۆرێ بوو، ئەو ژنە لاوازەی دوو منداڵەکەی بەدەستەوە بوو لە فڕۆکەکە رایانکێشایە خوارەوە و دەستیانکرد بە گریان، تێبینیم دەکرد ئەم رەوشە بە تەواوی کاری کردبووە سەر فڕۆکەوانەکە.
لە کاتی هەستاندا بینیمان فڕۆکەکە روویکردە لای دیوە لێژەکەی شاخەکە، روەو پێشەوە لار بووەوە.
هەستم کرد فڕۆکەکە بەر شتێک کەوت، پاشان هەندێک کەس پێیان گوتم لە بەردێکی گەورەی داوە.
پاشان یەکێکی تر پێی گوتم کە فڕۆکەوانی یاریدەدەر بۆ ئەوەی فڕۆکەکە گڕ نەگرێت و نەتەقێتەوە، لەو کاتەی کۆنترۆڵیان لەدەستداوە مۆتۆڕەکەی کوژاندۆتەوە.
کاتێ بەرەو خوارەوە چووین، پێم وابوو لەسەر چیایەکەین و هەموو شتێک باشە، فڕۆکەکە زۆر بەسەر زەویدا خشا بەر لەوەی بوەستێت، شتومەکی زۆر بەسەرمدا کەوتن، کە بینیم خاتو " دەخیل" بەسەرمدا کەوتووە، من نەمتوانی بە پێ بڕۆم،" ئادەم" منی دەرکردە دەرەوە، بە ملپێچەکەی سەرمی پێچا.
پێش دونیا تاریک بوون هەلیکۆپتەرێکی فریاکەوتن گەیشت، چەند کەسێک منیان هەڵگرت و خستمیانە ناو فڕۆکەکەوە، لەبەر ئەوەی بە نەشارەزایی هەڵیان گرتم ئازارم زۆر بوو، گوێم لە ناڵەی خۆم و ناڵەی ئەوانی تر دەبوو.
ئازارم یەکجار زۆر بوو، بەڵام پێم وابوو مادام زیندوم زۆر باشم.
فڕۆکەوانەکە چۆنە؟ ئەو ئەمەی کرد؟ ئەو دەیویست یارمەتی بدات.
نزیکەی ٢٥ ئێزیدی، پێنج لە تاقمی فڕۆکەکە، پێنج سیاسەتمەداری کورد، چوار ڕۆژنامەنووسی ڕۆژئاوایی لە نێو هەلیکۆپتەرێکی گواستنەوەی روسی جۆری می- ١٧ بووین، هەموو برینداربوون، هیچیان وەک خاتو " روبین" و" دەخیل" هیلاک نەبوون، هەردووکیان بە مەبەستی چارەسەر گواسترانەوە بۆ ئەستەنبول.
جەنەرال " ماجد" تەنها کەس بوو لەو روداوە گیانی لەدەستدا.
وەرگێڕیش دەڵێت "سڵاو لە گیانی پیرۆزت و لە کارە مرۆڤ دۆستانەکەت، هیوای چاکبونەوەش بۆ بریندارەکان دەخوازم".

## تراژیدیای (١٦)

## یان سەر بڕین، یان دین گۆڕین

ڕۆژنامـەی ئیندیپێنـدێنتی بـەریتانی ڕاپـۆرتێکی بـڵاو کردۆتـەوە سـەبارەت بـە بارودۆخی ئـەو ئافرەتانـەی کـە پاش داگیرکردنـی شنگال و زوممار لـە لایـەن چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامییەوە ڕفێنراون، ڕۆژنامەکە نووسیویەتی:

**دەیانکەنە کەنیزەک**

لـەو کاتـەوەی کـە ناوچـەی شـنگال کەوتۆتـە ژێـر دەسـەڵاتیان، سـەدان ئـافرەتی ئێزیـدی کەوتوونەتـە دەسـت تونـدڕەوانی دەوڵـەتی ئیسـلامی، هەوڵـەکانی ئـەو چەکدارانە ڕوو لە زیاد بوونە بۆ تێرکردنی ئاڵووشی سێکسی خۆیان دەیانکەنە کەنیزەک و ڕەنگە ئەوانەشیان کـە دەبنـە موسڵمان مارەیان بکـەن و بیانکەنـە هاوسـەری خۆیـان. چەکـدارانی دەوڵــەتی ئیسـلامی بـۆ تێرکردنــی حـەزە نەگریسەکانیان گوێ بە هیچ یاسایەکی ئاسمانی و زەمینی نادەن و نە بەزەیی لە دڵیاندایە و نە ئینسانیەتیان لا گرنگە.

**دەرفەتی هەڵهاتنیان نەبوو**

چەکدارەکانی دوڵەتی ئیسلامی کاتێك هێرشیان کردە سەر ئەو ناوچانە، هەموو ئەو کەسانەیان بە دیل گرت کە دەرفەتی هـەڵهاتنیان نـەبوو، زیـاتر حـەزیان لـە دەستگیرکردنی ئافرەتەکانە، بە تایبەت گـەنجترین و جوانترینیـان هەڵدەبژارد، لـە کـاتی دەسـتگیرکردنی ئـەو هاووڵاتییانـەدا، ئافرەتـەکانیان لـە پیاوەکـان جیـا دەکردەوە، ئافرەتەکانیشیان دابەش دەکرد بە سەر دوو گرووپدا (ژنە گەنجەکان و ژنە پیرەکان)، پاشان بە پاس و ئۆتۆمبێلی باری (زیل) دەگوازرانەوە.

**هاوسەرێکی موسوڵمانیشیان بۆ دەدۆزنەوە**

ئـەو ئافرەتانـە زینـدانی دەکـران و پێیـان دەوتـن لـە نێـوان دوو ڕێگـەدا دەبێـت یـەکێکیان هـەڵبژێرن، ڕێگـای دیـن گـۆڕین یـان ڕێگـەی دەسـتدرێژی و ئـازار چەشتن و سـەربڕین. ئەوانـەی کـە ئـاینی خۆیـان دەگـۆڕن و دەبنـە موسـوڵمان، بەڵێنی ژیانیان پێ دەدرێت، ژیانەکەش ئەوەیە کە خانوویەکیان بۆ دابین دەکەن و هاوسەرێکی موسوڵمانیشیان بۆ دەدۆزنەوە (لە بەر ئەوەی بە پێی لێکدانەوەی ئەو تیرۆرستانە، ئافرەت نابێت بە تەنها لە ماڵێکدا بژی)، ئەگەر ڕازی نەبوون

ببنـه موسڵمان، ئـەوا لـە زیندانـدا دەمێننـەوە و هیچ کەسێك گـەرەنتی ئـەوەیان ناکات کە بکوژرێن یان ڕووبەڕووی ترس و توندوتیژی ببنەوە.

**کچەکانمان بۆ کوێ دەبەن؟**

"لـەم بارودۆخـەدا، ئازارەکـانی ئێمـە تـەنها یـەك ڕەنگـی نییـە، کاتێك نـازانین کچـەکانمان بـۆ کـوێ دەبـەن، شـەو و ڕۆژ خـەومان نییـە و هـەزاران بیر بـە سەرماندا تێدەپەڕێت و نازانین ماون یان مردوون، چییان بە سەر هاتووە و چەند جار بە زیندوویی ڕۆحیان کێشاون"، ئەمـە قسـەی یـەکێك لـە ئاوارەکـانی سەر چیای شنگالە، کە ئێستا ڕزگار کراوە و لە کەمپەکانی دهۆك دەژی.

**سەرەتا بردویانن بۆ زیندان، پاشان بۆ هۆتێل**

ئـەو نـاوی "کیرانـی" یـە و، لـە لایـەن پووریـەوە پەیوەندییـەکی تەلـەفۆنی بـۆ هـاتووە، پوورەکـەی لـە لایـەن تیرۆرستەکانەوە ڕفێنـراوە، پێـی گوتـووە:" بـە سەیارەی بارهەڵگر لە گەڵ چەندین ئافرەتی تـردا گواستراونەتـەوە، لـە مـاوەی چەند ڕۆژێکدا چەند جارێك پەیوەندی پێوە کـردووە، پێـی گوتـووە کـە سـەرەتا بردویانن بۆ زیندان، پاشان بۆ هۆتێل لە موسڵ و دواتریش بۆ شوێنێك کە وەك هۆڵێکی گەورە وابووە"، بەڵام دواتر مۆبایلەکەی بۆ هەمیشە دادەخرێت.

**بۆ زیندانی بادوش**

بـە گـوێرەی ڕاپۆرتـەکانی هـەواڵ، ئـەو ئافرەتانـە گواستراونەتەوە بۆ زینـدانی بادوش لە دەوروبەری موسڵ، بەشێکیان کوژراون یان فرۆشراون.

**پیاوەکانیان دەکوشت و کچەکانیان لە گەڵ خۆیان دەبرد**

یەکێکی تر لە ئاوارەکان هاوسەرەکەی لـە لایـەن داعشـەوە گوڵلەبـاران کـراوە، گوتوویـەتی:" نزیکـەی دە چەکـداری داعـش هەڵیانکوتایـە سـەر ماڵەکـەمان، پیاوەکـان داوایـان لـە خێزانەکـەمان کـرد کـە بچینـە دەرەوە، پاشـان جیایـان کردینەوە بە گوێرەی جیاوازی ڕەگەز و جیاوازی تەمەنمان".

**کەس نازانێ کچەکانمان لە کوێن**

" پاشان من و شەش منداڵەکەم و چەند دایکێکی تریان بردە ژوورێکەوە، یەکێك لە چەکدارەکان چاوی بڕیبووە کچە پانزە ساڵانەکەم، بە ئاماژە ئەو کچـەمی لـە ژوورەکـە کـردە دەرەوە، هـەمووومان گوێمـان لـە دەنگـی تەقـەی تفـەنگ بـوو،

پاشان بێدەنگی باڵی بە سەر ئەو شوێنەدا کێشا، دواتر لە ژوورەکە چووینە دەرەوە کەس لەو ناوە نەمابوو، تەرمی هەشت پیاو لە دەوروبەری ئەو خانووە کەوتبوو، یەکێکیان مێردەکەی من بوو، کچەکەم و چەند کچێکی گەنجی تر کە پێشتر لە گەڵمان بوون، هەموویان بردبوون، ئێستا کچەکانمان کەس نازانێ لە کوێن، پیاوەکان کوژراون و ئێمەش لێرەین لە کەمپی ئاوارەکان لە شاری دهۆك".

## تراژیدیای (١٧)

### ئاوارەیەکی ئێزیدی: داعش دەستدرێژی سێکسیان کردە سەر ئافرەتەکان

ئـاوارە ئێزیـدیەکانی شـنگال کە ئێستا دەیـان هەزار کەسـیان ئـاوارەی دهۆکن باسـی ئەو کوشـتن و بڕین و دەسـتدرێژیانە دەکەن کە چەکدارەکانی داعش لە دوای داگیرکردنـی شـنگال دژی ئێزیـدیەکان پیادەیـان کـردووە و گەیشـتۆتە ئاستێک کە دەستدرێژی سێکسیان کردۆتە سەر ئافرەتەکان.

**داعش ٥٠٠ گەنج و پیاوی ئێزیدی کوشتن و سەربڕیون**

ڕۆژی ٣ی ئـاب بـۆ خەڵکـی قەزای شـنگال جەهەنەم بـوو، دوای شکسـتهێنانی پێشـمەرگە لە شـەڕێکی بەرگریـدا، شـنگال کەوتە بەردەم دڕنـدەترین هێـز لە دونیادا ئەویش داعشە، بە پێی قسەکانی پەرلەمانتاری کورد "ڤیان دەخیل" لە پەرلەمانی عێراق کە رایگەیاند "داعش ٥٠٠ گەنج و پیاوی ئێزیدی کوشتن و سـەربڕیون"، هاوکـات لە کەمپـی شـاریا چەنـد هـاوڵاتیەکی ئـاوارەی ئێزیـدی ئاماژەیـان بـۆ ئەوە کـرد کە داعش هەر ڕۆژی یەکەم سـەدان ئـافرەتی جـوانی ئێزیدیان بردووە و دەستدرێژی سێکسیان کردۆتە سەریان".

**نزیکەی ٣٠٠ هەزار ئێزیدی ئاوارە بوون**

"خــدر دۆملــی" ڕۆژنــامەنووس و پسـپۆر لە بـواری کەمایەتییەکــان وتــی: "نـزیکەی ٣٠٠ هەزار ئێزیدی ئـاوارە بـوون، زۆربەیـان پەنایـان بـردۆتە بەر شـاخی شـنگال کە شـاخێکە لە ڕۆژئـاوای شـنگال و شـوێنێکی بـێ ئـاو و بـێ دارسـتانە و ژیـان تیایـدا زەحـمەتە، بە تـایبەتی ئاوارەکـان ژمـارەیەکی زۆر ئافرەت و منداڵی تیایە".

**ئەوەی نەبوون کوشتوونیان**

بە وتەی هەندێك لەو ئاوارانەی کە هاتوونەتە کۆمەڵگای شاریا، داعش داوای لەو خەڵکە ئێزیدیەی کە فریا نەکەوتووە هەڵبێت کردووە کە ببنە موسڵمان، بە قسەی ئەوان " ئەوەی نەبوون کوشتوونیان".

**هیچ زیانمان بۆ کەس نەبووە**

"نایف نازم" پیاوێکی ئێزیدی شنگالیه و ئێستا ئاوارەی کۆمەڵگەی شاریایە، ئەو بە دڵێکی پڕەوە قسەی کرد و وتی "ئێمە لە شنگال هیچ زیانمان بۆ کەس نەبووە، نازانم داعش بۆ وامان لێدەکەن، هەرچی ئافرەتمان هەبوو هەڵیان بژارد، کامەیان جوان بوایە دەیانبرد، لە نێویشیاندا چەند کچە مامێکی منیشی تێدابوو".

**لە ژێر ئاڵای (لا الە الا اللە) سەردەبڕدرێن**

"ڤیان دەخیل"، لە وتەیەکیدا عەرشی پەرلەمانی هەژاند و بە گریانەوە وتی" لە ژێر ئاڵای (لا الە الا اللە) سەردەبڕدرێن و دەستدرێژی لە ئافرەتەکانمان دەکرێت".

"ڤیان" داوای لە پەرلەمان کرد کە فریایان کەون" تەنیا لە ٤٨ کاتژمێردا ٣٠ هەزار خێزان لە شاخی شنگال گیریان خواردوە، بە بێ ئاو و بە بێ خواردن، ٧٠ منداڵ لە تونێتیدا گیانیان لەدەستداوە، ٥٠ پیاوی بەتەمەنیش بە هۆی دۆخی نالەبارەوە گیانیان لەدەستدا".

## تراژیدیای (١٨)

### ئەو کچانەی لە دەست داعش هەڵاتوون چیرۆکی خۆیان دەگێڕنەوە

لە ڕاپۆرتێکی بەرنامەی بلا حدودی کەناڵی جەزیرەی عەرەبی دا لەسەر ئەو کەسانەی لە دەستی دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام (داعش) ڕایانکردووە لە سوریاوە بەرەو تورکیا، چیرۆکی چەند کەسێك دەخاتە ڕوو.
یەکێك لەوانە چیرۆکی کچێکە بە ناوی هیا عەلی، کە باس لە حاڵی خۆی دەکات لە سوریا و دەڵێ لای ئێمە لە ڕقە بە پێی یاسای دەوڵەتی ئیسلامی لە سەعات شەشەوە چوونە دەرەوە بۆ ئافرەتان بە بێ مەحرەم واتە پیاوێکی نزیکی خۆی بۆ نمونە باوك یان برا یان مێردەکەی، قەدەخەیە.
منیش باوکم نەماوە و براکەم لای خێزان و ماڵی خۆیەتی، ناچاریش بووم و پێویستیم هەبوو بۆیە خۆم گۆڕی، جلوبەرگی داپۆشراو و تەنانەت پەچەیشم کردبوو نە دەمووچاوم نە هیچ جێیەکم دیار نەبوو، لە ترسی چەکدارانی داعش، چونکە قەبووڵیان نەدەکرد تەنانەت چاویش دەربکەوێت، پاشان چوومە دەرەوە لە ماڵەوە و بەرەو مارکێتێك دەڕۆشتم، لەسەر شەقامەکەدا بووم ئۆتۆمبێلێك ڕایگرت و پیاوێکی چەکداری سەر بە داعش دابەزی و بەرەو ڕووم هات و گوتی: بەم شەوە پاش سەعات شەشی شەو بە بێ مەحرەم چی دەکەیت؟! گوتم: بۆ تۆ کێی تا لێم بپرسی؟ وتی من سەر بە دەوڵەتی ئیسلامیم و ئەوە یاسای دەوڵەتە، نابێ پاش سەعات شەشی شەو ئافرەت بە بێ مەحرەم بچێتە دەرەوەی ماڵ. منیش گوتم: ئاخر کەسم نییە لەگەڵ کێ بێمە دەرەوە؟ لە ماڵەوە بە تەنیا بووم و پێویستییەکم هەبوو بۆیە هاتم تا پێویستییەکەم جێ بەجێ بکەم، مرۆڤم و پێویستیم هەیە، دەرمانێکە شتێکە دەمەوێ بیکڕم. بەڵام ئەو یەکسەر زلەیەکی بە توندی لێدام و گوتی ئێستا بڕۆرەوە بۆ ماڵەوە، منیش لە ترسا یەکسەر چوومەوە و بینیم لای چاوم بە خراپی بریندار بووە.
ئیتر لە دوای ئەو ڕۆژەوە بە هەر جۆرێك بێت خۆم گەیاندە وڵاتی تورکیا، لەو کاتەوە من لە ژیانی خۆم لێرەش دەترسم، ئەگەرچی داعش لێرەوە دوورن و هەروا ئاسان نییە دۆزینەوەم.
لە درێژەی قسەکانیدا باسی کچێکی کرد بە ناوی فاتمە، گوتی چیرۆکی ئەو دەنگی داوەتەوە و لە هەموو شوێنێك باس دەکرێت، ئەو کچێکی تەمەن ٢١ ساڵان بوو، لە هەموو شتێکی ئەو جۆرە ژیانە بێزار بوو، نەی دەزانی چی بکا، ئەو لە ڕێگەی مام و برا و باوکییەوە کە هەموویان سەر بە چەکدارانی

دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) بوون، داوای لێ کرا شوو بە کەسێکی سەر بەو گرووپە بکات، لە پێناو ئەوەی بەرانبەر ئەو شووکردنە دەسەڵاتی خۆیان لە دەوڵەت بەرزتر ببێتەوە.
بەڵام فاتم پێداگری کرد لەسەر ئەوەی شوو بەو کەسە ناکات کە ئەوان بۆیان دیاری کردووە و ئەوانیش هەر زۆریان لێ دەکرد، ئیتر فاتمە ڕۆژێك تەواو بێزاری دەکەن و هیچ ڕێگەیەك شك نابات بۆ خۆڕزگارکردن لە دەستیان، ناچار خۆی دەکوژێت.
جێی باسە هیا عەلی ئاماژەی بەوەشدا چەکدارانی داعش هیچ هەدیە و شتێك وەرناگرن و پێیان گرنگ نییە، تەنیا کچیان دەدەنێ بەوە یارمەتییان دەدەن و پلەیان بەرز دەکەنەوە، ئەگەر لە ماڵێکدا باوك یان کوڕێك سەر بە داعش بێت، ئیتر بە پێدانی خوشك و کچەکانیان دەبنە خاوەن سیقە لای دەوڵەت و پاداشت دەکرێن و دەسەڵاتیان پێ دەدرێت، هەر ئەو هۆیەش بوو وایکرد فاتمە بدەن بەو چەکدارە و ئەویش لە تاوانا خۆی کوشت.

## تراژیدیای (۱۹)

## دوای گیرخواردنیان بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ

(٥١) کەس لە ئاوارەکانی چیای شنگال لە ڕێگەی کۆپتەرەوە گەیەندرانە سحێلا و رزگار کران کە لە رەوشێکی زۆر خراپدا دەژیان، ئەمانە یەکەم وەجبەی ئاوارە ئێزیدیانەکان بوون کە رزگاریان بوو.
چەکدارانی داعش پێنچ لە (۳ی ئاب) لە چوارلاوە هێرشێکی توندیان کردە سەر قەزای شنگال و دوای پێکدادانێکی قورس هێزەکانی پێشمەرگە پاشەکشەیان کرد و دواتر خەڵکی شنگال بۆ رزگارکردنی گیانیان بەشێکیان بەرەو چیای شنگال و هەندێکیان بە ئۆتۆمبێلەکانیان بەرەو سنوری دهۆک و زاخۆ چوون و بە دەیان هەزاریش لە شاخەکانی شنگال گیریان خوارد کە لە لایەن چەکدارانی داعش ئەو ناوچەیە گەمارۆ دراون.
بە پێی گوتەی ئاوارەکانی شنگال،"عەرەبەکانی دەوروبەر و ناوەوەی شنگال هاوکاری چەکدارانی داعش و هەڕەشە لە کوردە ئێزیدیەکان دەکەن و دەیانکوژن و کچەکانیان دەرفێنن."
بە هۆی نەبوونی خۆراک و ئاو چەندین کەس لەو ماوەیەدا گیانیان لەدەستدا و هەندێکیان نەخۆش کەوتوون و ناتوانن ڕێ بکەن بە هۆی گەرماوە.
گەیاندنی هاوکاری بۆ پەنابەرانی شنگاڵ لە شوێنە سەختەکان ئەستەمە، چونکە چەکدارانی داعش رێگە نادەن و هێرش دەکەنە سەر خەڵکەکە و ئەو کۆپتەرانەی کە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە رەوانە کراون بۆ رزگارکردنی گیانی ئاوارەکان لە لایەن چەکدارەکانەوە هێرشیان دەکرێتە سەر و ناتوانن سەرجەمیان بەپەلە رزگار بکەن.
لە ئێستادا شارۆچکەی شنگال لە دەستی چەکدارانی داعشە و سەرجەم ماڵ و موڵک و خانووەکانی خەڵکی ئەو ناوچەیە دەسوتێنن و بە تاڵانی دەبەن، هەروەها ژمارەیەکی زۆر کچ و ژن لە لایەن چەکدارانی داعش و عەرەبەکانی ناوچەکەوە دەڕفێنرێن بۆ موسڵ و تەلەعفەر و پیاوەکانیشیان دەکوژن.
(٥١) کەس لە ئاوارەکان لە ڕێگەی کۆپتەری سەربازیەوە دوای گەیشتنیان بە شارۆچکەی باتێلی سەر بە پارێزگای دهۆک لێدوانێکیان سەبارەت بە رەوشی شنگال و مانەوەیان لە چیای شنگال، داوای هاوکاریان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە پەیوەندیدارەکان کرد کە "هەرچی زووە بە دەم خەڵکی

کوردی ئێزیدی شنگالەوە بێن، چوونکە لە لایەن عەرەبەکانی ناوچەکە و چەکدارانی داعشەوە رووبەڕووی کۆمەڵکوژی بوونەتەوە و دەستدرێژی دەکرێتە سەر ناموسیان."
"سالم سەعیدی" تەمەن(٢٣) ساڵ یەکێکە لەو کەسانەی کە ماوەی پێنج ڕۆژ لە چیای شنگال گیری خواردبوو، گوتی:"لە سەرەتادا بە چەکەکانمان بەرەنگاری داعش بوینەوە، بەڵام دوای شکانی پێشمەرگە و نەمانی چەک، ناچار بووین ڕا بکەین، رەوشی ئاوارەکانی شنگال زۆر خراپە کەس بە دەنگمانەوە نەهاتووە بێ نان و بێ ئاو بە شەو و ڕۆژ ڕێمان کرد و توشی نەخۆشی بووین لە برسان چەندین کەس گیانیان لەدەست دا، بە دەیان هەزار کەس لە چیاکان ماونەتەوە و چاوەڕوانی رزگار بوون دەکەن."
یەکێکی دیکە لەو کەسانە "بیزار خزر شێخۆ"ی تەمەن(٢٢) ساڵ گوتی: "نەمانزانی توشی چی بووین لە ناکاو لە ماڵ هاتینە دەرەوە و بەرەو چیای شنگال رۆیشتین و چەندین سەعات بە پێ ڕێمان کرد تا گەیشتینە چیای شنگال. نە ئاو نە نانمان پێ بوو فریای هیچ شتێک نەکەوتین لەگەڵ خۆمان بیبەین، لە رەوشێکی زۆر خراپدا پێنج ڕۆژ لە چیای شنگال ماینەوە."
"بیزار" لە گوتەکانی ئاماژەی بە رفاندنی کچان لە لایەن چەکدارانی داعشەوە کرد کە یەکێک لەو کچانە خوشکی و برازایەکی ئەو بوو و گوتی: "لە رێگادا بووین دواتر ئۆتۆمبێلێکی ڕەش وەستا کە جامەکەی ڕەش بوو هاتنە خوارەوە و خوشکەکەم و برازاکەمیان برد، خوشکەکەم تەمەنی(١٨) ساڵە ناوی ئیحلامە، دوای چەندین سەعات تەلەفونی بۆ باوکم کردوە پێی گوتوە لە موسڵن بردوویانن بۆ ئەوێ و باوک و دایکیشم ئێستا لە شنگالن."
هەروەها گوتی: "پیاوان و گەنجەکان دەکوژن و واز لە پیرەکان دەهێنن و تا ئێستا ئەوەندە کەسیان کوشتووە کە لە ژماردن نایەت ئەمە کۆمەڵکوژی ئێزیدیە کوردەکانی شنگالە، داوا لە هەموو جیهان دەکەین بە هانامانەوە بێن و شنگال و ئێزیدیەکان رزگار بکەن خوشک و براکەم لەوێ ماونەتەوە داوا دەکەم رزگاریان بکەن."
یەکێکیدی لە ئاوارەکان بە ناوی "جندی حەری کچۆ" کە تەمەنی(٦٣) ساڵە و قاچێکی نیە، ئاماژەی بە نەبوونی ئاو و نان لە کاتی مانەوەیان لە شاخەکانی شنگال لەو ماوەیەدا کرد و داوای لە لایەنە پەیوەندیدارەکان کرد بە دەمیانەوە بچن و خەڵکی شنگال رزگار بکەن.
ئاوارەکانی شنگال بە منداڵەوە بەرەو شاخەکان بۆ رزگارکردنی گیانیان مەودایەکی درێژیان بڕیوە و پێویستی زۆریان بە ئاو بووە، بە هۆی نەبوونی

ئاوی کۆکراوەی چاڵەکانیان لەو ناوچەیان کۆکردوەتەوە کە بەهیچ شێوەیک بۆ خواردن شیاو نیە و کرمو مێرووی تێدا بووە بە منداڵەکانیان داوە.
"هەدیە خالید" ئەو کچە تەمەن (٢٠) ساڵەیە کە لە چیای شنگال گیری خواردبوو بە دەم گریانەوە باسی لە نەهامەتیەکان کرد کە ئاوی پیسیان بە منداڵەکانیان داوە و گوتی: "دوای هاتنی چەکدارانی داعش، فریای ئەوە نەکەوتین هیچ شتێک لەگەڵ خۆمان ببەین، بۆیە بەپەلە هەڵاتین بەرەو شاخەکانی شنگال، ئاو و نانمان پێ نەبوو لە رەوشێکی زۆر سەختدا بووین بۆ شکاندنی تینوێتی ئاوی کۆکراوەی باران کە لە چاڵەکان کۆبووبووەوە دەخواردەوە پڕ بوو لە مێروو دەماندا بە منداڵەکانمان، چەکدارانی داعش خەڵکی ئێزیدی شنگال دەکوژن و کچان دەرفێنن، لە کاتی هاتنی کۆپتەرەکان بەردەوام بە هاوەن و دۆشکە هێرشیان دەکردینە سەر."
"حمشە خزر"ی تەمەن (٦٧) باسی لە چۆنیەتی هەڵاتنیان لە کاتی هاتنی چەکدارانی داعش بۆ شنگال کرد و گوتی: "بە چاوی خۆم بینیم کە چەندین کەسیان لە سەر شەقامەکانی شنگال کوشت و دەستدرێژیان دەکردە سەر کچەکان و بەرەو موسڵ دەیان رفاندن."

## تراژیدیای (٢٠)

## یان مردن یان گەشتن بە شوێنی پارێزراو

ئافرەتێکی دەربازبوو لە دەستی دەوڵەتی ئیسلامی- داعش- پیتی ناوەکەی"ز، س، ج" تەمەن ٢٦ ساڵ کە شووی نەکردوە، بەم شێوەیە باسی کۆمەڵکوژی گوندی کۆچۆ دەکات و دەڵێ:" لە ڕۆژی ١٦-٨ هەموومانیان لە قوتابخانەی کۆچۆ کۆکردەوە، هەموو پارە و زێڕ و مۆبایلەکانیان کۆکردەوە و کردیانە ناو جانتایەکەوە، ئێمە باوەڕمان وابوو وەك مەسیحیەکان مامەڵەمان لە گەڵ دەکەن".

هەروەها دەڵێ": پیاوەکانیان بە ئۆتۆمبێلەکانی خۆیان برد و هیچ شتێك سەبارەت بە چارەنوسیان نازانین، ئێمەیان سەرخستە ناو ئۆتۆمبێل و بردینیان بۆ ناو پەیمانگای شنگال نزیك سۆلاغ، یەك ڕۆژ لەوێ ماینەوە، سەرپۆشەکانیان لە سەری ئافرەتەکان کردەوە، بە ئافرەتەکانیان وت، بچنە نهۆمی دووەم شیر بدەنە منالەکانتان، من برازایەکەم گرتە باوشەوە و وتم ئەمە منالمە، کاتێك کە ئافرەتە گەنجەکانیان برد بۆ شوێنێکی تر، بۆ عەسرەکەی منالە گەورەکانیان لە دایکەکان جیاکردەوە، هاوار و نالەی دایکەکان دەگەشتە ئاسمان، دواتر ئافرەتە بەتەمەنەکانیان ناردە شوێنێکی تر، ئێمە ژمارەیەك ئافرەتی کەم لە گەڵ منالە بچوکەکان ماینەوە، شەوێك هاتن سێ ئافرەتی جوانیان برد، پرسیاریان لە من کرد وتیان ئایا تۆ شووت کردوە؟ کوا منالەکەت؟ پێم وتن ئەمە منالەکەمە، بۆ ڕۆژی دوای بە ئۆتۆمبێلی جۆری پاس بردمانیان بۆ قوتابخانەیەکی تەلەعفەر، زۆر قەرەباڵخ بوو شوێنی وەستانیش نەبوو، شوێنەکە لە ناخۆشی و ئازار وەسف ناکرێ، منالەکان داوای ئاوی ساردیان دەکرد، کەس وەڵامیانی نەدەدایەوە، پاسەوانەکان ئاوی ساردیان دەخواردەوە، مامەڵەیان زۆر دڵڕەقانە بوو، بچوکترین پاسەوان خەڵکی تەلەعفەربوو، ١٤ ڕۆژ لەوێ ماینەوە، دواتر بردینیان بۆ گوندی تورکمانە شیعەکان لە "قزیل قیو" بە تەنیشت "کسر محراب" لە باکووری قەزای تەلەعفەر، چونکە تورکمانە شیعەکان بۆ خوارووی عێراق کۆچیان کردبوو، دووکەسی بەتەمەنم بینی کە پێشووتر کچەکانیان لێ ڕفاندبوون، داعشەکان هاتن کچەزاکانیان ببەن ئەوانیش هێرشیان کردە سەریان، بە چاوی خۆم بینیم کە داعشەکان چۆن بە عەسای ئاسن لێیانیان دەدا بە تایبەت لە سەریان و خوێن لە بەرچۆڕانیان، یەکێکیان سوێندی خوارد کە وەڵاهی ئەو سەرپۆشە

هەڵدەگرێ کە بەسەرمەوە خوێناوی بووە و بە هەموو جیهانی پیشان دەدەم بۆ ئەوەی ریسوایان بکەم و دەیڵێم ئەمانە چ جۆرە مرۆڤێکن لە سەر ئەم خاکە دەژین. بۆچی بەم وەحشیەتە مامەڵە دەکەن؟ بۆ ماوەی سێ مانگ لەوێ ماینەوە، لەوێ خەڵکێکی زۆری کۆچۆ و شەهوانی لێبوو کە ئەوانیش لە عەشیرەتی مەندەکانین".

ئەم ئافرەتە باسی ئەوەش دەکات و دەڵێ": پرسیاری پیاوەکانمان لە پاسەوانەکە کرد، وتی پرسیار لەوانە بکەن کە دەستگیریان کردن، پێم وتن من تەمەنم گەورەیە و شوم کردوە، کوڕی پورەکەم رفێنراوە، منیش خێزانی ئەوم، زۆربەی ئافرەتەکان تفیان دەکردە دەم و چاویان و منیش یەکێك بووم لەوان، ئێمە لە حاڵەتێکی زۆر ناڕەحەت بووین و بەردەوام جلی دڕاو و پیسمان لە بەردەکرد بۆ ئەوەی نەمانبەن.

هەروەها باسی ئەوەش دەکات و دەڵێ:" خواردنەکان کاتیان بەسەرچووبوو، منداڵەکان تووشی وشك بوون و ناوسك چوونی بەردەوام بوون، ئامادە باشیمان کرد بۆ هەڵهاتن و دەشمانزانی ئەمە ئینتحارە، کاتژمێری حەوت و نیوی شەو، حەوت ئافرەت و چواردە منداڵ بۆی دەرچوین بەرەو دیوار بەندی گوندەکە، بە کەتەر تیلی پەرژینەکەم بڕی و لە ژێریەوە بە سکەخشێ چوینە ئەودیوا، لە پێشدا منداڵەکانمان کردە ئەودیودا، دواتر ئافرەتەکان ئینجا پەڕینەوە، دوای ئەوە بەرەو چیای ئەشم کەوتینە ڕێ، ئێمە دەمانزانی کەسوکارەکەمان لە ڕێگا بەرەو چیا ماندووبوون و برسێتی و تینوێتی و ئازاری زۆریان چەشتبوو، بەڵام ئێمە بڕیارماندابوو "یان مردن یان گەشتن بە شوێنی پارێزراو"، ئێمە بە شەو ڕێمان دەکرد، بە ڕۆژیش خۆمان حەشاردەدا، بە شەو منداڵەکان نەدەخەوتن لە ڕێکردندا بووین، بەڵام بە ڕۆژ دەوەستاین وخۆمان حەشار دەدا دەخەوتن خەوێکی قوڵ بە درێژایی ڕۆژ، بەڵام گەورەترین کێشە کە ڕوو بەڕووی دەبوینەوە کێشەی "ئاو" بوو، لە چیاوە دووکەس لە ڕێگای "شێخ شامۆ شێخۆ" راسپێردرابوون پەیوەندیمان پێوە بکەن بە مۆبایل، ڕێنماییان دەکردین، لە نێوان ماوەیەک بۆ ماوەیەکی ڕێکردنمان بەرەو چیا، لە کاتی نزیکبوونەوەمان لە چیا سەید قاسم سمو پێشوازی لێکردین کە خۆی خەڵکی گوندی کۆچۆ بوو، خزمەتێکی زۆری پێشکەش کردین ودواتر گەیاندینینە هەرێمی کوردستان.

# تراژیدیای (٢١)

## عەرەبەکان دوو جوانترین کچی ئێزیدییان برد

ژنێکی ئێزیدی کە لە چنگی داعش رزگاری بووە، دەڵێت سێ ژنی خزمی کەوتوونەتە دەست داعش و تاوەکو سێ ڕۆژ دوای رفاندنیان بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ کردوون و ژنەکان گوتوویانە "جارجار دەهاتن دەیانگوت ئەمەیان خۆشە و ئەمەیان جوانە".

## پیرەکانیان کوشتن و گەنجەکانیان بردن

"کەریم ریتۆ"،(٤٦) ساڵ، پیاوێکی ئێزیدی قەزای شنگالە، ماڵی لە گەڕەکێکە کە زۆربەیان موسڵمانن، کاتێك چەکدارانی داعش دێنە ناو قەزاکە، خۆی لە نێو ماڵە موسڵمانەکان دەشارێتەوە، ئەو دەڵێت چەکدارانی داعش تەنیا یەکجار هاتنە گەڕەکەکە، بەڵام نەیانزانی کە ئەو ئێزیدییە.
"کەریم" لە ئێوارەی سێیەم ڕۆژدا چووەتە دەرەوە، بە چاوی خۆی دوو پیکابی چەکدارانی داعشی بینیوە "پیکابەکان ٧ ژنیان تێدابوو، پێنجیان کچ بوون و دووانیشیان تەمەنیان لە سەرووی ٥٠ ساڵ دەبوو، هەردوو ژنە بە تەمەنەکەیان لەسەر جادە کوشت و پێنج کچەکەشیان لەگەڵ خۆیان برد".
بە پێی قسەی ئەو پیاوە، داعش زیاتر لە ٥٠٠ کچ و ژنی کۆمەڵگەی سیبا شێخ خدر و گرعزێر و گرزەرکێی بردووە "چونکە یەکەمجار هێرشی کردە سەر ئەو سێ کۆمەڵگەیە و خەڵکەکە نەیانتوانی ڕابکەن"، گوتیشی "ئەو ژنانە براون بۆ سوریا و موسڵ و بەعاج".

## عەرەب دوو شاجوانەکەیان بردوون

"ریتۆ" باسی دوو کچی جوانی کۆمەڵگای گرعوزێر دەکات و دەڵێت "لە گرعزێر دوو کچی زۆر جوان هەبوون بە ناوەکانی غالیە و مەرکەز کە هەردووکیان خوشك بوون و ناوبانگێکی زۆریان هەبوو لە جوانی، داعش لەگەڵ عەرەبە موسڵمانەکان هاتنە ئەو کۆمەڵگەیە، عەرەبەکان دەیانزانی ئەو دوو کچە جوانە لەو کۆمەڵگەیەن، یەکسەر چوونە ماڵیان و هەردووکیان بردن".
"فەرمان قەدۆ"، (٢٢) ساڵ، لەفافێکی سپی لەنێوچەوانی خۆی بەستبوو، یەکێك بوو لەو کەسانەی کە یەکەمجار لە چیای شنگال رزگار کرا، ئەو لە نێو

باخچەیەکی ناحیەی باتێلی دانیشتبوو گوتی، کاتێك گەیشتنە چیا کەسوکاری خۆیان بەسەرکردووەتەوە و بینیویانە سێ ژن لە خزمە نزیکەکانیان دیار نین کە کەوتبوونە دەست داعش.
"فەرمان" تاوەکو سێ ڕۆژ بە تەلەفۆن ئاگای لەو سێ ژنە بووە و لەو ماوەیەدا چوار جار تەلەفۆنی بۆ کردوون، ئەو سێ ژنە باسی خۆیان کردووە و گوتوویانە "لە گرعوزێر سواری ئۆتۆمبێلیان کردین و بردیانین بۆ موسڵ، دوو چەکداری داعش لەگەڵ ئێمە بوون، دەستدرێژییان کردە سەرمان، پاشان چەکداری دیکەش دەهاتن و دەیانگوت ئەمە جوانە و ئەمە خۆشە، قسەی زۆر ناشیرینیان پێدەگوتین".
"قاسم عەتا"، گەنجێکی دیکەی رزگاربووی چیای شنگال، دەڵێت خۆی بینیویەتی کچێکی (٢٣) ساڵ هاتبووە چیای شنگال و هاواری دەکرد "بمکوژن"، کاتێك لێیان پرسیوە بۆ؟ گوتی "ئەو خوێڕیانە سێ ڕۆژ بە بەردەوامی دەستدرێژییان کردە سەرم و پاشانیش پێیان گوتم بڕۆ بۆ ئەوەی بزانن ئێمە چیتان بەسەردێنین".

## ترِاژیدیای (٢٢)

## پێنج منداڵی بێ باوك، دایكیشیان له‌ چیا گیانی له‌ ده‌ستدا

به‌ر له‌ چوار ساڵ له‌ ئه‌نجامی ته‌قینه‌وه‌یه‌ك له‌ نێو چایخانه‌یه‌كی شنگال، باوكیان بووه‌ به‌ قوربانی، دایكیان له‌گه‌ڵ هه‌ر پێنج منداڵه‌كه‌ی، به‌هه‌رجۆرێك بێت به‌ هه‌ژاری و نه‌داری منداڵه‌كانی به‌خێو كرد، به‌ڵام له‌ ئه‌نجامی تاوانه‌كانی چه‌كدارانی داعش و ئاواره‌بوونیان بۆ چیای شنگال، ئه‌م دایكه‌ له‌ زنارێكی چیای شنگال به‌رده‌بێته‌وه‌ خواره‌وه‌ و گیان له‌ ده‌ست ده‌دات، منداڵه‌كان به‌ ته‌نیا مانه‌وه‌.

"ئامینا سه‌عید" ته‌مه‌نی(١٥) ساڵانه‌ و له‌گه‌ڵ هه‌رسێ براكانی "فادی و مهند و مه‌هدی" دوای ئاواره‌بوونیان بۆ چیای شنگال دواتر له‌گه‌ڵ خه‌ڵكه‌كه‌ له‌ ڕۆژئاواوه‌ بۆ باشوور هاتونه‌ له‌ یه‌كێك له‌ قوتابخانه‌كانی دهۆك نیشته‌جێ بوونه‌، بێ دایك و بێ باوك له‌ گه‌ڵ ماڵی پوری له‌م شوێنه‌دا ده‌ژین تاكو كه‌مپیان بۆ دروست ده‌كرێت.

"ئامینا"، ده‌ڵێت:" به‌ر له‌ چوار ساڵ له‌ ئه‌نجامی ته‌قینه‌وه‌یه‌كی تیرۆرستی باوكم و چه‌ندین كه‌سی تر له‌ یه‌كێك له‌ چایخانه‌كانی شنگال بوونه‌ قوربانی، ئێمه‌ بێ باوك ماین و خوشكه‌كه‌م ساڵێك به‌ر له‌ ئێستا شووی كرد، من و هه‌رسێ براكه‌م و دایكم به‌ هه‌ژاری ده‌ژیاین.

ئه‌و ڕۆژه‌ی چه‌كدارانی داعش هاتن ئێمه‌ له‌ گوندی ته‌ل قه‌سه‌ب بووین و وه‌ك خه‌ڵكی گوند ئاواره‌ی چیای شنگال بووین، خه‌ڵكه‌كه‌ هه‌ر یه‌كه‌و بۆ خۆی ڕای ده‌كرد كه‌س خۆی نه‌ده‌كرده‌ خاوه‌نی كه‌س، ئێمه‌ش له‌ گه‌ڵ دایكمان ڕێمان گرته‌به‌ر و به‌شه‌و له‌ شوێنێكی چیاكه‌ ماینه‌وه‌ بێ نان و خۆراك و ئاو بووین چونكه‌ هیچمان له‌گه‌ڵ خۆمان نه‌برد بوو، وامان ده‌زانی هه‌ر زوو ده‌گه‌ڕێینه‌وه‌ گونده‌كه‌مان، من له‌ گه‌ڵ دایكه‌ گه‌نج و ته‌مه‌ن (٣٧) ساڵانه‌كه‌م، ئه‌و شه‌و به‌ دوای خۆراك و ئاو گه‌ڕاین له‌م چیایه‌ به‌ڵام هیچمان ده‌ست نه‌كه‌وت، دوو ڕۆژ ئێمه‌ هیچمان ده‌ست نه‌كه‌وت ئه‌وه‌ی ده‌ستیشمان كه‌وت هه‌ر به‌شی هه‌رسێ براكانمی كرد، من له‌ برسان به‌رده‌وامی سه‌رم گێژی ده‌خوارد هه‌ر ئه‌وه‌نده‌م گوێ له‌ ده‌نگی دایكم بوو، وتی: ئه‌ڵێن خه‌ڵكه‌كه‌ به‌ره‌و شاری دهۆك له‌ باشووری كوردستان ئه‌ڕۆن و تازه‌ ڕێگایه‌ك له‌ لایه‌ن پێشمه‌رگه‌كان كراوه‌ته‌وه‌".

بۆ چەند چرکە ساتێك"ئامینە" لە قسە کردن وەستا و دواتر بە گریانەوە وتی:" ئێمەش بەڕێکەوتین و دەڕۆیشتین بەڵام لە ناکاو دایکم لە شاخێکدا بەربووەوە خوارەوە و توشی خوێن بەربوونێکی زۆر بوو چونکە پێشوتریش نەشتەرگەری بۆ کرابوو، هیچ پزیشك و پێداویستی پزیشکی و کەسی شارەزا لەوێ نەبوون بۆ ئەوەی بتوانن خوێن بەربوونەکەی ڕابگرن، بۆیە پاش کاتژمێرێك گیانی لەدەستدا و ئێمەی بە تەنیا هێشتەوە.

ئەمانەی هەموو بە گریانەوە وت، دواتر وتی:"بەهەر جۆرێك بێت بە هاوکاری کەس و کارمان و خەڵکی ئەوێ توانیمان دایکم بنێژین، بەڵام چ ناشتنێك هەر ئەوەنە توانیمان بیخەینە ژێر خۆڵەوە...!! ".

## تراژیدیای (٢٣)

### دوا قسەی بەر لە مردنی: ئاوم بۆ بێنە تینوومە، دواتر هێواش هێواش گیانی لە دەستدا

رەحیمە ئەو ئافرەتەیە کە سێ ڕۆژ کوڕە نەخۆشەکەی لە چیای شنگال گەڕاند هیچ پزیشك و پێداویستیەکی تەندروستی دەست نەکەوت، دواتر دوماهیك کاتژمێری ژیانی منداڵەکەی بینی. رەحیمە وتی:"نزیك کاتژمێر (١٠) بوو، وتیان چەکدارانی داعش هاتن و هەریەك بە لایەکدا بۆ چیا رایکرد، هەبوو بە ئۆتۆمبێل و هەبوو بە پێیان، ئێمەش ئۆتۆمبێلمان نەبوو بە پێ بەرەو چیا ڕێگامان گرتەبەر".
ئەو توانی (٥) کاتژمێر ڕێگای سەر ئەوراز بۆ چیاکە بگرێتەبەر و (٥) منداڵی لە دەست تیرۆرستان رزگار بکات، بەڵام نەیتوانی لە سەر چیا منداڵەکەی لە دەست برسیەتی و تینوویەتی چارەسەرکردنی نەخۆشیەکەی رزگاری بکات، رەحیمە بەردەوام بوو لە گێڕانەوەکەی، وتی:"هەرگیز دیمەنی کوڕەکەم لە پێش چاو ناچێت کە هێواش هێواش گیانی لە دەستدەدا".
توانای هیچمان نەبوو ئەو سێ ڕۆژ زۆرانبازی لەگەڵ نەخۆشیەکەی کرد، لەوێ داماناو چەند بەردێکمان خستە سەر لاشەکەی، هیچ نەبوو گۆڕی بۆ لێبدەین و بیشۆین و بینێژین. هێشتا دەنگی نالین و داخوازی رامین لە گوێی دایکیەتی و وتی:"سێ ڕۆژ بوو رامین دەیگوت من دێشم و ئاوم بۆ بێنە تینوومە دوا قسەشی هەر ئەوە بوو، ئەو لە شوێنێ بوو کە پلەی گەرما لە سەروی (٤٣)پلە بوو".
کاتی گێڕانەوەی چیرۆکی مردنی رامینی کوری نەك تەنیا رەحیمە و فرمێسکەکانی بەڵکو ئەوانەی دەوروبەری رەحیمە هەموویان دەستیان بە گریان کرد ئەو منداڵە جگەرگۆشە (٤) ساڵانەکەی بە کوڵەمەرگی گەورەی کردبوو، نەیتوانی ئاوێکی ساردی پێ بدات و یاخود بە لاشەیدا بکات.
ئەو هەرکاتێك منداڵێك لەتەمەنی رامین دەبینێ دەست بە گریان دەکات بیری رامینی کۆچ کردووی کوڕی دەکات.

## ترائژیدیای (٢٤)

## گەنجێکی ئێزیدی زۆربەی کەسوکارەکەی لەدەست دەدات

ڕۆژانە گوێمان لە تاوانی جۆراوجۆر دەبێت لە ئاوارەبوونی کوردانی ئێزیدی لە قەزای شنگال و دەورووبەری، بەشێك لە کەسوکاری ئەو قوربانییانە لە دەرەوەی وڵات چاوەڕوانی بیستنی مەرگەساتی کەسوکاریان بوون، "ملحم"کاتێك بە تەلەفۆن پێیان ڕاگەیاندووە کە(١٤)ژن و کچی خێزانەکەی بێسەروشوێن بوون و(٨)پیاویشیان بە دەستی چەکدارانی داعش کوژراون، بە چاوی گریانەوە دەڵێت: " بێ ئومێدی سەرتاپای ژیانی داگرتووم و تەنها دەتوانم لە خۆپیشاندانەکاندا بەشداری بکەم و ئیدانەی کردەوە پیسەکانی داعش بکەم".

بێ دەسەڵاتی و دووری وڵاتی ژیانی "ملحم"ی تێکداوە، تەنها کارێکی بۆ ماوەتەوە، ئەویش ئەوەیە لە هەرشوێنێك خۆپیشاندان ئەنجام بدرێت دژی تاوانەکانی داعش ئەویش بەشداری تێدا دەکات بۆ ئەوەی هەموو ئەو تاوانانەی بەسەر شنگالدا هاتوون باسیان بکات و ئەوانەشی نایانزانێ، بیانبیستێ.

"ملحم" داینابوو ڕۆژێك تەلەفۆن بۆ کەسوکارەکەی بکات لە زێدی ئەسڵی خۆی و پێیان بڵێ دێمەوە ئامێزی ئێوە و نیشتیمان و زۆر غەریبیتان ئەکەم، کەچی لە نیشتمانەکەیەوە تەلەفۆنی بۆ کرا و پێیان ڕاگەیاند کەسوکارەکەی لە لایەن چەکدارانی داعشەوە بۆ کۆتایی براون و مەحاڵە جارێکیتر بیان بینێتەوە.

ئەم کوڕە تەمەن (٢٥)ساڵە هەرچەندە هێشتا لە سەرەتا و بەهاری تەمەنیدایە، بەڵام چەکدارانی داعش نەك هەر کۆتاییان بە ئەندامانی خێزانەکەی هێنا، بەڵکو خەونەکانی ئەویشیان زیندەبەچاڵ کرد و ژیانیان یەك پارچە کردووەتە دۆزەخ، ئەوەی ماوەتەوە بۆ "ملحم" ئەوەیە ڕۆژانە تەماشای ڤیدیۆکانی بەسەرهاتی شنگال دەکات و بە چڕی بۆیان دەگرێ.

"ملحم" بە گریانەوە وتی:"خانەوادە و کەسوکارمان لە تەل عوزێر بوون، دەرفەتی ئەوەیان نەبوو بەرەو چیا بڕۆن داعش گەیشتنە ئەوان و دەستگیر کران، ئەوان ویستیان کچ و ئافرەتەکان بە زۆری ببەن و پیاوەکان ڕێگر بوونە و بەرپەرچیان داوەتەوە، چەکدارانیش هەموو پیاوەکانیان لە شوێنێك کۆکردەوە و گوڵلە باران کران"، بە گریانەوە وتی:"کچی پورم تەمەنی ١٤ ساڵان بوو بردیان، هەموو سەرە چرکەیەك پەیوەندی بە خزمەکانی ترەوەم دەکەم و لە چارەنوسیان دەپرسم چاوم لە سایتە ئەلکترۆنیەکان و کەناڵەکانی

ڕاگەیاندنە، هیچ دەسەڵاتم نیە لێرە تەنیا خۆپیشاندن نەبێ من لە دەرگای هەر ڕێکخراو و لایەنێك دەدەم چوومە بروکسل بەردەم پەرلەمان بەڵام هیچ سودی نەبوو، خۆشترین حەز و ئارەزوم لە ژیان لە دەستدا، من نیازم وابوو بە گەشتێك بچمەوە شنگال لای کەسوکارم بەڵام بە داخەوە، نە خانەوادەم ما نە هاورێم مان کەسم نەما، ئەو هەموو ئەوانەی بە گریانەوە وت".

# تراژیدیای (٢٥)

## تیمە تەندروستیەکەی سەر چیای شنگال

دوای ئەوەی رەوش و تەندروستی ئاوارەکانی سەر چیای شنگال ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبوو، تیمێکی پزیشکی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك لە ڕێگەی فڕۆکەی (هەلیکۆپتەر)ەوە خۆیان گەیاندە سەر چیای شنگال بە مەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشەکان، سەرۆکی ئەم تیمە پزیشکییەی چیای شنگال دکتۆر"هوشیار عیسی"بوو، وتی: " بەیانی کاتژمێر ٨:٣٠ کە دەبویە ڕۆژی پێنجەم لە مانەوەی ئاوارەکان لەسەر چیای شنگال، ئێمە گەیشتینە سەر چیا، کاتێك خەڵکەکە بینیان تیمێکی پزیشکی گەیشتە لای ئەوان زۆر پێشوازیان لێکردین و دڵ خۆش بوون و وورەیان بەرزبووەوە، یەکسەر خەڵکەکە بۆ لای ئێمە هاتن و لێمان کۆبوونەوە و هاوکاری ئێمەیان کرد بۆ هەڵدانەوەی خێمەیەك وەك کلینێك و بنکەیەکی تەندروستی، هەرهەموو کەل و پەلی تەندروستیمان لەم خێمەیەدا دانا و ڕێکمان خست و دەستمان کرد بە چارەسەرکردنی نەخۆشەکان.
بارودۆخی خەڵکەکە زۆر خراپ بوو، پێویستیان بە هەموو جۆرە هاوکارییەك هەبوو، ئێمە هەندێك کەسمان بینی بریندار بوون بە هۆی گوللەوە برینەکانیان پێویستی بە چارەسەری خێرا هەبوو ناویانمان تۆمار کرد و پەیوەندیمان بە هاوکاری کرد کە فرۆکەیەك بۆ ئەم نەخۆشانە بێت و رەوانەی نەخۆشخانە بکرێن، ئەوانەی بریندار و ئەوانی تر کە پێویستیان بە چارەسەری بەردەوام و زوو هەبوو کە ژمارەیان نزیکەی(٢٠٠) کەس بوون ئەوانە پیر و پەککەوتوشیان لەگەڵدا بوو کە توانای رۆیشتنیان نەبوو ئەوان بە فڕۆکە گواسترانەوە بۆ باشووری کوردستان.
نەخۆشەکان زیاتر منداڵ و ئەو کەسانە بوون کە نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە، هەندێکیان مەڕ و ئاژەڵیان لەو چیایە هەبوو بۆیە شیری ئەوانیان دابوو بە هەندێك لە منداڵەکان کە ئەمەش هێزێکی تری دابوو بە منداڵەکان، منداڵەکان زیاتر دووچاری سکچوون ببوون".
دکتۆر "هۆشیار" لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: " من منداڵێکم بینی ئەو منداڵە تەمەنی نزیکەی (٥ بۆ ٦) ساڵان بوو، ئەو بە تەنیا مابوو خانەوادەکەی لە نێو چووبوون ئەو منداڵە مەندەهوش ببوو چەندین قسەت لەگەڵ بکردایە هەر سەیری دەکردی و هیچی تری نەدەگوت... "

دکتۆر "هۆشیار" دەبێژێ دیمەنێکی ترم بینی ئاوارەیەك وتی: " دایك و باوکم کەم ئەندامن و لە خانوویەك بە تەنیا بەجێمان هێشتوون، وتی تکایە هاوکاریمان بکەن و ئەوان رزگار بکەن، بەڵام بە داخەوە نەمان توانی هیچیان بۆ بکەین، چونکە ئەو شوێنە لە ژێر دەستی چەکدارانی داعش دابوو".

دکتۆر "ئاراس کۆچەر" وتی:"خەڵکەکە هەمووی نەخۆش بوون بەڵام هەر هەموویان نەخۆشی جەستەییان نەبوو، زۆربەیان لە دڵ و دەرونیان نەخۆش بوون، ئەوان پێویستیان بە هەموو هاوکاریەك هەبوو نەك بەس لە بواری تەندروستی بەڵکو لە هەموو روویەکەوە، ژیانی ئەوان لە مەترسیدابوو، هیچ پێویستیەکانی ژیان نەبوون لە سادەترینانەوە...

کاتێك ئێمە گەیشتینە لای ئاوارەکانی سەر چیا و وتمان ئێمە پزیشکین ئەوان هێزێکی تریان پێ بەخشرا و وورەیان زۆر بەرزبوو، ئەوان زۆر پێشوازییان لێکردین...

کوردەکان میللەتێکی میوان دۆستن ئەوان لەو حاڵەتەی بەسەریان هاتووە بیریان لەوە دەکردەوە چۆن پێشوازی بکەن و چۆن خزمەتمان بکەن، زۆر هاوکارمان بوون.

من دەمەوێت باس لە جوامێری خەڵکەکە بکەم کاتێك لە چیا نیشتەجێ بوون، خانەوادەیەك لە تەنیشتمان بوون ئەوان رێزیان لێ گرتین و بوتڵێك ئاویان هەبوو وتیان ئاوەکە نیوە دەکەین ئێوەش لەگەڵ ئێمە بیخۆنەوە لەم بێ ئاوی لەو وشکانیەدا ئاویان پێشکەش دەکردین.

با بزانین دکتۆر "ئاراس" چی بە چاوی خۆی بینیوە و چین ئەو دیمەنە جەرگ بڕ و جەرگ هەژێنانەی ئەو بینیویەتی.

دکتۆر "ئاراس" وتی:" کەسی وا هەبوو لە نێو ئاوارەکاندا و لەم بارودۆخە ناخۆشە و لەو مەترسیەی بەسەریاندا هاتووە دوو تا سێ ڕۆژ بە پێخواسی و بە پێ هاتبوون ئەوان زۆرانبازییان لەگەڵ مردن دەکرد و ئومێدێکیان بە ژیان هەبوو".

دکتۆر "ئاراس" باس لە دیمەنێکی تر دەکات کە بە چاوی خۆی بینیویەتی و دەڵێت:"من پیرەمێردێکم بینی تەمەنی (٧٠) ساڵان دەبوو بە زەحمەت توانای رۆیشتنی هەبوو، ئەو بەساڵاچووە خانەوادەکەی هەموو لەدەست دابوو تەنیا کوڕێکی تەمەن (٤٠) ساڵانی لەگەڵدا بوو ئەو هاوکاری ئەو کوڕەی دەکرد، لە جیاتی کوڕەکە هاوکاری کەسە بەتەمەنەکە بکات، سەرم سورما و لێم پرسی بۆ چی؟ پیرەمێردەکە بە حەسرەتەوە وتی ئەم کوڕەم نەخۆشی دەروونی هەیە و هێز و توانای هیچی نیە... ".

دکتۆر "ئاراس" لە درێژەی گێڕانەوەکەیدا وتی:" نەخۆشمان بینی چەند ڕۆژێك بوو بریندار ببوون و برینەکەیان هەمووی ببووە تۆز و خۆڵ چونکە هیچیان نەبوو چارەسەری پێ بکەن، ڕەوشی منداڵەکان لە هەموویان خراپتر بوو، چونکە بەرگری منداڵان زۆر کەمترە لە گەورەکان.
من دایکێکم بینی منداڵەکەی هێنایە لای ئێمە منداڵەکە وشك ببوو تەمەنی (٣٠) ڕۆژ دەبوو وتم شیری پێ بدە، دایکەکە وتی: من هیچم نیە بیخۆم چۆن شیر بدەم بە منداڵەکەم.
"د. ئاراس" بەردەوام بوو لە قسە کردن و وتی:" زۆربەی منداڵەکان دووچاری سك چوون ببوون، ئەگەر چارەسەرمان نەکردبان ئەوان دووچاری وشك بوون دەبوون، وشکبوونیش مەترسی مردنی لە دواوەیە.
زۆر لە نەخۆشەکان منداڵیان مردبوون ئەیان وت لە فڵانە شوێن بەجێمان هێشتوون، لە بن فڵانە دار و لە بن فڵانە تاشەبەرد".
"د.ئاراس" دەڵێت: نەخۆشی وا هەبوون پێویستیان بە نەشتەرگەری هەبوو لە نەخۆشخانە گەورەکان، هەبوو پێویستی بە نەشتەرگەری چروپڕ بوو، نەخۆش هەبوو پێویستی بە چاودێری بەردەوامی پزیشکی هەبوو.
"د. بژار بێباوی"، پەرستار وتی:" ژمارەیەکی زۆرمان چارەسەر کردن زۆربەی دووچاری کاریگەری تیشکی خۆر ببوونەوە لەگەڵ سك چوون کە نەخۆشی دواییان نزیکەی ٩٠% دەبوون.
لەم چیایەدا کەش و هەوا لە شەو و ڕۆژدا زۆر جیاواز بوو بە ڕۆژ زۆر گەرم و بە شەو زۆر سارد، ئەوانیش هیچ پێخەف و شتی تریان لەلا نەبوو کە شەو خۆیان پێ دابپۆشن و بە ڕۆژیش خۆیان پێ لە تیشکی خۆر بپارێزن... ".
"د. بژار بێباوی" باس دەکات و دەڵێت:" پیرەمێردێکم بینی لەگەڵ کوڕەکەی بوو، تەمەنی زیاتر لە (٦٥) ساڵان بوو کوڕەکەی تەمەنی (٣٥) ساڵ دەبوو، وتی: تەنیا من و کوڕەکەم لێرەین و زیندوو ماوین، وتی زیاتر لە (٨٥)کەسمان گوللە باران کران، کوڕەکەی وتی منیش لەگەڵیان بووم و ڕەمی کرام بەڵام کەوتمە ژێر لاشەکان و دواتر خۆم گەیاندە سەر ئەو چیایە".
"د.عبدالرحمن شەوکەت"وتی:" بەراستی ئیرادەی خەڵکەکە زۆر بەهێز بوو، ئەوان توانای بەرگرییان زۆر بوو، کورد و کوردستان چەندین جار دووچاری ڕاگواستن و ئەنفال و جینۆساید و داگیرکردن و ئاوارە بوون بوونەتەوە، لە بن هەر بەردێك تراژیدیایەك هەبوو و تاوانێکی گەورە بەدیدەکرا.

یەکێك لەو دیمەنە ناخۆشانەی بینیم ئافرەتێکی نەخۆش کە دووگیان بوو، لە دوورەوەی ئێمە واتە بنکە تەندروستیەکەی ئێمە لە هۆش خۆی چووبوو، ئێمەش چووین و فریای کەوتین و پشکنینمان بۆی کرد، ئەو لە برسان و لە تینوویەتیان وای بەسەر هاتبوو، مرۆڤ هەبوو پێڵاوی نەبوو پێیەکانی ئازاری چەشتبوو و بریندار بوو.

ئەوانەی چارەسەرمان دەکردن و ئەوانەی بینیمان هەردوو دیمەنەکان جەرگ سوتێن بوون".

لەسەر پردی فیشخابووریش ئۆتۆمبێلێکی فریاکەوتنی گەڕۆکی تەندروستی وەستابوو هەریەك لە ئاوارەکان پێویستیان بە چارەسەری سەرەتایی هەبوایە بۆیان دەکرا، بە پێی گوتەی پزیشکەکانی ئەوێ زۆربەی نەخۆشەکان منداڵن کە دووچاری وشکبوون بوونە و هەناویان وشك بووە بە هۆی نەبوونی خواردن، هەروەها نەخۆشیەکانی ڕشانەوە و سکچوون و ئێمەش بە پێی حاڵەتی نەخۆشەکان ئەگەر لەلامان چارەسەری بۆ کرا چارەسەریان بۆ دەکەین، ئەگەر چارەسەری نەبوو رەوانەی نەخۆشخانەکانی زاخۆ و دهۆکیان دەکەین، نەخۆشیەکانی پێست و سوتانی پێست لە نێو هەندێك لە کەسەکانیش هەبووە.

## تراژیدیای (٢٦)

## له برسان له هۆش خۆیان دەچوون

دایك و باوك و خوشكەكەیان بەر تەقینەوەی تیرۆرستان كەوتووبوون، بە بێ دایك و باوك و كەس و كار لە ناو یەكێك لە كەمپەكان دوو خوشك و دوو برا نیشتەجێ ببوون.
دەستپێكی چیرۆكی ئەم خێزانە ئاوارەیە بۆ بەر چەند ساڵێك دەگەڕێتەوە، كاتێك ئەم خێزانە بەرەو شاری موسڵ دەچوون و لە ڕێگادا دەكەونە بەر بۆسەیەكی تیرۆرستان لە ئەنجامی ئەم كردەوە تیرۆرستیەدا دایك و باوك و یەكێك لە خوشكەكانی گیانیان لە دەست دا دوو كەسی تریشیان بریندار دەبن، خوشكە گەورەكەیان كە تەمەنی (٢٠) ساڵە سەرپەرشتیاری خانەوادەكەیەتی دەڵێت:" ئێمە وەكو هەموو خەڵكی تری ئێزیدی ئاوارەی چیای شنگال بووین، دوو ڕۆژی یەكەم تەنها یەك ژەمە خواردنمان دەست كەوت".
ئەمە قسەی "عالیای" تەمەن (٢٠) ساڵ و سەرپەرشتیار و كچە گەورەكەیانە، خوشكەكەی تریان تەمەن (١٢) ساڵ و برایەكی (٩)ساڵان و برایەكیشیان (٧)ساڵان،"عالیا" وتی:"دوای ئەوەی خانەوادەكەمان لە لایەن تیرۆرستانەوە لە ڕێگای موسڵ كوشباران كران جگە لە لەدەستدانی دایك و باوك و خوشكەكەم، برایەكیشم كە ئەوكات تەمەنی(٤) ساڵان بوو حەوت كوڵلەی بەركەوت ئێستاش سێ كوڵلە لە ناو جەستەیدا ماون و قاچێكی توانای ڕۆیشتنی نەماوە كەم ئەندام بووە، چەند ساڵێكە بەم ئێش و ئازارە دەناڵێنێت"،"عالیا" لە درێژەی بەسەرهاتەكانی ژیانیاندا باس لە خوشكەكەی تری دەكات و دەڵێت:" ئەویش بە (١٥) ساچمەی كوڵلە بریندار بووە، بەڵام ئەو تەندروستی لە براكەم باشترە، باوكم تاقانە بوو بۆیە ئێمە كەسوكارمان زۆر كەمە، لە چیای شنگال ژیانمان زۆر ناخۆش بوو بە هۆی نەخۆشی براكەم و نەبوونی خواردن و ئاو و خۆراك هەندێ جار تا دوو ڕۆژ یەك لەتە نانمان دەست نەكەوتووە زۆرجار خوشك و براكانم لە برسان لە هۆش خۆیان دەچوون".

## تراژیدیای (٢٧)

## ناچارکران ئیسلام ببن

نزیکەی (٥٠) پەنجا کەسێك دەبوون لە پاسێکی گەورەی نەفەر هەڵگر سوارکران، چەند چەکدارێکی ڕیش درێژ و جل و بەرگ درێژیان لەگەڵ دابوون، هەندێك لە چەکدارەکانیش دەم و چاویان بە قوماشێکی ڕەش داپۆشیبوو، خەڵکەکەیان برد بۆ سەر زێیەکی بچوك و خەڵکەکە دابەزین و چەکدارەکانیش هەریەك لە شوێنێك وەستان و پاسەوانیان لەو کەسانە دەکرد، ئەو پەنجا کەسە کە هەرهەموویان میرمنداڵ و گەنج بوون تەنانەت منداڵی کەمتر لە (١٠) دەساڵانیش لە نێوانیاندا دەبینرا، ئەوان جل و بەرگەکانیان داکەند و تەنها جلی ژێرەوەیان لەبەردا مابوو، ئەوان چوونە ناو ئاوی زێکەوە خۆیان دەشووشت.

مەبەستی چەکدارەکانی داعش لەم شوشتنەی ئەوان، خۆپاککردنەوە بوو لە هەموو گوناهەکانیان.

دواتر لە ئۆتۆمبێلەکە سوارکرانەوە و بەرەو شوێنێکی تر ڕۆیشتن، ئەم شوێنە وەك مزگەوتێکی بچوك وابوو، بەڵام هیچ ناونیشان و تایبەتمەندی مزگەوتی پێوە دیار نەبوو، لەوانەشە هەر هۆڵێکی بچوك بێت نەك مزگەوت، لەبەر دەرگای ئەم هۆڵە ئۆتۆمبێلێکی سەربازی کە دۆشکەیەکی لەسەر بوو دەبینرا، چەکدارێکیش کە دەم و چاوی داپۆشی بوو لە ئامادەباشیدا بوو چاوی بەم لاو بەولا دەکێشا و پاسەوانی شوێنەکە و خەڵکەکەی دەکرد، لە پێش ئەم ئۆتۆمبێلەش نزیکەی (١٠) دە کەسێك وەستابوون کە هەندێکیان چەکدار بوون و جل و بەرگی درێژیان لەبەر دابوو هەندێکیشیان دشداشەی عەرەبیان لەبەر بوو، لە پێشوازی ئەو کوردە ئێزیدییانەدا بوون کە لە پاسەکە دادەبەزین یەك بە یەك بە دوای یەکەوە دەچوونە دەستی ئەو(١٠) دە کەسەی لە پێشوازییان، (تەوقەیان) دەکرد و ملیان ئەدا بە مل و باوەشی یەکتردا، وەك ئەوەی کەسێکی خۆشەویستیان لە سەفەرێکی دوور و درێژ گەڕابێتەوە بەم شێوە مەراسیمە هەموویان چوونە ناو هۆڵەکە و بە ڕیز دانیشتن، لەم لای دیواری هۆڵەکە دوو ئاڵای ڕەش هەڵواسرا بوون کە قەبارەیان مەترێك بە مەترێك دەبوو بە ڕەنگی سپی لە سەرەوەی ئاڵاکە نوسرابوو (لا اله الا الله) لە ناوەڕاستی ئاڵاکەش بازنەیەکی سپی هەبوو لە ناو بازنەکەش بە ڕەنگی ڕەش نوسرابوو (الله) کە ئەمەیان لە سەرەوە بوو لە ناوەڕاستیش نوسرابوو(رسول) لە خوارەوەش نوسرابوو (محمد)، لە سەر شێوەی مۆری پێغەمبەر محمد (ص) دروستکرابوو.

لە پشت خەڵکەکەش ئاڵایەکی تری هەمان شێوە و قەبارە هەبوو، پیاوێکی جل و بەرگ ڕەش و ڕیش درێژ مەندیلێکی ڕەشی لەسەر بوو وەك مەلایەك دەردەکەوت بەڵام جیاواز لەو هەموو مەلایانەی کە من تا ئێستا بینیوومە چونکە مەندیل و جل و بەرگ ڕەشم نەبینیوە، ئەوەی کە تا ئێستا بینیومانە هەر زیاتر ڕەنگی جل و بەرگەکانیان سپی بوونە، ئەم کەسە بۆ پێشکەش کردنی وتار وەستابوو، کوردە ئێزیدییەکانیش دانیشتبوون، بە چەند ئایەت و نزایەک دەستی پێکرد.

خەڵکەکە هەموویان بە بێدەنگ بە ترسەوە دانیشتبوون و گوێیان بۆ دەگرت لە روخساریان ترس و دڵەراوکێیەکی لە رادەبەدەر بەدی دەکرا، ئینجا وتی هەمووتان دووجار ئەمە بە دوای منەوە بڵێن (اشهدو..................)

ئەوانیش هەموویان ئەمەیان بە دوایدا دەگوتەوە و پەنجەی (شەهادە)یان بەرزکردەوە، پاشان هەموو هەستانە سەر پێ و ڕیز لە دوای ڕیز وەستان نوێژێکی بە کۆمەڵیان کرد، چەند چەکدارێکیش چاودێری ئەو کەسانەیان دەکرد، لە ناو خەڵکەکەدا، زۆر بە ڕوونی بەدیدەکرا کە لە ژێر گوشار و هەڕەشەدان، دەکرێ هەر لە ژێر ئەم گوشارانەشدا بەم ئەرك و مەراسیمە هەستابن، چونکە پێش ئەمانە گوندێکی گەورە کە ژمارەیان زیاتر لە (١٦٠٠) کەس دەبوون ئافرەت و منداڵەکان دەستگیر کران و پیاوەکانیش دەستە دەستە کۆمەڵکوژ کران و خرانە گۆڕی بەکۆمەڵەوە چونکە ئەوان ئیسلام بوونی خۆیان ڕانەگەیاند، بێگومان ئەوانەش لە ترسی مردن و هەمان چارەنووس ناچار بەم ئەرکە هەڵبستن.

**تراژیدیای (٢٨)**

## ترا‌ژیدیای ئێزیدیەکان قڕکردنی نەتەوەیەك

جینۆسایدی خەڵکی سڤیلی شنگال و ناوچە کوردستانیەکانی دیکە لە لایەن تیرۆرستانی داعش و شۆڤێنیەکانەوە تەواوکەری زنجیرە کۆمەڵکوژیەکانی ئەنفال و پرۆسەی قڕکردنی نەتەوەی کوردە، ئەم تاوانە قێزەوەن و وەحشیگەرییە جیهانی بە ئاگا هێنایەوە بەوەی ناوچەیەکی ئارام و شوێنێك بۆ پێکەوە ژیانی نێوان نەتەوە و ئایینزاکان کەوتۆتە بەردەم ڕووبەڕوو بوونەوەی تیرۆرستانی جیهانییەوە. ناکرێت لەم چەرخەدا منداڵ و لاو و پیر و پەککەوتە لە سەر کورد بوون و ئایینیان بکوژرێن و ژن و کچەکانیشیان بڕفێندرێن و بە دەیان هەزار کەسیش بێ نان و ئاو لە چیای شنگال گەمارۆ بدرێن.
لە پەرستگای لالش زیاتر لە(٥٠٠) خێزانی ئاوارەی ئێزیدی تێدا نیشتەجێن، هەر کەسەو چیرۆکێکی پڕ لە مەرگەساتی بەسەرهاتووە، کە بە نیگەرانی و خەمبارییەکی زۆرەوە باسی دەکەن.

### دۆشکەی سەر هامەرەکان گوڵلەڕێژیان کردن

"کاتژمێر ٢:٣٠ی نیوە شەو بوو داعشە شۆڤێنییەکان بە هاوەن پەلاماری ناوچەی گرزرێ و شێخ خدریان دا و چەندین منداڵ و ئافرەت و پیر و پەککەوتەیان کوشت و ترس و تۆقانێکی گەورەیان دروست کرد، کاتێکیش خەڵکی سڤیل رژانە سەر شەقامەکان و بە لێشاو ڕایان دەکرد، بە دۆشکەی سەر هامەرەکان گوڵلەڕێژیان کردن و ژمارەیەکی زۆری خەڵك کوژران، ئەوەی دەربازی بوو بۆ شاخی شنگال ڕایکرد، بە سەدان گەنج و لاویش بەدیل گیران و ئافرەتەکانیشیان ڕفاند". ئەوە قسەی "کریت سەعدۆ" بوو، ئەو پیاوێکی ئاوارەی ئێزیدییە و ئاوارەی پەرستگای لالش بووە، "کریت" بە هەناسە ساردی و خەمبارییەکی زۆرەوە باسی کوشتنی ئێزیدیەکان لە لایەن چەکدارانی داعشەوە دەکات و بێ سەر و شوێن کردنی ئافرەتانیان بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە دەدوا و وتیشی سێ ئامۆزای لەو هێرشەدا شەهید بوون.

### ئەوەی لە چیاکە بهاتایەتە خوارەوە، گوڵلەباران دەکرا

"جوندی ئەلیاس" لاوێکی ئێزیدییە و ئەویش باسی مەینەتییەکانی خۆیان لە سەر چیای شنگال دەکات و دەڵێت:"ئەوەی لە چیاکە بهاتایەتە خوارەوە، بێ بەزەییانە لە لایەن داعشەکانەوە گوڵلەباران دەکرا، ئەوەشی لەوێ مایەوە ژمارەیەکیان لە تینوویەتی و برسان و لە بەردەم گەرمایەکی کوشندە گیانیان لە دەستدا. گوتیشی: دوای ئەوەی پێشمەرگە چەند کاتژمێرێك شەڕیان کرد،

تیرۆرستانی داعش پێشڕەوییان کرد و ئیتر خەڵکی ڕایانکردە سەر چیای شنگال، لەوێ بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ و شەو لە چیا بێ نان و ئاو ماینەوە، ئەو کۆمەك و خواردنەشی کە لە ڕێگەی فڕۆکە فڕێ دەدرایە خوارەوە، بەشی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵکی نەدەکرد، هەر بۆیە زۆر لە منداڵ و پەککەوتە و ئافرەت لەو چیایە مردن".

**کێ قبووڵ دەکات کچەکەی بڕفێندرێت و کڕین و فرۆشتنی پێ بکرێت؟**

"خەلیل باپیر" خەڵکی یەکێك لە کۆمەڵگەکانی شنگالە گوتی:"داعش و عەرەبە خۆفرۆشەکانی هاوکاری داعش بێ شەرمانە شەڕی قڕکردنی ئێمەیان کرد، کار گەیشتە ئەوەی لە سەر چیایەك بانگیان کردینە خوارەوە و گوتیان: ناتان کوژین، کەچی کاتێك نزیك بووینەوە، بە دۆشکەی سەر هامەر و سەر پیکابەکان ئێمەیان دایە بەر گوللە و هیچ گوێیان بە گریانی منداڵ و هاواری ئافرەتەکانیشمان نەدا و (٦٤)کەسیان لێ کوشتین، ئەمە قڕکردن و سڕینەوەی ئێمەیە، ئیتر چۆن جارێکیتر متمانە بە پێکەوە ژیانی عێراق بکەین؟ لەو بۆسەیەدا بێ شەرمانە هەندێك ئافرەتیان بردین، نازانم چ ئایین و ویژدانێك ڕێگە بەو دەستدرێژی کردنە بۆ سەر نامووسی نەتەوەیەك دەدات؟ داعشییەکان شەرم ناکەن و بۆ ئیهانە کردنی کوردان تەلەفۆن دەدەنە ئافرەتەکانمان لە موسڵەوە قسە لە گەڵ خێزانەکانیان دەکەن و دەڵێن ئێمەیان دەستبەسەر کردووە و دەمانفرۆشن، کێ قبووڵ دەکات کچەکەی بڕفێندرێت و کڕین و فرۆشتنی پێ بکرێت؟ ئەوەتا یەکێك لەو ئافرەتانەی دەربازی بووە، بۆی گێڕاینەوە کە ژمارەیەکی زۆری کچەکانمان خۆیان کوشتووە، کچی ئێزیدی تەعەدای لێ بکرێت، خۆی دەکوژێت".

ئیتر فرمێسك و خەم ناخی خەلیل باپیر"ی گرت و چیدی نەیتوانی قسە بکات. بۆیە ڕوومان کردە هەریەك لە "عۆدیا ڕەشید و سەباح سەبری" کە خەڵکی گوندی شێخ خدری بوون لە سنووری شنگال، ئەوان سەرەتا باسی ئەوەیان کرد کە خۆیان لە شەڕدا بوون لە گەڵ داعش، بەڵام چەکی پێشکەوتووی ئەمریکی و ژمارەی زۆریان و هاوکاری گوندە عەرەبەکان بۆ داعشەکان وای کرد تەرازووی هێز تێك بچێت و زیاتر لە(٥٠٠)کەسمان لێ بکوژرێت، جەختیشیان لەوە کردەوە کە لە لایەن عەرەبەکانی ناوچەکە بە لۆری چەك و تڤەنگیان بۆ داعشەکان دەهێنا و ئەوانیش بە لێشاو و بە دەستدرێژی گوللەی دۆشکە و قەناس گوللەبارانیان دەکردین و بەزەییان بە منداڵ و ئافرەتەکانیشدا نەدەهات.

**پیاوە بە تەمەنەکان لە بەرچاومان بە هێواشی گیانیان لە دەست دەدا.**
"سەبری خەلەف" وەك خۆی باسی کرد دانیشتووی سەنتەری شنگالە و ئەویش بە نیگەرانییەکی زۆرەوە گوتی:"کاتژمێر نزیکەی سێی نیوەشەو بوو کەوتینە بەر پەلاماری تیرۆرستان، چەندین کچ و ئافرەتیان رفاندووین و تا ئێستا سۆراخیان نازانین، دەڵێن لە ناو شار و گوندە عەرەبەکان داعشەکان کڕین و فرۆشتنیان پێ دەکەن و هەندێکیان خۆیان کوشتووە، دیمەنی گریانی ژن و منداڵ و پیاوی پەککەوتە هەرگیز لە زهنیەتمان ناسڕێتەوە، هەبوو منداڵی لە برسان و لە تینوویەتی دەگریا، هەبوو گیانی دەدا، زۆر ناخۆش بوو، منداڵان بێ شیر بوون، پیاوە بە تەمەنەکان لە بەرچاومان بە هێواشی گیانیان لە دەست دەدا".

**ناتوانین لە گەڵ عەرەبێکی عێراقی بە هاوبەشی بژین**
"شەمۆ خەلەف" هاوولاتییەکی دیکەی ئێزیدییە و داوای دیاریکردنی چارەنووس و گەڕانەوەی ئافرەتە رفێندراوەکانیان دەکات و دەڵێت:"داوا لە سەرۆکی هەرێم دەکەین پەیوەندییەکانی لە گەڵ عەرەبە عێراقییەکان و سەرۆك هۆزەکان بەکار بهێنێت، تاوەکو دیلە ئێزیدیەکان و بە تایبەتی ئافرەتەکانمان بۆ دەرباز بکەن، دەنا هەرگیز و هەرگیز ئێمە ناتوانین لە گەڵ عەرەبێکی عێراقی بە هاوبەشی بژین"، گوتیشی:"کەست دیوە ئافرەتێ بڕفێنن و تەعەدا لە نامووسی بکەن و دەست بخاتەوە ناو دەستی ئەو عەرەبە شۆڤێنییانەی کە هاوبەشی جێبەجێ کردنی ئەو تاوانە گەورەیە بوون؟".

**جارێك لە بەر کورد بوونمان، جارێکیش لە بەر ئایینەکەمان**
"هاشم خودێدا" ئاوارەیەکی ئێزیدییە و ئەویش بەم جۆرە باسی لە دڕندایەتی داعشەکان کرد:"ئێمە دوو جار ئەنفال کراین، جارێك لە بەر کورد بوونمان، جارێکیش لە بەر ئایینەکەمان".

**سەریان بڕی**
رەنگە چیرۆکی تراژیدیای ئێزیدیەکان زۆر بن، بەڵام یەکێک لە ناخۆشترینیان دیمەنی ئەو دوو خوشکە تەمەن (٩ و ١٠) سالانە بوو، کە باسیان لە سەر بڕینی باوکیان کرد، کچە تەمەن نۆ ساڵەکە لە ناو پرمەی گریاندا گوتی:"چەندین چەکداری داعش لە بەر چاوی خۆم و خوشکەکەم لە باوکمیان

دا و بەستیانەوە و دواتر سەریان بڕی، ئەو هەر هاواری دەکرد و دەیگوت: بەس منداڵەکانم مەکوژن، دواتر گیانی دا و مرد".
ئەم دوو کچە دوای ڕۆیشتنی داعشەکان لە لایەن چەند خێزانێکەوە داڵدە دەدرێن و لە گەڵ خۆیان بردبوویانە سەر چیاکە و لەوێش لە لایەن ئافرەتێکەوە بە ناوی "گوڵی عەلی حوسێن" کە ئاوارەی ئێزیدییە بەخێو دەکرێن. "گوڵی" داوا لە خێرخوازان دەکات هاوکاری ئەو دوو کچە منداڵە و منداڵە بێ دایك و باوکەکانی تریش بکەن، بۆ ئەوەی نەمرن.
ئێزیدیەکان گرانترین قوربانییان داوە، ماڵ و خاك و زێدی خۆیان لە دەست داوە، کۆمەڵ کوژ کراون، ئافرەتانیان رفێندراون و لە بازاڕەکانی داعشدا مامەڵەیان پێوە کراوە، بۆیە زۆربەی ئاوارەکان ئەوەیان دووپات دەکردەوە کە جارێکی دی متمانە بە عەرەبەکانی دەڤەرەکەیان ناکەن، بە تایبەتی دوای ئەوەی بۆیان دەرکەوتبوو کە ژمارەیەکی زۆری عەرەبی هاوردەی شنگال هاوکاری داعشەکان بوون و بگرە ئەوانیش تەقەیان لێکردبوون، هەر بۆیە ئەوان داوای پاراستنی نێودەوڵەتییان دەکرد.

## جینۆسایدێکە دژ بە هەموو کورد

"بابە شێخ خرتۆ" مەرجەعی ئایینی ئێزیدی سەبارەت بە رەوشەکە بەم جۆرە هاتە ئاخاوتن:"ئەوەی بەرامبەر کوردانی ئێزیدی کراوە، لە مێژوودا دەگمەنە و تاوانی بەو شێوە دڕندانە و بێ بەزەیی و وەحشیگەرییانە ڕووی نەداوە، داعشەکان ئەو کوشتن و کۆمەڵکوژییەی دەرهەق بە ئێمەیان کرد، جینۆسایدێکە دژ بە هەموو کورد، ئێزیدییەکان قوربانییەکی زۆر گەورەیان دا، کوژران، کچیان رفێندرا، ماڵ و حاڵیان دزرا، دەربەدەر کران و لە برسان و تینوویەتیدا لە چیا منداڵ و ئافرەت و پیاو و پەککەوتە گیانیان لە دەست دا، ئێستاش لە بارودۆخێکی ناهەمواردا، لە کۆچە و کۆڵان و ناو بینایەی رووخاو و لە پەرستگا و شوێنە گشتییەکان و لە ناو خەیمەدا دەژین و لە بارودۆخێکی زۆر خراپدان، هەر بۆیە داوا لە سەرۆکی هەرێم و سەرکردایەتی کوردستان و هێزی پێشمەرگە دەکەم، بە هەموو هێز و توانا و بێ بەزەییانە ڕووبەڕووی داعش ببنەوە و ئەوانەی هاوکاریشیان کردن، بە توندی سزایان بدەن".
گوتیشی:"ئێمە پێویستیمان بە پارێزگاری سەرکردایەتی کورد هەیە، پێویستە ئەم قڕ کردنە بگەیەنرێتە مەحافیلە دەولییەکان و جیهان زیاتر لێی بە ئاگا بهێنرێت و پیاوانی ئایینی و مامۆستا و زاناکان زیاتر بێنە قسە و کۆمەڵکوژی کوردانی ئێزیدی ریسوا بکرێت".

"بابە شێخ خرتۆ"لە درێژەی قسەکانیدا بە توندی ئیدانەی رفاندنی ئافرەتانی ئێزیدی کرد و گوتی:"من نازانم چ مەزهەب و نەتەوەیەك ئەوەندە بێ غیرەتە کچ و ئافرەت بڕفێنێت و دواتر بیفرۆشێت، ئەوان مرۆڤی بێ گوناهن و دەسەڵاتیان نییە، خوا داوامان لێ دەکات بە بەزەیی بین و تەعەدا نەکەینە سەر عەرز و نامووسی هیچ کەسێك. کوردستان بە درێژایی مێژوو شوێنی پێکەوەژیان و لێبوردەیی بووە، ئێتر بۆ چاویان پیی هەڵنایەت، هەرچی کەمینە و زۆرینەی نەتەوە و ئایین و ئایینزا هەیە، پەنای بۆ کوردستان هێناوە، لە خۆشی و ناخۆشیدا هاوخەمی یەکتر بووین. هەر بۆیە داواکارین هێزی نێودەوڵەتی ئەو پێکەوەژیان و لێبوردەییەی هەرێمی کوردستان بپارێزێت".
گوتیشی:"من شانازی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکەم کە خوێن و قوربانی بەخشییە میللەتەکەی و پارێزگاری لە عەرز و نامووسی کورد و کوردستانییەکان دەکەن، ئەوان نەبوونایە تیرۆرستان لە هەموو شارێکی کوردستان شنگالێکی تریان دروست دەکرد و خەڵتانی خوێنیان دەکرد".
لە بەشی کۆتایی قسەکانیدا "بابە شێخ خرتۆ" گوتی:"ئەو کارە دڕندانەی داعش دەرهەق بە خەڵکی سڤیلی شنگال کردیان، کیمیابارانی هەڵەبجەمان بە بیر دەهێنیتەوە، هەر بۆیە کاتی ئەوە هاتووە پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێم و رێکخراوەکان لە هەوڵی ئەوەدا بن، تاوانی شنگال لە ئاستی جیهانیدا بە جینۆساید بناسێنن و بە فریای لێقەوماوەکانی کوردی ئێزیدی بکەون، چونکە ئەوان لە بارودۆخێکی ناهەمواردا دەژین و باری دەروونییان تێکچووە، بە هاتنی وەرزی زستانیش بە هیلاك دەچن و ڕۆژانە لێرە و لەوێ منداڵ و پیاوی بەساڵاچوو و پەککەوتە دەمرن".

## لە ڕووی دەروونییەوە زیانی گەورەیان بەرکەوتووە

لە لای خۆیەوە قایمقامی شێخان "ئیسماعیل مستەفا"، وتی:"ئەو کارە قێزەوەنە و کۆمەڵکوژی ئێزیدییەکان ترس و تۆقانێکی وای دروست کرد، بە لێشاو خەڵکی ماڵ و زێدی خۆیان بە جێ هێشتووە و ڕوویان لە ناوچە ئارامەکانی کوردستان کردووە، بە تایبەتی دوای ئەوەی لە لایەن داعشەوە داوایان لێ کرا ببنە موسڵمان، ئەگینا دەکوژرێن و کچەکانیشیان دەڕفێنن".
گوتیشی:"هەموو خێزانێکی ئێزیدی مەینەتی و مەرگەساتێکی گەورەی بە سەر هاتووە و لە بارودۆخێکی خراپی تەندروستیدان و لە ڕووی دەروونییەوە زیانی گەورەیان بەرکەوتووە، بە تایبەتی دوای ئەوەی لەبەر چاویان کۆمەڵکوژی کراوە و بە درێژایی مانگێك خۆشەویستانیان لەبەر چاویان لە

برسان و مەینەتی مردوون. گوتیشی: گەر بە ڕێکوپێکی تاوانەکانی داعش لەم ناوچە کوردستانییانە تۆمار بکرێت و بە دیکۆمێنت بکرێن و بە دنیای دەرەوە بناسرێنرێت، ئەوا بە هیچ شێوەیەك جیهان قبوڵی ناکات لەم سەردەمەدا کاری وا قێزەوەن و جینۆسایدی نەتەوەیەك بەو چەشنە ئەنجام بدرێ".

قایمقامی شێخان ئەوەشی خستە ڕوو کە نزیکەی شەش هەزار خێزانی دیکەی ئێزیدی ڕوویان لە سەنتەری شێخان کردووە و تەنیا لە پەرستگای لالش زیاتر لە(٥٠٠)خێزانی تێدا نیشتەجێ کراون. ئەوەشی دووپات کردەوە کە بارودۆخی ئاوارەکان باش نییە، چونکە خێزان هەیە پیاوەکەی شەهید بووە، یان جگەرگۆشەکەی مردووە، هەشمانە ئافرەت و کچەکانیان رفێندراوە، تەنانەت خێزانمان هەیە ئەندامەکانیان لە یەکتر دابڕاون و خێزان هەیە منداڵی بێ دایك و باوك بە خێو دەکات، ئەوان بێ پارە و جل و بەرگ هەڵهاتوون و زیانی گیانی و ماددی و دەروونی زۆریان پێ گەیشتووە، ئەو تاوانە ڕەشە کوژییە تەنیا بە سەر ئێزیدیەکاندا نەهاتووە، بگرە کوردی شەبەك و کوردستانییەکان و کریستیانەکان و هەموو پێکهاتەکانی تری کوردستان لەم ناوچانەدا کەوتوونەتە بەردەم ئەنفالێکی تر، پێویستە کارەساتەکە وەکو خۆی بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بگەیەندرێت، تا وەکو جارێکی تر کوردەکان ئەنفال و جینۆساید نەکرێن و ئیتر لە عێراقدا کۆمەڵکوژ نەکرێن.

## ترا ژیدیای (٢٩)

## کچە کەڕ و لاڵەکەشم رفێندرا

"محبت بشار عتو" خەڵکی گوندی (گرزەرك) دەڵێت:"کاتژمێر دووی شەو بە هۆی بۆردومان و دەنگی تەقە و گولە هاوەنی چەکدارەکانی داعش لە خەو راپەرین و منداڵەکانمان لە خەو هەستاند و بەرەو ماڵی باوکم رۆیشتین بەڵام لە رێگا زانیمان منداڵە گەورەکەمان لە ماڵ بە جێ هێشتووە بۆیە گەڕاینەوە ئەویشمان لە خەو هەستاند و رۆیشتین بۆ ماڵی باوکم، لە ماڵی باوکمیش هەموومان کۆبوینەوە نەدەوێراین بچینە ژوورەوە دەترساین خانووەکە بەر بۆردومان بکەوێت و بەسەرماندا بروخێت، تا کاتژمێر (٥)ی بەیانی دواتر رێگای چیامان گرتەبەر لە رێگا پێڵاوەکانم دڕان و بە پێخواسی رێگام گرتەبەر و چەکدارەکانیش خەڵکەکەیان بۆردومان و گوللە باران دەکرد، یەکێك لە مامەکانم کوڕە بچوکەکەی لە باوەش بوو بەرەو چیا ڕامان دەکرد، بەڵام گوللەیەکی چەکداران بەری کەوت و دەم و دەست گیانی لە دەست دا، هەندێك لە خەڵکەکەش بە هۆی گوللە هاوەنەوە گیانیان لە دەستدا و ئەوان بە هەرەمەکی تەقەیان دەکرد و داروبەرد و مرۆڤیان دەپێکا، من و هاوسەرەکەم بە تەمای کچە (٩) مانگیەکەمان نەبووین کە زیندوو بمێنی چونکە خواردن و شیر و خواردنەوەمان نەبوو، بەڵام شوکر بۆ خوا بە زیندوو گەیشتە شوێنە ئارامەکان، کچێکی برام کە ناوی (مایا) بوو لە چیا بە هۆی برسیەتیەوە گیانی لە دەستدا.

ئێمە هەشت ڕۆژ لە چیا بووین، خواردن و خواردنەوەمان زۆر زۆر کەم بوو.

(١٢) کەس لە ماڵ خاڵم رفێندراو و بەدیل گیراون کە (سێ کچ و سێ کوڕ و بوکێکیان و چوار منداڵ و دایکیان) واتە خاڵۆژنم و ئەو دواتر لێیان جودا کراوەتەوە و براوەتە شوێنێکی تر و ئەوانیش هیچ لە چارەنووسی دایکیان نازانن.

(٢٠) کەسیش لە ماڵی مامم ( سێ کچی مامم و سێ بووك و کوڕەکانی مامم و دوو مامۆژنم و کچە کەڕ و لاڵەکەم و هەشت منداڵیان و منداڵێکیان لە شوێنی زیندانیکردنیان لە ژێر دەستی داعش لە دایکبووە، وتیان پێویستە ناوی بکەنە (محمد).

کچە کەڕ و لاڵەکەم هەوڵی خۆکوشتنی داوە چونکە هەرگیز ئەو رەفتار و شتانەی بە چاوی خۆی نەبینیوە و گوێیشی لە هیچ شتێ نیە و ئەو نازانێ داعش چیە و چیان دەوێ و بۆ وایان لێ دەکەن. دواتر کچەکەم لە چەکدارەکان پاڕاوەتەوە کە رزگاریان بکەن و خۆی خستووەتە ژێر پێی ئەمیەرەکەیان و

پێڵاو و ڕیشی ئەمیری داعشی ماچ کردووە بۆ ئەوەی ئازادیان بکات بە ئیشارەت پێیانی وتووە، بەڵام بێ سوود بووە
"محبت" لە درێژەی گێڕانەوەکەیدا وتی:" ئەوە(١٠) ڕۆژە ئاگاداریان نیم و تەلەفۆنەکەیان شاردبووەوە و بە نهێنی قسەیان لە گەڵ ئێمە دەکرد، بەڵام وا دیارە ئەم تەلەفۆنەشیان لێ ئاشکرا بووە و لێیان سەندوون".
ئافرەتەکانمان ئەوانەی بەدیلگیراون وتیان؛چەکدارەکان پێمان دەڵێن:(پێویستە ئێوە ئایینتان بگۆڕن و دووبارە بە شووتان بدەینەوە).
هاوسێ عەرەبەکانمان کە (کریڤی خوێن) بوونە، خیانەتیان لێ کردووین و بە مەبەستی دزینی سەروەت و سامان و ماڵمان پیاوەکانی ئێمەیان کوشتووە ئەوانەی لە ماڵدا بە جێ مابوون.
مامم لە ماڵەوە بە جێ مابوو، بەڵام عەرەبە ناسیاوەکانمان چووبوون مامیان کوشتبوو، تەنیا بۆ ئەوەی کەل و پەلی ناو ماڵ و پارە و شتەکانمان ببەن و بدزن، چەند کەسێکی تر لە گوند ماون پەیوەندیان بە ئێمەوە کرد و ئەو ڕووداوانەیان بۆ باس کردین کە بە چاوی خۆیان بینیبوویان.
کوڕی "حیدر قاسم باسو" ئەو پیاوەی لە ماڵەکەیدا لە لایەن عەرەبە هاوڕێکانیەوە کوژرا تەنیا بۆ موڵك و ماڵ و پارە و شتی تر، دەڵێت": باوکم لە ماڵەوە بە جێ ماو بەتەمەن بوو وتی؛ من نایەم ئێوە بڕۆن، تا ڕۆژی پێنجەم واتە ٨/٨ هەر پەیوەندیمان هەبوو، ئیتر ڕۆژی دواتر واتە ڕۆژی شەشەم لە لایەن چەتە عەرەبە هاوسێکانمانەوە ئەوانەی ڕێنشاندەر و هاوکاری چەکدارانی داعش بوون، کوژرا، چەند خزمێکی ترمان بە تێل ئەوەیان پێ وتم، وتیان باوکتیان لە ماڵەکەی خۆیدا کوشتووە و شتەکانتانیان تاڵان کردووە".

## تراژیدیای (٣٠)

## مەیسون: منداڵەکانم هێشتا تەمەنیان کەمە و زۆر پێویستیان بە دایکیانە، دڵنیاشم ئێستا لە باوکیان دوور خراونەتەوە

## گوندی ئینشکێ لە ئامێزیان دەگرێت

پارێزگای دهۆك بە هۆی نزیکی لە خاکی سوریاوە، زۆرترین ژمارەی ئاوارە ئێزیدیەکانی لە خۆ گرتووە، بە جۆرێك هیچ بۆشاییەك نەماوە کە ئاوارەکانی تێدا نەبن، پارك و باڵەخانە تەواو نەکراوەکان و شۆستەی شەقامەکان و ژێر پردەکان سەرجەمیان ئاوارەی تێدا دەژین.

گوندی ئینشکێ کە سەر بە پارێزگای دهۆکە و نزیکەی(٢٥)کیلۆمەتر دوورە و دەکەوێتە باکووری شاری دهۆکەوە، ئەو گوندە دیمەنێکی ئێجگار جوان و دڵڕفێنی هەیە، چوار دەوری گوندەکە چیایە و گوندەکە کەوتۆتە نێوانیانەوە، زۆرینەی ژمارەی دانیشتوانی ئینشکێ هاوڵاتی مەسیحین و جگە لە ئاوارە ئێزیدیەکان چەندین خێزانی ئاوارەی مەسیحی تێدا دەژین، خوێندنگە و ناو باخەکان هەمووی ئاوارەن.

لە یەکێك لەو خانووە رووخاوانەی گوندەکە(٧)خێزانی ئێزیدی دەژین، کە سەرجەمیان کەس و کارەکانیان لە لایەن چەکدارەکانی داعشەوە دەستگیر کراون،"مەیسون"یەکێك بوو لەو ژنانەی کە لە ناو خێزانەکەیدا بە تەنها مابووەوە، ئەو خەڵکی شنگالە و هاوسەرەکەی و دوو منداڵی لە لایەن چەکدارەکانی داعشەوە دەستگیر کراون و هیچ هەواڵێکیان نیە، "مەیسون" لە روخساریدا بێ ئومێدییەکی گەورە بەدی دەکرا، وەك خۆی دەیوت:"منداڵەکانم هێشتا تەمەنیان کەمە و زۆر پێویستیان بە دایکیانە، دڵنیاشم ئێستا لە باوکیان دوور خراونەتەوە و کێ ناڵێت بیر و بۆچوونی داعشیەتیان فێر ناکەن".

"مەیسون" دوای ئەوەی منداڵەکانی بە شێوەیەکی قورس گەورە دەکات، چونکە بژێوی ژیانیان باش نەبووە، ئێستاش لە خەمی منداڵەکانی و هاوسەرەکەیەتی و بە تەنها لە گەڵ(٦) خێزانی دیکەی ئاوارەی ئێزیدی کە سەرجەمیان هەمان دەردەسەری و غەمیان هەیە دەژی.

## دابڕانی ئازیزان برسێتی لە بیر بردوونەتەوە

"مەیسون" وتی:"کاك خەڵەف کە ئەویش وەکو ئێمە ئاوارەی ئێزیدیە زۆر هاوکاری کردووین و کوڕەکانی ئەو ڕۆژانە کار دەکەن بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی ئەم ٧ خێزانە". جگە لە کوڕەکانی "خەڵەف"، لە لایەن یەکێك لە قەشەکانی ئەو گوندەوە هاوکاریان دەکرێت، هاوکات لە لایەن رێکخراوە خێرخوازییەکانەوە، بەڵام وەکو "مەیسون" وتی:"ئاگامان لە برسێتی و

ناخۆشی ژیان نیە، هێندەی بیرمان لای کەس و کارەکانمانە و لە چاوەڕوانی هەواڵێکیانداین".
ئەو(٧)خێزانە ئێزیدیە باسیان لەو هاوکارییانەی دانیشتوانی گوندی ئینشکێ دەکرد و دەیان وت، دراوسێکانمان کە لە سەر ئایینی مەسیحین، زۆر هاوکاری و دڵنەواییمان دەکەن، ئەم خانووەی تێیدا دەژین کەلاوەیە و کارەبا و هیچ شتێکی ژیانی تێدا نەبوو، بەڵام بە هاوکاری کەنیسەی گوندەکە و دراوسێ مەسیحیەکان زۆربەی ئەو پێداویستیانەیان بۆ دابین کردووین.
"مەیسون" وتی:"یەکێ لە دراوسێکانمان کە تا ئێستا لە شنگال ماوەتەوە و دەرباز نەبووە، تەلەفۆنەکەی شاردۆتەوە و هەفتەی جارێك ئەگەر مەجالی هەبێت هەواڵی شنگالمان پێ دەڵێت".

## "نورڤان"ی تەمەن (١٣) ساڵان دایك و باوك و(٢) خوشك و(٣) برای لە لایەن داعشەوە دەستگیر کراون

"نورڤان" کچێکی تەمەن (١٣) ساڵان بوو لە هەمان ئەو خانووە دەژیا کە "مەیسون"ی تێدا بوو، ئەو کچە(١٣)ساڵانە دایك و باوك و(٢)خوشك و(٣) برای لە لایەن چەکدارەکانی داعشەوە لە شنگال دەستگیر کرا بوون، کاتێك چەکدارەکانی داعش دەچنە شنگال "نورڤان" لە ژێر زەمینەکەیاندا خۆی دەشارێتەوە، دواتر لە گەڵ خێزانێکی دیکەی ئێزیدیدا دەچێتە چیای شنگال و ماوەی هەفتەیەك بێ نان و ئاو بەرگە دەگرێت، دوای رزگار بوونیشی لە سەر چیاکە لە لایەن "خەڵەف"ەوە رزگار دەکرێت و دێتە گوندی ئێنشکێ، "نورڤان" ئەوەندەی دەگریا بە قەد ئەوە نەیدەتوانی قسە بکا.
تۆ نازانی دایك و باوکم کەی دەگەڕێنەوە؟
"نورڤان" وتی:"من منداڵی بچوکیماڵەوە بووم، زۆر بیری دایکم ئەکەم و نازانم لە کوێیە، بەڵام گوێم لە هاوار و فیزاحی دایکم بوو کاتێك چەکدارەکانی داعش پەلاماریان دەدا و دەیانویسیت ببیەن". "نورڤان" پرسیاری لێ کردم کە ئایا ئێنشکێ بۆ ئەو پارێزراوە و داعش ناتوانێت بێتە ئێرە؟ لە راستیدا ئەوە پرسیارێك بوو منیش نەمدەتوانی گرەنتی بدەمێ هێندە هەبوو لەو کاتەدا وا پێویست بوو بڵێم؛ نەخێر ناتوانن و تۆ لێرە پارێزراویت و دەتوانیت لە لای کاکە "خەڵەف" ئاسوودە بژیت.
قسە کردنی من لە گەڵ "نورڤان" بووە هۆی ئەوەی من کۆنترۆڵی خۆمم لە دەستدا و ئیدی ئەو پرسیاری لێ دەکردم لە بڕی ئەوەی من پرسیار بکەم.

"نورڤان" پرسی: تۆ نازانی دایك و باوكم كەی دەگەڕێنەوە؟ ئەبێت مابن؟ ئەزانن كە من ماوم؟ پرسیارەكانی كچە (١٣) ساڵانەكە بە جۆرێك جەرگ بڕ بوو كە من وەك ڕۆژنامەنووسێك نەمدەزانی بۆ لەوێم ! بڕیارمدا كۆتایی بە كارە ڕۆژنامەوانیەكەم بهێنم و تەنها وەك ئینسان لە گەڵی بدوێم، نەمدەتوانی زۆر بپرسم چونكە دەمزانی خوێ دەكەم بە سەر برینەكەیدا، ئەو دیمەنانەی دەهێنمە بەر چاو كە دەبێت هەرگیز نەیانبینێت، گفتوگۆی من و "نورڤان" بەوە كۆتایی هات كە بەڵێنی بدەمێ وەكو ڕۆژنامەنووسێك هەوڵی جدی بدەم بۆ دەستكەوتنی هەواڵێكی دایك و باوك و خوشك و براكانی.

## تراژیدیای (٣١)

## داعش دەستی لە موسڵمانانی شنگالیش نەپاراستووە

بە فەرمانی "نێچیرڤان بارزانی"، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، نووسینگەیەکی تایبەت بە ئاوارەکانی شنگال لە دهۆك کرایەوە. "د.نوری عوسمان" بەرپرسی ئەو نووسینگەیە و باسی ئامانجەکانی کردنەوەی ئەو نووسینگەیەی کرد و گوتی "رووداوەکانی شنگال تاوانێکی زۆر گەورەیە، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە هەموو ڕوویەکەوە بەدواداچوون بۆ ئەو تاوانانە دەکات، بۆیە بڕیاری کردنەوەی ئەو نووسینگەیەی دا و لە ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٣١ بە فەرمی لە لایەن سەرۆکی حکومەتەوە بڕیاری کردنەوەی درا.

هەروەها گوتی "بۆ ناساندنی ئەو ڕووداوانە بە جینۆساید، ئێمە دەستمان بە کۆکردنەوەی بەڵگە کردووە، ژمارەیەکی زۆر وێنە و ڤیدیۆمان لە سەر ئەو کۆمەڵکوژییە کۆ کردووەتەوە".

جگە لە کوردی ئێزیدی، موسڵمانەکانی شنگالیش بە کۆمەڵ کوژران، "د.نوری عوسمان" دەڵێت:"بەڵگەمان لە لایە نزیکەی ١٠٠ کوردی موسڵمانی ناو شنگال بە کۆمەڵ کوژراون، داعش هیچ جیاوازییەك لە نێوان کوردی موسڵمان و کوردی ئێزیدی ناکات".

## بەیدا ژنێکی موسڵمانی خەڵکی شنگالە لە گەڵ ئەحمەدی کوڕی چیرۆکێکی پڕ لە تراژیدی دەگێڕنەوە.

"بەیدا" ژنێکی موسڵمانی خەڵکی شنگالە، بە بەر چاوی خۆی و پێنج لە منداڵەکانیەوە کە هەموویان تەمەنیان کەمترە لە (١١)ساڵ، چوار کەس لە خێزانەکەیان گوللەباران دەکرێن لە لایەن چەکدارانی داعشەوە، خەسووشی بە جەڵتە گیان لە دەست دەدات، خوشکی هاوسەرەکەشی لە لایەن چەکدارانی داعشەوە دەبردرێت.

"بەیدا ئیدریس" کە هەشت کەس لە خێزانەکەی لە دەستداوە، لە گەڵ "ئەحمەد"ی کوڕی چیرۆکێکی پڕ لە تراژیدی دەگێڕنەوە کە بە سەر خێزانەکەیان هاتووە.

لای "بەیدا" داعش جگە لە کوشتن و سەر بڕین و خوێن مژین هیچ واتایەکی تری نیە، بەیدا لە یەکێک لە قوتابخانەکانی دهۆک کە وەک کەمپ بۆیان دەستنیشان کرابوو لە سوچێکی هۆڵەکەدا هەر پێنج منداڵەکەی لێی کۆ ببوونەوە بە روخسارێکی بێزار و شەکەت و بە هەنسکی گریانەوە دەدوا و

قسەی دەکرد جار جاریش ڕووی وەردەگێڕا بە دەنگی بەرزەوە قسەی دەکرد، "ئەحمەد" و خوشکەکەی کە هێشتان منداڵن بەڵام ئەو دیمەنانەی بینیویانە و ئەوەی کە دیانگێڕایەوە زیاتر لە فلمە ئەکشنەکان دەچوون، ئەوان زۆر بە وردی باسیان دەکرد و لەوانەیە هیشتان لە لای ئەوان کوڵلە باران کردنی باوک و مام و کەس و کاریان لە پێش چاویان خەونێک یاخۆد فلمێکە و ئیتر تەواو...

"بەیدا" دەڵێت:"ئەو بەیانییەی چەکدارانی داعش هاتنە نێو شنگال، برای هاوسەرەکەی تەلەفۆنی بۆ کردوون کە دەبێت ئەوانیش وەکو کوردی ئێزیدی شارەکە جێبهێڵن، ئەوان هەرچەندە موسڵمانن، بەڵام ئاینزاکەیان شیعەیە و ئەگەر ئاشکرا ببن چەکدارانی داعش دەستیان لێ ناپارێزن".

"بەیدا"تەلەفۆنێك بۆ هاوسەرەکەی دەکات کە پۆلیس بووە لە شاری شنگال و ناوی "محەممەد"ە، کاتێك "محەممەد" دەگاتەوە ماڵەوە، دەڵێت لێرە ناڕۆین، بەڵام براکەی رازی نابێت و ئەویش ناچار بە دوای براکەی دەکەوێت.

بەڵام کاتێك دەیانەوێت لە شنگال دەربچن، تووشی چەکدارەکانی داعش دەبن و داوایان لێ دەکەن دابەزن. " ئەحمەد محمد"ی تەمەن (١٠) ساڵان دەڵێت:"لەوێ چەکدارێکی داعش بە مامی گوت تۆ ئەفسەری پۆلیسی، بەڵام مامم رەتیکردەوە، چەکدارەکە دوو گوڵلەی لە قاچی مامم دا و کەوتە سەر زەوی".

"بەیدا" قسەکانی پێ دەبڕێت و دەڵێت:"چەکدارێکی داعش خێزانی شووبراکەمی دایە بەر دەستڕێژی گوڵلە و کوشتی، بەڵام شووبراکەمی هێنایە بەرچاوی هەمووان دەستڕێژی گوڵلەی لێکرد".

ئینجا "ئەحمەد" دەست بە قسە دەکاتەوە و هەموو دیمەنەکانی لە پێش چاو بوو زۆر بە ڕێک و پێکی دەیگێڕایەوە وتی: ئەو چەکدارانە پەڕۆیەکی ڕەشیان لە ناوچەوان بوو لە سەری نوسرابوو( لا الە الا اللە)، "ئەحمەد" بەردەوام بوو وتی:"مامێکی دیکەم کە ئەویش لە گەڵمان بوو، ویستی بەرگری لە براکەی بکات تاوەکو نەیکوژن، بەڵام چەکدارێکی داعش گوللەیەکی لە نێو چەوانی دا و کوشتی و بینیم گۆشتی ناوچەوانی لێ ببووەوە".

چەکدارەکان ئەمجارە تووڕەیی خۆیان بە سەر باوکی "ئەحمەد" خاڵی دەکەنەوە. "ئەحمەد" دەڵێت:"داعشەکان دوو گوڵلەیان لە باوکم دا و بریندارایان کرد، دواتر بە چەکەکانیان هەڕەشەیان لێکردین کە ئەو شوێنە جێبهێڵین، بەڵام من نەمدەتوانی باوکم جێبهێڵم، باوکم زۆر پاڕایەوە کە خۆم رزگار بکەم، بەڵام من نەڕۆیشتم، دواتر چەکدارێکی داعش هات و منی لە باوکم دوورخستەوە".

"ئەحمەد" دەڕوات، بەڵام دەنگی چەند گوللەیەك دەبیستێ و ئاور دەداتەوە دەبینێت چەکدارەکان باوکی گوللەباران دەکەن "بە چاوی خۆم بینیم مێشك لە سەری باوکم هاتە دەرەوە، قەت لە بیری ناکەم".
بەیدا دێتە سەر باسی خەسووی و دەڵێت:"خەسووم جەڵتەی دڵ لێیدابوو، کاتێك ئەو تاوانەی بینی دووبارە جەڵتە لێیدا و مرد، زۆر هەوڵم دا بە هاواریەوە بچم، بەڵام چەکدارانی داعش نەیانهێشت، گوتیان بڕۆن لێرە نەمێنن با ئێوەش نەکوژرێن".
چەکدارەکان هەر بەوەندە نەوەستاون، وەك "بەیدا" گوتی:"کاتێك بینییان کچێکمان لەگەڵدایە، گوتیان بوەستن، پەنجەیان بۆ خوشکی هاوسەرەکەم درێژ کرد و گوتیان لەگەڵمان وەرە، زۆر هەوڵماندا، بەڵام سوودی نەبوو، لەگەڵ خۆیان برد.
"بەیدا"ی دایکی "ئەحمەد" هەشت کەسی لە نزیکەکانی لە دەستداوە، دوای ئەوەی لەو ڕۆژەدا شەش کەسی لە ماڵی هاوسەرەکەی لە دەست دا، دوای سێ ڕۆژ هەواڵی بۆ دێت کە دایك و باوکیشی کوژراون.
"بەیدا" وتی:"لاشەی پڕ لە خوێنی هاوسەر و براکانی و ژن برای هاوسەرم هەرگیز لە یاد ناچێ و بەم دیمەنە پڕ لە خوێناوییە ئەوانم بە جێهیشت بۆ ئەوەی ژیان بۆ منداڵەکانی ترم دابین بکەم".
کچە تەمەن هەشت ساڵەکەی "بەیدا" قسەی بە دایکی بڕی و وتی:"چەکدارە ڕیش درێژ و پەڕۆ بە ناوچەوانەکان وتیان ئێوەش دەکوژین، سەرەتا مامێکم کوژرا دواتر هاوسەرەکەی پاشان مامەکەی ترم کە لە باوکم گەورەتر بوو پاشان باوکم گوللە باران کران... ".
"بەیدا" کە دووگیانە، دەڵێت ئەگەر کوڕی ببێت ناوی لێدەنێت "عەلی"، ئەگەر کچیشی ببێت ناوی لێدەنێت "زەینەب" کە ئەو دوو ناوە لە لای شیعەکان زۆر پیرۆزن.
"بەیدا" زۆر پەسنی خەڵکی شاری دهۆك دەدات و دەڵێت زوو بە هانایەوە چوون، بەڵام ئەو نایەوێت لەوێ بمێنێتەوە و حەز دەکات بە زووترین کات شنگال ئازاد بکرێت و ئەویش بگەڕێتەوە ماڵەکەی خۆی.
"بەیدا" وتی:"خۆزگە ئەگەڕامەوە شنگال و لاشەی هاوسەر و کەس و کارم ئەبینیەوە و بە مەراسیمێکی شایستە ژێر خاکمان بکردایە، بەڵام نازانم ئێستا لاشەکانیان چیان بە سەر هاتووە، بوونەتە خۆراکی سەگە هار و گۆشت خۆرەکانی شنگال چونکە دڵنیام بە سەدان لاشە لە سەر شەقامەکان کەوتوون و ئێستا سەگەکان خواردنیان بووەتە لاشەی ئەم مرۆڤانە".

دیسان وتی:"من نازانم چی بکەم و بۆ کوێ بچم و ئایندەی منداڵەکانم چیان بە سەر دێت و دڵنیام لە کۆچی یەکجارەکی هاوسەر و دایک و باوک و خەسوو و کوڕەکـانی و بـوکەکەی، بەڵام دەمەوێـت جـارێکی تـر خوشـکی بـراکەم کە رفێندرا ببینمەوە".

## تراژیدیای (٣٢)

## چیرۆکی ئاسیا و مرادی ئێزیدی یان عەلی هەڵەبجەیی

ئەمە چیرۆکی"عەلی"هەڵەبجەیی(زمناکۆ) نیە کە دوای(٢١) ساڵ لە کیمیابارانی هەڵەبجە و ونبوونی لە خانەوادەکەی و بەسەربردنی ژیان لە وڵاتێکی تر بێ ئەوەی ئاگادار بێت ئەو کێیە؟ و دایك و باوك و کەسوکار و نەژاد و رەچەڵەکی کێن و چین؟، پاش ئەو ماوە دوور دریژە ئەوان منداڵێکیان لەدەستدابوو، بەڵام هەمان منداڵ ببووە گەنجێکی (٢١) ساڵان و بە خانەوادەکەی شاد بووەوە و ئیتر خۆی لە نێو خانەوادەکەی و کەسوکاری دەبینێتەوە، ئەمە ئەم چیرۆکە نیە و بەڵکو ئەمە چیرۆکی "ئاسیا و مرادی" پەککەوتە و کەم ئەقڵ و ناتەواوی خانەوادەیەکی ئێزیدی شنگالە کە دوای ئاوارە بوونیان بۆ چیای شنگال ئەمانە لە ڕێگادا بەجێ دەهێڵرێن و لە لایەن چەند گەنجێکی خێرخوازی ئاوارەی ئێزیدیەوە لە دەست چەکدارنی داعش رزگار دەکرێن و دواتریش لە قوتابخانەیەکی شاری دهۆك بە خانەوادەکەیان شاد دەبنەوە، بەڵام بۆ عەلی هەڵەبجەیی دەستپێکی ژیان بوو، ئەو وای هەست دەکرد کە ئیتر ژیان بریتیە لە هەموو خۆشی و میهرەبانی و جوانیەك، بەڵام لە لای ئەم دوو میرمنداڵە ئێزیدیە ئەم بەیەکگەیشتنەوەیە هیچ مانا و واتایەکی نەبوو، ئەوان هەستیان بە هیچ نەدەکرد بگرە هەر نەشیان زانیوە چی بووە و چیان بە سەر هاتووە و لەم ماوەیەدا خانەوادەکەیان لە کوێ بوون، بە هەستێکی زۆر سادە لە روخساری یەکتریان دەروانی و ئاسیاش هەر خەریکی پێکەنین بوو، مرادیش بە روخسارێکی خامۆش و بێ دەنگ سەیری دەوروبەری خۆی دەکرد.

دیمەنەکانی ئاسیای پەککەوتەی کەم ئەقڵ و روخسارە ناتەواوەکەی و دیمەنە جەرگ هەژێنەکانی چیای شنگال و سەختی ڕێگا و ئاوارە بوون و فڕێدانیان لە سەر شەقامەکان و دووبارە شادبوونەوە بە خانەوادەکەی و جوڵەی دەستەکانی و پێکەنینە سادە و ساکار و بێگەردەکەی مرۆڤی دەخستە گریان و توانای خۆ ڕاگرتنم نەبوو بەرامبەر ئەم دیمەنە، ئەم دیمەنانەی هەموو خەڵکی دەخستە گریان بەڵام ئەو پێدەکەنی و قسەی سادە و ساکاری دەکرد چونکە ناتەواو بوو لە ڕووی مێشك و بیرکردنەوە و قسەکردنیەوە، بە ئەستەم لە زمانی قسە کردنی حاڵی دەبووم، وتی:"ناوم ئاسیایە و لە شنگال ... "، ئەمانەی بە پێکەنینەوە دەگوت و بەس پێدەکەنی و هیچتر نا...

"مراد"ی تەمەن(١٥)ساڵان، ئەویش نەخۆش و کەم ئەقڵ و کەڕ و لاڵ بوو هەرچی شتی بەردەست بکەوتایە دەیخوارد پاشماوەکانی سەر زەوی و پارچە پەڕۆ و پاکێتی جگەرە و هەرچی شتێ...
ئەو پاشماوەی جگەرەیەکی لە دەمدا بوو، بە دەست و دەم هەوڵی ئەدا بیخوات نەك بیکێشێت...
"عەزیزا"ی خوشکیان بە زنجیرێك گرێدرابوو، قاچەکانی هەمووی ئاسەواری زنجیرەکەی لە سەر بوو، ئەویش وەك خوشك و براکانی لە ڕووی جەستە و عەقڵەوە ناتەواو بوو، ئەگەر ئەم زنجیرەش بە قاچیەوە نەبێت ئەوا ڕادەکات و دەڕوات و نازانێت بگەڕێتەوە کەس ناناسێ و هیچ شوێنێك نازانێ.
"عەزیزا" بە قاچی زنجیرکراو لە سەر ڕانی "ئاسیا"ی خوشکی ڕاکشابوو، لەم لاشەوە "مراد"هەر سەرقاڵ بوو بە دوای خاشاکی سەر زەوی دەگەڕا بۆ ئەوەی بیخوات، لەم لاشەوە "پیرو"ی باوکیان لە پشت دیوارەکە دانیشتبوو بە سەر و سیما و ریشێکی سپیەوە کز و بێ دەنگ لە ناخیدا لە گەڵ نەخۆشیەکەی زۆرانبازی دەکرد، خەمە هەرە گەورەکەی هی دایکیان بوو، چونکە ئەو درکی بە هەموو شتەکان دەکرد، "نەسرین"ی دایکیان لە پشت دیواری قوتابخانەکە لە سەر زەوی دانیشتبوو منداڵە ساوایەکیش لە باوەشی ئەوانیتریش لەم لاو لەولا دانیشتبوون و نەخۆش و پەککەوتەکان خەریکی پشوودان بوون، بەڵام دیار بوو لە ناخیاندا زۆرانبازیانە لە گەڵ ئێش و ئازارە جەستەییەکانیان.
هەردوو کچە ئەقڵ ناتەواوەکانی تەمەنیان (١٣) ساڵانە و کوڕەکەشیان تەمەنی (١٥) ساڵانە و ئەوانی تریش کەمتر لە ١٠ ساڵانن.
"نەسرین" وتی:"کاتێک ئێمە لە شنگال ڕامان کرد کاتژمێر(٢)ی شەو بوو، هەموو خەڵکەکە ڕایان دەکرد، کەس خۆی نەدەکردە خاوەنی کەس هەموو خەڵکەکە بە سەر لێشێواوی دەڕۆیشتن تەنانەت هەندێکیان ئاوری دوای خۆیان نەدایەوە نەبادە چەکدارەکان لە پشتەوەیان بن و دەستگیریان کەن"، ترس و ڕاکردن لە مردنێکی ڕاستەقینەی پڕ لە ئێش و ئازار، کوشتنێک وەک ئاژەڵ سەر بڕین و لێکردنەوەی ئەندامی تری لاشە ئەمانە هەمووی پاڵنەر بوون کە منداڵە کەم ئەندامەکان فڕێ بدات وتی:"ناچار بووم بە جێیان بهێڵم و تەنیا بتوانم منداڵە ساواکەم لە باوەش بگرم و ئەوانی تر بە هەر جۆرێک بێت بەدواوەمان بێن و باوکیشیان توانای هەڵگرتن و یارمەتیدانی منداڵەکانی نەبوو، نەمتوانی کوڕە ناتەواو و کەم ئەندامەکەم کە ١٥ ساڵانە رزگار بکەم، توانای لە باوەشگرتنم نەبوو، گەورە و قورس بوو، بە ناچاری لە رووخ جادە بە جێمان هێشت و رۆیشتین بەرەو چیا، بەڵام هەندێک گەنجی ئێزیدی

کورەکەمیان بۆ هێنامەوە لە چیای شنگال بە دیداری شاد بووینەوە. دوای ٩ ڕۆژ لە برسیەتی و نەبوونی و تینوویەتی چیای شنگال و ئەم حەوت منداڵە و باوکیانم بە گولە مەرگی بەخێو کردن، هەندێک لە خەڵکی چیای شنگال سەرەڕای نەبوونی ، شتیان بۆ دەهێناین بە تایبەت کاتێک فڕۆکەکان خواردنیان بۆ فرێدەداینە خوارەوە، خەڵکەکە هاوکاری دەکردین، ئەمە جگە لەوەی بە بەردەوامی لە سەر ئەم چیایە خەڵکەکە دەیان وت: ڕاکەن داعش هاتن... زۆر جار لە جێگایە بۆ جێگایەکی تر دەرۆیشتین لەم چیایە".

بەڵام دووبارە لە چیا و ڕاکردن و رۆیشتین بەرەو ناوچە ئارامەکانی کوردستان لێکیان جودا دەکاتەوە و ئەمجارەیان"مراد" بە تەنیا نابێت بەڵکو "ئاسیا"ی خوشکیشی لە گەڵی بە جێ دەمێنێ و لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ ناوچە ئارامەکان بە بێ خاوەن فرێ دەدرێن، بەڵام دووبارە لە لایەن کۆچبەرانی ئێزیدییەوە دەگەڕێندرێنەوە بۆ خانەوادەکەیان.

"نەسرین" وتی: "جگە لەمانە (ئاسایا و عزیزا و مراد) چوار منداڵی ترم هەیە و باوکیشیان جەڵتە لێیداوە و پەککەوتەیە و لە ڕووی دەروونیەوە ناتەواوە، بەرلەوەی نەخۆش بێت تا ڕادەیەك باشتر بوو ئەو چاودێری هەندێك لە منداڵەکانی دەکرد و کاریشی دەکرد بەڵام ئێستا هیچ دەسەڵات و توانامان نیە و کەم دەرامەت و هەژارین".

نەخۆش کەوتنی باوکیان دەرگایەکی گەورەی لە هیوا و ئومێدی ئەم خانەوادەیە داخست و ئیتر دایکەکەیان بە تەنیا توانای ئەم هەموو نەخۆش و کەم ئەندامانەی نەبوو، ئەمە سەرەڕای ئاوارە بوونیان و هەڵاتن لە ترسی مردنێك بە دەستی تیرۆرستانەوە.

"پیرو یوسف" باوکی منداڵەکان وتی:"من لە شنگال دەرگا بە دەرگایماڵەکان دەگەڕام و خێریان پێ دەکردم و پارە و ئازووقە و شتومەکیان پێشکەش دەکردین... ".

"نەسرین" لە دوا قسەکانیدا وتی:"سەر شوشتنی هەر سێ منداڵە کەم ئەندامەکان زۆر سەختە چونکە ئەوان گەورەن بە تایبەت کچەکەم کە بە زنجیر گرێ دەدەین، ناچارم بە بەردەوامی حەبی خەویان پێ بدەم بۆ ئەوەی شەو بخەون و پشوو بدەن".

## تراژیدیای (٣٣)

### دایکێکی ئێزیدی و تراژیدیاکانی

پێش چەند ڕۆژێک چووم بۆ قوتابخانەیەکی دهۆک کە کرابووە کەمپێک بۆ ئاوارەکانی شنگال، ئافرەتێکم بینی منداڵێکی لە باوەش بوو، روخساری ئەم ئافرەتە خەم و خەفەتێکی زۆری پێوە دیار بوو، جار جار قیژەی منداڵەکەی دەهات و ئەویش ناوی منداڵەکەی دەهێنا و هەندێک جار هاواری دەکرد بە سەر منداڵەکەی بە توڕەییەوە، من چووم بۆ لای وەک کەسێکی زوڵم لێکراو دەستی گرتم و وتی:"لە لام بە و مەڕۆ، دەمەوێت بۆت باس بکەم و قسەت بۆ بکەم ئەوەی بە سەرم هاتووە ئەوەی من بینیوومە، شەو و ڕۆژ لای من وەک یەکن و خەوم نەماوە و جەرگ و دڵم ئەسوتێت و ئەو کچانەی بە ناز و بە غەریبی و بە هەزاری گەورەم کردن، لە چەند چرکەیەکدا ئەو چەکدارە بێ رەوشتانە، کچەکانمیان لە پیش چاوم برد و بە پرچیان بە دوای خۆیاندا ڕایان دەکێشان، بردیانن، بردیانن بۆ ئەوەی ڕۆژانە سەد جار من بمرم و زیندوو ببمەوە، ژیانم بۆ چیە!! لە دوای کچە شۆخ و شەنگەکانم، ڕامکرد بە دوای کچەکانم و هەوڵمدا لە دەستیان دەریان بهینم بەڵام نەمتوانی هاوسەرکەشم هەوڵی دا بەڵام لە پێش چاوم گوڵلە باران کرا و لاشەی کەوتە سەر زەوی، بۆ کامیان بگریم و بیر لە کامیان بکەمەوە یادگاری کامیانت بۆ باس بکەم لە کامیان دەست پێ بکەم...

باوکیان گوڵلە باران کرا و کچەکانیش رفێندران لە پێش چاوی ئەم منداڵە ساوایانەم، ئەم منداڵانەم بە بەردەوامی لە ترسی ئەم دیمەنانە دەگرین و هاوار دەکەن...

ئەو دوو کچەم ڕۆژانە بەم دەستانەم پرچیانم شانە دەکرد لە پێش چاوم رفێندران و باوکیشیان کوژرا، من ئیتر بۆ ئەم سێ منداڵە دەژیم، منداڵێکیان شیرە خۆر و ئەویتریان سێ ساڵان و ئەوی تریان پێنج ساڵان، بۆیە ناچار هێز و توانام دایە بەر خۆم و ئەو سێ منداڵەم رزگار کردن، هەر دەرۆیشتم و ئەم ڕێگایە تەواو نەدەبوو دوو منداڵەکەی تریش کە بچوک بوون توانای ئەوەندە رۆیشتنیان نەبوو، سەرەڕای ئەمەش پێڵاوی منداڵێکم دڕا و شوشەیەک بە قاچی منداڵە سێ ساڵانەکەم را چوو، ناچار ئەویشم کردە باوەشم، ئێمە رۆیشتین لە ترسی ئەو داعشە دڕندانە، لە چیاش نەبوونی جێگا و نەبوونی ئاو و خواردن ئەو دوو منداڵەم لە برسان و لە تینوویەتیان خۆیان پێ رانەدەگیرا

منیش ناچار ئاوی دەمم(تف)م دایە منداڵەکانم بۆ ئەوەی هێزیان هەبێ بەڵام مردن و گیانیان لە دەستدا و ئیتر ئەو دوو منداڵەشم خەمێکی تر بوون من و منداڵە ساواکە مابن چونکە ئەو شیری منی دەخوارد ئەو بەهێزتر بوو لە ئەوانی تر، هەرگیز لێوە وشکەکانی هەردوو منداڵەکەم لە یاد ناچێت کە هاواریان دەکرد بۆ ئەوەی ئاویان پێ بدەم ، بەڵام نەمتوانی ئاویان بۆ پەیدا بکەم.

چەند جارێک ویستوومە خۆم بکوژم بەڵام ئەم منداڵە ساوایەم دێتە پێش چاو، لە بەر ئەو منداڵە ناتوانم، من ئیتر بۆ ئەو منداڵە دەژیم

خۆزگە ئەوەی بۆت باس دەکەم خەون بێت و دوور بێت لە ڕاستی، خۆزگە لەم خەوە بە خەبەر دەهاتم، خۆزگە...".

## ترازیدیای (٣٤)

## شنگال چەندین تاوانی ترازیدی دوای خۆی جێدێڵێت

دوای ئەوەی چەکدارانی داعش دەستیان بە سەر شاری شنگالدا گرت چەندین تاوانیان بەرامبەر کوردانی ئێزیدی ئەنجامدا بەشێکی زۆری دانیشتوانی شنگال ڕوویان لە زنجیرە چیای شنگال کرد و چەندین چیرۆکی ترازیدییان دوای خۆیان جێهێشت، یەکێک لەو چیرۆکانە چیرۆکی حەوت منداڵی خانەوادەیەکە کە دایک و باوکیان کەوتوونەتە دەست چەکدارانی داعش ئەم(٧) منداڵە، لە گەڵ ماڵی مامیان دەژین، بە ڕۆژدا منداڵەکان سەرگەرمی یاری کردنن لە گەڵ هاو تەمەنەکانیان، ئامۆژنی منالەکان دەڵێت لە گەڵ هاتنی شەو ئەو بە ئاستەم دەتوانێ لە بەردەم خەمی ئەو منالانەدا خۆی رابگرێ، چونکە وەك ئەو دەڵێ، کچە بچووکەکەیان شەوانە داوای باوەشی دایکی دەکات.

ئەوەی ئەم(٧) منداڵە وەك دوا وێنە لە لایان ماوەتەوە ئەو چرکە ساتە بوو کە دایك و باوکیان و(٣)خوشکی دیکەیان فریای ئۆتۆمبێلەکان نەکەوتن و کەوتنە دەست داعش، ئەم(٤) منداڵە لە یەکێك لە باخەکانی گەڕەکی قولە ڕەیسی لە گەڵ(١٦) خێزانی دیکەدا لە نێو ئەم چادرەدا دەژین.

شەڕی داعش، سەدان چیرۆکی ئازار بەخش لە دوای خۆی جێ دەهێڵێت، بێکەس کەوتنی ئەو منالانە یەکێکە لە چیرۆکەکانی شنگال، کاتێك منالەکان لە خێزانەکانیان ون دەبن، بە ڕێگا دوورەکاندا خۆیان دەرباز دەکەن تاوەکو دەگەنە سلێمانی،"ئاراز" برا گەورەکەیان تەمەنی(١٥)ساڵە و "پەیمان"یش بچوکترین منداڵی خێزانەکەیە تەنیا تەمەنی ساڵ و نیوێك دەبێت .

"ئاراز" وتی:"ئێمە بە دوو ئۆتۆمبل ویستمان خۆمان رزگار بکەین، بەڵام ئێمە کە گەیشتینە سەر شەقامی گشتی چەکدارانی داعش چوونە ناو گوند و ئیتر ئاگاداری دایك و باوکمان نەبووینەوە".

لەولاوە برا بچوکەکەیان کە تەمەنی هەر (٦) ساڵان دەبوو، وتی:"زۆر ترساین و چەکی زۆر سەیر و گەورەمان بینی، لە ڕێگادا، چەکدارەکان جلی ڕەشیان لە بەر بوو".

خوشکەکەی تریان قسەی ئەم برایەی بڕی و وتی:"منیش ئەوانم بینی ڕیش درێژ و جل و بەرگ ڕەش، بەردەوام بوو وتی:"لە چیاش زۆر ناخۆش بوو دواتر لە گەڵ ماڵی مامم هاتینە ئێرە".

ئەم (٧) مندالّە، لە گەڵ ماڵی ماميان دەژین، بە ڕۆژ مندالّەکان سەرگەرمی یاری کردنن لە گەڵ هاو تەمەنەکانیان، پەیمانی بچکۆلە وەك ئەوانی دیکەیە، بەڵام ئامۆژنی منالّەکان دەڵێت:"لە گەڵ داهاتنی شەودا ئەو بە ئاستەم دەتوانێ لە بەردەم خەمی ئەو منالاّنەدا خۆی ڕابگرێ"، چونکە وەك ئەو دەڵێ، پەیمان شەوانە داوای باوەشی دایکی دەکات .
مامۆژنیان وتی:"شەوانە هەر دەڵێن کوا و کەی دایك و باوکمان دەگەڕێنەوە؟" لەوانەیە شەڕ کۆتایی بێت و ئێزیدیەکان جارێکی دیکە لە شنگالەوە باسی ڕۆژە ناخۆشەکانیان بکەن، بەڵام برینی نێو ڕۆحی منالّەکان هەروا بە ئاسانی ساڕێژ نابێت، چونکە جەنگ کەسە هەرە ئازیزەکانیان لێدەسێنێتەوە.

## تراژیدیای (٣٥)

## خەڵکی گوندی (حاتمی) چۆن خۆیان لە دەست چەکدارانی داعش رزگار کرد؟

دوای حەوت ڕۆژ لە گەمارۆدانی گوندەکەیان، خەڵکی گوندی حاتمی چۆن خۆیان لە دەست چەکدارانی داعش رزگار کرد؟
چەکدارانی داعش گوندی حاتمییان گەمارۆ دابوو، هەموو خەڵکەکە دەست بەسەر بوون، لە دەوروبەری گوند چەکدارانی داعش هەبوون، بە بەردەوامی بە ناو گوندەکە دەکەوتن،(٤٥)خانەوادەی ئەم گوندە ناچار دەکەن ئاینیان بگۆڕن، خەڵکەکەش بە مەبەستی رزگار کردنی خۆیان، بە چەکدارانی داعشیان دەگوت کە ئەوان بیرێکی لێ دەکەنەوە و هەوڵ دەدەن ئاینیان بگۆڕن و گوندەکەیان بە جێ نەهێڵن، ئێوارەیەکی درەنگ جموجۆڵی خەڵك لە گوند ئاسایی دەبێت و دەرگای خانوەکانیان کراوە دەبن بۆ ئەوەی چەکدارانی داعش دڵنیابن کە ئەوان، داواکەی ئەوانیان قبوڵە و گوێڕایەڵی ئەوان دەبن، بەڵام درەنگانی شەو هەر (٤٥) خانەوادەکە ڕادەکەن بەرەو چیای شنگال و رزگاریان دەبێت.
"سەید عەلی برجس" یەکێك لە رزگاربوانی گوندی حاتمی وتی:"کاتێك چەکدارانی داعش هاتن و دەستیان بە سەر گوندەکەدا گرت ئێمە نەمانتوانی خۆمان رزگار بکەین و ئێمە بووینە دیل بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ لە ژێر کۆنترۆڵی چەکدارانی داعشەوە بووین، گوندەکەمانیان گەمارۆ دابوو، بە بەردەوامی چەکدارانی داعش بە ناو گوندەکە دەکەوتن و گڤەیان لێ دەکردین و دەیان ترساندین، دەیانگوت مەرجە ئاینتان بگۆڕین.
ئێمەی خەڵکی ئاوایی چەکدارانی تیرۆرستی داعشمان دڵنیا کردنەوە کە ئاینمان دەگۆڕین بەس پێویستمان بە مۆڵەتە بۆ چەند ڕۆژێك بۆ ئەوەی لە نێو خۆمان گفتوگۆ بکەین لە گەڵ موختاری گوند داوای مۆڵەتی (١٥) ڕۆژمان کرد، ئێمە مەبەستمان ئەوە بوو بە هەر جۆرێك بێت بتوانین رزگار بین. ئومێدمان بە پێشمەرگە و فڕۆکە جەنگیەکان هەبوو، بەڵام چەکدارانی داعش داواکەی ئێمەیان ڕەتکردەوە و وتیان(١٥)ڕۆژ نابێ تەنیا دەتوانین مۆڵەتی(٢) دوو ڕۆژتان پێ بدەین، ڕۆژێك تەواو بوو، ئێمەش هەوڵی پیلانێکمان دانا بۆ خۆ رزگار کردن. موختارەکەمان لە گەڵ ئەمیری داعشەکان ڕێك کەوتن و ژمارە تەلەفونی یەکتریان وەرگرت و چەکدارانی داعشی پشت ڕاستکردنەوە کە ماڵ بە ماڵ دەگەڕێ و پەیامی ئەوان بە خەڵکەکە ڕادەگەیەنێت".

## هەمووتـان گڵۆپی دەرەوەتـان هەڵگیرسێنن و دەرگاکـان بە کراوەیی بە جێ بهێڵن

"موختـاری گونـد کاتێـك مـاڵ بە مـاڵ دەگەڕا بە هەمـوو ماڵەکـانی دەگـوت: ئەمشـەو کـاتژمێر (٩) بە دواوە هەمووتـان گڵۆپی دەرەوەتـان هەڵگیرسـێنن و دەرگاکـان بە کراوەیـی بە جـێ بهـێڵن و تیڤیەکانتـان دەنگـی بەرز بـکەن و جموجۆڵتان ئاسایی بێت، بەمەش چەکدارانی داعش دڵنیا بوون و دەرکەوتنەوە لە گوندەکەمان، ئێمەش بە دەرفەتمان زانی و پاش کـاتژمێر (٩)ی شـەو بەرەو چیای شنگال ڕێگامان گرتەبەر و خۆش بەختانە رزگارمان بـوو، تـاکو ڕۆژی دواتر کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ گەیشتینە لای خەڵکـی ئـاوارەی ئێزیدی لە چیای شنگال، یەکەم دیمەن کە بینیم ئافرەتەکان گەنمیان لە ناو مەنجەڵێکی کەم ئاودا دەکولاند و دەیان دا بە منداڵەکان بۆ ئەوەی لە برسان نەمرن".

"ئەحلام مراد" بـاس لە رزگـار بـوون و ڕاکردنـی خۆی لە دەست چەکدارانی داعش دەکات و بـاس لە بەکۆمەڵکوژی (٣٢) کەس لە خـانەوادەکەی دەکـات و دەبێژێ:"من لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندی کۆچۆمە چەند ساڵێکە شووم بە پیاوێکی گونـدی حـاتمی کـردووە، چەکدارانی تونـدڕەوی داعش پیاوەکانیـان هەمـوو بە کۆمەڵ کوشت و دایکم و (١٠) براژنم و (١٥) منداڵیان دەستگیر کـرد و ڕفانـد و بێ سەر و شوێن کرد".

"ئەحلام" لە درێژەی قسەکانیدا وتی:"پێش ئەوەی ئێمەش بەرەو چیـا ڕابکەیـن زۆر هەوڵمان دا ماڵی باوکمیش لە گەڵ ئێمە بێن، بەڵام ئەوان وتیان لە گوندی ئێمە (واتە گوندی کۆچۆ) دوو ڕا هەیە، هەندێکیان ئەڵێن ناڕۆین و دەمێنینەوە، هەنـدێکی تـریش دەڵێن دەڕۆیـن، ئێمەش چـاوەڕێی یەك هەڵوێستی گونـد و دوا بڕیاری گوند دەکەین ئێوە بڕۆن.

"ئەحلام"وتـی:"ژمـارەیەکی کەمـی خەڵکـی گونـدی کۆچـۆ رزگاریـان بـوو، پیاوەکـان کۆمەڵکوژ کـران و ئـافرەت و منداڵەکانیش دەسـتگیر کـران و بەرەو شوێنێکی نادیار بران".

"ئەحلام" بە هەنسکی گریـانەوە وتـی:"زۆر ناخۆشـە هەست بە بێزاری و بـێ ئومێدی لە ژیـان دەکەم چونکە کەس و کـارمـان هەمووی کوڵلەبـاران و زینـدە بەچـاڵ کـران، تەنـانەت ئـێمە نـەمانتوانی تـازییە و مەراسیمی ماتەمینیـان بـۆ ئەنجام بدەین".

## تراژیدیای (٣٦)

## خەمی کچە پازدە ساڵانەکەیان بوو

"زیاد خەلەف"ی تەمەن (٤٣) ساڵان و خاوەن(١٠) منداڵ بە درێژایی تەمەنی کرێچی بوو تا سێ مانگ پێش شاڵاوی جینۆسایدی شنگال، بە پارەی کرێکاری چەندین ساڵەی لە شنگال خانوویەکی بۆ خۆی دروست کردبوو، بەڵام چەکدارانی داعش نەیان هێشت لە خانووەکەیدا پشوویەك بدات و رەنجی ماندوو بووی چەندین ساڵەی ببینێ، زیادیش وەك هەموو هاوڵاتیەکانی شنگال ئاوارە دەبێت، خەمی زیاد و خانەوادەکەی تەنیا خەمی ئاوارە بوون نەبوو بەڵکو خەمی کچە پازدە ساڵانەکەیان بوو کە دایکی ناسنامەیەکی لە بەردەم کامیرا بە دەست گرتبوو لە سەر ناسنامەکەی نوسرابوو:

الاسم: فادیە

الاسم الاب والجد: زیاد خلف

اللقب: أدی

اسم الام والجد: نجاة خدر

الجنس:انثی

الدیانة والمعتقد: ایزیدیة

وێنەی "فادیە"ش لە لای ڕاستی ناسنامەکەوە بوو.

"نجاتی" دایکی "فادیە" و خێزانی "زیاد" وتی: کچەکەم چووبووە میوانداری لە ماڵی خاڵەکانی، ئێمە هیچ لە چارەنووسیان نازانین".

ئەم خانەوادە ئێزیدیە لە هەڵەبجە نیشتەجێ بوون لە دوای تاوانەکانی شنگال ئەوان بۆ هەڵەبجە ئاوارە ببوون.

هەڵەبجەییەکانیش وەك کوردانی ئێزیدی هێندە نەهامەتیان بینیوە، کە هیچ کەسێك بە قەد هەڵەبجەییەکان لە نەهامەتیەکانی کوردە ئاوارە ئێزیدیەکان تێناگات.

لە هەڵەبجەدا کوردە موسڵمانەکان و کاکەییەکان دەژین، ئاوارە ئێزیدیەکانیش شان بە شانی هاوڵاتیە هەڵەبجەییەکان پێکەوە بە برایەتی و یەکریزی و تەبایی و بێ جیاوازی ئاینی پێکەوە دەژیان.

## تراژیدیای (٣٧)

## پیاوێك لە شاری حەلەب من و ١٠ ئافرەتی تری كڕی

ئـافرەتێكی رزگـاربووی كـوردی ئێزیـدی گونـدی كۆچـۆ، بە نـاوی "ب، ح" تەمەن ١٩٩٥ سـەبارەت بە گـرتن و دەركردنیـان لە گونـدەكەیان و ئـێش و ئازارەكـــانی لە ســـوریا، دەگێـــڕێتەوە و دەڵـــێ": ڕۆژی ١٥-٨-٢٠١٤ لە قوتابخانەی كۆچۆ بۆ قوتابخانەیەك لە تەلەعفەر دەرمانیان كرد ، بۆ ماوەی دە ڕۆژ لەوێ مـاینەوە، دوای ئەوە بردمانیـان بـۆ گونـدی "كسر محراب" لە لای باكوری تەلعەفەرو چل و پێنج ڕۆژ لەوێ مـاینەوە، لەوێشـەوە جارێكی دیسـان بـۆ تەلەعـفەرو یەك مـانگی تـر لەوێ مـامەوە، پـاش ئەوە ڕەوانەی سـوریا "رەقە"یان كردین و لە ماڵێك بووین زۆر گەورە بوو "ڤێلا".
ئەم ئـافرەتە باسـی ئەوە دەكـات و دەڵـێ": پیاوێـك لە شـاری حەلەب لە گەڵ دە ئـافرەتی تـر هەموومـانی كـڕی، بیسـت ڕۆژ لە لای ئەو مـاینەوە، دووبـارە یەكێكیتـر لە گەڵ ئافرەتێـك بە نـاوی "ن، غ، خ" كڕیمـانیەوە و بردمـانی بـۆ شـاری "منـبج" لە بـاكووری حەلەب، منـاڵێكم پێبـوو هـی بـراكەم، لە دایكـیم وەرگرتبوو بۆ ئەوەی خۆمی پێ ڕزگار بكەم و زەواجم لە گەڵ نەكەن چونكە دایكـــی منـــاڵێكی شـــیرە خـــۆرەم، بەڵام ئەو دڕنـــدانە ســـنووریان نـــیە بـــۆ وەحشــــیەتەكانیان و مامەڵەكردنەكانیــــان لەگەڵ هەمــــوو ئافرەتەكــــان، لە گەنجەكانەوە بیگرە تا ئافرەتە بە تەمەنەكان.
دوای چوار ڕۆژ جل و بەرگی ڕەشمان پۆشی و دەرچووین، لە زەنگی یەكێك لە ماڵەكانماندا نەیـانكردەوە بۆمـان، ڕۆیشـتین و لە دەرگـای مـاڵێكی ترمانـدا، خاوەن ماڵەكە دەرگای بۆ كردینەوەو چوینە ژوورەوە، دوای ئەوەی چیرۆكی خۆمان تێگەیاند داوامان لێكرد پەیوەندی بكەین بە كەس وكارمانەوە، بەڵام ئەو پێی وتین لێرە (شبكە) تۆری تەلەفۆن لە شاری منبج بڕاوە، سبەی پێكەوە دەچین بۆ نوسینگەی پەیوەندی و دەتوانن لەوێ پەیوەندی بكەن.
بۆ بەیانیەكەی ڕۆیشتین و پەیوەندیمان كرد بە كەسوكارمان هەر ئەویش واتە خاوەن ماڵەكە پارەی تەلەفۆنەكەی دا، ڕۆژی دووەم پێی وتین تكاتان لێدەكەم مـاڵەكە جێبـێڵن، لە بەر ئەوەی هاوســەرەكەم لە دەوڵەتــی ئیسـلامی داعـش دەترسێ، بۆیە من داوای لێبوردنتان لێدەكەم وهەندێ پارەشی پێداین.
دەڵـێ": ماڵەكەمـان بە دڵێكـی حەزینـەوە جێهێشـت و نەمانـدەزانی بەرەو كـوێ بـڕۆین، مانـدوبووین لە ڕۆیشـتن، منـاڵەكەش بە باوشـمەوە بـوو دەگریـا، هیچ

ڕێگایەکمان لە پێش نەبوو تەنیا گەڕانەوە نەبێت بۆ ئەو ماڵەی لێی هەڵهاتین، کاتێك کە چوینە ماڵەکەوە بینیمان چۆڵە و دوای ئێمە خاوەن ماڵەکە هاتەوە.
ڕۆژی دووەم ڕۆیشتینەوە بۆ نوسینگەکە و تەئکیدمان لە کەسوکارەکەمان کردەوە، بە زووترین کات رزگارمان بکەن، ناونیشانی شوێن و ماڵەکەمان پێدان، بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ من پەیوەندیم بە کەسوکارمەوە دەکرد و پێم دەوتن چارەسەری خێرامان بۆ بدۆزنەوە.
ڕۆژی حەوتەم شۆفێری تاکسیەك هات و دڵنیای کردینەوە کە لە لایەن کەس و کارەکەمانەوە هاتووە بۆ رزگارکردنمان، لە گەڵ خۆی بردینی بۆ ماڵەکەی و بۆ ڕۆژی دووەم لە شاری منبج دەرچووین لە گەڵ هاوڕێکەم "ن، غ، خ" بەرەو سنووری تورکیا.

## تراژیدیای (٣٨)

## چیرۆکی تراژیدیای خێزانێکی شنگالی

چیرۆکە تراژیدیەکانی هاوڵاتیانی ئێزیدی شنگال ئەوەندە پڕ ناسۆر و جەرگ بڕن هیچ وشە و دەربڕینێك ناتوانێت پێناسەیەکی ڕاستەقینەیان بکات، خێزانی "عەلی قاسم عەلۆ" یەکێکە لەو چیرۆکانە.

"عەلی" تەمەنی(٣٩)ساڵە و لە دوای دەربازبوونی لە چیای شنگال ئێستا لە کەلاوەیەکی نزیك کەمپی خانك (٣٠)کم لە دوری دهۆك لە گەڵ(١٩)خێزانی دیکە ژیان بە سەر دەبات و سەرپەرشتی برایەکی نەخۆش و(٥)منالی دەربازبووی خێزانەکەی دەکات.

عەلی فۆرمی خۆراکی خێزانەکەی پیشاندایین کە (١٤)کەس بوون، بەڵام لە ئێستادا حەوت کەسی ئەندامانی خێزانەکەیان لە لایەن داعشەوە ڕفێنراون کە بریتین لە دایك و باوك و داپیرە و(٢)خوشك و(٢) برا.

"عەلی" ئاماژەی بەوەدا "لە کاتی گەیشتنی داعش بۆ شنگال، من هەر ئەوەندە فریا کەوتم منداڵە بچوکەکان دەرباز بکەم لە ناو تراکتۆرێك بۆیە تا گەیشتینە لای چیاکە، بەکری برام لای مەڕ و ماڵات بوو کە ئەویش نەخۆشە و زوو زوو لە هۆش خۆی دەچێت، بۆیە دوای دەستگیر کردنی، دەزانن نەخۆشە ئازادی دەکەن، بەڵام ئەندامەکانی دیکەی خێزانەکەمان لە گەڵ کوڕی مامم و چەندین کەسوکاری دیکەمان لە گەڵ خۆیان دەبەن و هەواڵیان نازانین، بەڵکو تەنیا دەڵێن لە تەلەعفەرن".

"عەلی"، خوشکێکی هەیە بە ناوی "زەریفە" کە تەمەنی(١٨)ساڵە و خوشکێکی دیکەشی ناوی "ئامینە"یە کە(٢٠)ساڵە و دایکیشی ناوی "سێوی"یە، ئەو هەموو ڕۆژێك تەلەفۆن بۆ ئەندامانی خێزانەکەی دەکات بۆ هەواڵ پرسین، وتی:"لەم ڕۆژانەدا تەلەفۆنم بۆ ئامینە کرد، بەڵام چەکدارێکی داعش تەلەفۆنەکەی وەڵام دایەوە و بە عەرەبی چەند قسەیەکی ناخۆشی کرد و بە کتوپڕی تەلەفۆنەکەی داخست بە سەرمدا".

## ترازیدیای (٣٩)

## لالش و لای لایەی خەمی دایکان

ئەوەی لە جیهانی مرۆڤایەتی باوە ئەوەیە کە مرۆڤەکان بە هۆی بیروباوەڕ و فکری جیاواز و نەتەوە و ئاین و ئایدولۆژیای تایبەت دەکەونە بەر رەخنە و توند و تیژی کوشتن و بڕین، بەڵام ئەوەی کورد بە درێژایی مێژووی خۆی بینیویەتی کۆی هەموو ئەو ناعەدالەتیانەیە.
نەتەوەیەك کە بە هۆی ویستی بۆ ژیانێکی ئازاد و دیموکرات دەچەوسێنرێتەوە، لە ڕووی دینیەوە و بیر و باوەڕی سیاسیش هەر دژایەتی دەکرێت و... تا دەگاتە ئەوەی بە هەر بیانوویەك لە هەر بەرگێك تەنها بەو هۆیەی کوردە تووشی نەهامەتی و دەست درێژی بێت، کوردانی ئێزیدی بە هۆی دین و نەتەوەیان بە نامرۆڤانەترین شێوە دووچاری کوشتن و بڕین هاتوون.
کۆمەڵگەی خانکێ سەر بە پارێزگای دهۆکە و لە (١٣) گوند پێك هاتووە بە ئێزیدی و موسوڵمان نزیکەی (٢٥) هەزار کەسن چەندین جار هەوڵی تەعریب کردنی دراوە دووچاری تالان هاتووە ژمارەی سێ هێندە زیادی کردووە .

### گوارە زێڕەکەی لە گوێی دەبچڕێنن

کچێکی (١١) ساڵان دوای ئەوەی چەکدارەکانی داعش گوارە زێڕەکەی لە گوێی دەبچڕێنن و گوێچکەکانی بە سەختی بریندار دەبن.

### سێبەری بەتانیەك

"غەزال" ئافرەتێکی سەر سپیە بە گریانەوە دەڵێت:"ژیانمان رەزیل بوو ژن و کچی ئێمەیان فرۆشت"، زیاتر لە (٦) ڕۆژ لە سەر چیای شنگال خۆیان لە دەست توندڕەوانی داعش شاردووەتەوە تا سێبەری بەتانیەك ئەوانی لە زەبری تیشکی خۆری هاوینی گەرما پاراستووە، ئەو دانیشتووی گوندی دولایە بە چاوی خۆی بینیویەتی کە کچانی گوندیان بردووە و منداڵیان کوشتووە.

### (٨) تەرمم بینیوە

"سلیم" لە درێژەی قسەکانی دایکی دا دەڵێت:"لەو مەودایەی تا لە گوند ڕامان کرد (٨) تەرمم بینیوە شایەد بووە کە خەڵکیان گرتووە و ژنەکانیان بردووە و پیاو و منداڵیان کوشتووە".

**زوو زوو هاواری بۆ تاوسی مەلەك دەبرد**

ئافرەتێکی گەنج دەگێڕێتەوە" لە نزیك مەزاری شەرفەدین ئۆتۆمبێلیان تێك چووە تەقەیان لێ کراوە ئەوانیش ڕایان کردووە بەرەو چیا برای لە لای بەربووەتەوە نەیزانیوە زیندووە یاخۆد مردووە"، شەڕ و برسی بوون و گەرمی چیای شنگالی چەشتووە. زوو زوو هاواری بۆ تاوسی مەلەك دەبرد داوای یارمەتی لێ دەکرد فرمێسکی لە چاوانی دەسڕی.

**پیاوێك (٦) کچی خۆی کوشت**

تەنها خواردنی خۆی و مندالی ئەو پارچە نانە وشکە بوو کە پێی بوو، ئەو پیاوە شایەت بوون کە لە گوندی دووگر پیاوێك (٦) کچی خۆی کوشتووە لە ترسی ئەوەی نەکەونە دەست چەکدارانی داعش دواتر خۆی کوشتووە لە بەر ئەوەی نەیتوانیوە تەحەمولی ئەو ئازارە بکات.

**لە گوندی حەردان هەموو ئافرەتەکانیان بردوون**

"خویدا حجی مراد"خەڵکی سنونێ خوشك و سێ مندالی کە کوڕێك و دوو کچی گەنجن لە لایەن داعشەوە رفێندراون، کچێکی بە پەیوەندی تەلەفونی پێی ڕاگەیاندووە کە ئەوان براونەتە تەلەعفەر و دواتر دەنگیان نەبووە.

باس لەوە دەکات لە گوندی حەردان هەموو ئافرەتەکانیان بردوون لە ماڵی مختاری گوند چاوم بە چەند کەسێك کەوت کە وتیان لە گوندی حەردان ئەوان دەستی هەموو ئافرەت و پیاو و مندالیان بەستووە، بە گوللەو سەر بڕین گیانیان سەندوون، دانیشتووە عەرەبەکان پێشیان گرتووە و چەکدارانی داعشیان ئاگاردار کردووە، ئەو خەڵکانە بە دەستی بەستراوە زیندە بە چاڵ کراون، دراوسێیە عەرەبە چەندین ساڵەمان خیانەتیان لە ئێمە کرد و ڕێیان گرتین بۆ ئەوەی نەتوانین ڕا بکەین.

**(٧) کوڕ و(٣) بوك و(٢)کچ و برا و ژن برا**

ئافرەتێك شایەتی ئەوە بووە کە ماڵی شێخ سمایل (٧) کوڕ و(٣)بوك و(٢) کچ و برا و ژن برایان براون لە دەرەوەی گوند کۆمەڵکوژیان کردوون، ئافرەتێکی تر قسەی بەو خاتوونە بڕی و وتی:" بینیومە لە ماڵی حجی یۆسف سێ مندالیان بردووە لە ماڵی خاڵی خۆشی (١٥) پازدە کەس لە ئافرەت و پیاو براون".

**ئیتر هەرگیز گوێتان لە دەنگیان نابێت**

ئەو چیرۆکە تاڵانە دووبارە بوونەوە، (٤٠) کەس لە خزمانی خاتونێکی تری ئاوارە کە دواتر کاتێك تەلەفونیان بۆ کردوون کەسێك بە زمانی عەرەبی پێی گوتوون ئەگەر ئەوانە نەبنە موسوڵمان ئیتر هەرگیز گوێتان لە دەنگیان نابێت و چاوتان پێیان ناکەوێتەوە چونکە ئەوانە کافرن و پێویستە ئەوان موسوڵمان بن.

**سکیان دڕی بوو منداڵەکەی ناو سکیان فڕێ دابوو.**

تاڵترین چیرۆکی کوشتن لای پیاوێکی گوندی خەرانی بوو کە بە چاوی خۆی بینی بووی ئافرەتێکی دووگیانی خەڵکی گوندی حەردانی سکیان دڕی بوو منداڵەکەی ناو سکیان فڕێ دابوو.

**نەیتوانی بوو رزگاری بکات**

دایکێك بە گریانەوە چەند منداڵێکی لە ئامێز گرتبوو بۆ کوڕە کەم ئەندامەکەی دەگریا کە نەیتوانی بوو رزگاری بکات لە دەستی چەکدارانی داعش ئەوە جگە لە ئازاری ئەسیر بوونی(١٤)کەس لە ماڵە باوانی لە لایەن هێزی داعشەوە ئەو ئافرەتە ئەوەندە گریا و هاواری کرد تا بە دەم گریانەوە لە هۆش خۆی چوو.

## تراژیدیای (٤٠)

## چارەنووسی ئێزیدی و مەسیحەکان لە دەستی داعشدا

نەتەوە یەکگرتووەکان لە باشووری کوردستان باری نائاسایی راگەیاند بەو پێیەی ئێستا(ئابی ٢٠١٤ و دواتریش) یەکەمین ناوچەیە لە سەر ئاستی جیهان کە ژمارەی ئەو ئاوارانەی روویان تێکردووە، نزیکەی نیو هێندەی ژمارەی دانیشتووانەکەی خۆیەتی، دەیان هەزار خێزانی ئاوارە بە هۆی ئاین و مەزهەب و نەتەوە چاویان لەوەیە حکومەتێك بیانژێنێ کە بۆ خۆی ماوەی نزیکەی هەشت مانگە لە لایەن بەغداوە بودجەی بڕاوە.

**"دەکراینە کەنیزەك"**
لە نێو کڵێساکانی سلێمانی، ژمارەیەکی زۆر خێزانی مەسیحی بەتانییان کردووەتە دیواری جیاکردنەوەی خێزانەکان و سەریان بەیەکدا کردووە. یەکێك لە ژنەکان منداڵێکی بە باوەشەوەیە و دەگری، وەك بڵێی هێشتا دەترسێ لە دەستی دەربێنن، منداڵەکەی توند بە باوەشەوە گرتووە "ئێمە تەنیا لە ترسی کوشتن هەڵنەهاتین، دەترساین کچ و ژنەکانمان لە دەستبدەین".
جاندارك ئەلیاس، دەڵێ ئەو چەکدارانەی پێیان دەگوترێ داعش "نازانن ئابروو چییە"، ئینجا بە چاوە فرمێسکاویەکانییەوە دەپرسێ ، لە کەرامەت و ئابروو گرنگتر هەیە بۆ مرۆڤ؟ ئەوان چەندین ژن و کچی ئێزیدییان دەستگیر کرد و بردنیان بۆ سوریا "قسەیان لەگەڵ ناکرێ، کچەکان دەبەن و بە زۆر لە خەڵکی دیکەیان مارە دەکەن".
یەکێکی دیکە لە کچەکان کە لەگەڵ خێزانەکەیدا لە ئەلقوشەوە ئاوارە بوون، گلەیی لەو عەرەبانە دەکات کە بە درێژایی چەندین ساڵ لە ناوچەکەیاندا ژیاون و دراوسێیان بوون، چونکە وەك ئەو دەڵێ، بە گەیشتنی داعش بوونە هاوکار و ڕێنیشاندەریان و داعشیش هەموو ئەو شتانەی لەگەڵ بەش دەکردن کە دەستی بەسەردا دەگرتن "تەنانەت ئەگەر دەستیان بەسەر کچان و ژنانی مەسیحیشدا بگرتایە، ڕەنگە بیانکردینایە بە کەنیزەکی دراوسێکانمان".

**ئایا ئیتر ساڵەکەم بەفیڕۆ چوو؟**
ئیرۆن موئەیەد، گەنجێکی ئاوارەی مەسیحی و خوێندکاری زانکۆی موسڵە، ئەو بەردەوام لە چارەنووسی تاقیکردنەوەکانی خۆی دەپرسی "ئایا چارەنووسی

خوێندنی ئێمە بە کوێ دەگات"، ئەو باسی ناهەموارییەکانی ژیانی خۆی دەکرد کە چۆن بە درێژایی ساڵان لەگەڵ هاوڕێکانیدا بە نێو تەقینەوە و مەترسیدا دەگەیشتنە زانکۆ، بەڵام هەر کۆڵی نەدا و خوێندی "ئێستا ٢ تاقیکردنەوەم ماوە، من خوێندکاری کۆلێژی پزیشکی بووم، ئایا ئیتر ساڵەکەم بە فیڕۆ چوو؟".
خالید جەمال ئەلبیر، بەڕێوەبەری کاروباری مەسیحیان لە وەزارەتی ئەوقاف دەڵێ، هەوڵ دەدەین چارەسەر بۆ خوێندنی مەسیحییەکان بدۆزینەوە و لە شوێنی گونجاو نیشتەجێیان بکەین و دواتر باسی هاتنی نوێنەری پاپای ڤاتیکانی کرد "لە مێژووی خۆیدا ئەوە یەکەمین جارە پاپا پشتیوانی شەڕ بکات، ئەویش بۆ بەرگری لە کوردستانە، بۆیە ئێستا دەستی بە هەڵمەتێك کردووە لە نێو وڵاتانی ڕۆژئاوا، تاوەکو هاوکاریی کوردستان بکرێت".

## مەرجەکانی مانەوە لای داعش

مەرجەکانی مانەوە لەو ناوچانەی ئێستا لە ژێر قەڵەمڕەوی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ( داعش) دان، بۆ ئێزیدییەکان قورسترە تاوەکو مەسیحی و نەتەوە و مەزهەبەکانی دیکە، چونکە وەك خەیری بوزانی باسی دەکات، داعش بێبەزەییانە مامەڵە لەگەڵ ئێزیدییەکان دەکات و تەنیا ٢ ڕێگای خستووەتە بەردەمیان، لە کاتێکدا ٣ ڕێگایان بۆ مەسیحییەکان هێشتووەتەوە.
خەیری بوزانی، بەڕێوەبەری کاروباری ئێزیدییان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی دەڵێ، بە ئێزیدییەکان گوتراوە "یان ببنە موسوڵمان یان دەکوژرێن"، ئەو باسی دوایین کۆمەڵکوژی دانیشتووانی گوندی کۆچۆی کرد کە ڕۆژی ١٥ی ئاب سەرجەم پیاوەکانی ئەو ئاواییە کۆمەڵکوژ کران و ژن و منداڵەکانیشیان وەك دەستکەوتی جەنگ بردران "هەر سێ گوندی؛ کۆچۆ و نسێری و حاتمیە گەمارۆ درابوون و پێیان گوترابوو لەو ماوەیەی بۆیان دیاری کراوە ئەگەر موسوڵمان نەبن دەکوژرێن، چەند ڕۆژێکی تریان بۆ دانیشتووانی گوندی کۆچۆ درێژکردبووەوە، دوای ئەوەی رازی نەبوون ئاینی خۆیان بگۆڕن، بەکۆمەڵ کوژران".
لە بارەی دوو گوندە گەمارۆدراوەکەی دیکەوە کە ئەوانیش چاوەڕوانی تەواو بوونی وادەکەیان بوون بۆ ئەوەی کۆمەڵکوژ بکرێن، بوزانی گوتی فڕۆکە ئەمریکییەکان بۆردومانی دەوروبەری گوندی نسێری و حاتمیەیان کرد و چەکدارەکان پەرش و بڵاو بوون، بۆیە خەڵکەکە دەرفەتیان وەرگرت و بەرەو

چیا هەڵاتن، چونکە لە چیاوە نزیك بوون، بەڵام گوندی کۆچۆ لە چیاوە دوور بوون و نەیانتوانی هەڵبێن".
بەڵام بۆچی مەسیحییەکان بەو شێوەیە کۆمەڵکوژ نەکران؟ هەرچەندە خالید جەمال ئەلبیر دەڵێ هۆیەکە ئەوە بووە کە مەسیحییەکان زووتر فریای خۆیان کەوتوون و هەڵاتوون، بەڵام یەکێك لەو ژنە مەسیحییە ئاوارانەی لەگەڵ هاوسەرەکەی کەوتبووە دەست چەکدارانی داعش و دواتر ئازاد کرابوو، دەڵێ "پێیان گوتین ئێوە نەسرانین و دەتوانن بڕۆن". خەیری بوزانی دەڵێ "ئەوان پێیان وایە ئێزیدییەکان خاوەنی کتێبی ئاسمانی نین و هەر ئەوەش وای لێکردوون وەك مەسیحییەکان ڕێگەی سێیەمیان لە بەردەم نەبێت کە جێهێشتنی شوێنەکانیانە".

## تراژیدیای (٤١)

## شەوم بە تەنیا لە گەڵ تەرمی کوڕەکەم بەسەر برد

دایکی "سامی" دەڵێ:"لە کاتژمێری شەشی بەیانی ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٣ تەل عوزێرمان بەرەو کۆمەڵێك بیری ئیرتوازی بە دووری حەوت کیلۆمەتر جێهێلا، گوێمان لە دەنگی دەستڕێژی گولە بوو، داعشەکان کە یەك ئۆتۆمبێلیان پێ بوو، ژمارەشیان حەوت کەس بوو، هێرشیان کردە سەرمان، پیاوەکانمان ئالای سپیان بەرز کردەوە، پێمانیان وت مەترسن، پێویستە پیاوەکان چەکەکانیان تەسلیم بکەن کە لایانە، هەروەها مۆبایلەکانیشیان، چەك و مۆبایلەکانیان تەسلیم کرا، زێڕ و پارەکانمان تەسلیم کردن، بە ئافرەتە بە تەمەنەکانیان وت بچنە یەکێك لە ژوورەکان لە بەر ئەوەی قسەمان لە گەڵ پیاوەکان هەیە، بڕیارەکەیانمان جێبەجێ کرد، دوای یەك چارەك سێ لە پیاوەکانیان کردە ژوورێکەوە، سیانەکەی تر لە ناو حەوشەی ماڵەکە مانەوە و پەنجەکانیان بە ئۆتۆمبێلەکەوە بوو، گوێمان لە دەنگی تەقە و هاواری پیاوەکان بوو لە ناو ژوورەکەوە، ئافرەتەکان هەموویان دەیانقیژان و هاواریان دەکرد لە ژوورەکەوە کە دەرگای گیرابوو، دوای تەقەیان لە پیاوەکانی ترمان کرد لە ناو حەوشەکە، بەم شێوەیە تاوانەکەیان بەرامبەر ئال خەرۆ ئەنجامدا".

ئەمەش ناوی جینۆسایدکراوانی ئەو کۆمەڵکوژیەیە:

١- سامی جندو خدیدە خرو ١٩٩٤

٢- عگو جعدو خرو ١٩٥١

٣- خلیل جعدو خرو ١٩٦٨

٤- برکات محمود خرو ١٩٦٩

٥- میرزا محمود خرو ١٩٧٩

٦- مراد محمود خرو ١٩٧٥

٧- فرحان برکات خرو ١٩٩٢

٨- فرمان برکات محمود خرو ١٩٩٠

٩- صبری عگو جعدو خرو ١٩٨١

١٠- عیدو صبری عگو جعدو خرو ١٩٩٠

١١- سالم صبری عگو جعدو خرو ١٩٩٥

١٢- عیشان شرف عجول ١٩٧٤

دایکی "سامی" وەك شاهێدحاڵێکی زیندوو چیرۆکی کۆمەڵکوژییەکە تەواو دەکات و دەڵێ:"لە ئەنجامی قیژە و هاوارمان دەرگاکەیان بۆ کردینەوە، بینیمان

پیاوەکانمانیان کوشتووە، ئەو ئافرەتانەی کە تەمەنیان لە ٤٠ ساڵ خوارتر بوو لە گەڵ کچ و منداڵەکان بە ئۆتۆمبێلەکانی خۆمان کە دوو تویێتای دەبڵ قەمەرەی دێر بوون و ئۆپڵێکی فیکتۆریا بردوویانن بۆ شوێنێکی نادیار، پێش ئەوەی پیاوەکان بکوژن".

دایکی "سامی"بە فرمێسکەوە چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە و دەڵێ:"کەس نەما جگە لە ئافرەتە بەتەمەنەکان لەگەڵ چەند منداڵێك، بەسەر تەرمی شەهیدەکانمانا هاوارمان کرد، نەمانتوانی بیاننێژین، دوای یەك کاتژمێر ئافرەت و منداڵەکان بەرەو چیا رۆیشتن، بەڵام رەتم کردەوە و لە گەڵ تەرمەکان مامەوە، لە بەر ئەوەی ئیتر هیچ شتێك لەم دنیا غەدارە شك نابەم، کوڕەکەم تاقانەکەم جینۆساید کرا، بووکەکەم دزرا و رفێندرا، هەروەها کچەکە تەنیاکەشم بە هەمان شێوە دزرا، خانەوادەکەمان هەموویان کوژران و دزران.

بە تەنیشت تەرمی کوڕەکەمەوە دانیشتم، ئارەزوەکانی خۆم بیرهاتەوە، کاتی خۆی بۆ ماوەیەکی درێژ هاوسەرەکەم دیل بوو لە ئێران، دواتر خوا کوڕ و کچێکی پێداین، بە ئارەقی ناو چاوان گەورەیانمان کرد، پێش چەند مانگێك بۆ من زۆر خۆش بوو، دەمویست بە ئاسمانا بفڕم ئەگەر دوو باڵم هەبوایە لەو ڕۆژانە، ڕۆژی ئاهەنگی هاوسەرگیری کوڕە تاقانەکەم بوو لە دنیا، کاتێك کە پێی دەوتم، وا دایکی ... یا اماە، من لە خۆشیا دەفڕیم، دوو مانگی نەبرد، کوڕەکەم و بووکەکەم و کچەکەم و ماڵ و خاك و ئەوەی هەمبوو، لە دەستمدا، داوام لە خوا کرد گیانم بکێشێ".

لە گەڵ قوڵپی گریان بەردەوامی دایە و وتی:"بانگی هەموویانم دەکرد بەڵکو یەکێکیان هەناسە بدات، لە تەنیشتی تەرمی کوڕەکەم سامی دانیشتم، ماچم دەکرد و بە درێژایی کاتەکە داوام لێ دەکرد وەڵامم بداتەوە، وەك هەموو جارێ کە پێی دەوتم وا دایکێ...وا دایکێ، بەڵام زانیم ئەمە کۆتایی خانەوادەیە و بە بێ کەسی بە بێ ماڵ بە بێ خاك دەمێنمەوە، لە نیوەی شەو ویستم لە سەرپشتم هەڵی بگرم و لە مەزاری شێخ مند بینێژم کە نزیکی باخەکە بوو، چەفییەکەی سەرم لە ناو تەنگام بەست بە پارچەیەك قوماشی گەورە، بەڵام نەمتوانی، بە درێژایی کاتەکە من بەسەر تەرمەکەدا دەگریام، من تەنیا بووم لە گەڵی لە گەڵ تەرمەکانی تر لەو شەوە سامناکەدا، رەتم کردەوە کوڕەکەم لێرە بە تەنیا جێبێڵم لە بەر ئەوەی لە کاتی دایکبوونیەوە جێم نەهێشتووە، کاتێك کاتژمێرێك لە کاتی ئیش دوا دەکەوت من پرسیارم لێی دەکرد، ئێستا چۆن جێی بهێڵم؟

له هەموو کاتژمێرێکدا هەوڵم دەدا لەسەر پشتم هەڵی بگرم بۆ ئەوەی له مەزارگەکه بینێژم و بزانم کامه گۆڕەکەیەتی و سەردانی بکەم چونکه ترسم هەبوو که لێره جێی بهێڵم سەگی برسی تەرمەکەی بخوا، بۆچی لەم خاکه فراوانەدا شوێنێك بۆ گۆڕی کوڕەکەم نەبێت، داوام له ئاسمان کرد پێشوازی له رۆحم بکات، بەڵام ئاسمانیش رەتی کردەوه پێشوازی له رۆحی مرۆڤەکان بکات، له بەر ئەوەی هەڵگری عەقڵ و بیری خراپ و بۆگەنن، خوا خاکی بۆ دروست کردوون تیای بژین به عەقڵیەته بۆگەنەکانیان و دڵی رەقیانەوه له گەڵ پیسیەکانیان.
دوای چەندین جار هەوڵدان توانیم له سەر پشتم هەڵی بگرم، بەڵام دوای دوو هەنگاو له سەر دەم کەوتم، له بەر ئەوەی توانام له دەستدا بوو، تەرمەکەش قورس بوو، ئاخ کوڕەکەم تەنانەت ناشتنیشت قورس بێت بۆ من؟ ئێستا دوای له دەستدانت ترسم له چارەنووسی تەرمەکەشت هەیه! له ترسی ئەم شوێنه و وەحشەکانی لێره و لەوێ! به بێ هیچ جوڵەیەك له ناوچەکه، من تەرمەکەم گرتبووه باوەش و بەردەوام ماچم دەکرد، بەیانیەکەی زانیم من ناتوانم هیچ شتێکی بۆ بکەم، له سەرمه به دوای کچەکەم و بوکەکەم بگەڕێم بەڵکو بیانگەڕێنمەوه، بەڵام هەموو شتێکم له دەستدا و هیچ شتێکم دەست نەکەوت!".
کچەکەی "سامیه" له ساڵی(٢٠٠٠)له دایك بووه، پۆلی دووی ناوەندی بوو، دوای رفاندنی له فەلوجەوه گەڕابووەوه، وتی:"کاتێك که ژن و کچ و منداڵەکانیان له پیاوەکان و ژنه بەتەمەنەکان جیاکردەوه له باخەکه، ئێمەیان سەر خسته سەر ئۆتۆمبێل و بەرەو سیپا شێخ خدر بردمانیان و لەوێشەوه بۆ بەعاج و داوایان لێکردین نان بخۆین بەڵام رەتمان کردەوه، دوای ئەوه بۆ تەلەعفەر و دوایش بۆ موسڵ و له قاعەیەکی گەوره که سێ نهۆم بوو دەسبەسەریان کردین له نزیك دارستانێك به ئامادەباشی زۆرەوه، حەوت ڕۆژ لەوێ ماینەوه، دوای گواستینیانەوه بۆ ماڵێکی گەوره چوار نهۆم بوو، لەوێشەوه دابەشمانیان کرد بۆ چەندین ناوچه، من و هاوڕێکەم (سەمیره) بۆ فەلوجه، دوو کەس له ماڵەکه بوو، دوای چەند ڕۆژێك یەکێکیان رۆیشت بۆ موسڵ و ئەوی تریان نوێژی دەکرد، هاوڕێکەم له گەڵم بوو دەرگای ماڵەکەمان شکان و هەڵهاتین.
گەشتینه بەغدا و لەوێشەوه بۆ هەولێر، هەوڵمدا پەیوەندی بکەم به براکەمەوه چونکه زۆر تامەزرۆی دیداری بووم، بەڵام مۆبایلەکەی داخرابوو. هەوڵمدا پەیوەندی بکەم به دایکمەوه بەڵام وەرنەگیرا، له دهۆك کاتێك دایکمم بینی له دوورەوه هەستم کرد براکەمم له دەستداوه، کاتێك له باوەشی گرتم وتی: کچەکەم به تەنیا له ماڵەکه مامەوه و هەموو کەس و کارەکەمان له دەستدا.

گریام و گریام بەڵام گریان سوودی نەبوو، دەمەوێ سەردانی گۆڕەکەی بکەم گۆڕی نیە، پێدەچێ ئەمە تۆفانێك بێت لە خانەوادەکەمانی دابێت ماڵی خۆمان و مامەکانم".

بەسەرهاتی ئەم خانەوادە زۆر لە بەسەرهاتی ئەنفالی ١٩٨٨ دەچێت، بگرە دەقا و دەق ئەنفالی ٨٨ەو دووبارە بووەتەوە، خێزانێك بە تەواوی مانا کۆمەڵکوژ و جینۆساید دەکرێن، ئەمە چ بەربەریەتێکە، ئەمە چ وەحشیەتێکە، ئەمە چ دین و دنیا و بەهایەکە کە ئەمە دەکات و قبوڵی دەکات؟ ئەگەر مرۆڤایەتی یەك زەڕە کەرامەتی هەبێت، دەبێت هەمووی بێتە دەنگ و ئەم تاوانە لە هەموو جیهان بناسێنێ و قوربانیەکانیشی بکاتە سیمبولی ئاشتی و پێکەوە ژیان.

## تراژیدیای (٤٢)

## شایەتحاڵەکانی شنگال بەڵگەی تاوانە دڕندانەکانی دەوڵەتی بە ناو ئیسلامی (داعش)ن دەرهەق بە کورد و کوردستانییەکان

دیمەنی کوردە ئێزیدی و موسڵمانەکانی شنگال و بەعشیقە و زومار لە ناو دار و باڵەخانە تەواو نەکراوەکان و قوتابخانە و چادرەکان بەڵگەی حاشا هەڵنەگرە بەرامبەر قێزەوەنی ئەو تاوانەی دەرهەق بە کوردی ڕەسەنی ئێزیدی و ئایینزاکانی تری ناوچەی شنگال و دەوروبەری کراوە، کە لە مێژە ئەم کوردستانییانە قوربانی تەعریب و تەرحیل و چەوسانەوەی ئایینی و نەتەوەیین، ئەمەش هەڵقەیەکی درێژکراوەی زنجیرە لە دوای یەکەکانی ئەو گرووپە تەکفیرییەی بە ناو دەوڵەتی ئیسلامی داعشە کە پێشتریش لە لایەن شۆڤێنییەکان و دوژمنانی کورد و کوردستانییەکانەوە لە پرۆسەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراوی جینۆسایددا جێبەجێیان دەکرد.
لە ناو یەکێك لە قوتابخانەکانی دهۆك بە ناوی قوتابخانەی (سەرەڕم) دیمەنی ئەو دوو منداڵە سەرنجی ڕاکێشاین، کە لە گەڵ دایکیان ڕزگاریان بووە و کەسوکاریان پێیان وتین: "باوکیان لە دژی هاتنی داعش شەڕی کردبوو، بۆیە بە برینداری کەوتە دەست ئەو تیرۆریستانە و دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆر کوشتیان".
کوشتنی دیلەکان و خەڵکی سڤیلی شنگال تەنیا تاوانێکی جەنگ نییە دژ بە مرۆڤایەتی کە ئەوان دەیانویست لەم ڕێگەیەوە ترس و دڵەڕاوکێ لە لای دانیشتووانی ناوچەکانی تریش بڵاو بکەنەوە، بەڵکو قڕ کردنی نەتەوەیەکە و تەواوکاری پرۆسەی لە مێژینەی ئەنفالە، لەم بارەیەوە بەشیر عەلی کە کوردی موسڵمانە و خەڵکی زومارە وتی:"ئەوەی بەردەستی داعش بکەوێت، بە ئەشکەنجەوە دەیکوژن و هیچ حیسابێك بۆ ئافرەت و پیاوی بەساڵاچوو، یان مێردمنداڵ و تەنانەت منداڵیش ناکەن، لە هێرشەکەیاندا بۆ سەر زومار، دەیان خەڵکی سڤیل و منداڵ کەوتنە بەردەم گوللە و دۆشکەی هامەرەکانیان و جیاوازی نێوان ئێزیدی و موسڵمان و عەرەبیش ناکەن گەر بێتو لە گەڵ خۆیاندا نەبن".
"ڕائید شەمۆ"، یەکێکە لەو هەزاران کەسەی کە بە هۆی هێرش و پەلاماری تیرۆریستانی داعش ئاوارە بووە. ئەو باسی کۆمەڵکوژییەك دەکات، کە بە چاوی خۆی لە ناوچەیەکی نزیك لە شوێنی خۆشاردنەوەی بینیویەتی و

دەڵێت:"نزیکەی ٧٠ کەس کەوتنە ناو بۆسەیەکی داعشەوە و دوای ئەوەی ئافرەت و منداڵەکانیان لێ جیاکرانەوە، پیاو و لاوەکانیان گوڵلەباران کرد".
شنگالییەکان پێیان وایە قڕکردنی ئەوان تەنیا کارێکی کتوپڕ نەبووە، بەڵکو پێشتر نەخشەی وردی بۆ دانراوە، ئەگینا چۆن بێ لێپرسینەوە تەنیا لە بەر کورد بوون و ئێزیدی بوونیان قەتڵوعام دەکرێن؟ خێرۆ حەیدەر کە کوردێکی ئێزیدیە لەو بارەوە وتی:"ئەم کارەساتە ئەوەندە دڕندانە و ترسناکە باوەڕ ناکەم لە مێژوودا گرووپێکی بە ناو ئیسلامی هەبێت کاری وای ئەنجام دابێت، ئەوان بێ لێپرسینەوە و بێ ترس لە دادگا کەوتنە گیانی خەڵکی بێ تاوان و تووشی کوشتن و نەهامەتییان کردین، دیار بوو ئەمە نەخشەی بۆ دانراوە و لە لایەن عەرەبە سوننەکانی ناوچەکەشەوە پاڵپشتی دەکران، تەنانەت خواردن و خواردنەوەشیان بۆ ئامادە کردبوون، ئەوانەی لە دەستیشیان رزگاریان بوو، ئێستا لە ناو دار و پەردووی بینا تەواونەکراوەکان و پۆلەکانی قوتابخانە و لە ژێر رەشماڵە بێ خزمەتەکان چاوەڕێی مەرگ و ژیانێکی زەحمەتن".
"قاسم حەجی" پیاوێکی ئێزیدی خێزاندارە و خەڵکی گوندێکی شنگالە، باسی لەو خیانەتە کرد کە عەرەبەکان دەرهەق بە گوندەکانی کورد کردوویانە، ئەو دەڵێت:"داعش چووبێتە ناو هەر گوندێکەوە ماڵەکانی دزیون، زۆر لە ماڵەکانی سووتاندوون، لەمەشدا عەرەبەکانی گوندەکانی دەوروبەرمان هاوەڵیان بوون و تالانی زۆریان کردووە، هەر وەکو چۆن لە ئەنفالدا دەرهەق بە کوردەکانی گەرمیان و ناوچەکانی تر کردیان، هەر بۆیە زەحمەتە ئێمەش لێیان خۆش بین".
چیرۆکی چیای شنگال لە دەمی "وەلید سەعید" دەبیستین کە لە دەستی داعشەکان دەربازی بووە و خۆی و خێزانەکەی پەنایان بۆ چیای شنگال بردبوو، ئەو بە نیگەرانییەکی زۆرەوە وتی:"دیمەنی تینوویەتی و برسێتی و بریندارەکانی چیای شنگال و ئاە و نزا و حەسرەتی دایك و پیاوی بەساڵاچوو لە زهنییەتی شنگالییەکان ناسڕێتەوە و کاریگەری لەسەر باری دەروونیمان دروست کردووە، حەوت شەو و حەوت ڕۆژ لە بەر گەرما و لە ترسی هێرشی داعش و بێ ئاو و خواردن لەو چیایە ماینەوە، ئێستاش لە دوا ڕۆژی منداڵەکانمان دەترسین و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ باری تەندروستییان خراپتر دەبێت".
لە درێژەی سەردانەکەماندا چەند ئاوارەیەکی شاری شنگال و دەوروبەریمان بەسەرکردەوە، کە لە ژمارەیەك لە دووکان و باڵەخانەکانی ناو شاری شێخان نیشتەجێ ببوون کە هێشتا تەواو نەکراون.

سەرەتا "شەمسین قاسم" وتی:"شەو لە خەودا بووین کاتێك داعشەکان بە تۆپ و هـاوەن و هـامەڕ هێرشـیان کـردە سـەرمان، مەڕ و مـاڵات و کەلـوپەلی ماڵەکانمانیـان تـاڵان کـرد و بگرە زۆر لەو خـانووانەی لاوەکانیـان پێشـمەرگە بوون تەقاندیانەوە، داعش و عەرەبەکان بۆ جینۆسایدی ئێمە هاتبوون، خێزان هەیە هەر هەموو ئەندامەکانی تا ئێستا شوێن بزر کراون و دوای ئەوەی بۆ شوێنی نادیار براون، نازانین چارەنووسیان چییە".

ئەو هاووڵاتییە کوردە ئێزیدیە لە درێژەی قسەکانیدا باسی لە تاوانەکەی گوندی کۆچـۆی کـرد و وتـی:"١٦٠٠ کەس دانیشـتووی گونـدی کۆچـۆ بـوون، ئەو گوندەی گەنج و پیاوەکانی بەرگرییان لە خۆیان کرد و بریندار و قوربانییەکی زۆریان دا و گوڵلەیان پێ نەما، کاتێکیش داعش هاتە ناو گوندەکە کۆمەڵکوژی ئەنجامـدا و برینـدارەکان و پیـاوی بەسـاڵاچوو و مێرمنـداڵەکانی کوشـتن و گەنجەکانی لە بەردەم باوکەکاندا دایە بەر ڕێژنەی گوڵلە و دواتر باوکەکانیشـی کوشت و ئافرەتەکانیشی رفاند".

هەر سـەبارەت بە بـێ سەروشـوێنکردنی کوردەکـانی شـنگال بە تـایبەتی ئافرەتەکانیـان "زهرێ فەرید" وتی:"خزم و کەسوکارم لە نـاو ئەو کەسـانەدا بـوون کە چارەنووسـیان دیـار نییە، زۆربەشـیان ئـافرەتن و بـێ سەروشـوێن کراون و مەترسی دەستدرێژیکردنە سەریان هەیە، ئەمەش دەروونـی کچەکـان و خێزانەکانی تێکداوە".

ئەو ئافرەتە کوردەی شنگال باس لە سووتان و بە تاڵانبردنی ماڵەکانیان دەکات و دەڵێت: «بە پێی ئەو هەواڵانەی بە دەستمان گەیشتووە، داعشەکان بە پاڵپشتی زۆربەی هۆزە عەرەبەکان هەر وەکو پیشەی لە مێژینەیان دەستیان کردووە بە بەتـاڵانبردنی مـاڵە کوردەکـان و ژمـارەیەکی زۆری خـانووی خەڵکیـان تەقاندۆتەوە، بە تایبەتی ئەو پێشمەرگانەی لە گەڵ قاسم سمێل لە چیای شنگالن و چەندین جار لە دوای چەندین شەڕ دەستەویەخە لە گەڵ چەکدارانی داعش ڕووبەڕوو بوونەتەوە".

هەر سەبارەت بە کوشتن و ئەشکەنجەدانی لاوەکان و خەڵکی سڤیل، "ئەلیاس شـێخۆ" باسـی لە کوشـتنی گەنجێکـی شـنگالی کـرد و وتی:"مێرمنـداڵێك بە هۆکـاری ئەوەی برینـدار ببـوو، تـۆمەتی پێشـمەرگەیان خسـتە پـاڵی و دوای ئەشـکەنجەدانێکی جەسـتەیی زۆری دواتـر لە نـاو تەنـووری نـان برژانـدن سووتاندیان".

"نـوار مـوەفەق"، کـوردێکی ئێزیـدی خەڵکـی شـنگالە و ئەویش سـەبارەت بە کوشتنی خێزانە کوردەکان وتی:"بە چاوی خۆم بینیم لە چوارڕیـانی تەلعەزیم

خێزانێکی هەشت کەسی لە ناو ئۆتۆمبێلێکدا کەوتنە بەر گوڵلەبارانی داعشەکان و کوشتیانن و دواتر لە ناو ئۆتۆمبێلەکە دەستیان کرد بە گەڕان و بردنی زێڕی ئافرەتەکان و گیرفانی پیاوە کوژراوەکەیان بڕی، تا ئێستاش لەو شوێنەدا تەرمی کوژراوەکان ماون و نەنێژراون، هەر لەو بۆسەیەدا خێزانێکی تری ١٣ کەسییان رفاند و پیاو و ئافرەت و منداڵەکانیان بە ئۆتۆمبێلی جیا برد، تەنانەت لە سەر دزینی ئۆتۆمبێلەکەشیان لە نێوان داعش و ژمارەیەك چەکداری عەرەب بوو بە شەڕیان".

هەر لە درێژەی سەردانەکەماندا بۆ پارێزگای دهۆك و شاری شێخان ژمارەیەك لە ئاوارەکانی ناو باڵەخانە تەواونەکراوەکان ئومێدیان زۆر بوو تا بەم نزیکانە شنگال و ناوچەکانی دەوروبەری لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە ئازاد بکرێت و لە ژیانی پڕ لە نەهامەتی و ئاوارەیی دەربازیان بێت. ئەوان باسی ئەوەیان دەکرد کە ئەو کۆمەك و یارمەتییانەی بە دەستیان دەگات کەمە و بەشی بژێوی ژیانیان ناکات. یەکێکیان کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات، وتی:"هاوکارییەکان نەتوانراوە وەکو پێویست دابەش بکرێن، چونکە ئێزیدیەکانیش بە سەر شار و دەیان شارۆچکە و باڵەخانەی تەواونەکراو و قوتابخانە و ئۆردوگا دابەش بوون، ئەمەش بووەتە هۆی قورسکردنی گەیاندنی کۆمەك و هاوکارییەکان".

هەروەها زۆر لەو ئاوارانەی قسەمان لە گەڵیان کرد، وەك"شەمسین قاسم" و "وەلید سەعید" و "حوسێن قاسم" و ژمارەیەکی دیکەی پیاو و ئافرەتی کوردی ئاوارە، ئەو هەقیقەتەیان خستە ڕوو کە دوای ئازاد کردنی شنگال و ناوچەکانیشیان گەر بێتو زەمانەتی پاراستنیان لە داعش و عەرەبەکانی ناوچەکە نەکرێت، زەحمەتە بتوانرێت بگەڕێنەوە، بە پێی وتەکانیان ئەوان چیتر بڕوایان بە عەرەبە سوننەکانی ناوچەکەش نەماوە، چونکە زۆربەی هۆزە عەرەبەکان چوونەتە پاڵ داعش و لە کۆمەڵکوژیدا بەشداری راستەوخۆیان کردووە.

## تراژیدیای (٤٣)

## هەفتەكانی خەموژانی ئێزیدییەكان

لە كۆتا خاڵ كە بەشی ڕۆژئاوای چیای شنگال لەو بیابانە جیا دەكاتەوە كە بە دەستی چەكدارانی داعشەوە بوو، "خەجۆ ئیسماعیل"، ژنێكی(٧٠) ساڵ، لە چاوەڕوانی بارهەڵگرێكدا دانیشتبوو كە بیگوازێتەوە بۆ ئەو دیو سنوور و چوونە ناو خاكی سوریا.
"خەجۆ" كە بە دەستە لەرزۆكەكەی چاوەكانی دەسڕی، دەڵێت "جارێكیتر چەند رزگاربوویەك هەن كە گیانی گەلی ئێزیدی تا ڕۆژی دوایی هەڵدەگرن".
"خدر"، هاوڵاتییەكی تری ئێزیدییە، بە دەم قسەكردنەوە خەریكبوو لە مەراقدا هەرەس بێنێت كاتێك وردەكاری ئەو خەموژان و زووخاوەسكییەی دەگێڕایەوە كە بە سەر هاوشارییەكانیدا هاتووە "٣٠٠ هەزار كچە ئێزیدییان خستە تەڵەیەكەوە كە هیچ گەلێك پێشتر نەیدیوە، گوندەكانمان بوونە قەسابخانەیەكی گەورە، لە هەموو لایەكەوە گەمارۆیان داین و سەر و ماڵ و شەرەفی ئێمەیان دەویست.. هیچیترمان لەبەردەمدا نەبوو ئەم چیا سەختە نەبێت".
چیای شنگال دوا پەناگە بوو لەو مەرگەی لە سەر دەستی چەكدارەكانی دەوڵەتی ئیسلامی هەڵیكرد.. چیاكە بووە پەناگە بۆ رزگاربوون لەو هێرش و غەزا یەك لە دوا یەكەكانی هەڵیكردە سەر ئەو گوند و شارۆچكەی ئێزیدییانەی خەڵكەكەی لە لایەن دەوڵەتی خەلافەوە بە "پەرستنی شەیتان" تاوانبار بوون.. قوربانییەكانی ئەم ناوچەیە لە چەند نمایشێكی كوشتاری بەكۆمەڵدا لە قەبرستانی گوندەكانی دەوروبەردا ئەسپەردەی خاك كران بە دەستی چەكدارانێك كە هەرچییان بەردەست بكەوێت حەڵاڵی دەكەن و هەر ژنێكیان بەردەست بكەوێت دەیكەنە كەنیزەك، بە پێی قسەی دەیان كەس لەوانەی لەم كارەساتە بە هەر دەردی سەرێك بووە رزگاربوون.
ئەم چیا بەردەڵانەی كە درێژییەكەی(٧٥)كیلۆمەترە و(٣٠)هەزار خێزانی ئێزیدی لە خۆ گرت، لە ناو ئەشكەوت و ڕێگا و بانەكەیدا مەرگ و تینوویەتی و برسێتی زۆری بۆ سەدان كەس هەڵگرتبوو كە لە سەربازەكانی بەغدادی هەڵهاتبوون.. ئەوانە ڕێگەیان بە خۆیاندا گەلێك كۆتایی پێ بهێنێت كە هەزاران ساڵە لە نیشتمانی یەكەمی خۆیدا نیشتەجێیە.

## هەڵهاتن لە مەرگەوە بۆ مەرگ

هەڵهاتنی بەکۆمەڵی خەڵکی شارەکە لە ژێر گوشاری ترسی چەکدارەکانی خەلافەت، هیچ دەرفەتێکی نەهێشتەوە بۆ بیرکردنەوە لەوەی ئاوارە و هەڵهاتوو پێویستی بە چییە لە ڕێگای هەڵهاتنی بەرەو جێگەیەکی ئارام. زۆربەیان ئەوەیان بیر نەبوو چیاکە ئاوی تێدا نییە و سەرچاوەی خۆراکیشی نییە.

**خۆراك**

"دەخیل کریت" دەڵێت:"لە ژێر هەڕەشەی مەرگ هەڵهاتین و هیچ هەستەوەرێکمان ئیشی نەدەکرد و جگە لە قوتار بوون بیرمان لە سەر هیچیتر نەبوو، هەموو شتمان لە بیر کرد، پاش چەند کاتژمێرێك زانیمان لە مەرگەوە هەڵهاتوین بۆ مەرگێکیتر".

"وسی عیدۆ" کە لە گەڵ خێزانەکەیدا لە کۆمەڵگەی تەل عوزێرەوە چەند خولەکێك لە پێش هەڵکوتانە سەری، هەڵهاتووە و پێنج ڕۆژ بە پێ ڕێیکردووە تا گەشتووەتە سوریا، دەڵێت:"لە ژێر بۆمب باراندا بووین و کەس بیری ئەوەی نەبوو دەبەیك ئاو یان هەندێ برنج و ئارد لە گەڵ خۆیدا هەڵگرێت.. نانەکەمان ڕۆژی یەکەم کۆتاییهات، سێ ڕۆژمان بە بێ خواردن بردە سەر و مەرگ لە هەموو شت لێمانەوە نزیکتر بوو".

"ڕۆژی یەکەم پڕ بوو لە هەستی دژ بە یەك، ترس لە مەرگ، سەرسوڕمان لە گەورەیی کارەساتەکە، ترس لەوەی بەڕێوەیە.. پرسیارەکان بە دوای یەکدا ئەهاتن بە بێ وەڵام، چۆن ئەمە ڕوویدا؟ کێ ماوە لە شارەکە؟ کام لە ئەندامانی خێزان دەرباز نەبوون". ئەمە قسەی "یاسر نەواف"ی چالاکوانی مەدەنی ...

پاش لە تێپەڕینی چەند کاتژمێرێك بە سەر دەرنەکەوتنی ڕزگارکەر و وەستانی ئیشکردنی هاندەکانی مۆبایل لە بێ شەحنیدا، خێزانەکان بە شێوەی گرووپ و کۆمەڵ کۆمەڵ بەش بەش بوون بە سەر ئەملاولای چیاکە و ئەو بن ڕەمەنانەی کە تۆزێك سێبەری دەکرد بۆ خەڵکەکە تا بتوانن زیاتر بەرگری بکەن بەرانبەر مردن لە کەشێکدا کە پلەی گەرمی لە ڕۆژدا(٤٥)پلەی سەدی تێدەپەڕاند.

هەندێك لە شوێنی ئۆتۆمبێلە فڕێدراوەکاندا بە دوای ئاودا دەگەڕان لە دەروازەکانی چیاکە، هەندێکیش لە کۆمەڵێك بیری کۆن کە چەندین ساڵە بەکار نەهاتوون و هەندێکیتریش لە ناو ئەستێڵك و گۆماوی گەنیوو بۆنکردوودا سۆراغی ئاویان دەکرد.

ئەو ڕانە مەڕانەی بە سەلامەتی گەشتبوون لە ئێوارەی یەکەمدا سەربڕدران و گۆشتەکانیان بە کاڵی خورا و هەندێکیش کەمێك چیلکەو داریان دەسکەوت و برژاندیان. ڕۆژانیتر هەرچی گەنمێك دەست بکەوتایە دەکوترا و دەکرا بە ئارد

و لـه گـەڵ ئـاو دەكـرا بەهـەویر و دەرخـواردی منداڵـەكان دەدرا بـۆ ئـەوەی پاروویەك بڕواتە گەدەی برسییان.
"رۆستەم رەمبوسی" كە مامۆستایەكی سەرەتاییە،(٢٦)كاتژمێر بە پێ ڕێی كـردووە لـە گـەڵ بـرا بچكۆلەكـەی و دوو كچەكـەیدا تـا لـە گونـدی خۆیـەوە گەشتووەتە چیا "ئێمـە هەرەشـەی دەوریـیەی چەكدارەكانمان لە سەر بوو، لە ڕێگای هەڵهاتنمان بۆ چیا لـە دوو جێگـەی جیا حـەوت تـەرممان بینـی. یەكـەم شەو بە شەكەتی گەشتین و بە چنگەكڕێ شوێنی خۆمان دۆزییـەوە، خـەڵكمان دی لـە سـەر زەوی رووت دانیشـتبوون و راكشـابوون، هـەر خـەڵك بـوون و راكشابوون و كەس نەیدەزانی نوستوون یان مردوون و ماڵئاواییان كردووە لە ژیان.. ئێمەش لە نزیك خێزانێكەوە راكشـاین كـە بـە پوش و پـەڵاش ئاگرێكیـان كردبووەوە.. درەنگانێكی شەو زریكە و ناڵـەی منداڵـە برسـی و ترساوەكان ئـەو بێدەنگییەی دەشكاند كە باڵی بە سەر هەمواندا كێشابوو".
"رەمبوسـی" دەڵێـت "ڕۆژی پێـنج شـەممە، كچێكـی ئـامۆزای خـۆم دی منداڵـە مردووەكەی لەبەر دەستی خۆی دانـابوو بـە كۆڵ دەگریـا بـە سـەریدا.. ناهـەقی نـەبوو بـەر لـەوەی ساڵێكی تەمـەنی تـەواو بكـات دوا هەناسـەی خۆیدا و مرد، پاش چەندین بێنە و بڕۆ قایلمان كرد بەوەی منداڵەكە بـە بـەرد داپۆشـین چونكـە كەس توانای هەڵكەندنی گۆڕی نەبوو ".
لە ڕۆژانـی دوایـی پەنابـەرەكان هـەر چاوەڕوانی گەشتنی هـەواڵی كردنـەوەی ڕێگـای چیاكـە بـوون بـۆ دەربـازبوون و بـە تـەمای فڕۆكـەی فریـاگوزاری چاوەڕوانكراو بوون، قسەكانیان هەر دەربارەی ئەو جێگەیانە بـوو كـە دەشـێت ئـاوی تێدا بێت لـە چیاكـە لـە گـەڵ ژمـارەكردنی بێسەروشـوێن و مردووەكـانی خـەڵكی هـەڵهاتوو. لـە گـەڵ ئـەم ماندوویەتییـە زۆرە و نـەمانی هێـز و توانـای ڕێكـردن "نائومێـدی رووی‌كـردە زۆرێـك لـە منـاڵ و پەككەوتـەكان و ملیـان كەچكرد بۆ مردن".
بە پێی سەرچاوە پەرلەمانی و میدیاییەكان كە ئاماری قوربانییەكانیان كردووە، بـە پێـی وتـەی ئاوارەكـانی چیاكـە، لـە سـێ ڕۆژی یەكـەمی ئاوارەییـدا نزیكەی(٤٠) مناڵ و زیاتر لە(٢٧)كەسی بەتەمەن لـە برسێتی و تینوویـەتی و بێ دەرمانیدا مردوون.
لـە ڕۆژانـی دواتریشـدا ئـەم ژمارەیـە زیـادیكرد و بـە قسـەی جـەنگاوەرێكی چەكداری ئێزیـدی كـە مـاوەی چەنـد ڕۆژێك لـە دەوروبـەری مـەزاری شـێخ شەرەفەدینی پیرۆز لای ئێزیدییـەكان بـووە كـە لـە نزیكیدا تـەرمی مردووەكـان

دەشاردرانەوە، لە هەموو لایەکدا کۆما بەردی سەر تەرم هەبوون کە لە ژمارە نەدەهاتن.. "خێزانێك نابینی کە پیرێك یان منالێکی نەمردبێ".

**لە چاوەڕوانی فڕۆکەکاندا**

بەر لە کۆتایی هەفتەی یەکەمی کەوتنی شنگال و لە گەڵ زۆربوونی هەواڵی گەشتنی فڕۆکە عێراقییەکان کە خۆراك و ئاو و فریاگوزاری سەرەتاییان دەگەیاندە سەر چیا، هێزێك هاتەوە بەبەر هەڵهاتووەکاندا بۆ مانەوە و رزگاربوون لە مردن. "نایف کریت" دەڵێت:"ئەوە هیوایەکی بەخشی بە خەڵك، شەش ڕۆژ بەتەمای گەشتنی کەرەستەی فریاگوزاری بووین، زۆرێك مردن، بەڵام خێزانی من رزگاریان بوو، سەدان مەتر ڕام دەکرد بە دوای ئەو کەرەستانەی فڕۆکەکان دەیانخستە خوارەوە، ئیشارەتمان دەکرد بۆ فڕۆکەکان و بە هەموو لایەکدا بە دوایاندا ڕامان دەکرد...کەرەستەکان کە دەگەشتنە سەر زەوی و دەکەوتنە خوارەوە خراپ دەبوون و دەشکان، بەڵام ژیانی هەزارانیان رزگار کرد". "نایف کریت" دەڵێت:"بە دوا یەکدا هاتنی گەشتنی فڕۆکە و بڕیاری ئەمەریکی بۆ دەستێوەردان پەتی رزگاربوونی کۆتایی بوو(١١)ڕۆژمان بە سەر برد، منالەکان وەکو گەڵای پایز وەرین و بە پێی خاوس بە سەر ڕێگا بەردەڵانەکاندا دەرۆشتن، هەندێکیان لە ڕێگادا نوستن و ئیتر بە خەبەر نەهاتنەوە".

سەرباری ئەو دەرفەتەی کردنەوەی ڕێگاکە رەخساندی بۆ(١٥٠)هەزار مرۆڤ کە ماوەی دوو هەفتە لە تەڵەزگەیەکی گەورەدا قەتیس بووبوون، پارێزەر هادی خەڵەف کە یەکێکە لەوانەی بڕیاریداوە لە چیاکە بمێنێتەوە دەترسێت ئەو ڕێگایە "سەرەتای کۆتایی ئێزیدییەکان بێت لە خاکی خۆیان"و سەرەتای ڕێگایەکی پڕ لە چەرمەسەری بێت بەرەو نادیار.

"هادی خەڵەف" کە چەکی کلاشینکۆفی بەدەستەوەیە، دەڵێت:"ئێمە هەزاران ساڵە لێرەین و ناتوانین نیشتمانێکی نوێ بۆ خۆمان دروست بکەین.. کارەساتێکی گەورەیە خۆمان بە دەستی خۆمان ئەو پلانە جێبەجێ بکەین کە بۆ قەلاچۆکردنی ئێمە دانراوە، کارەسات ئەوەیە کۆچ بکەین و خۆمان رادەستی ئەو سوپایە بکەین کە لە تاریکایی بیابانەوە هاتوون".

ئەم دەنگەی "هادی خەڵەف" لە ناو ئەو ترس و تۆقەدا نابیسترێت کە چەکدارانی دەوڵەتی خەلافەت دروستیان کردوە و هیچ گوێگرێکی نییە لە ناو هاوکێشەی "کوشتن یان هەڵهاتن" کە چەکدارەکان لە شنگال و چواردەورە بیابانەکەیدا بە "یارمەتی سەدان چەکداری هۆزە عەرەبییەکانی تەماعکار لە تالانکاری" سەپاندییان...

# تراژیدیای (٤٤)

## ڕۆژێك لەگەڵ پاڵەوانانی چیا

لە پێچەکانی سەر چیای شنگال، بەدیوی شارۆچکەکەدا، لە پەنای هەر بەردێکدا جەنگاوەرێکی چەك بە شان چاودێری دەشتەکە دەکات. لە هەر یەکێکیانم دەپرسی دەیگوت "ئێمە زلامێت قاسم دەربۆینە". ئەم دیمەنە بەشی دووەمی فیلمی "رامبۆ"م دێنێتەوە یاد کە لە ئەفغانستان وێنە گیرابوو.
رەنگە هۆلیوود بە دەیان ملیۆن دۆلار خەرج بکات، بۆ دروستکردنی چەند گرتەیەکی هاوشێوەی ئەوانەی ئێستا لە چیای شنگال دەبینرێن.
ئەوان ناهێڵن هیچ کەسێکی نامۆ بە ئاسانی بەوێدا تێپەڕێت، داعش نەیتوانیوە هەنگاوێك بەرەو چیاکە سەربکەوێت "چەند ڕۆژێك پێش ئێستا ئۆتۆمبێلێکی داعشەکان، بەرەو سەر چیا هات، بەڵام لێماندا و دەستمان بەسەر هەموو چەکەکانیشدا گرت". جەنگاوەرێکی ئێزیدی وایگوت.
ئەو هێزەی لە چیای شنگال ماون، بە جەنگاوەرانی ئێزیدی بانگ دەکرێن. هێزێکی تەواو تۆکمە و ئامادەیە بۆ کاتی هێرشکردنە سەر قەزای شنگال.
هێزەکە دابەشکراوە بەسەر شەش فەرماندە. فەرماندەکان بەسەر ناوچەکاندا دابەشکراون بۆ پاراستنی ئەو ناوچانەی تاوەکو ئێستا داعش دەستی پێیان نەگەیشتووە، دەڤەرەکانی لوفا، قەندیل، مەزارگەی چلمێران و گەلیێ زەر لە لایەن فەرماندە "قاسم دربۆ" دەپارێزرێن. هەردوو فەرماندە "قاسم شەشۆ" و "قاسم سمێر" مەزارگەی شەرفەدین، گوندی بورك، گوهبەل و دۆهەلا دەپارێزن. هەروەها هێزەکانی فەرماندە "خەیری شێخ خدر"، ناوچەکانی سکینی و حسێن سەعید، ناوچەکانی مزرکەنداو بەدەل خەلەف، ناوچەکانی گەلی کەرسێ دەپارێزن.
"قاسم دربۆ"، یەکێك لە فەرماندەی جەنگاوەرەکان، لە بەرزترین شوێنی چیای شنگالدا بە دووربینەکەی دەستی سەیری جموجۆڵی چەکدارانی داعشی دەکرد، ئەو گوتی:"هێزەکانمان بەسەر خاڵە بەرگرییەکاندا دابەشکردوون، هەریەکە و شوێنی خۆی دەزانێت، پلانی پێشوەختە دادەڕێژین بۆ هێرش، ماوە ماوە گۆڕانکارییان پێدەکەین، بەشێکیش لە جەنگاوەرەکان خواردن بۆ شەڕکەرەکان دروست دەکەن".
هەر لەسەر ئەو چیایە، چەندین تەنووری لە بەرد و قوڕ دروستکراو دەبینی کە چەند ئافرەتێك نانی لەسەر دروست دەکەن بۆ جەنگاوەرەکان، یەکێك لە ئافرەتەکان کە لە تەنیشت تەنوورەکەوە دانیشتبوو، گوتی:"ئێمە لێرەین بۆ

ئەوەی نانی گەرم بۆ پارێزەرانمان دروست بکەین، ڕۆژانە ٣٠٠ نانی گەرم بۆ جەنگاوەرەکان دروست دەکەین، جلوبەرگەکانیشیان بۆ دەشۆین".
"قاسم دەربۆ"، موختاری گوندی قەندیلە، لەگەڵ هاتنی داعش بۆ شنگال، دەستی دایە چەك و هێزێکی لە خەڵکی گوندەکەی دروست کرد. دواتر وردە وردە خەڵکی دیکەی ئێزیدیش هاتنە نێو هێزەکەی ئەو کە ناوی لێناوە "جەنگاوەرانی ئێزیدی".
ئەو کاتەی خەڵکی شنگال رووی لە چیا کرد، "قاسم" چەند خاڵێکی سەرەکی لە پێشەوەی چیاکە گرت و نەیهێشت داعش بەرەو سەر چیا بچێت، بەم شێوەیە بەرگری لە ئاوارەکانی سەر چیا کرد. ئەو دەڵێ:"سەرپەرشتی هێزێکی گەورە دەکەم، بەڵام لە هەر خاڵێکەوە شەڕ دروست بێت، دەچمە ئەوێ".
درێژیی چیای شنگال(٧٢)کیلۆمەترە و(١٤٠٠) مەتریش بەرزە، ئەو چیایە دەکەوێتە پشت سەنتەری قەزای شنگال و لە نزیك سنووری ڕۆژئاوای کوردستانە، هەردوو پارێزگای موسڵ لە عێراق و حەسەکە لە ڕۆژئاوای کوردستان پێکەوە دەبەستێتەوە. بە دوو ڕێگاش بە قەزای شنگالەوە بەستراوەتەوە، ڕێگاکان لە لایەن جەنگاوەرانی ئێزیدیەوە کۆنترۆڵ کراون.
"قاسم دربۆ" دەڵێ "هێزەکانی پێشمەرگە و جەنگاوەرانی ئێزیدی و شەڕڤانانی YPG لەسەر چیای شنگالن، هاوئاهەنگییەکی تەواو لە نێوانماندا هەیە، لەبەر ئەوە تاوەکو ئێستا دەیان هێرشی داعش بۆ داگیرکردنی چیای شنگال تێکشکێنراون".
جەنگاوەرانی ئێزیدی کە ژمارەیان زیاتر لە(٥٠٠) جەنگاوەرە، بە نێوی هیچ حزب و لایەنێك شەڕ ناکەن، وەکو خۆیان دەڵێن ئەو قۆناخە دەخوازێ بە ناوی ئێزیدیەکان شەڕ بکەین. "قاسم دەربۆ" کە پێشتر کادرێکی (پارتی دیموکراتی کوردستان، PDK ) بووە، دەڵێ:"ئێستاش من کادرێکی پارتیم، بەڵام لەم شەڕەدا بۆ بەرگریکردن لە خەڵکی شنگال و پیرۆزییەکانی ئێزیدی دەجەنگین".
کە بە لۆفەکانی چیاکەدا سەردەکەوێت، چەندین ئۆتۆمبێلی تێکشکێنراو و تەرمی چەند داعشێك دەبینی لە لا ڕێگادا کەوتوون کە بە دەستی جەنگاوەرانی ئێزیدی کوژراون. لە هەندێك شوێن زەوی بە تەواوی داپۆشراوە بە قەوانی دۆشکە و بیکەیسی و کلاشینکۆف. "قاسم دەربۆ" دەڵێت تەنیا لە سنووری ئەودا هەشت هێرشی داعش تێکشکێنراون.

## ١٠ هەزار کەس لەسەر چیای شنگالن

نـزیکەی ١٠ هەزار کەس لە چیـای شـنگال مـاون کە بەشـێکیان ئاژەڵـدارن و بەشێکیشـیان خێزانــی جەنگــاوەرانی ئێزیــدین. بە هــۆی گرتنــی ٣ گونــدی ڕۆژئاوای کوردستان لە لایەن چەکدارانی داعش، ئێستا (کۆتـایی مـانگی ١٠ ی ٢٠١٤) چیـای شـنگال گەمـارۆ دراوە، تەنیـا بە ڕێـگەی ئاسـمانی چەك و خواردن بۆ جەنگاوەران دەنێردرێت.

"قاسم دەربۆ" دەڵێت "سـەرەتا PKK هاوکـاری کـردین، بەڵام ئێستا سـەرۆك بارزانی بە چەك و بە خـواردن لە ڕێـگەی فڕۆکەوە هاوکاریمـان بۆ دەنێرێ، ئەگەر ئەو هاوکارییانەمان پێنەگەن، ناتوانین بەرگری بکەین".

"بەدەل خەلەف"، فەرمانـــــدەیەکی دیـــــکەی جەنگاوەرەکـــــانە و زیـــــاتر لە(٣٠٠)جەنگــاوەری هەیە، دەڵێت:"زۆرجـار چەکمــان پێـدەگات، بەڵام ئەو چەکانە بەس نین".

لە نێو جەنگاوەرانی ئێزیدی هەمـوو تەمەنە جیاوازەکان هەن، پیر و گەنـج و مێرمنداڵ. "ناسر حەسەن"، جەنگاوەرێکی مێرمنداڵی ئێزیدیە و کلاشینکۆفێکی بە شانەوەیە دەڵێ:"ڕاستە ئێمە گەمارۆ دراوین، بەڵام هیچ ترسێکم نییە، ئێمە لە پێناو ئازادی دەجەنگین، هەتاوەکو دڵۆپێك خوێن لە لاشـەم هەبێ، بەرگری لە شنگال دەکەم".

جەنگاوەران جلوبەرگەکانیان جۆراوجۆرن، بە تەمەنەکان جلوبەرگی کـوردی و گەنجەکــانیش کــابۆی و تیشــێرتیان لەبەر کردبــوو، ئەوان وەکــو هێزێکــی نیزامی هەڵسوکەوتیان دەکرد.

بەشــێك لە جەنگــاوەران لە ئەوروپــاوە هــاتوونەتەوە بــۆ بەرگریکــردن لە ئێزیـدیەکان، "مەحلـۆیێ حەسـەنێ"، گەنجێکـی(٢٠) سـاڵانە و لە ئەڵمانیـاوە گەڕاوەتەوە و بـووەتە جەنگـاوەر، ئەو دەڵـێ "ئەڵمانیـا زۆر خۆشـە، پـارك و خـواردنی خۆشـی هەیە، بەڵام هەر خولەکێـك ژیـان لەسـەر چیـای شـنگال بـۆ بەرگریکردن شەرەفێکە بۆ من".

ئەم ڕاپۆرتە لە کۆتایی مانگی ١٠ ی ٢٠١٤ ئامادە کرابوو.

## تراژیدیای (٤٥)

## پاپیرم لە چیا گیانی لە دەست دا

"وەحیدا ئەلیاس جبو"دانیشتوی گوندی سیبای شێخ خدر دەبێژێت:"کاتژمێر سێی شەو بوو بووە شەڕ و ئێمە لە خەو راچەڵەکاین نزیکەی پێنج شەش کاتژمێر شەڕ لە نێوان بەرگریکاران و چەکدارانی تیرۆرستی داعش بەردەوام بوو پیاو و گەنجەکانمان لە پشت ساترە خۆڵەکە شەڕ و بەرگرییان دەکرد بۆ ئەوەی بمان پارێزن و بتوانین خۆمان رزگار بکەین و بگەینە چیای شنگال خوشکێکم لە رێگادا بەر فیشەکێکی تیرۆرستان کەوت و گیانی لە دەستدا وەك باران کوڵلە بەسەر سەرمان دەبارین بە کۆڵەمەرگی خۆمان گەیاندە چیا حەوت ڕۆژ خواردن و خواردنەوەمان بە دەگمەن بەدەست دەکەوت.

"وەحیدا" بۆ ماوەیەك لە قسەکردن وەستا بە هۆی گریانیەوە، هەر بە هەنسکی گریانەوە وتی:"هەرگیز بڕوامان نەدەکرد لەم چەرخ و سەردەمەدا ئەمە روو بدات و ئەمەمان بەسەر بێت، حەوت ڕۆژ بۆ قومێك ئاو دەگریاین".

"وحیدا" تەمەنی (٢٥) ساڵانە ئەگەر ئافرەتێکی لەم تەمەنە توانای خۆ راگرتنی نەبێت ئەی ئەبێ ژیان و گوزەرانی منداڵ و پیر و پەککەوتەکانی چیای شنگال لە ماوەی گەمارۆدانیاندا چۆن بووبێت.

هەر بە هەنسکی گریانەوە "وحیدا" وتی: باپیرم بە هۆی تینوویەتی لە چیا گیانی لە دەستدا تەمەنی ٧٥ ساڵان بوو، خوشکەکەم تەمەنی دوو ساڵان بوو کاتێك ویستی لە ئۆتۆمبێل سواربێت بۆ ئەوەی ڕابکات بەڵام بە کوڵلەیەکی چەکدارانی داعش گیانی لە دەستا و ناچار بووین لەوێ بەجێمان هێشت.

"وحیدا" بەردەوام بوو لە قسە کردن بەڵام لە روخساری دا سەدان نهێنی و پڕ لە ئێش و ئازار و دەردەسەری بەدی دەکرا، "وحیدا" وتی:"ئێمە لە چیا ڕێگای دوو سەعاتمان دەگرتە بەر لە (کانیە)ك کە ئاوەکەی چەور بوو کەمێك ئاومان دەست کەوت، بەڵام ئەم کانیە بەشی هەموو ئاوارەکانی چیای نەدەکرد، ئێمە دە(١٠) کەس بووین لە ئەندامانی خێزانی مامم (٤) کەس بووین هەموومان لە چیای شنگال بێ ئاو و نان و جێگا بووین زۆر، هاوڵاتی ئێزیدی لە تینوویەتی و لە برسان لە چیای شنگال گیانیان لە دەست دەدا".

## تراژیدیای (٤٦)

## ئەو ویستی فڕۆکەکە ژیانی رزگار بکات، کەچی فڕۆکەکە ژیانی بە کۆتا هێنا

ئەو بە هەر شێوەیەك بێت دەیویست لەم مەرگەساتەی چیا خۆی رزگار بکات، لە گەرمـی چیـا و لە برسـیەتی و تینـوویەتی چیـا و لە ترسـی رفانـدنی وەك ئافرەتێك دەیویست خۆی رزگار بکات.
کاتێك فڕۆکەکە هاوکاری و خواردنی بۆ خەڵکەکە دەهێنا، زۆربەی خەڵکەکە بەرەو ڕووی فـڕۆکەکە دەرۆیشـتن ئەوان بـۆ خـۆراك و خـواردن نەدەچـوون بەڵکـو دەیـان ویسـت لەم چیـایە خۆیـان رزگـار بـکەن و خۆیـان بـخەنە نێـو فـڕۆکەکەوە، بـۆ ئەوەی لە کـاتی گەڕانەوەی فڕۆکەکـە ئەوانـیش لەم مەینەتـیە رزگاربن.
سـەدان کەس بەم شـێوەیە دوای دابەشـکردنی خـۆراك لە لایەن فڕۆکەکـانەوە رزگاریـان بـوو بە فـڕۆکە گەڕانەوە نـاوچە ئارامەکـانی کوردسـتان، ئەو ئـافرەتەش بە هەر جۆرێـك بێـت خـۆی بە فـڕۆکەوە هەڵواسـی چـونکە لە نـاو فـڕۆکەکە هـیچ شـوێنێکی بـۆ نەمـابوو، بەڵام بە داخەوە بە بەرزی نـزیکەی (٣٠٠) مەتـر کەوتە خـوارەوە، چـونکە ئـافرەتەکە نەیتـوانی بـوو خـۆی بە هەڵواسینی فڕۆکەکەوە کونتڕۆڵ بکات، ئەو ئافرەتە لە دوورەوە دیار بوو کە دەکەوتە خـوارەوە زۆر بچـوك بـوو، وەك باڵنـدەیەك شـێوەی دیـار بـوو هەر ئەوەندە کەوتە سەر زەوی هەموو ئێسکەکانی گیانی شکان و ڕاستەوخۆ رۆحی لە دەست دابوو، لەوانەشە هەر لە کاتی هەڵواسین و بەرز بوونەوەی فڕۆکەکە رۆحی لە لاشەدا نەمابێت و بۆیە کەوتبێتە خوارەوە.
بە هەمـان شـێوە گەنجێکـی تـر لە فـڕۆکەکە کەوتە خـوارەوە، ئەو ویسـتی بە فڕۆکەکە ژیانی رزگار بکات، کەچی فڕۆکەکە ژیانی بە کۆتا هێنا.

## تراژیدیای (٤٧)

## ئەوان ترسیان لە باڵەکانی فڕۆکە نەبوو

کاتێك لە دورەوە دەنگی فڕۆکەکان دەهات خەڵکەکە هەمووی هەڵدەستان و بەرەو دەنگی فڕۆکەکە ڕایان دەکرد، ئەوان دەستیان بەرز دەکردەوە بۆ پارووپەك نان و بۆ کەمێك ئاو، ئەو دیمەنانە زیاتر لە فیلمە ئەکشنەکان دەچوون چونکە ئەوان ترسیان لە باڵەکانی فڕۆکە و هەوای فڕۆکەکە نەبوو بەڵکو خۆراکیان دەویست و برسییان بوو، منداڵەکانیان برسی بوون.
هەرکاتێك فڕۆکەکان دەگەیشتن ئەوان هەندێکیان خۆیان بۆ خۆراك ئامادە دەکرد، هەندێکیشیان خۆیان بۆ نێو فڕۆکەکە ئامادە کرد، بەڵام فڕۆکەکانیش نەیاندەتوانی بە ئارەزوی خۆیان بنیشێن چونکە چەکدارەکان لە خوارەوە فڕۆکەکانیان گوڵلەباران دەکرد.
یەکێك لە دیمەنەکانی ناو فڕۆکەکە کاتێك چەند منداڵ و ئافرەتێك رزگاریان بوو، بەڵام هەر لە کاتی بەرزبوونەوەی چەکدارانی داعش گوڵلەیان بە فڕۆکەکەوە دەنا و چەکدارانی ناو فڕۆکەکەش ناچار وەڵامیان بدەنەوە، ئەم دیمەنە بۆ منداڵ و ئافرەتانی ناو فڕۆکە کاریگەرە و مەترسیدار بوو، تۆقین و ترس و دڵەراوکێ لە رادەبەدەر لە رووخساریان بەدی دەکرا ئەوان چاو و گوێیان بە توندی گرتبوو بۆ ئەوەی گوێ بیستی ئەم دەنگە نەبن.

## تراژیدیای (٤٨)

## ژن و پیاوێکی بە تەمەن سێ هەفتە لە ترسی داعش لە ژێر تاشە بەردێك خۆیان شاردەوە

پاش ئەوەی چەکدارانی داعش پەلاماری گوندەکەیان دەدەن ژن و پیاوێکی بەتەمەن بە هۆی ئەوەی تەمەنیان گەورەیە ناتوانن بە خێرایی هەڵبێن بۆیە خۆیان لە پەنای تاشە بەردێك دەشارنەوە و ئەوان بەم جۆرە رووداوەکە دەگێڕنەوە.
"خەلیل قولو"ی تەمەن (٦٣) ساڵ و هاوسەرەکەی "حەنیف"ی تەمەن(٥٥)ساڵ لە کاتی هێرشی چەکدارانی داعش بۆ گوندەکەیان لە سولاغ لە شنگال دەژیان، کاتێ چەکدارەکان هێرش دەکەن لە بەر بەساڵاچونیان توانای ڕاکردنیان نابێت و ناچار دەبن کە خۆیان لە ژێر تاشە بەردێك دا بشارنەوە.
لە ژێر کاریگەری ئەو دڕندایەتییەدان کە بە چاوی خۆیان بینویانە، تا ئێستا بە ئاسانی ناتوانن قسە بکەن و لە دەربرین دا سەختی دەبینن. "خەلیل و حەنیف" (٢١) ڕۆژ لە ژێر تاشە بەردێکی چیای شنگال ماون.
"خەلیل" دەڵێت:"کاتێ داعش دای بەسەر گوندەکەمان دا ئێمەش سواری ئۆتۆمبێلەکانی گوندەکەمان بووین، کاتێ ئۆتۆمبێلەکان نەیانتوانی لەوە زیاتر بڕۆن دابەزین و بەرەو چیا هەڵهاتین، بەڵام من و هاوسەرەکەم لە بەر ئەوەی پیر بووین نەمانتوانی بڕۆین، لە گەڵ هاوسەرەکەم لە ژێر تاشە بەردێك دا هەڵکورماین، مەگەر خوا بزانێ کە لە ماوەی (٢١) ڕۆژ دا چیمان بینی، ئێواران بە دزیەوە دەچوومە لای ئۆتۆمبێلەکان و بە دوای نان و ئاودا دەگەرام. کاتێ ئاوم دەبینیەوە دەمنا بە دەم هاوسەرەکەمەوە، نەیدەتوانی ئاویش بخواتەوە، بۆ ئەوەی لە تینوویەتیا نەمرێ هەمیشە ئاوم دەکرد بە دەمیەوە، دوای (١٠) ڕۆژ من لە جانتای ئۆتۆمبێلێك دا تورەکەیەك نانی ڕزیوم بینی. نانەکە ڕەش ببوو بۆنی دەهات.
بەڵام بۆ ئەوەی لە ژیان دا بمێنین ناچار بووین بیخۆین، هیوامان نەمابوو، جگە لە ئێمە کەسێکی تر نەبوو.
منداڵمان نەبوو، ڕۆژێك دەرچوومە دەرەوە وتم لەوانەیە کەسێك بمانبینێ، کاتێ لە ژێر تاشە بەردەکە هاتمە دەرەوە هەڤاڵی پێشمەرگەم بینی، پێیان وتم تۆ لێرە چی دەکەی ؟ وتم ئەوە (٢١) ڕۆژە لە ژێر ئەو تاشە بەردەداین.

هەڤاڵ یەکسەر کەوتە خۆ، ناوی کاوە بوو، هەندێك شەکری کردە شوشەیەك ئاوەوە و پێی دام، یەکسەر چوومە لای هاوسەرەکەم و دامێ، هاوسەرەکەم هاتەوە هۆش خۆی، ویستی هاوسەرەکەم بکاتە کۆڵی بەڵام زۆر گەنج بوو، نەیدەتوانی، چوو هێسترێکی هێنا، وتی مەراقتان نەبێ دەتانگەیەنمە چل مێران".

## تراژیدیای (٤٩)

## تەرمی باوکیان دەجوڵاند، بەڵکو روحی تیا مابێت

"محبەت ئەحمەد محی" لە دایکبووی ساڵی(١٩٧١)، هاوسەری"خەلەف ئەلیاس کتی چیلکی"، خەڵکی گوندی کانیا عیدۆ، شنگال، دایکی پێنج منداڵ، دەڵێ:"ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٣ ڕۆژێکی ڕەش بوو کاتژمێری (١٠)ی بەیانی گەڕامەوە بۆ شنگال، لە کاتێکا خێزانەکان هەڵدەهاتن، شارەکە چۆڵ بوو، نە دەنگی ئۆتۆمبێل و نە هیچ دەنگی ترم نەدەبیست. دوای ئەوە کاتژمێری (١٢)ی نیوەڕۆ لە گوندی (کانیا عیدۆ) لە گەڵ خێزانەکان بەرەو چیا دەرچووین، ئێمە نزیکەی (٧٠) خێزان بووین، هێزەکانی داعشیش بە دوامانەوە بوون، ئای لەو وێنە ترسناکە، بە هەموو ئامرازێك هەوڵیاندا بمانکوژن، کوڕەکەم (ئەمیر)، لە دوامانەوە مەڕەکانی دەهێنا کە نزیکەی (١٠٠) سەر دەبوو، دەستگیریان کرد، هاوارم کرد هاوارم کرد، بەڵام بە پێش چاوی دایکیەوە بەکری کوڕی کەوتە مەترسییەکی راستی و ترسناکەوە، مەڕەکانیان تاڵان کرد، بەڵام کوڕەکەم هەڵات، محبەت تەئکید دەکاتەوە کە مەڕەکانیان لە دوایانەوە بوون، وتمان کوڕەکەمان رفێنرا بەڵام با ببێتە هۆکاری رزگارکردنی ئەو دوای خەڵکەکە، کە کوڕەکەشمان رزگاری بوو وتمان مەڕ قوربانی تۆ بن.

ئێمە لە ناو ئۆتۆمبێلێکدا بووین، دوای ماوەیەك کردمانیانە ئامانج و ئۆتۆمبێلەکەیان سووتاند کە جۆری ئۆپڵی ئۆمیگا ڕەنگی مارۆنی بوو، بە خێرایی لە ناو ئۆتۆمبێلەکە دەرچووین، لە گەڵ هاوسەرەکەم هاوارمان لە هەمووان کرد زوو دەرچن، هاوار و گریانی خێزان و منداڵەکان تێکەڵ بوون، دیمەنێك کە ناکرێ لە بیر بکرێت.

ئەوەی هەمان بوو لە پارە و بەڵگەنامەکانی خێزان هەمووی لە ناو ئۆتۆمبێلەکە سووتا، جگە لە ناسنامەی هاوسەرەکەم کە لە گیرفانیدا بوو، لەو کاتەدا دوو گەڵابە و تراکتۆر لە دوامانەوە بوو، یەکێکیان کوڕەکەم (ئەمیر) لێی دەخوری کە دایکی (نزار عومەر) داوای لێکرد لێی بخورێ، سەرەڕای ژمارەیەکی زۆر کە لە ناو گەڵابەکە سەرکەوتبوون و لە قەبارەی گەڵابەکە زۆرتر بوون، ئێمە و ئەو خێزانەش کە لە گەڵمان بوون سەرکەوتین.

هەمووان لە خوا دەپاڕاینەوە رزگارمان بکات لە دەست ئەم تاوانبارانە، بەڵام تاوانبارەکان هەموانیان کردبووە ئامانج، ئێمە تەمەنامان دەکرد ئەم کۆمەڵە خێزانە بگەنە چیا، تراکتۆرەکە گەڵابەیەکی بە دواوەوە بوو پڕ بوو لە خەڵك و

هاوکات مەقتورەیەکیشی بە دواوە بوو پڕ بوو لە ئاو، وازیان لێ نەهێنایین لە بەردەم تاوەری چیاکە لە لایەن چەتەکانی داعشی بەربەرییەوە لێیان داین، تراکتۆرەکە لە گەڵ گەڵابەکە و مەقتورەکە وەرگەڕا و بەرەو دۆڵەکە گلۆر بوەوە کە (٧٠) کەسی بار کردبوو، دوای هاوار و فیغان، ترس و دڵەراوکێ، ئەوانەی بە سەلامەتی لە ژێر تراکتۆر و گەڵابەکە دەرچووبوون، بریندارەکانیان دەرکرد، بەڵام دەرکەوت هاوسەرەکەم (خەلەف) گیانی لە دەستداوە، هەروەها هاوسەری مامەکەی (حوسنی ئەل چیلکی) یش گیانی لە دەستدابوو، گریام و پاڕامەوە بۆ قیسمەتم لەم ژیانە.

مناڵەکانم دەگریان و تەرمی باوکیان دەجوڵاند، بەڵکو روحی تیا مابێت، بەڵام لێمان جیابووەوە بۆ هەمیشە، بۆیە بڕیارمدا لێنەگەڕێم تەرمی مێردەکەم لەم دۆڵە باڵدارەکان بیخۆن، هەندێ کەسی خێرخواز نەسیحەتیان کردم کە مناڵەکان رزگار بکەم چونکە باوکیان لایان نەماوە و ئەمە لە چارەنووسی نوسرابوو، بەڵام من پێداگیریم کرد کە دەبێت تەرمی مێردەکەم رزگار بکەم و بینێژم، ئەوەی بە سەرماندێ بە سەرمان هات.

لە ڕێگا هەندێ خێرخواز، تەرمی هاوسەرەکەم و هاوسەری مامەکەیمان گەیاندە مەزاری (شەرەفەدین) و لەوێ ناشتیانمان، پێنج لە مناڵەکانم و سێ مناڵی براکانی مێردەکەمم لە گەڵ بوو، بۆیە ئێمە نەمانتوانی لە گەڵ تەرمەکان بڕۆین و ئێستا نازانین گۆڕەکەی کامەیە، بەڵام دڵنیابوومەوە لە بەردەم مەزارەکە نێژراوە.

ئەمە بەشێکە لە مردنی هاوسەرەکەم، بە جل و بەرگی پیس و دڕاو، ڕۆژانێك بە گریان و بە بێ نان و ئاو لە چیا، هاوسەری شۆفێرەکە بریندار ببوو، ژمارەی بریندارەکان (٧) کەس بوون، کەمترین پێداویستیمان نەبوو، بە تایبەت پێداویستی پزیشکی بۆ ئەوەی بریندارەکانی پێ چارەسەر بکەین، ئەی کێ مناڵەکان چارەسەر بکات کە برینەکانیان سەخت بوو، کە هەندێ جار گریان بۆیان کورتی دەهێنا.

هەمووان دەپاڕانەوە یان رزگاربوون یان مردن، بەڵام لە هەندێ حاڵەتدا مردن بە ئاسانی دەست ناکەوێ، دوای چەند ڕۆژێك بریندارەکانیان بۆ نەخۆشخانەی دێرك لە( ڕۆژئاوای کوردستان) گوێزرایەوە، بەڵام لەوێ دووان لە مناڵەکانی (نزار)ی شۆفێر گیانیان لە دەستدا. دوای هاتنە خوارەوەمان لە چیا و لە ڕێگای کرسیوە و دواتر سنوونێ و لەوێش داعش کەوتە دوامان و لە دەستیان هەڵاتین و هەر بە دوامانەوە بوون، هاواری خێزان و مناڵ و ئافرەت پڕ ببوو لە کەون، تەرمێکمان جێهێلا کە لە تەمەنی گەنجێتییا بوو، دوای (١٨) کاتژمێر

ڕێکردن گەشتینە ڕۆژئاوا، ئەوەی پێیان کرا پێشکەشمانیان کرد، دوای ئەوەی گەشتینە دهۆك منداڵەکانم داخلی نەخۆشخانە بوون، چونکە ئەوانیش بریندار ببوون بەڵام بە سوکی".

ئەمە چیرۆکی سەدان و بگرە هەزاران خێزانی ئێزیدیە، مرۆڤ کە گوێیان بۆ هەڵدەخات، سفت دەبێت لە ژان و سوێ، بە تایبەتتریش ئەوەی کە لە نێو ساتە ناخۆش و تاڵەکانی ئەنفال ژیابێت یان ئاگاداری هەبێت، لە ڕێگای ئەم چیرۆکانەوە ئەنفالی(١٩٨٨)ی بەعس و(٢٠١٤)ی داعش بە یەکەوە گرێدەداتەوە، چونکە زام و برینەکانیان هاوشێوەن، تەنها کاتەکانیان جیاوازن ئەوەی یەکەم(١٩٨٨) و ئەمی دووەم(٢٠١٤)، ئەوەی یەکەم حزبی بەعسی عەرەبی و ئەمەی دووەم دەوڵەتی ئیسلامی عەرەبی.

## تراژیدیای (٥٠)

### له چیای شنگال منداڵم بوو، ئاو و شەکراوم پێی دەدا

"جیلان جوقی مراد"لە گەرەکی وەردیە لە شنگال دەژیا و ساڵێک بوو هاوسەرگیری کردبوو، دوای ئەوەی داعش دەستیان بە سەر شنگالدا گرت ئەوانیش بەرەو چیای شنگال ڕایان کرد

"جیلان" دەڵێت:"ئێمەی ژن و کچانی ئەو گەرەکە هەر زوو ڕامان کرد چونکە پێشووتر دەمانزانی داعش جگە لەوەی کوشتن و سەر بڕین ئەنجام دەدەن ژن و کچەکانیش دەرفێنن، من دووگیان بووم و تاقەتی ئەو ڕاکردن و ڕۆیشتنە زۆرەم نەبوو، بۆیە ئێمە لە دۆڵێکی چیای شنگال خۆمان حەشاردا، دوای دوو ڕۆژ واتە(٥)ی ئاب منداڵەکە لە دایک بوو، بەڵام دواتر چەکدارانی داعش لە دوورەوە ئێمەیان بینی و دەستریژی گوللەیان لە ئێمە کرد و ئێمەش دیسان ڕامان کرد و کوڕی مامم منداڵەکەمی هەڵگرت و منیش بە هێواشی و بە پێی توانا بەرەو هەورازی شاخەکە چووین، بەڵام لە ناکاو منداڵەکە لە دەست کوڕە مامەکەم بەربووە خوارەوە من لەوبەری دۆڵەکە بووم ئەویش لەوبەر، ئێش و ئازارەکانی خۆمم لە یاد کرد و بە ڕاکردن بەرەو رووی منداڵەکە چووم و دەستم خستە سەر دڵی، ترپەی دڵی لێی دەدا و وتم زیندووە و هێشتا گیانی لە دەست نەداوە، منداڵەکەم هەڵگرت و بەرەو لایەکی تری دۆڵەکە رۆیشتین بۆ ئەوەی خۆمان لە چەکدارەکان بشارینەوە، بەڵام گریانی منداڵەکە ئەو ناوەی ئەهەژاند، کچێکی ترمان لە گەڵ بوو ئەو دەستی دانایە سەر دەمی منداڵەکە بۆ ئەوەی گریان و قیژەی منداڵەکە بە سەر نەکەوێت و جێگاکەمان بۆ چەکدارەکان ئاشکرا نەبێت، سەیری منداڵەکەم کرد خەریک بوو بمرێت و هەناسەی کەم بوو، یەکسەر گەزیەکم لە دەستی کچەکەدا و ئەو ناچار بوو دەمی منداڵەکە بەر بدات، خوا هاوکار بوو ئیدی چەکدارەکان بە ئێمە و شوێنی ئێمەیان نەزانی و رۆیشتن، لەوێ ماینەوە تا کاتژمێر(١٢)ی شەو نەدەوێراین بەرەو چیاکە برۆین لە ترسی چەکدارانی داعش دەنگی تەقە و گوللە هاونەکان بەردەوام بوو، شەڕ لە نێوان چەکدارانی داعش و جەنگاوەرانی کوردی ئێزیدی بەردەوام بوو، پاشان چەند کەسێک بەرەو روومان هاتن و زۆر ترساین کە داعش بن بەڵام چەند هاوڵاتیەکی ئێزیدی بوون و لە گەڵ ئەوان ڕێگای چیامان گرتە بەر، من چونکە هیچم نەخواردبوو شیرم کەم بوو بیدەم بە منداڵەکە بۆیە ئاو و شەکراوم پێی دەدا، ژیانی چەند

ڕۆژەی چیا و منداڵەکەم بێ پێداویستی و جل و بەرگ بوو، تەنیا خاولویەکم پێ بوو ئەویش لە ڕێگا هەڵم گرتبوو، نزیکەی (١٥) ڕۆژ لە چیا و کۆچرەویدا بووین تاکو گەیشتینە ناوچە ئارامەکانی کوردستان، ئەو خاولویەش ئێستاش لە لامە و هەڵی دەگرم بۆ یادگاری، زۆر منداڵی مردوم لە ڕێگا بینی هەروەها بەساڵاچوویش، زۆر دەترسام منیش منداڵەکەم لە دەست بدەم. هەندێک ئافرەتم بینی بۆ مردن لە منداڵەکانیان دەدا و ئەیان وت توانای بەخێوکردنمان نیە و با بمرن، خەسوشم تا ئێستا لەوێ ماوە و چارەنووسی نازانین، ئێمە سەرەتا چووینە کەمپی دیرەبوون و دواتر هاتینە شاریا و لەم کەلاوە خانووەدا دەژین لە گەڵ خانەوادەکەم، من دووچاری نەخۆشی دەروونی بوومە و ڕۆژانە پێویستە حەبێک بخۆم، ئەگەر نەیخوم توڕە دەبم و سەرم گێژ دەخوات و لە هۆش خۆم دەچم. کوڕە لە دایکبووەکەشم بە هۆی ئێش و ئازار و دەردەسەری چیا نزیکەی حەفتەیەکە لە نەخۆشخانە خەواندوومە".

## سەرچاوەکان

(١) تۆڕی میدیایی رووداو، مجید نیزامەدین گلی،هەروەها ماڵپەری خەندان.
(٢) سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە، ماڵپەری خەندان و تۆڕی هەواڵی BBC و ماڵپەڕی بەحزانی نێت ئا: داود موراد خەتاری، وەرگێران و داڕشتنەوەی: تەها سلێمان، لە ماڵپەری جینۆسایدی کورد.
(٣) بەحزانی نێت، داود موراد خەتاری، وەرگێڕان و داڕشتنەوەی: تەها سلێمان.
(٤) ڕۆژنامەی رووداو، ساڵە کوردە، سەرچاوە: ئەفتون بلادتی سویدی
(٥) سایتی ڕۆژنامەی هەولێر، شێرزاد عەبدولڕەحمان
(٦) تۆڕی میدیایی رووداو، هەروەها، ڕۆژنامەی ئەڤرۆ، حەمزە رەزیکی
(٧) تۆڕی میدیایی رووداو، هەلات رێبوار، هەروەها hurriyet daily news
(٨) جینۆسایدی ئێزدییەکان"گوندی کۆچۆ"، وەرگێڕان و ئامادەکردن بۆ کوردی، تەها سلێمان، ئامادەکردنی بە عەرەبی: داود موراد خەتاری.
(٩) تۆڕی میدیایی رووداو، ناسر علی
(١٠) سایتی ڕۆژنامەی هەولێر، شێرزاد عەبدولڕەحمان
(١١)تۆڕی میدیایی رووداو، سالە کوردە، ئافتونبلادتی سوێدی
(١٢) ماڵپەری ئاوێنە، سەلام خالید بەشداری کردوە لە ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە، هەروەها بە پشتیوانی تۆڕی ڕۆژنامەوانی (الإستقصائی) عێراقی (نیریج) ئامادە کراوە، ڕاپۆرتی: سامان نوح
(١٣) ماڵپەری هەواڵ نیوز، ئا: هاوڕێ خالید
(١٤) سایتی ڕۆژنامەی هەولێر، ڕائیب جادر
(١٥) نیویورك تایمز، ئەلیسا جەی روبن، وەرگێرانی مەلا فرمان، سایتی سبەی.
(١٦) رۆژنامەی ئیندیپێندێنتی بەریتانی، ئا:ئومێد عەلی جاف
(١٧) ماڵپەری سپی میدیا، ئا: دارا عەبدوڵا
(١٨) ماڵپەری باسنیوز، موحسین شابان
(١٩) ئاژانسی ئانادۆلو
(٢٠) جینۆسایدی ئێزدییەکان"گوندی کۆچۆ"، وەرگێڕان و ئامادەکردن بۆ کوردی، تەها سلێمان، ئامادەکردنی بە عەرەبی: داود موراد خەتاری.
(٢١) تۆڕی میدیایی رووداو، ناسر عەلی
(٢٢) ڕۆژنامەی ئەڤرۆ، حەمزە رەزیکی
(٢٣) تۆڕی میدیایی رووداو.
(٢٤) تۆڕی میدیایی رووداو، ئالا شالی
(٢٥) چەندین سەرچاوەی جۆراوجۆر.
(٢٦) سایتی ڕۆژنامەی ئەڤرو، حەمزو رەزیکی
(٢٧) گێرانەوەی گرتە ڤیدیویەک کە لە پەیج و سایتەکانی داعش بڵاوکراوەتەوە و لە کەناڵی تەلەفزیونی (ولایة نینوی) پەخشکرابوو، گێرانەوە و دارشتنەوەی، رێبوار رەمەزان بارزانی
(٢٨) سایتی گۆڤاری گۆڵان

(٢٩) گرتەیەکی ڤیدیوو: گێرانەو و دارشتنی: ڕێبوار رەمەزان بارزانی
(٣٠) ماڵپەری هەواڵ نیوز، ئا: هاوڕێ خالید
(٣١) تۆڕی میدیایی رووداو، یوسف ئەحمەد
(٣٢) گرتەیەکی ڤیدیوو: گێرانەو و دارشتنی: ڕێبوار رەمەزان بارزانی
(٣٣) سایتی ڕۆژنامەی ئەڤرۆ، پەروین بیری
(٣٤)تۆڕی میدیایی رووداو، شادیە رەسول
(٣٥) سایتی ڕۆژنامەی ئەڤرو، لەزگین چوڤی
(٣٦) لە چەندین سایت و پەیج بڵاوکرایەوە، دارشتنی: ڕێبوار رەمەزان بارزانی
(٣٧) جینۆسایدی ئێزدییەکان"گوندی کۆچۆ"، وەرگێڕان و ئامادەکردن بۆ کوردی، تەها سلێمان، ئامادەکردنی بە عەرەبی: داود موراد خەتاری.
(٣٨) ماڵپەری خەندان، فەلاح مرادخان شاکەرەم
(٣٩)ڕۆژنامەی خەبات، ژیلا کەریمی، ژمارە ٤٦٢٠ ڕێکەوت ٢٠١٤/٨/١٢
(٤٠) تۆڕی میدیایی رووداو، نەوزاد مەحمود
(٤١) بەحزانی نێت، داود موراد خەتاری، وەرگێڕان و داڕشتنەوەی: تەها سلێمان.
(٤٢) ستایتی گۆڤاری گوڵان
(٣٣) ماڵپەری ئاوێنە، سەلام خالید بەشداری کردوە لە ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە، هەروەها بە پشتیوانی تۆڕی ڕۆژنامەوانی (الإستقصائی) عێراقی (نیریج) ئامادە کراوە، ڕاپۆرتی: سامان نوح
(٤٤) تۆڕی میدیایی رووداو، ناسر عەلی
(٤٥) گرتە ڤیدیویەک لە لایەن، خیری علو حکو تۆ
مارکراوە، گێرانەوە و دارشتنی : ڕێبوار رەمەزان بارزانی
(٤٦) گرتە ڤیدیویەک، گێرانەوە و دارشتنی : ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
(٤٧)گرتە ڤیدیویەک، گێرانەوە و دارشتنی : ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
(٤٨) ماڵپەری خەندان و ئاژانسی فورات نیوز
(٤٩) بەحزانی نێت، داود موراد خەتاری، وەرگێڕان و داڕشتنەوەی: تەها سلێمان.
(٥٠) سایتی وار، سادق محمد تاهر

# وێنەکان دەدوێن

## مەرگ یەخەی بەرنەداین



چی لە شنگال و سەر چیاکەی روویدا ؟



ژیان بۆ شنگالییەکان بگەڕێننەوە

**من ئافرەتم و دایکی ١٠ منداڵم، چەك هەڵدەگرم بۆ پاراستنمان**



**کچێکیان بردووم و نازانم چارەنوسی چییە!**



**هیچمان نەمایە بۆ وتن**

**دایە پیاوە ڕیش درێژەکان ئێمەیان بردووە**



**بەچاوی خۆم دیومە سەگ لاشەی مردووەکانی دەخوارد**



**هەر دەگەڕێم و خێزانەکەم نادۆزمەوە**

## له ژێر ئاڵای (لا اله الا الله) مروڤەکانیان سەردەبڕین



## یان سەر بڕین، یان ئایین گۆڕین



## داعشێک بە تەلەفۆن گوتی وەرە سەری مێردەکەت ببەوە

## بۆنی مەرگ دەهات



پیاوەکانیان دەکوشت و کچەکانیان لە گەڵ خۆیان دەبرد



ژنان خۆیان کوشت بەر لەوەی بکرێنە کەنیزەك

**خوایە گیان ئێمەی منال تاوانمان چی بوو؟**



**لە برسان و لە تینوان خۆیان لە شاخدا فڕێدایە خوارەوە**



**لە برسان لە هۆش خۆیان دەچوون**

## کەلاوەکان ماڵمانن



هەلیکۆپتەرەکە هات و خوراکیان هێنا




ململانێ لە گەڵ مەرگدا

**پیاوە بە تەمەنەکان لە بەرچاومان بە هێواشی گیانیان لە دەست دەدا**



**ڕۆژانە سەمونێکمان دەدەنێ**




**براکەم هەستەوە با یاری بکەین، دایە لێرە نیە شیرت پێبدات**

## هەوڵمدا گۆشتی خۆم بدەم بە منداڵەکانم



کوا دایکم ؟ کوا باوکم ؟



بخەوە براکەم تێر بخەوە

## کچەکانمان بۆ کوێ دەبەن؟



## تەرمی ئازیزانمان لە بن داروبەرددا دەشاردەوە



## خۆکوشتن وەك ریگەچارەیەك بۆ دەرباز بوون لە دۆزەخی داعش

## تۆمردی، رزگارت بوو کوڕی شرینم



ئیتر هێز و تواناما‌ن نه‌ماوه



له دۆزخی داعشه‌وه گه‌راینه‌ته‌وه

## منداڵە فڕێدراوەکە، هێمای جینۆسایدی ئێزیدیەکان



کاتێك عەزیزمان لە چیا بە تەنیا جێهێڵا، لە گەڵ هەموو هەنگاوێکا چاومان وەردەگێڕا و هەنگاوێکی ترمان دەنا، ئەویش دەگریا و ئێمەش دەگریاین.



منداڵان گەورەترین قوربانین

## کچە کەڕ و لاڵەکەشم رفێندرا



چ تاوانێک بوو؟



ئێمە زیندووین

## ئاومان نەبوو لە چیای شنگال



**چیای شنگال دوا پەناگەمان بوو، بەڵام ئەم چیایە ئەمجارەیان توانای بەخێوکردنی ئێمەی نەبوو**



**چەندین ڕۆژ لە چیای شنگال گیرمان خواردبوو، ئەوەی لە چیاکە بهاتایەتە خوارەوە، گوڵلەباران دەکرا لە لایەن چەتەکانی داعشەوە.**

## ئەمانەوێ بژین وەک هەر هاوڵاتیەکی تری سەر رووی ئەم زەمینە



## زۆربەی مناڵەکان دایکیان رفێندراوە



## چارەنووسی مناڵەکان بە چی دەگات؟

## له چیای شنگال تیشکی خۆر لاشەمانی سوتاند



## منداڵەکان لەم چیایە بە بەردەوامی دەمردن



**لە برسان لە تینوویەتیان لە ترسان لە بێ دایک و باوک و لە بێ کەسی لەم چیایە منداڵەکان دەمردن و لاشەکانیان چەندین ڕۆژ بە بێ خاوەن دەمانەوە.**



**نووسەر ( ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی)**

**نووسەر و پرۆژەی ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی جینۆسایدی کورد و کوردستان**

•پرۆژەی ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی جینۆسایدی کورد و کوردستان، بیرۆکەیەکە لە لایەن توێژەرەوە لە چوارچێوەی توێژینەوە و نووسین و کار و چالاکی و پێشکەشکردنی بەڵگە و دیکۆمێنت و وێنە... لە بواری ناساندنی جینۆساید و بە دیکۆمێنتکردنی.

•هەوڵدانی توێژەر بۆ ناساندن و بە ئەکادیمیکردن و بە دیکۆمێنتکردنی تاوانە یەك لە دوا یەکەکانن کە بە سەر کورد و کوردستاندا هاتوون لە (ڕاگواستن و بۆردوومانکردن و ئاوارەبوون و کۆمەڵکوژی و ئەنفال و لە سێدارەدان و سوتاندنی ژینگە و جینۆساید بە هەموو جۆرەکانیەوە).

•هەموو ئەو کتێب و توێژینەوە و بەڵگە و وێنانەی توێژەر بە خۆڕایی و بە بێ بەرامبەرن.

•ئەم بەرهەم و بیرۆکانەی توێژەر، ئەوانەی بڵاوکراونەتەوە و ئەوانەی لە داهاتوودا ئەگەر خوا یاوەر بێت بڵاو دەکرێنەوە کڕین و فرۆشتنیان لە سەر نیە، پێشکەشە بە کەسوکاری قوربانیان.

•توێژەر، بە ئەرك و ماندووبوون و شەونخونی و هەوڵ و تێکۆشانی خۆی، ئەم پڕۆژەی پێکهێناوە و بەڕێوەی دەبات و بەردەوامیش دەبێت ئەگەر خوا یاوەر بێت.
•توێژەر خۆی یەکێکە لە ڕزگاربوانی پڕۆسەی جینۆسایدی بارزانیەکان و لە ئۆردووگای زۆرەملێ قودس- قۆشتەپە لە ساڵی ١٩٨٢ لە دایکبووە و ژیانی لەم ئۆردووگایە و لە نێو کەسوکاری قوربانیان بەسەر بردووە، ئێستاش بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی بارزانە، سەر بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی هەرێمی کوردستان، ڕۆژانە خزمەتی کەسوکاری شەهیدان و جینۆسایدکراوان دەکات هەروەها سەرپەرشتیاری گۆڕستانی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان و ئەو کەلوپەل و جل و بەرگانەی لە گۆڕەبەکۆمەڵەکان هێنراونەتەوە، ( مۆنۆمێنتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان)ە.
•دەرچووی زانکۆی سەڵاحەددین کۆلیژی ئەدەبیات، بەشی کۆمەڵناسی یە.

## زانیاری کەسی

**١-ناوی چواری: ڕێبوار رمضان عبدالله یاسین**

**٢- ڕێکەوتی لە دایکبوون: ١٩٨٢/٧/٢٤**

**٣- شوێنی لە دایکبوون:** ئۆردووگای زۆرەملێ قودس لە قۆشتەپە سەربە پارێزگای هەولێر. باوکم و هەردوو باپیرە و دوو مام و دوو خاڵ و ١٥٠ کەسی تر لە گوندەکەم لەگەڵ هەشت هەزار پیاوی بارزانی لە ساڵی ١٩٨٣ جینۆسایدکراوان.

**شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستا:** گوندی بازێ - ناحیەی بارزان - قەزای مێرگەسۆر- پارێزگای هەولێر.

**٤- بڕوانامە:** بەکالۆریۆس

**٥- دەرچووی:** کۆلیژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین بەشی کۆمەڵناسی- ساڵی(٢٠٠٦ - ٢٠٠٧).

**٦- پسپوری و شوێن و پلەی کارکردنی ئێستا:**

- بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان، ( لەساڵی ٢٠٠٧ تا ئێستا).
- سەرپەرشتیاری مۆنومێنت و گۆڕستانی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان، لە ساڵی ( ٢٠١١ تا ئێستا)
- نووسەر
- توێژەری کۆمەڵایەتی (پێشکەوتوو).

**٧- باری خێزانداری:** خێزاندار، خاوەن ٤ منداڵ و لەگەڵ خێزان و دایکم دەژیم و تاقانەم لە برا.

**٨- موبایل: ٠٧٥٠٤٤٧٢٢٧١**

**٩- بواری داهێنان و پسپۆری و کاره خۆبەخشییەکان:**

- **شارەزاو چالاکوان لە بواری جینۆسایدی گەلی کورد و کوردستان بە گشتی و بارزانیەکان بە تایبەتی و ئەنفال و کۆمەڵکوژی و ڕاگواستن و قوربانیانی جینۆساید و شەهیدان، بوارەکانی مافەکانی مروڤ و کارکردنی مەیدانی لەسەر بەئەرشیفکردن و رزگاربوان و بەجێماوانی تاوانەکانی جینۆساید و تاوانەکانی جەنگ و تاوانە دژ بەمرۆڤایەتیەکان و کەیسە نەتەوەییەکان و نیشتمانیەکان. هەروەها شارەزا لە بواری بەدیکومێنتکردن و بەئەرشیفکردن.**
- **خاوەن ( ١٦ ) شازدە کتێبی چاپکراوم، کە تایبەتن بە جینۆساید و ئەنفال و ڕاگواستن و کۆمەڵکوژی و تاوانە دژ بەمروڤایەتیەکان بەگشتی. هەروەها (٩) نۆ کتێبی تریش ئامادەی چاپن. جگەلە لەمانەش دەیان توێژینەوەی مەیدانی و ئەکادیمی و زانستیم ئەنجامداون لە شێوەی ڕاپرسی و فورم، دواتر وەك تویژێنەوەی (مەیدانی و تیۆری) داتا و ئامارەکان سودیان لێ بینراوە و بلاوکراونەتەوە، ئەمە جگە لە سەدان بابەت و وتاری ڕۆژنامەوانی.**
- **دوو کتێب لەم شازدە کتێبە چاپکراوانەم لە مەنهەجی خوێندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەکارهاتوون و سوودیان لێبینراوە و ئێستا لە قوناغەکانی خوێندن ( لە پۆلی دەیەمی زانستی و وێژەیی و خوێندنی پیشەیی و پەیمانگایەکان) دەخوێندرێت.**
- **خاوەنی زیاتر لە (٤٥٠٠) بەڵگەی جوراو جوری تایبەتن بە تاوانی دژ بەمروڤایەتیەکان و ئەنفال و جینۆسایدی کورد و کوردستان کە بەشێوازی نهێنی و ئاشکرا لە لایەن حکومەتی عێراق و چەندین وڵاتی تر نووسراون.**
- **خاوەنی زیاتر لە (٦٠٠٠) وێنەی جوراوجوری تایبەت بەو تاوان و نەهامەتیانەی بەسەر گەلی کوردو کوردستاندا هاتوون.**
- **خاوەنی زیاتر لە (١٨٠٠) چاوپێکەوتی چڕ و تێر و تەسەل لە سەر بەجێماوان و رزگاربووانی جینۆساید و ئەنفال و کەسوکاری شەهیدان و قوربانیانی جەنگ و تاوانە دژبە مروڤایەتیەکان.**

- سودێکی زۆر لە بەڵگە و وێنە و کتێبەکانم بینراوە (لە داگادی باڵای تاوانەکانی عێراق دژ بە تاوانبارانی ناو قەفەس لە کەیسی جینۆسایدی بارزانیەکان) هەروەها ئەندام بووم لە کەیسی جینۆسایدی بارزانیەکان و کاری سەرپەرشتیکردن و ڕێکخستن و دەستنیشانکردنی گەواهیدەران و شایەدحال مان ئەنجامدەدا.
- تا ئێستا هاوکاری زیاتر لە (٨٠) قوتابیم لە سەرانسەری کوردستان (لە زاخو تا هەڵەبجە)کردووە بەمەبەستی( دەسنیشانکردنی گرفت و باس و بەرنامە و پلانی بەحس تخرج) لە بوارەکانی جینۆساید و ئەنفال و جور و قوناغەکانیان، بە پێشکەشکردنی زانیاری و وێنەو بەڵگە و کتێب، هاندانیان.
- لە مۆنومێنت و گۆڕستانی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان پێشوازیمان لە زیاتر لە(٧٥٠٠٠)حەوتاو پێنج هەزار کەس کردووە، لە نزیکەوە لە شێوەی سیمنار و شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی ڕاگواستن و ئەنفال و جینۆساید و جۆرو قوناغەکانی و نەهامەتی و ئازارو ئەشکەنجەکانی دوای جینۆسایدی بارزانیەکان بە میوانان و مروڤدوستان و پێشکەشکردنی بەڵگە و کتێب و زانیاری پێویست، میوانانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات هەندێك لەوانەی پێشوازیمان لێکردون لە ناو خوی وڵات: ( سەروکی هەرێم و سەروکی حکومەتی هەرێم و وەزیران و ئەندام پەرلەمانان و ڕۆژنامەنووسان و قوتابی و هاوڵاتیان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ... هتد)، ئەوانەی دەرەوەی وڵاتیش: (چەندین قونسول و باڵیوز و وەفد و ستافی بیانی و ئەندام پەرلەمان و شاندی قوتابیان و ڕۆژنامەنووسان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن).

ئەمەجگە لە چاوپێکەوتن باسکردنی ئەم نەهاماتیانەو و زانیار و ڕاڤەکردنی ئەم تاوانانە بۆ راپورتی ڕۆژنامەوانی و کەناڵەکانی راگەیاندنی بیانی، لەچەندین بەڵگە فلم و راپورتدا بەشداربوومە، کە بەمەبەست ناساندنی ئەم تاوانانەیە، بەگشتی ئەم مۆنومێنتە وەك پردێکی ناساندنی جینۆسایدی بارزانیەکان بە دەرەوەی وڵاتی لێهاتووە.

**١٠- ئەو پروژانەی داهێنراون:**

- دوای ئەوەی چەندین بەڵگە و وێنە و دیکۆمێنت و جل و بەرگ و کەرستەی ئەنفالکراوان - بارزانیە جینۆسایدکراوەکانم پێشکەش بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکروان کرد و موزەخانە و مۆنومێنتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکانی لێ بەرهەم

هات. دواتر جل و بەرگ و کەلو پەلی گۆڕە بەکۆمەڵەکانیش لەم هوڵانەدا دانران و لەو کاتەوە واتا ساڵی ٢٠١١ تا ئێستا بە بەردەوامی ڕۆژانە لەپێشوازی میوانان و ئازیزاندایین. بووەتە موزەخانەیەکی نیشتمانی و پردێکی ناساندن.

- لە ساڵی ٢٠١٧ موزەخانەی (لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە) کە پیکهاتووە لە کەرەستە و جل و بەرگ و یادگاری شەهیدانی شەری دژ بە داعش، پێشکەشم بە بەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان کرد. وەك موزەخانە لە هوڵی ئەم بەرێوەبەرایەتیە دانراون و لە پێشوازی ئازیزاندایین.

شایەنی باسە ئەم هەموو کەرەستە و بەڵگە و دیکۆمێنت و جل و بەرگانە بەرهەمی کتێبەکانمن و چونکە کاتێك کتێب یان توێژینەوەیەك ئەنجام دەدەم جگە لە نووسین کەرەستەو کەلو پەلی قوربانیانم لە خانەوادەی شەهیدان وەردەگرت و وەردەگرم.

- لەماڵەوەش موزەخانەیەکی تایبەت بەجینۆساید و ئەنفال و یادگاری و جل و بەرگ و بەڵگە و هەروەها موزەخانەیەکی کولتوری و کەلەپوریم داناوە و لەپێشوازی قوتابیان و میوانان و نووسەران و گەنجاندایین.
- جگەلەمانە هەموو کتێبەکانم بە دیاری پێشکەش بە خوێنەران کردووە و هەروەها وێنە و بەڵگە و دیکومێنتەکان، واتا وەك کارێکی خۆبەخشی بۆ هەموو ئەو پرۆژە و کارانەی کەباسمان کردن.

**١١-ئەو بوارانەی پێشتر خەڵات و ڕێزلێنان و سوپاسنامەم بە دەستهێناوە:**

- لە بواری توێژینەوەی ئەکادیمی لە چوارچێوەی کتێب.
- لە بواری جینۆسایدی گەلی کورد و کوردستان.
- وەك تویژەری کۆمەڵایەتی.
- وەك بەرێوەبەرێکی سەرکەوتوو.
- وەك هاوڵاتیەکی خۆبەخش.
- وەك نووسەر و چالاکوانێك.

بە دەیان سوپاسنامە و ڕێزلێنانن، خەڵات و ڕێزلێنان و سوپاسنامەکان لە لایەن ( سەروکی هەرێم و سەروکی حکومەت و گشت وەزیرەکانی شەهیدان لە ساڵی ٢٠٠٧ تا ئێستا و ڕێکخراو و فەرمانگە حکومی و حزبی ناحکومیەکان و ڕێزلێنانی کەسوکاری شەهیدان و چەندین زانکوی هەرێمی کوردستان... سوپاسنامەکان ناخۆیی و بیانین).

- **هەروەها چەندین توێژینەوە و سیمنارم بۆ زانکو پەیمانگایەکانی کوردستان و رێکخراو و سەنتەرەکان و هاوڵاتیان و کەسوکاری قوربانیان ئەنجامداوە بە تایبەت لە یاد و مەراسیمەکانی تایبەت بە پرسە نەتەوەیەکان و جینۆساید و ئەنفال. جگە لە چەندین پێشانگای جوراو و جوری تایبەت بەم بوارە. هەروەها بۆ چەندین رێکخراو کارم کردووە و ئەندام بوومە تیایاندا.**

## پەرتووکە چاپکراوەکانی توێژەری کۆمەڵایەتی ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

### کتێبی یەکەم

١- ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانیەکان بۆ باشووری عێراق لە سەردەمی بەعسدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩
توێژینەوەیەکی مێژوویی و سۆسیۆلۆجی و تیۆری و پراکتیکیە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم لە ( ١٩٣ ) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٢١٠٩) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠٠٩ ی دراوەتێ.
ناوەڕۆکی ئەم کتێبە/ باس لە سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانییەکان دەکات، لە ساڵی ١٩٧٥ بەدواوە و ڕاگواستنیان بە چەند قۆناغێك بۆ ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی دووروبەری شارەکان و بیابانەکانی باشووری عێراق و نیشتەجێکردنیان لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی تایبەت بە بارزانیەکان وەکو(( دیانا و حریر و بەحرکە و گۆرەتوو و قوشتەپە -قدس و قادسیە-)) بە بیانووی پێشینەی ئەمینی لە سەر سنوورەکان و دروستکردنی ئۆردووگای کشتوکاڵی هاوچەرخ و ... هەروەها کۆنترۆڵکرنی گوندنشینان و دواتر وێرانکردن و تەقاندنەوەی گوندەکان و ڕاگەیاندنی ئەو ناوچانە بە ناوچەی قەدەغەکراو، سڕینەوەی ژیان بە هەموو ڕەگەزە زیندووەکانەوە لەم گوندانە. دواتر دەستگیرکردنی نێرینە بارزانیەکان و جینۆسایدکردنیان لەم ئۆردووگا زۆرەملێیانە، بەم شێوەیە سەرەتا (بارزانیەکان دەستنیشانکراون، پاشان کۆکراونەتەوە لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکان، دواتر دەستگیرکراون و زیندەبەچاڵکراون) وەك هەمان ڕێباز و بیرۆکەی نازییەکان لە سەردەمی هیتلەر لە نموونەی هۆلۆکۆست.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
ڕاگواستنی بارزانیەکانیش لە ساڵی ١٩٧٥ بۆ باشووری عێراق بەشێك بوو لە پرۆسەی جینوسایدکردنی گەلی کورد کە بە بەرنامەیەکی چڕو توکمە پلانیان بو دارشتبوو. ئەمەش تەنها گواستنەوە نەبوو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، بەڵکو زیاتر لە ماناو ڕەهەندێك لە

خودەگرێت، باکگراوندێکی سیاسی و کەلتوری و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە پشت ئەم پروسەیەوە بوو.
لە هەمانکاتدا توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە چوارچێوەی فۆرمێکی ڕاپرسی لە نێو کەسوکاری بارزانیە ڕاگوێزراو و ئەنفالکراوەکان کە (١٠٠) کەس وەك نموونە وەرگیراون.
لە پاشکۆی ئەم کتێبەش کۆمەڵێك بەڵگە و وێنەی تایبەت بەم پرۆسەیە هاوپێچ کراون.

## کتێبی دووەم

٢- بارۆڤی لە ناوبردنی بارزانیەکان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٠
توێژینەوەیەکی تیۆری و پراکتیکی و مێژوویی و سۆسیۆلۆجیە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم لە ( ٢٩٦ ) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن:(٧٩٢) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان (ساڵی (٢٠١٠) ی پێدراوە.
ناوەڕۆکی ئەم کتێبە/ توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە نێو کەسوکاری بارزانیە جینۆسایدکراوەکان لە سەرانسەری کوردستان ئەو شوێنانەی بارزانیەکان لێی جینۆسایدکراون و بەجێماوی بارزانیەکان تیایدا نیشتەجێن، کە (١٢٥) کەس وەك نموونە وەرگیراون و توێژینەوە لە سەر کەسوکاریان بە شێوەیەکی ئەکادیمی کراوە، ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکانیان نیشاندراون، کۆمەڵێك ئەنجام و ڕاسپاردە خراونەتە ڕوو.
لەم کتێبەدا چۆنیەتی دەستگیرکردن و قۆناغەکانی ئەنفالکردنی گەلی کورد لە کوردە فەیلیەکان و بارزانییەکان و ئەنفالی (١٩٨٧-١٩٨٨) و کیمیاباران و ... هتد روونکراونەتەوە، قۆناغەکانی جینۆسایدکرنی بارزانییەکان لە ساڵی (١٩٨٣) خراوەتە ڕوو، کۆمەڵێك بەڵگە و وێنەی تایبەت بەم تاوانە توێژینەوەیان لە سەر ئەنجامدراوە.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
ئەو بارزانیانەی کۆمەڵکوژکران هەموویان خەڵکی بێ تاوان و سڤیل و بێ چەك بوون هیچیان لە حکومەت نەدەویست، بە لایانەوە گرنگ نەبوو کارەبا و ئاو و ڕێگای قیرتاو... دەگاتە ئۆردوگا زۆرەملێیەکانیان یاخۆد نا؟ بەردەوام خەریکی کرێکاری و کارکردنی ڕۆژانەی خۆیان بوون.
هەروەها بەشێکە لە نامەی بەکالۆریۆس پێشکەش بە زانکۆی سەلاحەددین کۆلێژی/ ئەدەبیات/بەشی کۆمەڵناسی کراوە، بەسەرپەرشتی م/یوسف دەزەیی و هەڵسەنگاندنی لە لایەن م/ ڕێبوار سیوەیلی و م/ مراد حکیم...

## کتێبی سێیەم

٣- مێژووی جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە سەدەی بیستەمدا، بە بەراورد لە گەڵ ڕێککەوتننامە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠١١
توێژینەوەیەکی مێژوویی و سۆسیولۆجی و بەراوردکاری و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی / وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم لە ( ٨٦٤ ) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٧٩٣) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١١) ی دراوەتێ

ناوەڕۆکی ئەم کتێبە/ توێژینەوەیەکی مێژوویی دیکۆمێنتاری بەراوردکارییە، بەراوردی پەیماننامە نێوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان لەگەڵ ئەو تاوان و ڕووداوانەی بەسەر بارزانیەکان هاتوون لە سەدەی بیستەمدا، لە وێرانکردن و ڕاگواستن و بۆردوومانکردن و جینۆسایدکردنی بارزانیەکان، هەروەها زۆر بە چڕوپڕی پانۆرامای ئەم کارەساتانەی بەسەر بارزانیەکاندا هاتوون خراونەتە ڕوو، بەراوردکراون لە گەڵ ئەم ڕێکەوتنامانە لە سەردەمی شێخ عبدالسلام ەوە تاکو کۆڕەوی ساڵی (١٩٩١)، زیاتر لە (٨٠) بەڵگەنامەی تێدایە لە سەردەمە جیاجیاکانی سەدەی بیستەم، کە لە لایەن چەندین وڵات و بە پلانی چەندین وڵاتی تر بەرنامە و پلان بۆ لە نێوبردنی بارزانیەکان داڕێژراون. جگە لەمانەش کۆمەڵێك وێنەی جۆراو جۆری سەردەمی تاوانەکان وەك شایەتحاڵ هاوپێچ کراون...

لە بەشێکی یەکێك لە پێشەکییەکانی ئەم کتێبەدا هاتووە:

بۆردوومانکردن، سوتاندن، بەمینکردن، لەناوبردن، کۆشتنی بە کۆمەڵ، ئاوارەبوون، ڕاگواستن، جینۆسایدکردن، کیمیاباران، وێرانکردن، ڕۆخاندنی گوند، خانوو، مزگەوت و قوتابخانە و ... هتد، ئەمانە هەمووی وەڵامی حکوومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق بوون بەرامبەر بارزان و بارزانیەکان، تەنیا لە بەر ئەوەی داوای ماف و ئەرك و سەربەخۆیی خۆیان دەکرد وەڵامی ڕاپەریوان بریتی بوو لە زیندانیکردن و لە سێدارەدان و زیندەبەچاڵکردن و بە کۆمەڵ کوشتن بەبێ جیاوازی لە نێوان کەڕ و لاڵ و کوێر و کەم ئەقل و پیر و نەخۆش و کەم ئەندام و منداڵ و ئافرەتی سکپڕ ...هتد، بوو.

## کتێبی چوارەم

٤- لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە، چوار ئەفسەری قارەمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری-هەولێر/ ٢٠١١

توێژینەوەیەکی مێژوویی و دیکۆمێنتارییە

بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٢٧٢) لاپەڕە پێکهاتووە.

ژمارەی سپاردن: (٢٤٥٠) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١١) ی دراوەتێ

ناوەڕۆکی ئەم کتێبە/ باس لە سەردەمی ساڵانی (١٩٤٣-١٩٤٧) دەکات واتە شۆرشی دووەمی بارزان و ئاوارەبوون و بەشداربوونی بارزانییەکان و ئەفسەرە کوردەکان لە دامەزراندنی کۆماری مهاباد و لە وەزارەتی پێشمەرگە (جەنگ)ی ئەم کۆمارە و لە ژێر فەرماندەی هێزی بارزانیان و ژیان و بەسەرهات و خەباتی قوربانیدان هەرچوار ئەفسەر(عیزت عبدالعزیز و خیرالله عبدالکریم و محمد محمود قودسی و مستەفا خۆشناو) ئازایەتی و قارەمانیەتیان... چەندین بەڵگە و دیکۆمێنتی تایبەت بەم چوار ئەفسەرانە توێژینەوەیان لە سەر کراوە لە دووتوێ ئەم کتێبەدا...

لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:

لەم توێژینەوەیەدا کەسایەتی و ڕۆڵ و قارەمانیەتی هەرچوار ئەفسەر خراوەتە ڕوو، هەر یەکەیان سەرەرای قارەمانیەتیان وەك ئەفسەر، بە دیوەیکی تردا ئارەز و ئۆمێد و خزمەتکردنیان لە بوارەکانی تری ژیاندا باسکراوە، بۆ نموونە؛ محەمەد مەحمود قودسی زیاتر وەك ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەوانێك، جگە لە شارەزایی لە بوارەکانی جەنگدا، کە چون بە پێنوسەکەی بەرگری لە خاك و نیشتمانەکەی کردووە، خەیروڵڵا عەبدولکەریم، خۆشی و

ژیان و تەنانەت ئەلقەی دەزگیرانیەتی و سۆز و میهرەبانی دایکی، فیدای خاك و نیشتمانەکەی کرد، مستەفا خۆشناو لە هەردوو ڕووەوە وەك ئەفسەرێکی شارەزا و لێهاتوو، عیزەت عەبدولعەزیز وەك ئەفسەرێکی خانەنشینکراو و سیاسەتمەداریکی پایە بەرز، لە دانوستان و گفتوگویەکاندا.

## کتێبی پێنجەم

٥-جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە چەند بەڵگەنامەیەکدا، بە هەرسێ زمانی کوردی -عربی -ئینگلیزی. چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، ٢٠١٢

توێژینەوەیەکی دیکۆمێنتارییە

بە قەبارەی/ ١٥ سم × ٢١,٥ سم ل (٤٨) لاپەڕە پێکهاتووە

ژمارەی سپاردن: (٩٨٧) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٢) دراوەتێ

ناوەڕۆکی/ تایبەتە بە چەند دیکۆمێنتێك لە لایەن حکومەتی بەعسی عێراقی لە ساڵی ١٩٨٣ و جینۆسایدکردنی نێرینە بارزانیەکان لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکان و دەستگیرکردن و بە کۆمەڵکوشتنیان، وەرگێرانیان بۆ سەر زمانی ئینگلیزی و هاوپێچکردنی کۆپیەکی دەقە ئەصلیەکە بە زمانی عەرەبی... یەك بەشە.

لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:

قوربانیەکان بارزانیە گوندنشین و جوتیار و ئاژەڵدارەکان بوون، بکەری تاوانەکەش حکوومەتی عێراقە بە پلە یەك، تەنیا و تەنیا لە بەر ئەوەی خۆدای گەورە بە کورد و بە بارزانی خولقاندوونیەتی، ئینجا کە وەك هەر مرۆڤیکی تری سەر ئەم زەمینە داوای نەتەوە و خاك و ئاین و زمان و بوونی خۆیانیان کردووە.

بەرهەمی ئەم نامیلکەیە و کتێبەکانی ترم ( کە لە یادگاری و کەلوپەل و بەڵگە و وێنەی جینۆسایدکراوان پێکدەهات) بوون بە بەرهەمی پرۆژەیەك پێشکەشم کردن بە حکۆمەتی هەرێمی کوردستان - وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان - بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی بارزان، کە پێکهاتوون لە زیاتر لە شەش هەزار وێنەی جۆراوجۆری تایبەت بە جینۆسایدی بارزانیەکان و زیاتر لە چوار هەزار و پێنج سەد بەڵگە و نامە و دیکۆمێنتی جۆراوجۆری تایبەت بە بارزانیەکان و کۆمەڵێك کتێب و بابەت و توێژینەوەو فلمی دیکۆمێنتاری، بێ بەرامبەر و خۆبەخشانە پێشکەش کران بە روحی پاکی جینۆسایدکراوان و کەسوکاری قۆربانیان و توێژەران و مرۆڤدوستان و نەوەکانی داهاتوو...

خۆشبەختانە ئەو بەشەی ئەم پرۆژەیە لەلایەن وەزارەتی کاروباری شەهیدانەوە پێشوازی لێکراو لە ساڵی ٢٠٠٨ لە لایەن وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی ئەوکات خاتوو (چنار سعد عبدالله) بەردی بناغەی دانراو چەند هۆلێك بۆ ئەم مەبەستە دروستکران، لە ساڵی ٢٠١٢ ش لە لایەن وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی ئەوکات بەرێز (م. ئارام) بەرز نرخێندرا و چەندین پێداویستی و کەل و پەلی پێویست بۆ هۆلەکان دابین کران و کرایە دەزگایەکی رەسمی بە ناوی(( ژووری ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی جینۆسایدی بارزانیەکان - مۆنۆمینتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان)) بۆ بە بەشێك سەر بە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان - وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، لە ڕێکەوتی ٢٠١٢/١٠/١٧ بەڕەسمی کرایەوە، کە ئەم ڕۆژەش

هاوکاته بە ساڵرۆژی هێناوەی ڕۆفاتی (٥٠٣) لە جینۆسایدکراوان بۆ شوێنی ڕەسەنی خۆیان لە بارزان کە لە ڕێکەوتی ٢٠٠٥/١٠/١٧ هێنرابوونەوە، ئەوەی شایانی باسە و جێگای شانازییە بۆمن کە لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٣/٦ دوای ئەوەی روفاتی (٩٣) کەسی تر لە بارزانیە جینۆسایدکراوەکان لە گۆڕەبەکۆمەڵەکانی باشووری عێراق و لە بیابانە پان و بەرینەکەی سەماوە و لە سێکوچکەی سنووری نێوان ( عیراق - سعودیە و عێراق - کوێت) هینرانەوە بارزان و لە هەمان گۆڕستانی تایبەت نێژرانەوە و کەلوپەل و جلوبەرگی جینۆسایدکراوانیش لەم شوێنە و لەم مۆنۆمێنتە دانران و بەبەردەوامی کەسوکاری شەهیدان و هاوڵاتیان و ڕۆژنامەنووسان و قوتابیان ... هتد و لە سەر ئاستی ناوخۆ ( بەرێز سەروکی هەرێمی کوردستان و سەروکی حکومەت و ئەندام پەرلەمانان و زۆربەی هەرە زۆی دام و دەزگا حکومی و حزبی و مەدەنیەکانی کوردستان هاتوون لە نزیکەوە ئاشنای جینۆسایدی بارزانیەکان بوونە، لە سەر ئاستی دەرەوەش بە دەیان بالیۆز و کۆنسول و ئەندام پەرلەمانان و ڕۆژنامەنووس و قوتابیان و مرۆڤدوستان سەردانی ئەم شوێنەیان کردووە و دەکەن.

جگە لەمەش لە ساڵی ٢٠١٦ من و ستافیکی فەرمانبەرانی بەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان بۆ ئەم ژوورە ئەم شوێنە دەستنیشانکراین سەرەرای کارەکانمان و ڕۆژانە لە بەیانیەوە تا ئێوارە لە خزمەت و پێشوازی میوانانداین بە ڕۆژە پشووە و هەینیەکانیشەوە.

ئەوەی من دڵخوش دەکات ئەوەیە کە ئەم پرۆژەیە بەرهەمی نووسین و کتێبەکانم بووە ئێستا بووەتە مولکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی، بۆمن وەك کورە شەهیدێك جێگای شانازییە.

## کتێبی شەشەم

٦- شەهیدە بێ ناسنامەکان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك، بۆ یادی بیست و پێنج ساڵەی.
جینۆسایدی گەلی کورد، لە دووبەرگدا / ٢٠١٣
توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و دیمۆگرافی و مێژوویی و تیۆری و پراکتیکیە
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٥٠٥) لاپەرە پێکهاتووە
ناوەرۆکی ئەم کتێبە: توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە نێوان (٥٠٠) شەهید و نزیکەی (١٨٠٠) بەجێماوانیان واتە (خێزان و هاوسەر، دایك و باوك، کچ و کور، خۆشك و برا) توێژینەوەیان لە سەر ئەنجامدراوە.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
تیشك دەخاتە سەر لایەنە ون و شاراوەکانی کۆمەڵێك مرۆڤ، ئەو مرۆڤانەی کە هەندێکیان لە ماوەی نێوان دوو سەدەدا ژیاون و هەندێکیان نزیکەی هەشتا ساڵ ژیاون و هەندێکیان نیو سەدە ژیاون و هەندێکیان کەمتر لە ساڵێك ژیاون، بەڵام بە درێژایی ئەو ماوەیە بێ ناو و بێ ناسنامە بوون، هەرگیز بۆیان نەرەخسا لە سەر خاك و نیشتمانی خۆیان ناسنامەیەکیان هەبێت، وەك هەر هاوڵاتیەکی تر کە بچوکترین مافی پێدانی ناسنامەیەکە، زۆرینەیان تا دوا دڵۆپی خوێنیان بۆیان نەبوو بە ئازادی لە سەر خاکی خۆیان بژین و بگەرێن...
ئەم مرۆڤە کوردانە زۆربەی هەرە زۆریان لە شوێنە جیا جیا و گوند و شار و شارۆچکە و ئەشکەوت و چیاکانی وڵاتانی دراوسێ نێژروان..

ئەم توێژینەوەیە ئەوەمان بۆ دەخاتە روو ئایا ڕەوایە مرۆڤێك بەم هەوراز و نشێویانە ژیانی گوزەراندبێت و ئەمڕۆ ناسنامە و خەباتی ون بێت، بەڵێ، ئەمانەن پێشمەرگە ونەکان، ئافرەتە ونەکان، منداڵە ونەکان...
لەم توێژینەوەیەدا ئەوە خراوەتە روو کە تاکو ئێستا بیرمان لێ نەکردووەتەوە یاخۆد نەمانزانیووە یاخۆد نەمان توانیووە.
ئەویش ناسنامەی باری کەسی و وێنەی تۆماری شەهیدانمانە، ئەو شەهیدانەی جگە لە خەبات و بەرگریکردن لە خاك و وڵات هەرگیز بیریان لەوە نەکردووەتەوە ڕۆژێك لە ڕۆژان ناسنامەیەکیان هەبێت.
کەسوکار و بە جێماوی شەهیدان وجینۆسایدکراوان دووچاری کۆمەڵێك کێشە و گرفت بوونە لە ئەنجامی نەبوونی ناسنامە و بەڵگەنامە یاساییەکانی باوك و کەسوکارە شەهیدەکانیان، وای لێهاتووە تا چەند ساڵی تر حاشا لە بوون و خەبات و قوربانیدانی ئەم شەهیدانە دەکرێت.
هەوڵدراوە بکرێتە پرۆژەیەك پێشکەش بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت بە مەبەستی ڕێگا چارە بۆ ئەم حالەتە.
لە لایەن توێژەرەوە هەوڵدراوە بە گەڕانەوەی ناسنامەی باری کەسی بۆ شەهیدە بێ ناسنامەکان بە شێوەی فەخری...
لە کۆتاییدا چەندین ئەنجام و ڕاسپاردە خراونەتە روو...
لە (١٠٢٠) لاپەڕە پێکهاتووە لە دووتوی دوو بەرگدا بۆ بەرگی دواتریش بە هەمان شێوە، واتە(کتێبی حەفتەم)

## کتێبی حەفتەم

٧- شەهیدە بێ ناسنامەکان، بەرگی دووەم، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك، بۆ یادی بیست و پێنج ساڵەی جینۆسایدی گەلی کورد، لە دووبەرگدا / ٢٠١٣
توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و دیمۆگرافی و مێژوویی و تیۆری و پراکتیکیە
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٤٩٦) لاپەڕە پێکهاتووە
واتە هەردوو بەرگەکان (١٠٢٠) لاپەڕە

## کتێبی هەشتەم

٨- پانۆرامای جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە سەدەی بیستەمدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانێ، دهۆك، بە هەرسێ زمانی ( کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی) ٢٠١٣
توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و مێژووییە.
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٢٥٠) لاپەڕە پێکهاتووە
ژمارەی سپاردن: (٢١٩٤) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٣) دراوەتێ
ناوەڕۆکی ئەم کتێبە: باس لە مێژووی جینۆسایدکردنی بارزانیەکان و خەبات و قوربانیدانیان لە سەدەی بیستەمدا دەکات، بە هەرسێ زمانی کوردی -عەرەبی - ئینگلیزی.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:

ئەمە کاتێکە کە مرۆڤەکان مرۆڤایەتی و ویژدان و ئاین و ڕەوشت و هەموو بەها بەرز و پیرۆزەکانیان لە دەستدەدەن و دەبن بە دەرندە و دەست دەکەن بە خۆێن مژینی خەڵکی بێ گۆناح و سڤیل و منداڵ و تەنانەت ژینگە بەهەموو ڕەگەزە زیندووەکانیەوە.

## کتێبی نۆیەم

٩- بەخێربێی هەڵۆی بەرزەفڕی بارزانەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانێ، بە زمانەکانی (کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و فارسی و تورکی) ٢٠١٤

بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٩٦) لاپەڕە پێکهاتووە

ژمارەی سپاردن: (٢٧٨) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٤) دراوەتێ

ناوەڕۆکی ئەم کتێبە: تایبەتە بە شعرێکی حەماسی گەرم بۆ مەلا مستەفای بارزانی، لە لایەن سەدری قازی برای پێشەوا قازی محەمەد.

لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:

تاوانەکانی سەدری قازی" یان ئەبولقاسم سەدری قازی" کە بە نوێنەری دەرەوەی (١٤)ی مەجلس شۆاری مللیی ئێران لە لایەن خەڵکی کوردەوە لە بەشی مەهاباد و دەورووپشتی ئەو شارە هەڵبژێردرابوو:

١- نووسینی شیعرێکی حەماسی گەرم بۆ مەلا مستەفا بارزانی، بەو شیعرە بەخێرهێنان و پێهەڵوتنی وەکو ڕەمزی پیرۆزی گەلی کورد.

٢- هاوکاریکردنی قازی محەمەد و وەزیرانی کۆماری کوردستان و حکومەتداری لە مەهاباد.

٣- نووسینی نامەیەك بۆ قازی محەمەد کە تێیدا نووسیویەتی: خۆتان ڕاگرن تا لە دەرەوە کۆمەکتان پێدەکات.

٤- هاندانی خەڵك لە دژی حکومەتی ئێران و دڵنیاکردنی بەرپرسانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، بەوە کە تازە دەوڵەتی ئێران ناتوانێ شەڕ لە گەڵ کۆماری کوردستاندا بکات.

## کتێبی دەیەم

١٠- کڕین و فرۆشتنی ئافرەتان - جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی، چاپی یەکەم، لەبلاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٥

بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٢١٦) لاپەڕە پێکهاتووە

ژمارەی سپاردن: (١٣١٧) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٥) دراوەتێ

ناوەروکی ئەم کتێبە: تایبەت بەو ئافرەتانەی کەوتوونەتە دەست چەکدارانی داعش( دەولەتی ئیسلامی لە عێراق و شام)، کڕین و فرۆشتنیان پێوەکراوە و دەستدرێژی سێکیان کراوەتە سەر، تا ئامادەکردن و چاپکردنی ئەم کتێبەش ئەم تاوانە قیزەونە بەردەوام بوو و بە هەزاران ژن و کچی کورد لە ژێر دەستی چەکدارانی داعشدابوون، بۆیە ئەم پەرتووکە ئامارێکی تەواوی رفێندراوان لە خۆناگرێت و لەهەمانکاتیشدا دیارنیە چارەنوسی دیلەکان و کچ و ژنە فرۆشراوەکان بە کوێ دەگات، ئاخو چەندین ئافرەتی تر رزگاریان دەبێت، چونکە ڕۆژانە هەواڵی رزگاربوون و کڕینی چەند کچێک بڵاودەکرێتەوە، ئەمە سەرەرای خۆکوشتنی چەندین ئافرەتی تری کوردی ئێزیدی و قبول نەکردنی ئەم تاوانە درندەیە.

ئەمە یەکەم کتێبە لەم بارەیەوە بڵاودەکرێتەوە و زیاتر پشتمان بە گێڕانەوەی چیرۆکە پڕ لە تراژیدیاییەکانی کچ و ژنە رزگاربووەکان و بابەت و ڕاپۆرتی کەناڵەکانی راگەیاندن(بینراو بیستراو خوێنراو) وەرگرتووە لە زاری ئەوانەوە راستیەکان گوێزراونەتەوە.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
بێگومانم لەوەی کاتێک خوێنەر چاوی بە ناونیشانی ئەم کتێیە دەکەوێت شۆک دایدەگرێت، چونکە لە سەدەی بیست و یەکدا ئەگەر مرۆڤ و مرۆڤایەتی بیری لە هەر تاوان و کردەوەیەکی قیزەوەن کردبێتەوە بیری لەم جۆری تاوانە نەکردووەتەوە.
رەفتاری وەحشیگەرانە و نامەردانەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بەرامبەر کچان و ژنانی ئێزیدی هەموو سنوورەکانی زەوی و ئاسمانی بەزاندووە.
شەرعییەتدان بە کۆیلەکردن و دەستدرێژی کردنە کچان و ژنانی کوردی ئێزیدی، دیارترینی ئەو بنەمایانەن کە داعش لە خەلافەتەکەیدا بۆ ئەندامانی حەڵاڵی کردن و وەکو بنەما و ستراتیژێك دەقی بۆ دەرکرد، ئەو خەلافەتە ئێستا لە پاڵ کوشتنی بێ پاساو، بە سێکسبازی و جیهادی نیکاح دەناسرێتەوە.
داعش بە راکێشانی سەدان گەنجی برسی بە سێکس لە دونیای عەرەبی و ئیسلامییەوە بە تایبەت بە هۆی ئەو ئافرەتانەی بە سەبییە و کۆیلەیان کردوون جگە لە خۆ بەهێزکردن و زیادکردنی ژمارەی چەکدارانی، نرخیشی بۆ کڕین و فرۆشتنی ئافرەتەکان بە پێی تەمەن، جوانی، لەش و لار دیاری کردووە، ئەمەش گێڕانەوەی مرۆڤایەتییە بۆ سەدان ساڵ لەمەو پێش و قێزەوەنترین بازرگانیکردنە بە مرۆڤەوە.

## کتێبی یازدەهەم

١١- جینۆسایدی باوکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی دارا، ٢٠١٦
توێژینەوەیەکی تیۆری پراکتیکی و مێژوویی و بەراوردکاری و سۆسیۆلوجی یە
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٣٦٨) لاپەڕە پێکهاتووە
ژمارەی سپاردن: (٢٥٥) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٦) دراوەتێ
ئەم توێژینەوەیە لە دوو قۆناغی جیاوازدا ئەنجامدراوە، توێژینەوەی یەکەمیان لە ساڵی ٢٠٠٧ دەستپێیکرد و لە چوارچێوەی کتێبێکدا بە ناونیشانی ( بارۆڤی لە ناوبردنی بارزانیەکان) لە ساڵی ٢٠١٠ چاپکرا، دووەمیان هەمان کتێبە بەڵام بە گۆڕانکاری زۆر و بە ئەنجامدانەوەی دووبارە ڕاپرسی و توێژینەوە لە سەر هەمان نموونەی توێژینەوە لە دوای (٨) ساڵ واتا ساڵی ٢٠١٥ لە هەردوو لایەنەکە (تیۆری و مەیدانی) گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، لە لایەنی تیۆری بەش و بابەتی تر زیاتر کراون و لایەنە مەیدانەکەش بەراوردکاریەکی تەواو لە هەموو خشتەکاندا کراوە و داتا و ئاماری جیاواز لە توێژینەوەی پێشوو بە دەستهاتوون.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
سەرەرای دەیان ساڵ ئاوارەبوون، ڕاگواستن، وێرانکردنی دێهاتەکان، سوتاندنی ژینگە، بەمینکردن و جینۆسایدکردنی دەڤەری بارزان و بارزانیەکان لە لایەن حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق، لە ساڵی ١٩٨٣ دڕندەیی شۆڤینیەتی ڕژێمی بەعس گەیشتە چلەپۆپە و تاوانی لە ناوبردنی (٨٠٠٠) هەشت هەزار نێرینەی سەروی (٧) حەوت ساڵی بارزانییەکان ئەنجامدرا، ئەم تاوانە جگە لەوەی هێزی بەرهەمهێنەری مرۆیی

بارزانییەکانی لە ناوبرد، دەیان هەزار ژن و منداڵی لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکاندا بێ هاوسەر بێ باوك بێ کوڕ و بێ برا هێشتنەوە.

## کتێبی دووازدەهەم

١٢- لەشەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە ١٨ پێشمەرگەی قارەمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٧

توێژینەوەیەکی تیۆری و مەیدانی یە

بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم لە ( ٢٥٢ ) لاپەڕە پێکهاتووە.

ژمارەی سپاردن: (١٥٥) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠١٧ ی دراوەتێ.

ئەم کتێبە باس لە خەبات و تێکۆشان و قارەمانیەتی ١٨ پێشمەرگەی شەهید دەکات، کە دوای هاتنی تیرۆرستانی داعش بۆ سەر خاك و سنورەکانی کوردستان ئەم پێشمەرگانە سنگی خۆیان کردە قەڵغان تا دوا دڵۆپی خوێن مەردانە دژ بە دوژمن جەنگان.

دوا سات و دوا دیدار و دواقسە و دوا پەیوەندی و دوا خواردن و خوان و دواجار و دوا هەواڵ و دوا یادگاری ئامانجی سەرەکی ئەم کتێبەن.

ئەم کتێبەش وەك کتێبەکانی تر تەنیا بەرهەمەکەی نووسین نەبوو بۆ خوێنەران بەڵکو بەرهەمێکی تری یادگاریەکانی شەهیدان بوون کە لە دوو موزەخانەدا جێگیرکران و نمایشکراوان بۆ ئەوەی نەوەی نوێ ئاشنای خەبات و قارەمانیەتی و قوربانیدانی پێشمەرگەکان بێت. کەل و پەلەکان بەشێکیان لە موزەخانەی ( لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە) لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان دانراون و بەربەردەوامی هاولاتیان سەردانی ئەم مۆزەخانەیە دەکەن، بەشێکی تریان پێشکەش بە موزەخانەی تایبەتی کتێب کراون بەناوی (مۆزەخانەی ماڵەوەم)، کە لە ماڵەکەمدا لە کتێخانەکەمدا ئەرشیف و مۆزەخانەیەکی تایبەت بەخەبات و قوربانیدانی کورد و کوردستانیان هەیە، بەبەردەوامی قوتابیان و توێژەران و ئازیزان سودی لێ دەبینن.

لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:

لەم توێژینەوەماندا هەوڵمانداوە توێژینەوە لەسەر جوانی و پاکی و ڕاستگۆیی و میهرەبانی و قارەمانیەتی پێشمەرگە شەهیدەکان بکەین.

کۆمەڵێك پێشمەرگەی خەباتگێر لە خانەوادەیەکی خەباتگێر کە مەیل و ڕێبازی کوردایەتی و خۆشەویستی نیشتمان و پێشمەرگایەتی وەکو میراتێك بۆیان ماوەتەوە (کور لە باوك و کور لە باوك)، چەکی پێشمەرگایەتی و شەرەفیان هەڵگرتووە داوای ئازادی و سەربەخۆیی کورد و کوردستانیان کردووە و سنوورەکانیان پاراستووە.

ئەمانە ١٨ هەژدە پاڵەوانن بەلام سەدان هەزار پاڵەوانی تری لەم جۆرە هەن و پێویستە هەمووومان هەوڵ بدەین لایەنە ون و شاراوەکان و خەبات و تێکۆشان و بەرخودانی ئەم شەهیدە پێشمەرگانە بخەینە ڕوو ئەوانەی بە شاهیدی هەموو دونیا ڕۆڵی بوێر و نەبەردیان لە کۆتایهێنانی مەترسی داعش بینی و لە جیاتی هەموو دونیا ئەفسانەی چەتەکانی داعشیان تێکشکاند و بە خۆێنی شەهیدان تۆمارێك لە سەروەری بەدەستهێنرا.

## کتێبی سێزدەهەم

١٣- جینۆسایدی دوێنێ و ئەمڕۆ، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨

توێژینەوەیەکی تیۆری و مێژوویی و بەراوردکارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
لەم توێژینەوەدا تیشك خراوەتە سەر شاڵاوەکانی ڕاگواستن و ئاوارەبوون و لەناوبردن و کومەڵکۆژی و جینۆساید و ئەنفالی کورد و کوردستانیان.
جینۆسایدی دێرسم و جینۆسایدی فەیلیەکان و جینۆسایدی بارزانیەکان و کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفالی کورد و کوردستان بە بەراورد لە گەڵ دوا جینۆسایدی شنگال و دەوروبەری و ئێزیدیەکان بەنموونە، بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوە بەم بەراوردکارییە دەست پێدەکات، بەشی دووەمی ئەم توێژینەوە تەرخانکراوە بۆ ئەنفالکردنی ئێزیدیەکان دوای لێبوردنی گشتی لە ساڵی ١٩٨٨ لە سەردەمی حکومەتی عێراق و پۆلسی جینۆساید و ڕژێمی بەعس و دارودەستەکەی.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
دوێنێ سەدان هەزار مرۆڤی بێ گوناح بوونە قوربانی سیاسەتە چەوتەکانی حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی ناوچەکە. ئەمڕۆش سەدان هەزار هاوڵاتی سڤیل بوونە قوربانی دەستی تیرۆرستان.
دوێنێ سەدەی بیستەم بوو لە باکور و لە باشوور و لە ڕۆژهەڵات و لە ڕۆژ ئاوا، حکومەت و حزب و دەسەڵاتدارانی ئەوکات مرۆڤی کوردیان ئەشکەنجەداو ڕاگواست و ئەنفال و جینۆسایدکرد، خاك و زەوی و ماڵ و گوند و شار و شارۆچکەکانی کوردستانیان لە نێوبرد و سوتاندو وێرانکرد، مرۆڤەکانیان کردە دەستکەوت وەك کۆیلە کڕین و فرۆشتنیان پێوەدەکرد، ئەمڕۆش سەدەی بیست و یەکەمە مرۆڤی کورد و خاکی کوردستان و گەل و هاونیشتمانیان لە سەر خاك و ماڵ و گوند وشار و زێدی خۆیان دەربەدەرکران و ئاوارەکران و ڕەمیکران و بەکۆمەڵ زیندەبەچاڵکران و زیندانیکران و ئەشکەنجەدران، کڕین و فرۆشتن بەماڵ و موڵك و مرۆڤ و جوانیەکانی مرۆڤەوە کرا، بەها بەرز و پیرۆزەکان، ئاین و پەرستگاکان، مزگەوت و کلێساکان، گۆڕی پێغەمبەران و گۆڕستانەکان تەقێنرانەوە و خاپۆرکران لە سەر دەستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ( داعش).

## کتێبی چواردەهەم

١٤- تراژیدیای چیای شنگال، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی تیۆری و مێژوویی و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
ناوەڕوکی ئەم کتێبە مەینەت و ئازار و تراژیدیا و دەردەسەری و کۆڵەمەرگی خەڵکی شنگال و دەوروبەری لەخۆ دەگرێت کە لە ٣ / ٨ / ٢٠١٤ دوای هاتنی چەکدارانی تیرۆرستی داعش بۆ سەر شنگال و دەووروبەری ڕوویدا، رزگاربوان لە زاری خویانەوە چێرۆکەکانیان گێراوەتەوە.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
ئەوێ نیشتیمانی یەکەمی ئاینی ئێزیدیەکانە و دوا پەناگەی ئەوانیشە، چیایەکە لە سەرووی توانای باسکردنی مرۆڤەوەیە، شوێنێکی زۆر پیرۆزە لای ئێزیدیەکان، هەمیشە کوردانی ئێزیدی وەک پەناگەیەک بۆ دەربازبوون لە دوژمنان ڕوو لەم چیایە دەکەن ئەمجارەشیان بۆ

رزگاربوون لە جنگی تیرۆرستانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) روویانکردە ئەو چیایە، ئەویش چیای شنگالە و ١٤٦٣مەتر بەرزە و ١٠٠کیلۆمەتریش پانە.
بە پێی باوەڕی خەڵکی ناوچەکەش دوای تۆفان کەشتیەکەی نوح لەو چیایە گیرساوەتەوە و ژیان دەستی پێکردووەتەوە.
لە دامێنی چیاکەدا چەندین ناوچە و گوندی ئاوەدان هەڵکەوتووە، کە دیارترینیان شارۆچکەی شنگالە کە لە رووی ئیدارییەوە ناوەندی قەزای شنگالە.
بەڵام دوای ٣ی ئابی ٢٠١٤ بوو بە زەوییەکی چۆڵ و بە چوار دەوریدا تەرمی کوژراوەکان بڵاو بوونەوە بە ڕێگا کۆنەکانیدا سەدان ئۆتۆمبێلی لە کارکەوتووی خەڵکی شنگال بە جێماون.
تیرۆرستان ڕێگەیان بە خۆیاندا گەلێك کۆتایی پێ بهێنن کە هەزاران ساڵە لە نیشتمانی یەکەمی خۆیدا نیشتەجێنە.

## کتێبی پازدەهەم

١٥- لە چیای مەرگەوە بۆ پردی ژیان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی تیۆری و مێژوویی و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
ناوەڕوکی ئەم کتێبە گێرانەوەی ئەو رووداوانەیە کە بەسەر ئاوارەکان هاتووە و بینیویانە و ئێزدییەکان بەنموونە وەرگیراون، دوای ئەوەی لە ٣ / ٨ / ٢٠١٤ شنگال و دەوروبەری لە لایەن تیرۆرستانی داعشەوە داگیرکرا. دەستگیرکردن و رفاندن و بەکۆمەڵکوشتنی بەشێك لە خەڵکەکە و ئاوارەبوونی بەشێکی تر و خۆگەیاندنیان بە چیاو و دواتر رزگاربوون بۆ ناوچە ئارامەکانی هەرێمی کوردستان.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
ئەوان لە چیای مەرگەوە دەهاتن، چیایەك بۆ هەر ئاوارەیەك سەدان داستانی پڕ لە مەینەتی و ئازار لە خۆ دەگرێت، ئەوان بەرەو پردی ژیان دەهاتن، تا نەدەگەیشتنە سەر ئەم پردە ترس و دڵەڕاوکێی چەکدارانیان هەر لە دڵ دا بوو، بە گەیشتنیان بەم پردە ئیتر ئارام و ئاسودە دەبوونەوە و پشوویان دەدا، بەڵام سەدان بیرەوەری و چیرۆکی پڕ لە تراژیدییان لە مێشکدا بەجێمابوون، ئەوان هەزاران دیمەنی جەرگ هەژێنیان لەلابوو، هەر شتێك کە بە هزر و خەیاڵی مرۆڤدا نایە، بەسەر ئەم هاوڵاتیە کوردانەدا هاتووە.

## کتێبی شازدەهەم

١٦- (ن) نوون، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی تیۆری و مێژوویی و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە: کریستیانەکانی ڕۆژهەڵات کران بە فیدای بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتە زلهێزەکان. بەداخەوە، لەسەر خاکی خۆی، لەلایەن ڕێکخراوە تیرۆرستەکانی ئیسلامی رادیکاڵ، وەکو داعش، ئەلنوسرە و ئەلقاعدە خەڵك بە دیلی ئەگرن، بە زۆر ئاین و باوەڕیەکانیان ئەگۆڕن یان بە جەزیە و باجێکی گەورە تالاّندەکرێن. ئەو جوگرافییایە لە کرستیانەکان چۆڵ دەکرێت، ئێستا ئەم خاکە لەسەر لاشەی نەوەکانی خۆی

دەگری. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە قووڵایی دڵی خۆیەوە دەکوڵێ، ئەگری و هاواردەکا. لەبەرامبەر ئەو وەحشیەت و دڕندەییەی کە لە عێراقدا دەگوزەرێ... تێکڕای مرۆڤایەتی لاڵە. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خوێنی مرۆڤ؛ لە ئاو، لە نەوت هەرزانترە. ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش لە نەینەوا " موسڵ " بە ئێسقانی مرۆڤەکان خوێن دەخواتەوە.
لە موسڵ، مەترۆپۆلیتانی کریستینەکانی کاتۆلیك، کەنیسە و پەرستگاکانی کلدانیە ئاسوری و ئەرمەنیەکان دەسووتێنرێن. ئەو مرۆڤانەی کە دەشکوژرێن، تەنها یەك گوناهیان هەیە ئەویش کرستیانیبوونیانە. ئەم گەل و ئەم مرۆڤانە، لە مێژەوە وەکو قوربانی هەڵبژێردراون. لە ساڵی ١٩١٥، ئەمەریکا و ئەوروپا، ئەمرۆیش لە بەرامبەر ئەم کۆکوژی و بنبڕکردنە کەڕ و لاڵە.
چەتەکانی داعش، ئێستاش بەڕێگای میدیاکانەوە داوا لە کریستیانەکانی موسڵ دەکا: یان ببن بە موسوڵمان یان تەرکی جێگاو شوێنەکانتان بکەن. بۆ ئەو کەسانەی کە تەرکی موسڵ ناکەن فەتوای سەربڕینیان بۆ دەرکراوە. دوای ئەو فەتواو فەرمانە قێزەوەنە، ئاسووری- سریانی- کلدانیەکان خاك و جێگای خۆیان بەجێهێشت. لە دوا خاڵی کۆنترۆڵ پێشیان لێگیرا و هەموو پێداویستی ژیان و زێڕ و دراو " پارە " و جلوبەرگ و کەرەستە بە گرانبەهاکانیان غەنیمەکران و ئینجا ئازادیان کردن کە کۆچ بکەن. مەسیحیەکانی موسڵ هەمووی ڕائەکەن. لەبەر ئەو وەحشیەتگەریەی کە لە بەرامبەریان دەکرێ. باوەڕیەکان هێزیان لەبەر نەماوە، نرخ و بەها پیرۆزیەکانی مرۆڤایەتی لە نزمترین ئاستدایە. مرۆڤایەتی ژێرپێ دەنرێ و هەتك دەکرێ و دونیای مرۆڤایەتی بێدەنگە لێی

**ئەمانەی خوارەوە بەرگ و ناو و ناونیشانی چەند توێژینەوەیەکی توێژەرن، لە چوارچێوەی کتێب بڵاوکراونەتەوە.**


ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی
سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانییەکان
بۆ باشووری عێراق لەسەردەمی بەعسدا
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵلا
٢٠٠٩
خانەوادەکەی لە پایزی ساڵی ١٩٧٥ لە بناری چیای شیرین گوندی بازێ سەر بەدەڤەری بارزان ڕاگوێزراون بۆ ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی بیابانی باشووری عێراق.
باوکی لەگەڵ هەشت هەزار نێرینەی بارزانی جینوسایدکراوە، ئەوکات تەمەنی توێژەر کەمتر لە ساڵێک بووە لە ساڵی ١٩٨٢ لە ئۆردوگای زۆرەملێی قودس (قوشتەپە) لە دایکبووە تەمەنی منداڵی بێ باوک وەک کورە تاقانەی ماڵەوە بەسەر بردووە.
تا ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ لەرۆژە سەختەکانی ژیان بەردەوام بووە لەخوێندن، لە زانکوی سەلاحەددین – کۆلێژی ئەدەبیات – بەشی کۆمەڵناسی بڕوانامەی بەکالۆریوسی لە ساڵی ٢٠٠٦–٢٠٠٧ بەدەست هێناوە، ئەندامە لە کۆمەڵەی کۆمەڵناسانی کوردستان. ئێستاش بەڕێوەبەری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی بارزانە، سەر بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەرهەمێکی تری لە ژێر چاپە سەبارەت بە جینوسایدکردنی بارزانییەکان لە سەدەی بیستەمدا.
بەرهەمێکی تری دەستنووسی لە ژێر دەستدایە بەناوی(ونبوونی یادگارییەکان لە بیاباندا).


-Li sala (1982)yê li kumelgeha zoremilêya (quds-quştepe) li dayik bûye
- Li sala (2007)ê bawernama bekaloryosê li bîyavê civaknasîyê (Sosyolojî) bidestve înaye
- her di wê sallêda bûye rîveberê rêveberayetîya karubarê şehîdan û enfalkiryêt barzan
-Rehendên civakîyên sîyaseta veguhastina barzanîyan bo başûrê êraqê li serdemê be'syan da yêke ji berhemên bilavkiryêt wî.
Barova jinavbirina barzanîyan
Vekolîneka tîyorî û piraktîkî û dîrokî û sosyolojîye
Rêbwar remezan ebdulla
Çapa yêkê 2010
باروڤی لە ناوبردنی بارزانییەکان
توێژینەوەیەکی تیۆری و پراکتیکی و مێژوویی و سۆسیۆلۆژییە
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵلا
چاپی یەکەم
2010


جینۆسایدکردنی
بارزانیەکان
لە سەدەی بیستەمدا
Cînusaydkirina
barzaniyan
li sedsala bîstanda
Vekolîneka
dîrukî û sosyolujî û
Berawirdkarî û
dîkomêntariye
Rêbwar remezan ebdulla
Çapa yêkê
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا


لە شەهیدانی
ڕێگای نیشتمانەوە
چوار نەفسەری قارەمان
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
هەولێر – ٢٠١١


شەهیدە بێ ناسنامەکان
توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و دیمۆگرافی و مێژوویی و تیۆری و پراکتیکیە
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
بەرگی یەکەم
2013
چاپی یەکەم
1
پرۆژەی ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی
جینۆسایدی بارزانیەکان ژمارە - 7 -


شەهیدە بێ ناسنامەکان
توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و دیمۆگرافی و مێژوویی و تیۆری و پراکتیکیە
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
2013
چاپی یەکەم
بەرگی دووەم
Rêbwar Remezan Ebdulla
Şehîdên
bê
nasname
Li sala (1982)yê li kumelgeha
zoremilêya (Quds-Quştepe)
li dayik bûye
- Li sala (2007)ê bawernama
bekaloryosê li bîyavê civaknasîyê
(Sosyolojî) bidestve înaye
- her di wê salêda bûye rêveberê
rêveberayetîya karubarên
şehîdan û enfalkiryêt barzan
2


REBWAR RAMADAN ABDULLAH
THE PANORAMA
BARZANIS GENOCIDE
IN THE 20TH CENTURY
2013
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
پانۆرامای
جینۆسایدکردنی بارزانیەکان
لە سەدەی بیستەمدا
بانوراما الاباده الجماعيه للبارزانيين
في القرن العشرين
2013
چاپی یەکەم


ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
REBWAR RAMADAN ABDULLAH
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
Bi xêr hatî heloyê bilindfirê barzana min
Bi xêr hatî heloyê bilindfirê barzana min
بەخێربێی هەڵۆی بەرزەفری بارزانەکەم
بەخێربێی هەڵۆی بەرزەفری بارزانەکەم
WELCOME OUR BARZAN'S SOARER FAICON
WELCOME OUR BARZAN'S SOARER FAICON
اهلا بصقر بارزان المحلق
اهلا بصقر بارزان المحلق
Hoşgeldin Barzanımın yüksekten uçan Şahini
Hoşgeldin Barzanımın yüksekten uçan Şahini
خوش امدى عقاب بلند پرواز بارزان من
خوش امدى عقاب بلند پرواز بارزان من
REBWAR RAMADAN ABDULLAH
2014


ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
کڕین و فرۆشتنی ئافرەتان
جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی
کڕین و فرۆشتنی ئافرەتان
جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی
REBWAR RAMADAN BARZANI
Buying and selling women
Genocide against Yazidi Kurds
بیع و شراء النساء
الابادة الجماعية بحق الكورد الايزديين
3
III
2015
چاپی یەکەم


جینۆسایدی
باوکان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
جینۆسایدی باوکان
2016
جینۆسایدی بارزانیەکان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
جینۆسایدی
باوکان
چاپی یەکەم
2016


لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە
18 هەژدە پێشمەرگەی قارەمان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
چاپی یەکەم
2017
کتێبی 12


جینۆسایدی دوێنێ و ئەمڕۆ
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
2018
چاپی یەکەم


تراژیدیای چیای شنگال
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
تراژیدیای چیای شنگال
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
2018
چاپی یەکەم


لە چیای مەرگەوە بۆ پردی ژیان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
لە چیای مەرگەوە بۆ پردی ژیان
لە چیای مەرگەوە بۆ پردی ژیان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
2018


ن
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
2018

•